# توركياناسى

بۆ دیالۆگ و لیکۆڵینەوەی ستراتیژی (ژمارەی متمانە ٣٢١)










هەواڵنامەی کتێب











سەرپەرشتیاری گشتی: فەلەکەددین کاکەیی

خاوەن ئیمتیاز: ڕێبین ڕەسوڵ

سەرنووسەر: شوان تاڤینگ

بەڕێوەبەری هونەری: لوقمان ڕەشیدی



ناونیشان: هەرێمی کوردستان/ عێراق ـ هەولێر، دریم ستی، ژمارە (U4/779)

***Tel:*** *00964 66 451 4080 & 00964 770 235 6000* ***Email:*** *turkiyenasi@yahoo.com*



شوان تاڤینگ*

# داخۆ AKP جڵەوگیری بۆ سـ

لەدوای قەدەخەکردنی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی DTP لەژیانی سیاسی و هەڵمەتە فراوانەکەی پۆلیسی تورکیا لەدژی ئەندامانی KCK و BDP کە دەستگیرکردن و دادگاییکردنی ژمارەیەک سەرۆک شارەوانی و پەرلەمانتاری کوردی لێکەوتەوە، لەزۆر لاوە بانگەشەی ئەوە کرا کە پرۆژەی «کرانەوەی دیموکراتی» کۆتایی هاتووە، لەچەند ناوەندێکی سیاسی و چاپەمەنیشدا دەنگۆیەکی وا بڵاوکرایەوە کە حکومەت لەداهاتوودا دۆسێی ئەرگەنەکۆن سست دەکاتەوە و پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ باڵی سەربازیدا زیاتر دەکات.

ئەحمەد ئاڵتان سەرنووسەری رۆژنامەی (تەرەف) دەڵێت، ئەو دەنگۆیە بەردەوام لەنێو نووسەر و رۆژنامەنووسانی تورکیا لەگوێچکەیەکەوە دەچێتە گوێچکەیەکی دیکە، بەڵام وەکو هەواڵ بڵاوی ناکەنەوە. لەبەرئەوەی باڵێکی حکومەت پشتیوانی لەداخستنی دۆسێی ئەرگەنەکۆن و توندوتۆڵکردنی پێوەندییەکان لەگەڵ سوپا دەکەن. ئەمجۆرە تێروانینانەش لەلایەن سەرۆک کۆمار عەبدوڵڵا گویل پاڵپشتی دەکرێت. تەنانەت هۆکارەکانی کوتلەگەری نێو پۆلیسی تورکیاش هەر لەو تێروانینانەوە سەرچاوە دەگرێ.

دیارە ئێمە نازانین ئەو دەنگۆیانە چەندە لەراستییەوە نزیکن یان نا، بەڵام من لێرەدا دەمەوێ چەند تاڵە رووناکییەک بخەمە سەر گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە ئاستەنگ لەبەردەم حکومەتی AKP لەتورکیا:

■ یەکەم/ هەموارنەکردنی دەستوور و بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی نەتەوەپەرست لەتورکیا:

پارتی کۆماری گەل (CHP) و پارتی میللی نەژادپەرست (MHP) تائێستا لەدژی چارەسەرکردنی کێشەی کوردن. پێیانوایە باسکردن لەچارەسەری وەها کێشەیەک، تورکیا دابەشدەکات. بۆیە لەدژی هەموو هەنگاوێکی ئیجابی حکوومەت دەوەستنەوە و لەهەر دەرفەتێکدا هەوڵدەدەن هەستی نەتەوایەتی تورکەکان بوروژێنن و رای گشتی لەتورکیا بکەنە لەمپەرێک لەبەردەم قۆناخی «کرانەوەی دیموکراتی» بەرووی کورددا. هەموو لایەکیش ئەو راستیەیان لەبەرچاوە، کاتێک ئەنقەرە لەساڵی ١٩٩٣ لەسەردەمی خوالێخۆشبوو تورگوت ئۆزاڵدا هەوڵیدا کێشەی کورد چارەسەر بکات و تەنانەت ئامادەبوو مافی فیدراڵیش بۆ کورد دابینبکات، بەڵام تراژیدیای کوشتنی ٣٣ سەربازی تورک لەمانگی ئایاری هەمان ساڵ، پلانەکەی لەبەریەکهەڵوەشاندەوە. لەئێستاشدا ئەم رەفتارانەی ئۆپۆزسیۆنی تورک و هێزە شاراوەکانی دەوڵەت زۆر سلبیانە کار دەکاتە سەر هەڵوێستی حکومەتی ئەردۆگان و پارتی داد و گەشەپێدان (AKP) تەنگەتاو دەکا و ناچاری دەکات زۆر لەسەرخۆ و تێربینانە هەنگاوەکانی هەڵێنێ. بێگومان ئەمەش دەبێتە ئاستەنگ یان درەنگخستنی چارەسەری کێشەی کورد.

هەردوو پارتی CHP و MHP باش دەزانن کە تورکیا پێویستی بە کرانەوە هەیە بەرووی کورددا، بەڵام لەلایەک هەستی ستاتۆپارێزی و نەتەوەپەرستیان رێگایان پێنادات، لەلایەکی دیکەوە ئەوان لەحکومەتدا نین و نایانەوێ تورکیا لەسایەی حکومەتی ئەردۆگان هەنگاوی گرنگی لەمجۆرە هەڵبگرێت و سەروەرییەکە بۆ AKP تۆماربکرێت. بۆیە پێیانوایە نابێت کێشەی کورد لەژێر چەتری دەسەڵاتی AKP چارەسەربێت و چەتری دیموکراسییەت تەنها لەسەر سەری AKP دا بمێنێتەوە. ئەگەر چارەسەری ناچاریش بێت ئەوا دەیانەوێت لەسایەی ئەوان و بەو شێوازە بێت کە

# ...وپا و ئەرگەنەکۆن دەکات!؟

خۆیان دەیانەوێت. ئەڵبەتە ئەمەش لانی کەم سێ ساڵی دیکەی دەوێت، بەمەرجێک لەهەڵبژاردنی داهاتوودا سەرکەوتن بەدەستبهێنن.

■ دووەم/ هەڵوێستی دوولایەنەی سوپای تورکیا:
هەرچەندە هەندێ لەمیدیاکانی تورک بەهاوکاری هێزە ناسیۆنالیستەکان، هەر لەئێستاوە دەهۆڵی شۆڤێنی دەکوتنەوە و کرانەوەی تورکیا بەرامبەر کوردان وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئایدیۆلۆژیای کەمالیزم و سەروەری دەوڵەت رادەگەیەنن، بەڵام دەسەڵاتدارانی AKP سەرکێشانە و بێباکانە شانیان داوەتە بەر ئەم پرۆسەیە و تائێستا بەتەواوی ملکەچی گوشارە نەژادپەرستییەکان نەبوونە. هەندێ لەچاودێران وای دەبینن، کە سوپاسالار ئیلکەر باشبوگ لەمەسەلەی کرانەوەی دیموکراتی بەشێوەیەکی ئیزدواجی هەڵسوکەوت دەکات، لەلایەک خۆی قاچێکی لەنێو پرۆسەکەدایە و بەئاگاداری ئەو کارەکان رایی دەکرێ، بەڵام بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی سوپای لەدەست دەرنەچێ خۆی وەک کەسێکی ناڕازی پیشاندەدا. کەچی لەلایەکی دیکەشەوە بەرپرسانی AKP پێیانوایە سوپا رۆلێکی کاریگەری هەیە لەپشت بەرهەڵستکارییە سەرسەختەکانی CHP و MHP دا.

■ سێیەم/ حکومەتی AKP دەیەوێ لەدەرەوەی PKK چارەسەری بۆ کێشەی کورد بدۆزێتەوە. نایەوێت راستەوخۆ لەگەڵ PKK گفتوگۆ بکات و PKK بەموخاتیب و خاوەنی کێشەکە نازانێت. یان لانی کەم دەیەوێ لەگەڵ PKKیەکی لاواز و بێ ئیرادە و مارژینالْ گفتوگۆ بکات بۆ ئەوەی شێوازی چارەسەری و ویستی خۆی بەسەردا بسەپێنێت. هەر بۆیەش تائێستا حکومەت و پەرلەمان رێگە بەئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ سەر شەڕڤانان و ئۆپەراسیۆنی پۆلیس بۆ دەستگیرکردنی ئەندامانی BDP دەدەن و دەیانەوێ PKK لەچوارچێوە بدەن و پاسیڤ و بچووکی بکەنەوە، دیارە ئەمەش کاتی دەوێت و دیار نییە لەئاییندەدا حکومەت چۆن مامەڵە لەگەڵ پەکەکە دەکات. هەرچەندە کە هەندێ لەبەرپرسانی حکومەت ئامانجی خۆیان نەشاردۆتەوە کە دەیانەوێ هێزی PKK لەقەندیل بنکۆڵ بکەن.

■ چوارەم/ سەرهەڵدانی جیاوازی و ناکۆکی لەنێو گوتاری سیاسی کورد لەتورکیا و جیاکردنەوەی سیاسەتمەدارانی کورد لەبەرەی کۆتر و بەرەی بازەکان. هەروەها ریاکسۆن و پەرچەکرداری ناواقیعیانەی BDPی میراتگری DTP لەبەرامبەر AKP دا، تا رادەیەکی زۆر دەتوانم بڵێم ئەو کاردانەوانە پەیوەستن بەشەڕی دەسەڵاتەوە بەهۆی نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان لەتورکیا. لەکاتێکدا پێویستبوو کە BDP وەک تاقە سواری مەیدان خۆی لەگۆڕەپانی سیاسی گۆشەگیر نەکات و پرسی نیگەرانی عەلەوییەکانیشی بقۆستایەوە و زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ دۆست و هاوپەیمانەکانی بکردایە، روونتر بڵێین پێویستبوو BDP سیاسەتی خۆی لەگەڵ AKP هارمۆنی بکردایە لەجیاتی ئەوەی بەرۆحیەتی تۆڵەسەندنەوە مامەڵە بکات.

هەر چۆنێک بێت پێویستە حکومەتی AKP هەرچی زووە تەمی ئەو مەترسی و دڵەراوکێیانە برەوێنێتەوە، سیاسەتی کرانەوە بکاتە پرۆژەیەکی بنکەفراوان بۆ سەرکەوتنی رێبازی دیموکراسی و دیالۆگی بونیاتنەرانە. زۆر شێلگێرانەش پێداگری لەسەر ئەو پرۆژەیە بکات و لەماوەیەکی نزیکدا گەڵاڵەنامەی دەستووری نوێی تورکیاش بهێننە پەرلەمانەوە بۆ گۆڕینی دەستووری ژەنراڵە کودەتاچییەکان.

## وتوێژی تورکیاناسی لەگەڵ بەژان ماتۆر

# «ئەگەر تورکیا دەیەوێ بفڕێت ئەوا پێویستە بزانێ کە بەبێ هەرێمی کوردستان ناتوانێ بفڕێ»



نووسەر و ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی تورکیا بەژان ماتور، کە لەئەنقەرە دادەنیشێت لەم وتوێژە تایبەتییەیدا لەگەڵ گۆڤاری تورکیاناسی تیشکدەخاتە سەر دوایین پەرەسەندنە سیاسییەکانی هەولێر، دیاربەکر و ئەنقەرە و کاریگەری ڕووداوە سیاسییەکان لەسەر ڕۆڵی ئەو ڕۆڵە هەڵکشاوەی تورکیا لەداهاتوودا دەیگێڕێت. هەروەک زۆر بەئیعجابیشەوە باسی ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لەهاوکێشە سیاسییەکانی تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوین دەکات.

بەژان لە ١٤ سێپتەمبەری ١٩٦٨ لەخێزانێکی کوردی عەلەوی لەدیاربەکر لەدایکبووە. خوێندنی دواناوەندی لەشارۆچکەی ئەنتاب تەواوکردووە و دواتر بۆ خوێندنی یاسا چووەتە ئەنقەرە لەوێ درێژەی بەخوێندن داوە و وەک پارێزەر کاری کردووە. ئێستا زۆربەی کاتەکانی خۆی بۆ شیعر تەرخانکردووە بەڵام ناوە ناوەش نووسینەکانی لەڕۆژنامەی زەمان و هەندێ لەماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان بڵاودەکاتەوە. لەساڵی ١٩٩٧ یەکەم بەرگی هۆنراوەکانی بەناوی (کۆشکە پڕ لەسروەکان) بڵاوکردەوە کە هەر زوو بەهۆیەوە ناوبانگی زیرەکی و ڕەسەنیی بڵاوبوویەوە. بەردەوام بۆ گۆڤارە ئەدەبییەکان دەنووسێت. شێوازی شیعری ئەو لەگەڵ هاوسەردەم و مۆد و ترادیسیۆنە تورکییەکان جیاوازە. لەیەکەم کۆبڵاوکراوەشیدا دوو خەڵاتی ئەدەبی گرنگی وەرگرت.

خانمی ماتور بەزمانی کوردی گەورەبووە، کە بۆ چەندین ساڵ قەدەخە بوو و ئێستا بەکارهێنەرانی دەچەوسێندرێنەوە، هەروەها زمانی تورکیش دەزانێت کە زمانی خوێندنی بووە لەقوتابخانە. وەک شاعیرانی بەرەچەڵەک کورد بەزمانی تورکی دەنووسێت، بەڵام خۆی دەڵێت لەگەڵ ئەوەشدا دەنگ و ریتمی زمانی دایکی کاریگەری دەربڕینەکانی دەکات. ماتور دەڵێت نووسین بەزمانی تورکیا سوودی بۆ شیعرەکەی دەبێت، چونکە پێیوایە شیعر پێویستیی بە»زمانێکی مردوو« هەیە. زمانە زیندووەکان توانای بۆ وەسفکردنی ژیان پێدەدات. بەڵام شیعر وەرگێرانی ئەزموونێکە بەر لەزمان و لە دەرەوەی زمان، واتە شتێک دروستدەکات کە زمان ناتوانێت تێبگات. ماتور باس لەتەنهاییەک دەکات کە یەکێک لەزەمەنی شیعریدا تووشی دەبێت، لەدەرەوەی ئەزموونی مۆدێرن، لاواندنەوەیەک بۆ ئەو شتەی لەدەستچووە، بۆ ریتمی زمانێکی لەدەستچوو. بیروبۆچوونەکانی ڕەنگی ژیانی دێهاتیی ناوچە کوردییەکانی باکووری کوردستانی تێدا دەبینرێت.




<<<
**پێویستە بارزانی ئەو هێزە کاریزماییەی خۆی کە لەقووڵایی مێژوووەوە هەڵدەقوڵێ بۆ بەرەژوەندی کوردەکانی تورکیاش بەکاربهێنێ و هەوڵی سازکردنی باشترین پێوەندی لەگەڵ تورکیا بدات**

❖ **دوای ئەوەی بۆ ساڵانێکی درێژ تورکیا لەبەرامبەر کێشەی کورد ڕێگەچارەی چەکداری تاقیکردەوە، چی وایکرد تورکیا هەڵوێستی خۆی بگۆڕێ و بیر لەڕێبازی دیموکراسیانە بکاتەوە؟**

– گوتەیەک هەیە، دەڵێ» ئەگەر قازانجت لەشەڕدایە شەڕ بکە و ئەگەر قازانجت لەئاشتیدایە بەدوای ئاشتیدا بگەڕێ». لەم قۆناخەی ئێستادا قازانجی تورکیا لەئاشتیدایە. تورکیا ئەوەی بینیوە کە لەمەودوا دەتوانێ لەڕێگای ئاشتییەوە بەرژەندییەکانی خۆی بەدەستەوە بخات. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕۆلی داهاتووی تورکیا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و یەکێک لەمەرجە سەرەکییەکانی ئەو ڕۆڵەی تورکیا دینامیزمی دیموکراسییە. تا ئێستا لەتورکیادا نکۆڵی لەهەبوونی کێشەکان دەکرا. ئاڵۆزترین کێشەیان دیزە بەدەرخۆنە دەکرد و حاشایان لەهەبوونی کێشەیەک بەناوی کورد دەکرد. بەڵام ئێستا هەر کێشەیەک کە حەشا لەهەبوونی بکرێت دەتوانێ لەداهاتوودا تورکیا لەئامانجەکانی خۆی دووربخاتەوە. پرسی کورد کە هاوکات لەگەڵ کۆماری تورکیادا دەستی پێکردووە یەکێکە لەپرسە هەرە گرنگ و ئاڵۆزەکانی تورکیا. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە تورکیا بۆ داهاتووی خۆی ڕۆڵێکی دیمۆکراتیانەی هەڵبژاردووە و نیازی خۆی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە نیشانداوە.

❖ **هاوکات لەگەڵ دوای داخستنی دەتەپە پۆلیسی تورکیا هێرشی کردە سەر بەدەپە و هەندێ لەسەرۆک شارەوانییەکان و چەند ئەندامێکی ئەو پارتەیان دەستگیر کرد، ئایا دەکرێ بڵێین کە بەمجۆرە ئۆپەراسیۆنانە پرۆژەی کرانەوەی دیموکراتی کۆتاییهاتووە؟ ئایا لەدوای ئەوەی کە دەتەپە لەچوارچێوەی پارتییەکی دیکەدا چووەتە نێو پارلەمان و بارودۆخی ناوچەکانیش هێمن بووە دەوڵەت تاچەند پێویستی بەڕێکخستنی ئەو جۆرە ئۆپەراسیۆنانە هەبوو؟**

– ئارمانجی سەرەکی پارتی داد و گەشەپێدان AKP ئەوەبوو کە مەسەلەی کورد لەنێو ڕای گشتی تورکیادا بخاتە بەر گفتوگۆ، چونکە هیچ زانیارییەکی ڕای گشتی تورکیا سەبارەت بە پرسی کورد و مەسەلەی کورد نییە. هیچ ئاگای لەڕووداوەکان و ئەو زەرەر و زیانانەی کە هاتوونەتە ئاراوە نییە. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە نێو ئەم سی ساڵەی دوایيدا چ لەلایەن کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە و چ لەلایەن کەناڵە سیاسییە ڕەسمییەکانەوە هیچ زانیارییەکی ڕاست بڵاونەکراوەتەوە. بێجگە لەبەشێکی زۆر کەمی تورکەکان ئەوانی دیکە هیچ ئاگایان لەبارودۆخی کوردەکان نەبوو. بۆیە پرۆژەی کرانەوەی دیموکراتی لەم ڕووەوە بۆ ئامادە کردنی ڕای گشتی تورکیا هەنگاوێکی زۆر ئیجابییە.





بەڵام لەباروDۆخەکەی ئێستادا کاتێک کە سەیری رابردوو دەکەین تێدەگەین کە ئەم قۆناخە لەلایەن دەوڵەتەوە بەباشی بەڕێوە نەبراوە. لەلایەکی دیکەوە لەرووی دیموکراتیزەکردنەوە AKP چەتری دیموکراسییەت زۆر بەرز ڕادەگرێت و خۆشی لەژێر چەترەکەدا دەمێنێتەوە و، بۆ مەسەلەی کوردیش چەترەکەی زۆرتر بەرزکردەوە، بۆیە AKP بووە مایەی هیواو ئاواتی زۆر لەنێو کۆمەڵگادا، بەڵام تا ئێستا لەم رووەوە هیچ هەنگاوێکی عەمەلی و کرداری نەهاوێشتووە.

بیانووی حکوومەت بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنانە ئەوەیە کە، KCK ئاستنگە لەبەردەم ئەو هەنگاوانەی کە حکوومەت دەیەوێ بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە بیانهاوێژێت. بێگومان کات و ساتی ئۆپەراسیۆنەکان شتێکە کە پێویستی بە بیرکردنەوە هەیە و هەڵوێستێکی سەرنجڕاکێشە، هەروەها ئەو وێنانەی کە بە کەلەپچەوە گیرابوون و پێشکەشی میدیاکان کران. بەبڕوای من وێنەی کەلەپچەکان هەرچەندە ئێستاش لەلایەن میدیاکانەوە گفتوگۆی لەسەر دەکرێ، هەڵەیەکی زۆر گەورە بوو. ئەم هەڵەیە بوو بەهۆی ئەوەی کە بیانووی ئۆپەراسیۆنەکان لەلایەن خەڵکەوە وەکو بیانوویەکی راست لەقەڵەم نەدرێت.

❖ **سەرۆکی شارەوانی گەورەی دیاربەکر عوسمان بایدەمیر، دەڵێ «دەوڵەت لەهەوڵی ئەوە دایە درز بخاتە نێو هێزە سیاسییەکانی کورد و تواناکانی کورد لەتورکیا پەرشوبڵاوبکاتەوە، ئێستاش کوردەکانی لەدوو بەرەی شەڕخواز و ئاشتیخوازەکان پۆلینکردووە، ئایا تورکیا دەتوانێ دەرفەت بداتە کۆترەکان تا بازەکان لەناوببەن، ئێوە ئەم سیاسەتەی تورکیا چۆن دەبینن؟**

– بەبڕوای من هیچ گەلێک یا هیچ سیاسەتێک ناتوانێ هارمۆنی و یەکدەنگ بێت. گەلی کوردیش هەر وەکو گەلانی دیکەی جیهان مافی ئەوەی هەیە کە ویست و داواکارییەکانی خۆی پێشکەشی ڕای گشتی جیهان بکات. بۆیە پێویستە لەجیاتی ئەوەی کە بڵێین دەوڵەت هەندێکیانی جیا کردۆتەوە و ئێمەش لەم ڕوویەوە خۆڕاگری دەکەین پێویستە لەدەوڵەت بپرسین، کە ئایا ئێمە تا چ ئاستێک دەتوانین باوەشی خۆمان بۆ جیاوازییەکان بکەینەوە؟ مومکینە لەنێوان ئێمەدا، باز، کۆتر و بایقۆشیش دەربکەوێتە مەیدان، بەڵام کاتێک کە ئێمە توانیومان هەر هەمووی ئەوانە لە شوێنێکدا پێکەوە کۆبکەینەوە ئەوکاتە ئێمە دەتوانین هەموو ئەوانە لەخۆمان لەقەڵەمبدەین. چونکە هەر یەکێکیان لەڕەنگێکە و ئێوەش دەزانن کە جیاوازییەکان سەرچاوەی دیموکراسیی و دەوڵەمەندیمانن. من بەباشی نازانم کە ئایا دەوڵەت پرۆژەیەکی بەمجۆرەی هەیە یان نا بەڵام بزووتنەوەی کوردی چیدیکە ناتوانێ ئەو هەموو دەنگە

جیاوازانە لەباوەش بگرێت، چونکە ئەو دەنکە جیاوازانە زۆرتر لەو ئاستەن کە پێشبینی دەکران.

**❖ هەندێ هێـز و لایەن لەتورکیا بەبیانووی ئەوەی کە پرۆژەی کرانەوەی دیموکراتی دەبێتە هۆکاری دابەشکردنی تورکیا سەرسـەختانە لەدژی ئەو پرۆژەیە ڕادەوەستن، بەبڕوای ئێوە ئەمجۆرە هەڵوێستانە کاریگەرییەکی چۆنە دەکەنە سەر پرۆژەکە؟**

– وەکو پێشبینی دەکرا هیچ دژایەتیکردنێکی کۆمەڵایەتی لەبەرامبـەر پرۆژەی کرانـەوەی دیموکراتیدا نییە. بەڵام ڕەنگدانەوە دژبەرانەکانی ئێسـتا هەر هەموویان لەلایەن چینێکی دینامیکەوە هان دەدرێن و پەرە دەستێنن. بەو مانایەی ئەگەر بێتـو واز لەکۆمەڵگا بهێنین ئەوکاتە بۆ کۆمەڵگا هیچ گرنگ نییـە کە هەر کەس چەندە خاوەن مافە. بەڵام بەداخەوە ئەو کەسـانەی کە وەکو مەرجەع لەتورکیـادا دان بـە مافەکاندا دەنێن و ئـەو چینانەی کە لەژێـر ناوی خاوەن مافەکانـدا هەوڵدەدەن و داوای مافەکان دەکەن سەرقاڵی هەندێک حیساب و کیتابن کە کۆمەڵگا بەهیچ شێوەیەک ناتوانێ لەو حیسابانە تێبگات. ئێمە ڕۆژانە هەموو ئەو شـتانە دەبینین. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو ئاسـتەنگەش من باوەڕ ناکـەم کە قۆناخی چارەسـەری دیموکراتی تووشی ڕاوەستان یا هەر جۆرە ئاسـتەنگێک بووبێت، چونکە لەکۆتایـی ئەم قۆناخەدا تورکیا دەتوانێ ئامانجەکانی خۆی بەدەستبهێنێ. تورکیا دەزانێ ئەگەر بـەرەو دواوە هەنگاو بنێ زەرەر دەکات. هەر لەم قۆناخەیە کە دەتوانن چارەنووسـی جوگرافیش دەستنیشان بکەین، بۆیە من بڕوا ناکەم کە تورکیا بەرەو دواوە هەنگاو بنێ چونکە تیر لە کەوان دەرچووە.

**❖ بەدیدی ئێوە ئەمریکا چ کاریگەرییەکی لەسـەر ئەم پرۆژەیە هەیە؟**

– ئـەو بارودۆخەی کە ئەمریـکا لەعێراقدا تێیکەوتووە، ڕووبـەڕووی چەندیـن هەقیقەت و ڕاسـتی کردۆتەوە. یەکێک لەو ڕاسـتییانەش ئەو هێزە ئاشـتیخوازەیە کە لەئاکامـی نزیکبوونەوەی تورکیـا و کوردەکانی عێراقدا دێتـە ئاراوە. کاتێک کە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و کوردسـتانی عێراق باش و بەهێز بن ئەو کاتە ئەو هێزە ئاشـتیخوازە کە دێتەئاراوە دەبێتە مۆدێلێک بۆ تەواوی ناوچەکە. بەڵام من بڕوا ناکەم ئەمریکا بەتەنیا لەڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە سـەیری ئەم مەسەلەیە بکات چونکە سیاسـەتەکانی ناوچەکەش ئاماژە بەهاتنەکایەی ئاشـتی و دیموکراسـی دەکەن و ئەو لایەنانەشـی کە دەیانەوێ پشـتگیری لەسیاسەتی ئاشـتیخوازانە بکەن شانسی بوونیان بەفاکتەرێکی سەرەکی هەیە.

شـتی باش لێـرەدا تەنیا ڕۆڵـی ئەمریـکا نییە بەڵکو ئامادەبوونی دەسـەڵاتی کوردی لەهەرێمی کوردسـتان

**ئاستەمە تورکیا بەرەو دواوە هەنگاوبنێ چونکە تازە تیرەکە لە کەوان دەرچووە**

هەواڵنامەی کتێب

**ئەو سنوورەی کە لەنێوانماندا کێشراوە سنوورێکی درێژە، لەبەرئەوە ئەو سنوورە بەدوای کوردەکاندا دەگەڕێت نەوەک بەدوای میللەتێکی دیکەدا**

و دەوڵەتـی تورکیایە بۆ هـاوکاری و هەماهەنگییەکی هاوبـەش و دوو لایەنە. بەڵام نابـێ لەبیرمان بچێت کە کوردەکانـی ناوخۆی تورکیاش هەن، بۆیە تورکیا لەگەڵ کوردەکانـی دەرەوە چەنـدە پەیوەندییەکانـی باش و بەهێز بن ئەوەنـدە دەتوانـێ لەکوردەکانی نێو خودی تورکیـا گرەنتی وەربگرێت. بـەڵام ئەگەر بێت و تورکیا کێشەی کوردەکانی نێو تورکیا چارەسەرنەکات ئەو کاتە هەر ئاشـتییەک لەگەڵ کوردەکانـی عێراقدا بێتە ئاراوە ئاشتییەکی ناتەواوە.

**❖ ئایا ئەگەر ئەمریکا پاشەکشـێ بکات و چاوپۆشـی لەرووداوە سیاسـییەکانی ڕۆژهەڵاتـی ناوین بکات ئەوا لەسایەی ئەم ڕۆڵە هەڵکشاوەی تورکیادا پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردسـتان و تورکیا چ چارەنووسـێک چاوەڕێیان دەکات؟**

– دەوڵەتـەکان هەسـتیان نییـە و بەپێی هەسـتیش هەڵسوکەوت ناکەن. بۆیە هەمیشە لەکۆتاییدا بۆ ئەوەی کە هەبوونی خۆیان بەردەوام بکەن بڕیاری پراگماتیکیانە وەردەگـرن و سـەیر دەکەن کە کامەیـان بۆیان قازانج و سـوودی زۆرە. لەم سـۆنگەیەوە، من بڕوا ناکەم کە جارێکـی دیکە ناکۆکییەکانی نێـوان ئەنقەرە و هەولێر دەسـت پێبکەنـەوە. چونکە لەهاتنـی وەرزی بەهاری کێشـەکاندا تەنیا ئەمریکا خاوەن کاریگەری نییە. هەم هەولێـر هەم ئەنقەرە هەندێک بەرژەوەندی هاوبەشـیان بۆ خۆیان دۆزیوەتەوە. ئەگەر بێت و تورکیا کوردەکانی باشوور نەخاتە لای خۆیەوە ئەوکاتە ناتوانێ لەناوچەکەدا ببێتە خاوەن سیاسـەتێکی کارا، تورکیا ئەم ڕاستییەی دەرک پێکردووە، بۆیە من بڕوا ناکەم لەدوای کێشانەوەی ئەمریـکا جارێکـی دیکە ناکۆکییەکان بێنـە ئاراوە، بە پێچەوانەوە پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای ڕێز و ئیحترامی دوو لایەنە بەردەوام دەبن.

**❖ ئێـوە لەبابەتێکی خۆتاندا لەڕۆژنامـەی زەمانـ دا ئاماژەتان بەکاریگەری بارزانی و بنەماڵەی بارزانی لەسەر ڕووداوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کردبوو، ئێستا ئێوە کاریگـەری سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان و دیفاکتۆی هەرێمی کوردستان لەسەر سیاسەتی تورکیا بۆ پرۆژەی کرانەوەی دیمۆکراتی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

– من گوتبووم ناوی بارزانی، کە بەناوی مەلا مسـتەفا بارزانی دەسـت پێدەکات بۆ کوردەکانی تورکیا بووەتە قیبلەگایەکی ڕۆحی. لەسـاڵانی پەنجاکاندا تەنیا شتێک کە لەبەرامبەر ئەو هەموو گوشـارە هێزی دەبەخشییە کوردەکانی تورکیا تێکۆشانی مەلا مستەفا بارزانی بوو. تێکۆشانی کوردایەتی مەلا مستەفا بارزانی خۆڕاگرییەک بوو کە بەشـێوەیەکی نهێنی لەڕادیـۆ قاچاخەکانەوە دەبیسـترا. ئەوکاتە مەلا مسـتەفا ببووە سـیمبۆلی



لەناوەچوونـــی کـــوردان بـــۆ تێکڕای کـــوردان. بەڵێ پەیوەندییەکی مێژوویی بەمجـــۆرە هەیە لەنێوان ناوی بارزانی و کوردەکاندا. ئەو ســـنوورەی کە لەنێوانماندا کێشـــراوە ســـنوورێکی درێژە، لەبەرئەوە ئەو سنوورە بەدوای کوردەکاندا دەگەڕێت نەوەک بەدوای میللەتێکی دیکەدا. بۆیە ســـەیرکردنی ئینســـانەکان لەهەردوو لای ســـنوورەکانەوە لـــەرووی سیاســـییەوە هەلومـــەرج و دەرفەتێکی زۆر باش و ئیجابییە و حکوومەتی ئێستای تورکیاش هەســـتی بەم دەرفەتە کردووە، بۆیە دەیەوێ لەگـــەڵ کوردەکانی نێو تورکیاشـــدا لەنێو ئاشـــتی و تەباییدا بژیت. هەرچەندە کوردەکان هەست بەمە نەکەن بـــەڵام پەیوەندییەکی زۆر بەهێـــز لەنێوانماندا هەیە و ڕووداوەکانی هەولێریش کاریگەری لەسەر ئێمە دەکەن. هـــەر بەمجۆرەیـــش ڕووداوەکانی کوردســـتانی تورکیا کاریگەری لەسەر هەولێر دەکەن. بۆیە پێویستە بارزانی ئـــەو هێزە کاریزماییەی خۆی کـــە لەقووڵایی مێژووەوە هەڵدەقوڵـــێ بـــۆ بەرەژوەندی کوردەکانـــی تورکیاش بەکاربهێنێ و هەوڵی ســـازکردنی باشـــترین پێوەندی لەگـــەڵ تورکیا بدات. ئەگەر بێت و بارزانی ڕۆڵی خۆی بـــاش بەکاربهێنێ ئەوکاتە کوردەکان زۆر ســـوودمەند دەبـــن. چونکە لەکاتی قەیرانی هـــەرە ئاڵۆز و دژواردا ئەو پەیامە باشـــانەی کە لەباشووری کوردستانەوە دێن لەباکـــووری کوردســـتاندا دەبنە هۆکاری گەشـــبینی و خۆشحاڵی گەلی کورد.

**❖ سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ هەولێر بوو بەسەرەتایەکی نوێ بۆ پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و ئەنقـــەرە، ئێوە هەنگاوەکانـــی ئەمدواییەی حکوومەتی تورکیا لەبەرامبەر هەولێردا چۆن دەبینن؟**

- شانسی گەورە ئەوەیە کە ئەحمەد داود ئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیایـــە. کاتێک کە ناوبراو لەو پۆســـتەدا دەســـتبەکاربووە، تێکڕای هەنگاوەکانی بۆ چارەسەری ئاشـــتییانە و بەمەبەستی چارەســـەرکردنی کێشەکان بـــووە. نەک تەنیا بۆ کوردەکان بەڵکو لەسەرانســـەری جیهانـــدا دەیـــەوێ پێگـــەی تورکیا بگـــۆڕێ بۆیە لەم ڕوویەوە دیپلۆماســـیەتێکی زۆر کارای پەیڕەو کردووە. داود ئۆغلـــۆ بەپێی ناکۆکییەکان هەڵســـوکەوت ناکات بەڵکو بەپێی ئاشتی و تەبایی هەڵسوکەوت دەکات. بۆیە سەردانەکەشی بۆ هەولێر خاوەن سوود و بایەخێکی زۆر گرنگە. لەڕاســـتیدا سەردانەکەی بۆ هەولێر زۆر دواخرا. بـــەو مانایەی کە دەبووایە زۆر زووتر ئەو ســـەردانەی ئەنجامدابووایە. یەکێک لەکێشەکان ئەوەبوو کە تا ئێستا هیچ بەرپرســـێکی پایەبەرزی تورکیا سەردانی هەولێری نەکردبووە ناو لیستی سەردانەکانی خۆی. بەڵام لەهەر کوێ زەرەر بگەڕێنینـــەوە قازانجمان کردووە. چەندین

>>>

**AKP چەتری دیموکراسییەت زۆر بەرز ڕادەگرێت و خۆشی لەژێر چەترەکەدا دەمێنێتەوە و، بۆ مەسەلەی کوردیش چەترەکەی زۆرتر بەرزکردەوە**

ساڵە تورکیا پەیوەندییەکانی لەگەڵ، بەغدا، سووریا، ئەرمەنستان و تاراندا باشن بەڵام بەبێ هەولێر تورکیا هەرگیز نەیتوانیوە ئامانجەکانی خۆی بەدەستەوەبهێنێ. بۆیە من وا بیردەکەمەوە کە ئەم هێزە دیپلۆماسییە و ئەم پەیوەندییانە لەبەرژوەندی هەولێر و ئەنقەرەدان. لەبەرئەوە پێویستە لەهەر روویەکەوە هەوڵبدرێت کە پەیوەندییەکان خێراتر و بەهێز و بەرفراوانتر بکرێن.

**❖ ئەگەر بێتو کونسوڵگەری تورکیا لەهەولێر بکرێتەوە، ئەوکاتە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا لەداهاتوودا دەگەنە چ ئاستێک بەتایبەتی لەرووی بازرگانییەوە؟**

– خۆزگە ئەم سنوورەیان هەڵوەشاندبایەوە تا بەئاسانی بمانتوانیبا هاتووچۆ بکەین. نەک تەنیا بۆ بازرگانی و ئابووری بەڵکو لەرووی کولتووریشەوە بۆ بەردەوامبوونی ژیانیش دەبێ ئەو سنوورانە هەڵبوەشێندرێنەوە. ئەمە شتێکی ئەستەم نییە، چونکە هەموو تیرەکان ئەمە نیشاندەدەن. هیچ کەس ناتوانێ لەبەردەم بەردەوامبوونی ژیاندا بەربەست سازبکات. ژیان بەمە دەڵێ «تەنیا پێکەوە دەتوانن بەهێزببن»

**❖ تورکیا بەهۆی پێگە سیاسی و جیۆستراتیژییەکەی بۆتە پردێک لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا، ئێستاش لەبەرامبەر یەکێتی ئەوروپادا دەیەوێ ڕۆڵێکی کاراتر ببینێ و لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە لەڕابردوودا لەنێو سنوورەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا بوونە پەیوەندییەکانی ئاسایی دەکاتەوە. ئایا کاتێک لەم ڕوانگەوە سەیری مەسەلەکە دەکەین پێویستناکات تورکیا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کوردەکانیشدا ئاسایی بکاتەوە؟**

– تورکیا بێجگە لەئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان هیچ خەیاری دیکەی لەبەردەستدا نییە، بۆیە ناچارە کاری زۆرتر بکات بۆ بوژانەوەی پێوەندییەکان. ئەگەر تورکیا دەیەوێ بفڕێت پێویستە بزانێ کە بەبێ کوردەکانی باشووری کوردستان ناتوانێ بفڕێت. ئەمە ڕاستییەکە کە لە رووی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیشەوە هەر بەمجۆرەیە. بۆ دەوڵەتێک کە لەنێوخۆیدا بەملیۆنان هاووڵاتی کورد دەژین و لەسەر سنوورەکەشیدا قەوارەیەکی کوردی هەبێت هەرچەندە لەئامانجی ئەو دەوڵەتەدا بەرقەرارکردنی پەیوەندی باش لەگەڵ قەوارە کوردییەکەدا نەبێت بەڵام بەرقەرارکردنی پەیوەندی باش بەشێکی حاشا هەڵنەگری سیاسەتی ژیرانەیە. بۆیە ئەگەر تورکیا دەیەوێ لەناوچەکەدا ببێتە داینەمۆی دیموکراسی و هێزێکی سەرەکی و خاوەن رۆڵ ئەوکاتە ناچارە نەوەک تەنیا لەگەڵ کوردەکانی نێوخۆیدا بەڵکو لەگەڵ کوردەکانی دەرەوەشیدا پەیوەندییەکی باش و بەهێز بەرقەراربکات. بەپێچەوانەوە هەمیشە رووبەڕووی کێشە و گرفت دەبێتەوە.

<<<

**من گوتبووم ناوی بارزانی، کە بەناوی مەلا مستەفا بارزانی دەست پێدەکات بۆ کوردەکانی تورکیا بووەتە قیبلەگایەکی ڕۆحی**



## وتویژی تورکیاناسی لەگەڵ ئاسلی ئایدنتاشباش

# «لە ١٠ ساڵی داهاتوودا هەرێمی کوردستان دەبێتە دۆستی هەرە نزیکی تورکیا لەجیهاندا»

*ئەسلی ئایدینتاشباش لەساڵی ١٩٧١ لەدایکبووە، خوێندنی باڵای لەکۆلێژی ڕۆبەرت تەواوکردووە و لەزانکۆی بایەتسی ئەمریکیشدا لیسانسی وەرگرتووە. هاوکات لەگەڵ خوێندنی لەقۆناخی ناوەندیدا وەکو پەیامنێر بۆ ڕۆژنامەی جمهووریەت کاری کردووە و سەرنووسەری ڕۆژنامەی (بۆسفۆرۆس چرۆنیکلەیش) بووە. ژیانی ڕۆژنامەنووسی ئەسلی لەڕۆژنامەی یەنی یووزیڵدا دەستی پێکردووە. لەدوای ڕۆژنامەی یەنی یووزیڵ لە ئەمریکادا پەیامنێری کەناڵی Ntv و ڕۆژنامەی ڕادیکاڵ بووە. لەو ماوەیەی کە لەئەمریکا بووە لەزانکۆی نیویۆرک لەبەشی ڕاگەیاندندا ماستەری تەواو کردووە.*

*ئەسلی بۆ ماوەی دوو ساڵ وازی لەکاری ڕۆژنامەنووسی هێناوە و ئەو حەفت ساڵەی دوایش لەئەمریکا ژیاوە. لەواشنتۆن نوێنەری ڕۆژنامەی سەباح بووە و هاوکات بۆ ڕۆژنامەکانی نیویۆرک تایمز و وۆڵ ستریت جۆرناڵ بابەتی نووسیوە. لەزۆربەی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی وەکو Cnn و Ntv سەبارەت بەبارودۆخی تورکیا، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق پەنایان بردۆتە بەر بیروڕا و شرۆڤەکانی ئەسلی.*

*خانمی ئایدنتاشباش لە ٣ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٢دا بۆتە ئەندامی ناوەندی سیاسی خۆرئاوا لەئەمریکا کە ناوی (Western Policy Center).*



❖ **لەتورکیا یەکەمجارە پرسی کورد بەدەنگێکی بەرز گفتووگۆی لەسەر دەکرێت. دەوڵەت باسی هەماهەنگی لەنێوان ڕێکخراوەکانی خۆیدا دەکات. ئێستاش پتر ئەو بیروڕایە زاڵە، کە تورکیا لەچارەسەرکردنی پرسی کورد نزیک بۆتەوە. ئایا بەڕاستی تورکیا ئەوەندە نزیکی ئەو کۆتاییە خۆشەیە؟**

- بەبڕوای من تورکیا گەیشتووتە ئەو ئاستەی کە تێدەگات پرسی کورد چیتر بەڕێگای سەربازی چارەسەرناکرێت. نە تەنیا لە لایەن AKP و سەرۆکوەزیران ڕەجەب تەییب ئەردۆگانەوە بەڵکو لەلایەن تەواوی دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە پرۆژەی کرانەوەی دیموکراتی لەساڵی ٢٠٠٦وە گفتوگۆی لەسەر کراوە. ئەگەر بەڕاستی تورکیا دەیەوێ ببێتە ئەندام لەیەکیەتی ئەوروپا ئەوا پرۆژەی کرانەوەی دیموکراتیش بۆ پرسی کورد هۆکارێکی یارمەتیدەر و شتێکی حەشاهەڵناگرە بۆ تورکیا. هەرچەندە دیموکراسیەتی تورکیا بەرەو پێشەوە هەنگاوی نا و بەرفراوانتر کرا هەر ئەوەندەیش پرسی کورد سەرنجەکانی بۆ سەر خۆی ڕاکێشا و بووە بەهۆکاری ئەوەی کە هەستی (پێویستە شتێک بکرێ) لەنێو دەوڵەتدا بێتەئاراوە. هەر ئەم هەستەش وایکرد کە دەوڵەتی تورکیا هەنگاوەکانی خۆی بۆ بەرفراوانترکردنی دیمۆکراسییەتی خۆی چڕتر بکات.

❖ **ئێستا حکومەتی AKP سەرقاڵی پرۆژەیەکی زۆر گرنگ و هەستیارە و بە مەبەستی گفتوگۆکردنی پرۆژەکەی بردۆتە پەرلەمانەوە، AKP پرۆژەکەی بردووتە نێو پارلەمانەوە، بەبڕوای ئێوە کاریگەری ئەم پرۆسەیە لەسەر داهاتووی پەیوەندییەکانی تورکیا و کوردستانی عێراق و ناوچەکە چۆن دەبێت؟**

- ئەگەر تورکیا پرۆژەی کرانەوەی دیموکراتی جێبەجێ بکات ئەو کاتە دەتوانێ پرسەکە چارەسەربکات. لەحاڵەتێکی بەمجۆرەیشدا پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا، عێراق و هەرێمی کوردستانیش دەکەونەتە نێو قۆناخێکی نوێیەوە و ڕێچکەیەکی باش بۆ خۆیان دەدۆزنەوە و بەبێ کێشەو گرفت بەرەو پێشەوە دەڕۆن. لەحاڵەتێکی بەمجۆرەیشدا لەماوەی ١٠ ساڵی داهاتوودا حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبنە دۆستی هەرە نزیکی تورکیا لەجیهاندا، بێگومان ئەمەش یەکێکە لەپێشبینییەکانی من.

ئێستا چەندین ئامانجی گرنگتر لەبەردەم دەوڵەتی تورکیادا هەیە، کە پێموایە لەپرۆژەی کرانەوەی دیموکراتی و پەیڕەوکردنی سیاسەت بۆ تورکیا گرنگترن. بۆ نموونە، هیچ ئاستەنگێک لەبەردەم دان پێنان بەمافی زمانەوانی و کولتووری کوردیدا نییە. هەر هاووڵاتییەکی تورکیا خاوەن مافی یەکسانە بۆیە پێویستە هاووڵاتییە کوردەکانیش لەرووی ماف و ئازادییەوە ئەوەندە بایەخیان پێبدرێت کە ئەوانیش خۆیان وەکو هاووڵاتی یەکەمی ئەم وڵاتە ببینن، ئەمە شتێکی ئاسانە بۆ تورکیا بەڵام هەندێک شتی دیکەی وەکو ریفۆرم لەنێو بەڕێوەبەرایەتییە هەرێمییەکان و لەشاخ دابەزاندنی پەکەکە تۆزێک ئەستەمە و بڕوا ناکەم لەماوەیەکی کۆرتدا ئەمجۆرە هەنگاوانە بگەنە ئەنجام.

* ئەوەی کە ئێستا بە دیدەکرێت ئەوەیە سیاسەتی تورکیا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئایا هێزە بزوێنەر و ئیلهام بەخشەکانی ئەو گۆڕانانە کێن؟

- ئەمڕۆ زۆر هێز و لایەن و کەسایەتی سیاسی لەتورکیا پشتگیری لەچارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد ساییکردنەوەی پێوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی دەر و دراوسێ دەکەن. لەکاتی خۆیدا خوالێخۆشبوو تورگوت ئۆزاڵ بوو بەسەچاوەی ئیلهام، چونکە ئۆزاڵ پرۆژەیەکی لەم چەشنەی پێشکەشکردبوو. بەڵام ئەو شتانەی کە ئەمڕۆ باسیان لێوە دەکرێت زۆر بەرفراوانترن لەو هەنگاوانەی کە سەرۆک ئۆزاڵ ١٦ ساڵ لەمەوبەر بیری لێکردبوونەوە و دەیویست جێبەجێیان بکات. بەڕاستی ئۆزاڵ دەیویست ئەم پرۆژانە جێبەجێ بکات بەڵام هیچ کات بەقەد ئێستا نزیکی چارەسەری پرسی کورد نەبووینتەوە.

* لەتورکیا هەندێک هێز و لایەن دژایەتی پرۆژەی کرانەوەی دیموکراتی دەکەن و دەڵێن ئەم پرۆژەیە دەبێتە مایەی دابەشبوونی دەوڵەتی تورکیا، بەبڕوای ئێوە ئەمجۆرە هەڵویستانە کاریگەرییەکی چۆن لەسەر ئەم قۆناخە نوێیە دادەنێن؟

- بەبڕوای من پرۆژەی کرانەوەی دیموکراتی یەکێک لەمەرجە سەرەکییەکانی یەکپارچەیی تورکیایە، بەڵام بەداخەوە هەندێک کەسی دیکە بەپێچەوانەوە بیردەکەنەوە. من بڕوا ناکەم ئەمانە هیچ بنەمایەکیان بۆ بانگەشەکانی خۆیان هەبێت. مەبەستم ئەوەیە ئەوانەی ئیدیعا دەکەن پرۆژەی کرانەوەی دیمۆکراتی دەبێتە هۆکاری دابەشبوونی تورکیا، ئیدیعاکەیان ئیدیعایەکی بێ بنەمایە. راستی ئەوەیە کە تورکیا بەم ئەقڵییەتەوە لەناو دەچێت. بەو مانایەی ئەگەر بێتو تورکیا بە پێی ئەمجۆرە ئیدیعایانە متمانەی نیوەی هاووڵاتییانی خۆی لەدەستبدات ئەوکاتە تورکیا دابەشدەبێت. پێشکەوتنی دیموکراسی و بەرفراوانترکردنی چوارچێوەی مافەکان و هەستکردنی کوردەکان بەوەی کە تورکیا بایەخیان پێدەدات بەهیچ شێوەیەک نابێتە هۆی لاوازبوون و دابەشکردنی تورکیا بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆکاری بە هێزبوونی تورکیا.

* ئێوە کاریگەری سیاسەتی ئەمریکا لە سەر نزیکبوونەوەی ئەنقەرە و هەولێر چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

- بەبڕوای من ساڵانە ئەمریکا دەیەوێ لەمەڕ مەسەلەی کورد قۆناخی دیالۆگ دەست پێبکات. ئەمە شتێکی نوێ نییە. شتی نوێ ئەوەیە هەم ئەنقەرە هەم لەئەمریکا باراک ئۆباما و پێشتریش جۆرج بوش و پێش ئەویش کلینتۆن گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی کە پێویستە بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد دیالۆگ هەبێت. بوش و کلینتۆنیش لەو باوەڕەدابوون کە پێویستە دان بەمافی کوردەکان بنرێت و مافەکانیشیان بەرفراوانتر بکرێن. ئیدارەی سەردەمی ئۆباما بەدەنگی بەرز ئەمە هاوار ناکات بەڵام بەنهێنی گۆشار دەخاتە سەر تورکیا بۆیە تورکیایش تا ڕادەیەک لەم بارودۆخە رازییە.

* بەدیدی ئێوە ئەگەر لەکۆتایی ساڵی ٢٠١١دا ئەمریکا هێزەکانی خۆی لەعێراق بکێشێتەوە ئەگەری ئەوە هەیە کە ئاڵۆزی و شەڕ جارێکی دیکە لەنێوان هەولێر و ئەنقەرەدا سەر هەڵبدەنەوە؟ بەزمانێکی دیکەی رۆشنتر، نزیکبوونەوەی ئەنقەرە و هەولێر پشت بەبنەما ستراتیژییەکان دەبەستێت لەسەر بنەمای بەدەستهێنانی دەستکەوتی زۆرتر یان تەنیا تاکتیک و مناوەرەی سیاسییە؟

- باوەڕ ناکەم ئەگەری دووبارە هەڵایسانەوەی شەڕ و ئاڵۆزی هەبێت. لەبەرئەوە لەنێوان هەردوولادا کەشێکی دۆستانە و برایانە هەیە، کە تێیدا لۆژیکی سیاسی و دیپلۆماسی تێیدا باڵادەستە، ئەویش گەلی کورد و گەلی تورکە. کاتێک کە خەڵکی دوو ناوچە سەیری یەک تەلەڤزیۆن بکەن، پێکەوە کاربکەن و گوێ لەیەک مۆزیک بگرن ئەوکاتە بێجگە لەقوڵکردنەوەی گیانی لێبووردەیی و تەبایی و پێکەوەژیان هیچ رێگاچارەیەکی دیکەیان نییە، بەمجۆرەش پەیوەندییەکان فراوانتر و بەهێزتر دەبن.

* سەردانەکانی ئەمدواییەی دەسەڵاتدارانی تورکیا بۆ هەولێر چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئایا بیروڕاتان سەبارەت بەهەنگاوەکانی تورکیا لەبەرامبەر کوردستانی عێراق چۆنە؟

- ئەمانە هەر هەموویان هەنگاوی ئیجابی و زەروورین چونکە کوردستانی عێراق یەکێکە لەدۆستە هەرە نزیکەکانی تورکیا. خزمەکانی ئێمە لەکوردستانی عێراق دەژین (مەبەستی کورد و تورکمانە). خاوەن کولتووری هاوبەشین و بڕوامان بە یەک ئایدیاڵ هەیە.

بۆیە دوژمنایەتیکردنی تورکیا لەبەرامبەر کوردستانی عێراق شێتایەتییە. من زۆر گەشبینم و خۆشحاڵیشم بەوەی کە هەڵویستی تورکیا لەبەرامبەر کوردستانی عێراق گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

* ئەگەر بێتو تورکیا کۆنسوڵخانەی خۆی لەهەولێر بکاتەوە، ئەوکات پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان هەردوولا بەچی دەگات؟

- بێگومان پەیوەندی بازرگانی و سەرمایەگوزاری پردێکی زۆر گرنگە لەنێوان هەردوولادا. پێمولیە ئەم کۆنسوڵخانەیە لەداهاتوودا دەبێتە هۆی ئەوەی کە پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەردوولا بگەنە ئاستێکی بەرز و ئاسۆیەکی پڕشنگدار.

* داخستنی DTP و ئۆپەراسیۆنەکانی دژی BDP کاریگەرییەکی چۆن دەکەنە سەر پرۆژەی کرانەوەی دیموکراتی؟ ئەم رووداوانە کاریگەرییەکی چۆنە دەکەنە سەر پەیوەندییەکانی کورد و تورک؟

- داخستنی DTP هەڵە بوو، چونکە بوو بەهۆکاری هاندانی جەماوەری پەکەکە و لەجیاتی ئەوەی رێگا بۆ پرۆژەی کرانەوەی دیموکراتی هەموار بکات لەهەندێک بوارەوە ئاستەنگی خستووەتە بەردەم جێبەجێکردنی پرۆژەی کرانەوەی دیموکراتی. بەڵام سەرەڕای ئەمەش هێشتای قۆناخی کرانەوەی دیموکراتی هەر بەردەوامە. پێویستە لەم رووییەوە لەمانگەکانی داهاتوودا چاوەڕوانی هەنگاوەکانی دیکەی وەکو مەخموور و.. تد بکەین.

**ئەو شتانەی کە ئەمڕۆ باسیان لێوە دەکرێت زۆر بەرفراوانترن لەو هەنگاوانەی کە سەرۆک ئۆزاڵ 16 ساڵ لەمەوبەر بیری لێکردبوونەوە**

**یەکێک لەمەرجەکانی گەیشتن بەئازادی بۆ گەلێکی بندەست لەنێو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا یەکێتی نەتەوەییە**

هەواڵنامەی کتێب

## وتووێژی تورکیاناسی لەگەڵ پرۆفیسۆر عەدنان سەلجوق مزراک

# «پلانی چارەسەری پرسی کورد بەتەنها هیAKP نییە، هێزە نێودەوڵەتییەکانیش تێیدا بەشدارن»



**❖ دەخوازین دەستپێشخەرییەکەی ئەمدواییەی پەرلەمانی تورکیا بکەینە سەرەتای گفتوگۆکەمان، ئایا ئەم گفتوگۆیانە سیاسەتی رابردووی دەوڵەتی تورکیا مایەپووچ دەکات؟**

– قۆناخی رابردووی مێژووی کۆماری تورکیا لەبەرامبەر گەلی کورد مێژووییەکی قێزەونە. بەتایبەتی بۆ ئەوەی کورد باس لەکێشەکەیان بکەن هەموو دەرگاکان داخراوبوون، جگە لە رێگەچارەی سەربازی، دەوڵەت هیچ رێگایەکی دیکەی لەبەردەم خۆیدا نەهێشتبۆوە. بەڵام تێکۆشانی سەرسەختانەی کورد و هەوڵەکانی ئەندامێتی تورکیا لەیەکێتی ئەورووپا پێڤاژۆیەکەی بەم رۆژە گەیاند. بۆ سەرکەوتنی ئەم قۆناخەی ئێستاش پێموایە تەواوی هاوڵاتییانی کورد و تورک ئەرکێکی قورسیان دەکەوێتە سەرشان. ئێمە دەخوازین دوور لەتێکۆشانی چەکداری کورد بەشێوەیەکی دیموکراتیانە درێژە بەم پێڤاژۆیە بدەن، چونکە خەریکە لەتورکیا وردە وردە هێزی شەڕخوازی تێکدەشکێت، ئەمەش بۆ چارەسەری دەرفەتێکی باش دەڕەخسێنێت و پێڤاژۆیەکە ئاسانتر دەکات. دادگاییکردنی سەرانی ئەرگەنەکۆن نموونەیەکی زەقە لەمبارەیەوە.

کورد لەساڵی ١٩٩٣ بەدواوە چەندینجار داوای ئاگربەستیان کردووە، بەفەرمیش ئاگربەست و داخوازی ئاشتیخوازانەیان راگەیاندووە. بەڵام هیچ کاتێک وەڵامێکی ئەرێنیانەیان وەرنەگرتووە. لەلایەن کوردان و تورکەکانەوە تێگەیشتن کە درێژەدان بەم شەڕە جگە لە زەرەر بۆ هەردوولا هیچ ئەنجامێکی دیکەی نییە و لەدژی بەرژەوەندی هەردوولایە بۆ چارەسەری. بۆیە گەلی کورد بەهۆی ئەم هۆکارانەی باسمانکرد ناسنامەیان نکۆڵی لێکراوە و دەرفەتی بەشداریکردنی لەژیانی سیاسی پێنەدراوە. بۆ ئەوەی گەلی کورد جارێکی دیکە خۆی بگەیەنێتە ئاستی گەلانی دیکە، بەتایبەتی ئەرکێکی قورس دەکەوێتە سەر شانی رۆشنبیران، هەروەها لەسەرجەم بوارەکانی ژیان پێویستە رۆشنبیران و دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی و پارتە سیاسییەکان لەنێو هەوڵی جددی دابن بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو ماوەیەی لەدەستچووە. لەم سۆنگەیەوە، ئێمە وەکو پزیشکانی کورد لەدیاربەکر بۆ هەڵگرتنی ئەرکێک ئەگەر بچووکیش بێت، دەرگایەکمان کردەوە. ئەم کارەی ئێمە هەوڵێکە بۆ ئەوەی کورد وەکو نەتەوەیەکی خاوەن ناسنامە قەبووڵ بکرێت. ئێمە لەو بڕوایە داین گەلی کورد



**بیۆگرافیای پرۆفیسۆر عەدنان سەلجوق مزراک:**

– ١٩٦٣ لە شارۆچکەی سیوەروک سەر بەشاری روحا (ئورفە) لەدایکبووە.

– قۆناخی سەرەتایی و ناوەندی ئامادەیی لەشارەکانی رۆژهەڵاتی تورکیا تەواوکردووە (ئەنقەرە- ئەسکی شەهیر).

– کۆلیژی پزیشکی لەزانکۆی هاجتەپە تەواوکردووە،

– لەساڵی ١٩٨٨ لەدژی کۆمەڵکوژی هەڵەبجە لەئەنقەرە بەرامبەر سیاسەتی رژێمی سەدام لەگەڵ ژمارەیەک قوتابی چالاکیان ئەنجامداوە.

– ٢٠ ساڵە لەدیاربەکر وەکو پسپۆری نەشتەرگەری گشتی کاردەکات.

– لەساڵی ١٩٩٦ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی هۆبەی پزیشکانی ئامەدە. نزیکەی دوو ساڵە سەرۆکی وەک سەرۆکی ژووری پزیشکانی دیاربەکر کاردەکات.

– خێزاندارە، دوو کوڕ و کچێکی هەیە.

پێویستە لەگەڵ تەواوی گەلانی دینا پەیوەندی بەهێز بنیاد بنێین، بەتایبەتیش لەگەڵ وڵاتانی دەرودراوسێدا.

تورکەکان جگە لەمێژووی فەرمی خۆیان، هەبوون، مێژوو، کولتوور و بەهای گەلانی دیکە ناناسن. بۆیە ئێمە ناچارین هەبوون، مێژوو، کولتوور و بەهای نەتەوەیی خۆمان بەوان بناسێنین، هەوڵی تێگەیشتنیان بدەین، هەر بەمشێوەیە تورکەکان دەتوانن خاوەنی راستەقینەی ئەم خاکە بناسن، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٥٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر، بەڵام ئەوان (تورکەکان) تەنها ١٠٠٠ ساڵە لەمەوبەر لەسەر ئەم خاکە دەژین، ئەگەر هەوڵەکانمان بۆ تێگەیاندنی تورکەکان سەرکەوتوو بوو، ئەوکات ئێمە قەبووڵدەکەن، ئەم بەفەرمی ناسینە، مانای لەیەکتری جیاکردنەوە نییە، بەڵکو بەمەبەستی یەکتری لەئامێزگرتنە.

**❖ هەندێک رەوتی ستاتۆپارێز و نەژادپەرست لەدژی ئەم پێڤاژۆیە دەستیان بەهاندانی رای گشتی تورک کرد، بەبیانووی ئەوەی ئەو هەوڵانەی AKP یەکپارچەیی وڵات دەخاتە مەترسییەوە، ئایا ئەم دژایەتیکردنەی لایەنە بەرهەڵستکارەکان دەتوانێ چ باندۆرێک لەسەر ئەم قۆناخە بەجێبهێڵێت؟**

– تێڕوانینی من بەمشێوەیە، ئەم پلانە نەهی پارتی AKP، نە هی پەرلەمانی تورکیایە، بەڵکو لەم پلانەدا چەند هێز و لایەنی دیکەش بەشدارن، وەکو ئەمەریکا، یەکێتی ئەورووپا، ئیسرائیل و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا (MGK). ئەمانە هەموویان لە دارشتنی ئەم پلانەدا خاوەن رۆڵن، هەروەها ئەم هەنگاوانەی لەرابردووش هاوێشتراون، بەتەنها هەنگاوی AKP نین. من دەزانم، هەڵوێستی CHP و MHP هەڵوێستێکی نەزۆک و فاشیستانەیە، کەسایەتییەکی وەک ئۆنور ئۆیمەن لەپەرلەمانی تورکیا رووی راستەقینەی پلانی بەرهەڵستکارەکانی ئاشکرا کرد و بەم هەڵوێستەیان بەیەکجاری ماسکی خۆیان فرێدا. حەزرەتی محەمەد دەفەرموێت: لەدنیادا وا کار بکە کە هیچ نامری، بەڵکو بۆ قیامەت کار بکە کە ئێستا دەمری. منیش دەڵێم پێویستە کورد وەکو ئەوەی هیچ نامرن بۆ ئاشتی کاربکەن، بەڵام بۆ بەیانی ئەگەر کەشوهەوای تورکیا گۆڕانی بەسەرداهات ئەوا پێویستە ئامادەی هەموو هەلومەرجێک بن.

**❖ زۆرجار دەگوترێت پرسی کورد تەنها لەلایەن (MGK)ەوە چارەسەر دەکرێت، بەو پێیەی خاوەنی بەرزترین لوتکەی دەسەڵاتە لەتورکیا.**

**ئایا بەدیدی ئێوە ناوەندی چارەسەری پرسی کورد لەکوێیە؟**

– ئەگەر کێشەی کورد لە پەرلەمانی تورکیا چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە زۆر گونجاو دەبێت، واتە چارەسەرییەکی راستەقینە دەبێت، بەڵام وادیارە لە (MGK) بگرە تا دەگاتە برۆکسل و واشنتۆن چەندین پرۆژە و قۆناخی چارەسەری بۆ کێشەی کورد هەیە. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەسیاسەت و کۆمەڵگای تورکیا هەواڵی زۆر قێزەون هەیە. کورد لەتورکیا لەرەوشێکدان، ناچارن تورکەکان بۆ چارەسەری رازی بکەن، لەم چوارچێوەیەشدا هەوڵدەدەن لەگەڵ هاوپەیمانەکانیان، وەکو رێکخراو و کەسایەتییە ئاشتیخواز و دیموکرتخوازەکان هاوپەیمانی سازبکەن.

❖ **ئایا دەتوانین بڵێین، ئەم پێڤاژۆیەی ئێستا بەرهەمی سەرەتای سالانی نەوەدەکانە، کاتێک تورگوت ئۆزاڵ لەدەسەلاتدا بوو؟**

– من لەو بڕوایەدام تورگۆت ئۆزال لەمێژووی تورکیادا پێگەیەکی تایبەتی هەیە. ئەمە جگە لە رۆڵ و کاریگەرییەکانی لەبارەی چارەسەری کێشەی کورد، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا تۆرگۆت ئۆزال لەدژی گفتوگۆکردن لەبارەی هەندێک مەسەلەوە هەڵوێستی وەرگرت. نابێت ئەوە لەیاد بکەین سیستمی جاشایەتی لەسەردەمی تۆرگۆت ئۆزال پەیدابوو، هەروەها سەرەتای چۆلکردن و سوتاندنی گوندەکان لەسەردەمی ئەو دابوو. لەکۆبوونەوەی (MGK) دا بڕیاری لێدرا، کە تۆرگۆت ئۆزالیش بەشداری تێدا کرد، کە لەدژی PKK و سەرجەم ئەو هێزانەی لەبەرەی PKK و ئۆپۆزسیۆن بوون، کرانە ئامانجی هێرشی دەوڵەت.

❖ **بەڵام لەسەردەمی ئۆزاڵ گەلێک تابۆ شکێنران؟**

– پێویستە بەهەڵە لێم تێنەگەن، ئۆزال کەسایەتییەک بوو دەیتوانی مەسەلەکان گفتوگۆ بکات، کەسایەتییەکی داخراو نەبوو، بێگومان بۆ ئەمڕۆش کەسایەتی لەمجۆرە پێویستن. لەبەرئەوەی ئێمە دەبینین لەتورکیا کەسانی وەکو بایکال، دەوڵەت باخچەلی، هاشم کلچ سەرۆکی دادگا و هەندێک گۆشەنووس تا ئێستاش بەچاوی سالانی ١٩٣٠ سەیری ئەم مەسەلەیە دەکەن.

❖ **باسی رۆڵی ئەمەریکات کرد لەم پرۆسەیەدا، پێتوایە ئەگەر لەکۆتایی ٢٠١١ هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق کشانەوە، ئایا دووبارە نابێتەوە مایەی سەرهەڵدانی شەڕ و ناکۆکی لەنێوان کورد و تورکەکان. بەمانایەکی دیکە، لێک نزیکبوونەوەی ئێستای تورکیا و کوردستان نزیکایەتییەکی دوورمەودایە یان تەنیا بۆ بەلاڕێدابردن و کات بەسەربردنە؟**

– هەموو جیهان دەزانێت بەقەدەر ئەوەی کە ئێستا ئەو پرۆسەیە گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت، شتێک کەمتر قەبووڵ ناکات، بۆیە مومکین نییە هەنگاو بەرەو دواوە بنرێت، ئەمە بۆ باکوور و باشوور وەکو یەکە، کورد هەوڵدەدەن بەهەموو شێوەیەک ئەم دەسکەوتانەی لەبارەی کێشەی کوردەوە بەدەستهاتوون، بپارێزن، لەبەرئەوەی ئەم دەستکەوتانە بەرهەمی رەنج و تێکۆشانی خەباتی نەپساوەی چەندین سالانە، مێژووی چەند سالی رابردووش ئەو راستییەی روونکردۆتەوە کە هەڕەشە و تۆقاندن و ئەشکەنجەدان نەیانتوانیوە گەلی کورد لەناوببەن. هەروەک ئەمەریکا و تورکیاش ئەوە باش دەزانن کە دۆستایەتی کوردان هەزار جار لەشەڕ باشترە. بۆیە گەلی کورد لەرۆژهەلاتی ناوین دەرفەتی ئەوەی هەیە ببێتە یەکێک لەدیموکراسیترین گەلانی ناوچەکە و رۆڵی پێشەنگایەتی لەدیموکراتیزەکردنی رۆژهەڵاتی ناوین ببینێ.

❖ **ئێستا سەرنجەدرێ حکومەتی ئاک پارتی وردە وردە جڵەوگیری بەرامبەر سوپا دەکات و بەرامبەر دۆسیەی ئەرگەنەکۆنیش سست بووە، ئایا پێتوانییە ئەم پاشەکشێیەی حکومەت بەزیان بکەوێتەوە و ببێتە مایەی بەهێزبوونی هەڵوێستی سوپا؟**

– داخوازی هەماهەنگی بۆ ئەندامبوون لەیەکێتی ئەورووپا لەلایەک، بەرەوپێشچوونی رۆڵی رێکخراوە مەدەنییەکان لەتورکیا لەلایەکی ترەوە، وا دەکات سوپا رۆڵی لەنێو سیاسەتی تورکیادا کەم ببێتەوە. ئێمە نموونەی هیچ وڵاتێکی دیکە لەسەر رووی زەمین نابینن، کە بۆ ماوەی ٩٠ ساڵ بەمشێوەیە مامەڵەی لەگەڵ کێشەیەک کردبێت، تەنیا تورکیا نەبێت. ئەزموونی سۆڤیەت نموونەیەکی زیندووە، کە خاوەنی دەرفەتی زۆر فراوانتر بوو، بەڵام لەبەریەکهەڵوەشایەوە، هەروەها لەوڵاتی رۆمانیا چاوچیسکۆ، لەیوگسلاڤیا تیتۆ، لەدوای کودەتای سەربازی لەوڵاتی یۆنان و لەتەواوی وڵاتانی دنیا وردە وردە پێڤاژۆی رژێمگەلێکی سڤیل و دیموکرات گەشەیانکردووە. لەم هەرێمەی ئێمەشدا، کە کورد و تورک تێیدا دەژین، بووەتە ناوەندی شەڕ و ناکۆکی هەموو جیهان. ئەمەش راستییەکی دیکەی لەگەڵ خۆیدا سەپاندووە، ئەویش تورکیایەکی بێ شەڕ و ئارام سوودی بۆ هەموو لایەک دەبێت.

<<<

**لەتورکیا کەسانی وەکو بایکال، دەوڵەت باخچەلی، هاشم کلچ - سەرۆکی دادگا و هەندێک گۆشەنووس تا ئێستاش بەچاوی سالانی 1930 سەیری ئەم مەسەلەیە دەکەن**

هەواڵنامەی کتێب

# تورکیا بەشەڕاکەتی نێوان کورد و تورک ئەندامێتی لەیەکێتی ئەورووپا مسۆگەردەکات

نوری چەلیک



تورکیا لەمێژووی نزیکی خۆیدا، لەســەردەمێکی مێژوویی دەژی. ئەگــەر مرۆڤ بخوازێت بەکورتی باس لەم پێڤاژۆیە بکات، پێویستە ڕۆڵی پارتی داد و گەشەپێدان بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە شرۆڤە بکات.

ئەگــەر لێکدانەوەیەکی وەهــا بکەین و بڵێیــن دەوڵەتی تورکیــاو حکومەتی داد و گەشـــەپێدان ناچــار کراون بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو دیموکراتیزەکردنی تورکیا بهاوێژێت، ئــەوا پێمواپە بەهەڵەدا نەچووە، لەبەرئەوەی هاویشــتنی هــەر هەنگاوێک لــەم هەنگاوانەی مەرجــی بەئەندامێتی تورکیایــە لەیەکێتی ئەورووپا. هەرچەنــدە ئەم هەنگاوانە، ناتوانێت داخوازییەکان و پرســی کورد چارەســەربکات، بەڵام لەگەڵ کەموکورییەکانیشدا، دەتوانێت کەشوهەوایەکی نەرم بخولقێنێ، ڕێگا خۆشــبکات بــۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی. لەبەرئــەوەی زمان ناســنامەی میللەتە و جیای دەکاتــەوە لەگەڵ میللەتانی دیکە، بۆیە هەر هەنگاوێک بۆ بەرەوپێشــبردنی زمان و نووســین بهاوێشترێت، پێویستە مرۆڤ خاوەنداری لێبکات.

تــا ئەوکاتەی داخوازییەکانی کوردان لەیاســای بنچینەیی دەوڵەتی تورکیا بەفەرمی نەچەسپێندرێت، ئەو هەنگاوانەی کە دەهاوێشــترێن ســنووردار دەبن، هەروەهــا دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەتەوە، بۆ نموونە TRT6 ٢٤ سەعات پەخشی بەزمانی کوردی هەبێت، هاوکات قســەکردن بەزمانی کورد لەکوردســتان و هەندێک شاری تورکیا لێپرسینەوە بەدوای خۆیدا دەهێنێ، ناوی کوردی ببێتە مایەی لێپرســینەوە و گۆرانی کوردی ببێتە مایەی لێپرســینەوە، دادگایی بکرێن و ســزا بدرێن، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت تا ئەو ڕۆژەی کورد داخوازییەکانی لەیاسای بنچینەیی تورکیا نەچەسپێندرێت، ناتوانن بەشێوەیەکی فەرمی مافەکانیان پیادە بکەن، ئەگەر دەرفەتێکیشیان بۆ ڕەخسا بێت ئەوا لەدەستدەچێت.

هەروەک چۆن، چەند ڕۆژێک لەوەوبەر عەبدوڵلا گول لەڕێگەی TRT1 ڕایگەیاند پێویســتدەکا چەند ماددەیەکی دەستوور گۆڕانکاری تێدا بکرێت. وەک پێویســتییەکی سەرەکی تا دەستووری ئێستا نەگۆڕدرێت بەدەستوورێکی مەدەنیانە کە تێیدا هەموو کەســێک سەربەخۆ بێت و بەئاسایی پێناسەی خۆی و مافەکانی بکات، ئەوا هەر هەنگاوێک بهاوێشترێت، ناکامل و سەقەت دەبێت. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کورد خاوەنداری لەم هەنگاوانەی ئێستا نەکات، هەر هەنگاوێکی بچووک لەگەڵ خۆیدا بەرهەمێکی تازەی دەبێت، هێز دەداتە کوردان بۆ ئــەوەی لەدوا ڕۆژدا داوای بەرهەمی گەورەتر و شتی پێویستتر بکەن.

هەروەها دەسەڵاتدارانی تورکیا لەلایەک دەڵێن ئەم پرۆژەیە پرۆژەی دەوڵەتە پێویســتە هیچ کەســێک گومانی نەبێت تورکیــا بخەینە نێو قۆناخێکی خراپ. ئەگەر دەســت بۆ ئەم خاڵانە بەرین کە بەلای هەموو خەڵکی تورکیاوە هێڵی سوورن، ئەوا بەتێڕوانینی من دەتوانێت بەمشێوەیە وەڵامی پرسیار و هێڵە سوورەکان بداتەوە:

١- یەک دەوڵەت، پاراستنی دەوڵەتی ناوەندی.

٢- زمانــی فەرمی پەروەردە کردن زمانــی تورکی بێت و زمانەکانی دیکە بەکارنەهێندرێت.

٣- پێویستە لە یاسای بنچینەیی باس لە نەتەوەکانی دیکە نەکرێت.

٤- هیچ نەتەوەیەک ناتوانن بە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان پارت دابمەزرێن و خەباتی سیاسی بکەن.

ئەگەر مرۆڤ داخوازییەکانی خۆی ریز بکات، ئەم خاڵانەی سەرەوە پێچەوانە بکات داوا بکات.

١- نکۆڵــی کردنی ناســنامەی میللەتی کورد پێویســتە نەمێنێت و لە یاسای بنچینەیی قبوڵ بکرێت.

٢- کاری پاراســتنی دەڵڵەتــی ناوەنــدی بگۆڕدرێــت بۆ هاوبەشبوون- شەریک- لەم دەوڵەتە.

٣- پێویستە هەر نەتەوەیەک بە ناسنامەی نەتەوەیی خۆی ڕێگای پێبدرێت خــۆی ڕێکبخات وەکو دامەزراندنی پارتی و کۆمەڵە و خەباتی سیاســی دریــژەی پێبدات و زمان و ناســنامەی نەتەوەیی بخاتە خزمەت پروپاگەندەی سیاسی نەتەوەکەی.

مــن لەمبڕوایــەدام ئــەم خاڵانــە ســوودیان دەبێت بۆ چارەســەرکردنی پرســی کورد. لەبەر ئەوەی ئەگەر گەلی کــورد بتوانێت بەناســنامەی خۆی ڕێکخســتن بۆ خۆی دابمەزرێنێ، ســەرجەم ئاســتەنگییەکانی نێــو کۆمەڵگا نامێنێ، زیندوویــی هەر کۆمەڵگایــەک لەوەدایە بتوانێت پێناسەی هەموو ڕەنگەکان لەخۆبگرێت.

هەروەها بەپێویســت دەزانم داوا لە PKK بکەم، بێ مەرج گۆڕانکاری ســتراتیژی لەسەر بنەمای چەک دانان بگۆڕێت بــۆ میتۆدی دیموکراتیــک بیر لە توندوتیــژی نەکاتەوە، لەبــەر ئەوەی PKK باس لە کۆماری دیموکراتیک دەکات، دەستی لەسەربەخۆی کوردستان بەرداوە، ئەگەر متمانەی بەخــۆی هەبێت، دەتوانێت چــەک دابنێت و لە گۆڕەپانی سیاسەتدا سیاســەتێکی دیموکراتیک و مەدەنیانە بۆخۆی بکاتە ئامانج.

# «ئامانجی تورکیا لەم گۆڕانکاریانەدا بۆ ئەوەیە لەعێراقی دوای ئەمریکا ببێتە خاوەن ڕۆڵ»



وتوێژی تورکیاناسی لەگەڵ پ. د. فەیسەڵ ئایهان، ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

**❖ بەڕێز ئایهان سەرەتا دەمانەوێ لەدیدی جەنابتانەوە بزانین، کێشـــەی عێراق، کە لەدوای ســـاڵی ٢٠٠٣ یەوە ســـەریهەڵداوە، چ کاریگەری و ڕەنگدانەوەیەکی لەســـەر تورکیا بەجێهێشت؟**

– شـــەڕی ســـاڵی ٢٠٠٣ بێجگە لەعێراق لەسەرانســـەری هەرێمەکـــەدا ڕێگای بۆ نائارامی و ناســـەقامگیری ئاوەڵا کرد. هۆکاری ئەم ناســـەقامگیرییەش ئەوەیە کە لەدوای ٢٠ی مانگی مارتی ٢٠٠٣دا لەرووی ئەمنی و سیاسییەوە ئەمریکا نەیتوانی لەعێراقدا بەسەر بارودۆخەکە زاڵ بێت و کونترۆڵـــی بارودۆخەکە بکات. ئەو واقعیەتە روونە کە ئیدارەی ئەوکاتـــی ئەمریکا نەیتوانیبوو بەشـــێوەیەکی باش پێش شەڕی عێراق بارودۆخی پێکهاتەکانی عێراق، پەیوەندییـــە مێژووییەکانی نێـــوان پێکهاتەکانی عێراق، دژایەتیکردنـــی یەکتر لەنێـــوان ئایینەکاندا و گۆڕانکاری سیاســـی و ئیداری عێـــراق و کاریگەرییەکانی لەســـەر عێـــراق و هەرێمەکە شـــرۆڤە بکات. ئیـــدارەی ئەمریکا ســـەرەڕای زانیاری کەم و ناتەواو زۆر متمانەی بەهێزی ســـەربازی هەبـــوو و وای دەزانی کـــە دەتوانێ لەڕێگای هێزی ســـەربازییەوە لەعێراقدا گۆڕانـــکاری بکات. بۆیە چ لەپێـــش شـــەڕ و چ لەکاتی دەســـتپێکردنی شـــەڕدا ئەمریکا هێڵە سوورەکانی پێکهاتەکانی عێراق، دەوڵەتە هەرێمییەکان و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ڕەچاو نەکردووە و بـــۆ کونترۆڵکردنی بارودۆخەکەیـــش متمانەی بەهێزە سەربازییەکانی خۆی هەبوو. لەدوای ئەمە سەرۆک بووش لەیەکی مارســـی ساڵی ٢٠٠٣دا ئاشـــکرایکرد کە شەڕی عێراق کۆتایی پێهاتووە بەڵام بەپێچەوانەوە دەرکەوت کە لەدوای یەکی مارســـدا شەڕی عێراق کۆتایی پێنەهاتووە و بەبڕێـــک گۆڕانـــکاری لەرووی تاکتیکییەوە شـــەڕەکە لەئاســـتی شـــەڕی بەرەییدا بووە بەشـــەڕی نێو شەقام و کۆڵانەکان. بێگومان ئەگەر شـــەڕ لەبەرەکانی شـــەڕدا کرابووایە ئەوکاتە ئەمریکا ســـەرکەوتنی بەدەستدەهێنا. بەڵام لەبەرامبەردا ئەو شەڕە بەبێ سیستمانە کە لەلایەن گرووپە جیاجیاکانەوە بەمەبەســـتی بەدەستهێنانی چەند ئارمانجێکی سیاسی بەرپا دەکران سەرکەوتنی ئەمریکایان ئەســـتەم کرد. کاتێکیش کە دەسەڵاتی ناوەندی رووخا، ئەوکاتـــە ناکۆکییەکانی نێوان پێکهاتەکانی عێراق زەقتر بۆوە، بۆیە عێراق وردە وردە بەرەو شەڕێکی ناوخۆییەوە ملی دەنا. ئەمرۆ ئەگەر بڵێین کە ئیدارەی ئەمریکا یەکێکە لەو لایەنانەی کە لەعێراقدا زەرەری کردووە و نەیتوانیوە ســـەرکەتوو بێـــت ئەوا شـــتێکی هەڵەمـــان نەگوتووە. ئەگـــەر باســـی کاریگەری ئەو شـــەڕە بۆ ســـەر تورکیا بکەین پێویســـتە لەهەر روویکەوە کاریگەری ئەو شەڕە هەڵبســـەنگێنین و زیاتر لەوەیش پێویســـتە ئەو قۆناخە لەنێو خۆی تورکیایشـــدا دابەشی چەند قۆناخ بکرێت تا

**پرۆفیسۆر فەیسەڵ ئایهان لەساڵی ١٩٩٩ لەزانکۆی ئۆڵوداغ دا لەبەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەستی بەژیانی ئەکادیمی کردووە. لەساڵی ٢٠٠٥دا بەنووسینی تێزی «نەوت و ئاسایش، سیاسەتی ئابووری و قەیرانەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست» پلەی دکتۆرای بەدەستهێناوە. ئایهان تائێستا چەندین بابەتی جۆراوجۆری لەبارەی پرس و مژارەکانی پەیوەست بەخۆرهەڵاتی ناوین نووسیوە، ناوبراو خاوەن چەند کتێبێکی گرنگە بەناوەکانی «کاتێک مێژوو سەرلەنوێ دەنووسرێتەوە» «سەددام حوسێن»، «خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و نەوت» و «کێشەی لوبنان». ئەو لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٧ تا ٢٠٠٩ سەبارەت بەسیاسەتی ئەمریکا لەبەرامبەر عێراق، ئێران، کوەیت، میرنشینە عەرەبییەکان، بەحرین، عومان، ئیسرائیل، فەڵەستین، سوریا، ئەردەن، میسر و لوبنان لێکۆڵینەوەی ئەنجامداوە. ئێستاش سەرقاڵی نووسینی کتێبێکە بەناوی « عێراق لەساڵی ٢٠١٢ دا». لەهەمانکاتدا لەزانکۆی عیزەت بەیسەڵی ئابانت-یشدا لەبەشی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا درێژە بەکاری ئەکادیمی خۆی دەدات. ئایهان لەزانکۆی ناوبراودا لەبوارەکانی «چاودێری جیهانی و هەرێمی وزە، کەمینەکان و ناسیۆنالیزم لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و تیۆرە جیاوازەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان» لەئاستی خوێندنی باڵادا خەریکی وانەبێژییە.**

بتوانین باش ئەم مەسەلەیە شی بکەینەوە.
تورکیا لەناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٢دا دەستی بەدژایەتیکردنی شەڕی بەبێ مەشرووعیەتی نێونەتەوەیی لەعێراق کردووە و چەندین جاریش بەشـــێوەیەکی رەســـمی حکوومەتی تورکیـــا دژایەتیکردنـــی خۆی بۆ ڕای گشـــتی ئاشـــکرا کردووە. هەرچەنـــدە حکوومەتی تورکیا لـــەو ماوەیەدا لەگەڵ دەســـەڵاتی ئەمریکا وتوێژیشی دەکرد بەڵام ئەوە هەقیقەتێکـــە نابێ لەبیری بکەین، کە تورکیا چەندینجار رایگەیاندبـــوو لەدژی داگیرکردنی عێراقە. هاوکات لەگەڵ رەتکردنەوەی تەزکەرەکەی (گەڵالە پێشـــنیار)ی یەکی مانگـــی مارت لەلایـــەن پارلەمانی تورکیـــاوە تێڕوانینی تورکیـــا لەبەرامبەر ئەو شـــەڕەدا دیاریکرا. هۆکاری زۆر جیاوازی ئەم رەتکردنەوە و دژایەتیکردنی شەڕە لەلایەن تورکیاوە هەبووە، ئێســـتا پێویســـت ناکات ئێمە باسی ئەو هۆکارانە بکەین. بەڵام پێویســـتە بزانرێت کە شەڕی ساڵی ٢٠٠٣ شـــەڕێک بوو کە تورکیا پێی خۆش نەبوو. ســـەرەڕای ئەمەش هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕدا تورکیا لەئاســـتی توانایی خۆیدا لەرووی ئینســـانییەوە هـــاوکاری عێراقییەکانی کردووە. بەڵام لەدوای ســـاڵی ٢٠٠٥دا کاتێک کە ئاشکرا بوو ئەمریکا ناتوانێ سەرکەتوو بێت و دەستتێوەردانی وڵاتانی هەرێمی وەکو ئێران لەنێو کاروبـــاری عێراقدا روویان لەزیادبـــوون کرد، ئەوکاتەش تورکیا ناچار مایەوە کە بەشـــێوەیەکی جیاوازتر لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا هەڵسوکەوت بکات. ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە و ئەو قەیرانەی کـــە لەعێراقدا لەئارادا بوو، بووە مایەی ئەوەی کە دەوڵەتانـــی هەرێمیش موداخەلەی بارودۆخی عێراق بکەن. چونکە هەر دەوڵەتێک لەهەوڵی ئەوەدا بوو کە لەو بارودۆخە ئاڵۆزەدا رووبەرووی کەمترین کاریگەری ببێتـــەوە یا هەوڵی ئـــەوەی دەدا کە لـــەو بارودۆخەدا بەشـــێوەیەکی بەرچاو سوودمەند ببێت. بۆیە هەر کەس بەپێی لێکدانەوە و حیســـابی خۆی سیاســـەتی دەکرد. کاتێک کە شـــەڕ لەجوگرافیایەکدا بێـــت کە تورکیایش تێیـــدا جێ دەگرێـــت بێگۆمان نە تەنیـــا تورکیا بەڵکو هیچ دەوڵەتێکی هەرێمی ناتوانێ بەسەیرکردنی شەڕیش بەرەژوەندییەکانی خۆی بپارێزێت.
لەلایەکی دیکەیشـــەوە ئەگەر وا بیرمان بکردابایەوە کە عێراق لـــەدوای ئەمریکا کە ڕەنگە تووشـــی بارودۆخێک وەکوو بارودۆخەکەی شـــەڕی ناوخـــۆی لوبنان لەنێوان ساڵانی ١٩٧٥ و ١٩٩١ ببێتەوە یا ببێتە ناوەندێکی گەورە بۆ گرووپە تیرۆریستە توندڕەوەکان یان وەکو دەوڵەتێک، کـــە لەژێر کونترۆڵی ئێراندا لەســـەر بنەمـــای تائیفی و ئایینی دابەشـــبکرێت هیچ کاریگەرییەکی لەسەر وڵاتێکی وەک تورکیا نەدەبـــوو، بێگومان ئەوە بیر کردنەوەیەکی ناواقیعی دەبـــوو. بەو جۆرە کـــە دەبینرێت هەموو ئەو

ڕووداوانـــەی کە لەعێراقدا ڕوودەدەن هێزی ئەوەیان هەیە کە کاریگەری لەسەر تورکیا بەجێبهێڵن. بۆیە تورکیایش هەر وەکو ســووریا، ئێران و عەرەبستانی سعودی بیری کردەوە کە سەر لەنوێ دارشتنەوەی ژێرخانی سیاسی و ئیداری عێراق بۆ تورکیایش لەڕووی بەرژەوەندی نەتەوەیی و لەڕووی سیاســەتی دەرەکی چ لەئاســتی هەرێمی و چ لەئاســتی نێودەوڵەتیــدا خاوەن بایــەخ و گرینگییەکی یەکجار زۆرە. تورکیا نەیتوانی بوو بەئەقڵییەت و ڕێبازی بەرگریکــردن لەخۆی لەبەرامبەر ئــەو ڕووداوانەدا بگاتە ئامانجەکانی خۆی. ئەوە ئاشــکرایە کــە ئەگەر ئەمریکا لەســاڵی ٢٠١٢ دا هێزەکانی خۆی بەگشــتی لەعێراقدا دەربخات ئەوکاتە وڵاتە دراوسێکانی عێراق دەبنە خاوەن عێراقێک کە ڕەنگە ڕووبەڕووی شــەڕی قەومی و ئایینی ببێتەوە. ئەو ســنوورانەی کە لەنێو عێراقدا کێشــراون لەسەر هەیە، ناکۆکییە ئایینی و ئیتنیکییەکانی عێراق و دوژمنایەتییەکانی نێو عێراق لەو ئاســتەدان کە دەتوانن یەکێتــی عێــراق و یەکپارچەیی خاکەکــەی بخەنە ژێر مەترسییەوە. لەرەوشێکی وەهاشدا ئەمنیەت و ئاسایشی نێوخۆیــی وڵاتانــی جیرانــی عێراقیــش دەکەوێتە ژێر کاریگەری و مەترســی ئەو ڕووداوانەی عێراقەوە، چونکە ئەو ڕووداوانە لەئاستێکی وا دان کە دەتوانن کاریگەریش لەســەر وڵاتانی دراوســێ عێراق بکەن. چونکە شــەڕی ناوخۆی عێراق هاوکات شــەڕی کورد، عەرەب، تورکمان و مەســیحییەکانی نێو عێراقیشــە. شــەڕێکی بەمجۆرە بێگومان کاریگەری لەسەر وڵاتانی دیکە دەکات و دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ڕق و کینە لەنێوان گەلانی هەرێمەکەدا ســەرهەڵبدات و ڕەنگە ببێتە مایەی هەڵایسانی شەڕیش لەنێو گەلانی هەرێمەکەدا. ئەگەر کوشتارێکی جەماوەری لەبەرامبەر شــیعەکانی عێراق دەســت پێبکات ئەوکاتە چاوەڕوانکردنی بێدەنگی لەشــیعەکانی دیکەی هەرێمەکە شتێکی نارەوایە، چونکە ئەوانیش لەبەرامبەر ئەو کوشتارە بەهیچ شــێوەیەک بێدەنگ نامێنن. ئەم شتە بۆ عەرەبە سوننەکان و کوردەکانیش هەر بەمجۆرەیە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئــەو پێکهاتانە لەزۆربەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاســتدا بڵاو بوونەتەوە و دەژین. پێویســتە هەست بەوە بکەین کە لەســەردەمێکی جیهانی و پێشکەوتوودا دەژین. ئەگەر لەباکووری عێراقدا شــەڕی نێوان عەرەب و کوردەکان دەســت پێبکات و وا بیر بکەینەوە کە ئەو شەڕە کاریگەری لەســەر کوردەکانی تورکیا ناکات، ئەو کاتە ئێمە هەڵە بیر دەکەینەوە. ئەگەری شــەڕی گەلانی خۆرهەڵاتــی ناوەڕاســت لەگەڵ یەکتــردا لەئارادایە. بۆ بینینی ئەم مەترسییە ئەوە بەسە کە بکەوینە ناو خەڵک و لەگەڵیانــدا لەمبارەیەوە بڕێک گفتوگۆ بکەین. ئەگەری ئــەوە هەیە کە ئــەم بارودۆخە لەئێران و سووریاشــدا ڕووبدات. بۆیە ئەگەر بمانەوێ ئاســایش و ئەمنیەت لەم هەرێمەدا سەقامگیر بکەین ســەرەتا پێویستە ئاسایش و ئەمنیەت لەعێراقدا ســەقامگیر بکەین. دەمەوێ وەکو کۆتایی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە. ئیدارەی کۆشکی ســپی بۆ ئەوەی لەشەڕی دژی سەددامدا خۆی وەکوو لایەنی سەرکەوتوو پیشانبدات، لەنانەوەی ئاژاوە و دروستکردنی قەیران و ناکۆکی لەعێراقدا خۆی لا نەداوە، ئاکامەکەشــی ئەوەیە کە ئەمریکا لەهەوڵی ئەوەدایە کە کۆتایی بە هەبوونی ســەربازی خــۆی لەعێراق بهێنێ. ئەمریکا خاوەن ئەزموونێکی مێژوویی دیپلۆماسی نییە کە بتوانێ کۆتایی بە ناکۆکییە ئیتنیکی و ئایینییەکانی نێو عێراق بهێنێت. بۆیە من وا هەستدەکەم کە لێرە بەدواوە ئەرکی پاراستنی عێراق لەئاگرێکی گەرموگوڕ کەوتووەتە ئەســتۆی ئەو گەلانەی کە لەم هەرێمــەدا دەژین. بەڵام شەڕی بەرژەوەندی وڵاتانی جیرانی عێراقیش لەسیاسەتی بەرامبەر عێراقدا وایکــردووە کە بارودۆخی عێراق بگاتە ئاســتی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی ئێستای. هەرچەندە کونترۆڵکردنی بارودۆخی عێراق بەسیاسەت و داواکارییە عینادییەکان تا بڵێی ئەستم بوو بەڵام..

❖ **ئێوە باســی ئەوەتان کرد، کە سیاســەتی وڵاتانی هەرێمەکــە لەبەرامبەر عێراقدا لــەم ماوەیەدا بایەخێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. ئەگەر ئەم مەسەلەیە لەڕوانگەی سیاســی تورکیا بەرامبەر عێراق شی بکەینەوە بێگومان خوێنەرەکانمان زیاتر دەتوانن سوودمەند بین؟!**

– هــەر وەکو لەســەرەتایش ئاماژەم پێکــرد، دەتوانین سیاســەتی تورکیا لەبەرامبەر عێراقدا دابەشی چەندین قۆناخ بکەیــن. لەیەکەمین قۆناخدا سیاســەتی تورکیا لەبەرامبــەر عێراقــدا بەشــێوەیەکی ڕوون و ئاشــکرا سیاســەتێکی بەرگری لەخۆکردن بوو. ئەو سیاسەتانەی کە لەم قۆناخەدا ئاماژەیان پێکراوە لەلایەن ڕای گشــتی کۆمەڵگای تورکیاوە وەکو هێڵی سوور ناسراون. چی بوون ئەو هێڵە ســوورانە؟ بەرگریکردن لەدەسەڵاتی ناوەندی عێــراق، بێجگە لەبەغدا نابێ لەگــەڵ ناوەندەکانی دیکە وەکو هەولێر پەیوەندی سیاســی و دیپلۆماسی هەبێت و چەندین خاڵی دیکە وەکو بارودۆخی کەرکووک ئەو هێڵە ســوورانەی تورکیا لە قۆناخی سیاســەتی بەرگریکردندا بوون. لەم کات و ســاتانەدا بەشــێوەیەکی ڕاستەوخۆ چەند قســەی ناخۆشیش بەچەندین گرووپ و کەسایەتی ناســراو گوتران. من وەکو تاکەکەسێک وا بیر دەکەمەوە کە هۆکاری سیاســەتی ئەوکاتە و بەکارهێنانی ئەو قسە ناشــیرینانە بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە تورکیا بەباشــی نەیتوانی بوو ناکۆکی و پەیوەندییە مێژووییەکانی نێوان پێکهاتەکانی عێراق و پەیوەنــدی ئەو پێکهاتانە لەگەڵ هێــزە دەرەکییەکانــدا ئەنالیز بــکات. ئەمریکا هاوکات

<<<

**ئەگەر ئەمریکا سەرکەوتنی لەعێراقدا بە دەستەوەهێنابووایە ئەوکاتە ئەگەری گۆڕینی هەڵوێستی تورکیا لەبەرامبەر عێراق زۆر ئەگەرێکی لاواز دەبوو**

هەواڵنامەی کتێب

لەگەڵ دەست پێکردنی شەڕ لەعێراق لەڕاستیدا قۆناخێکی دەستپێکرد کە گەڕانەوە لەو قۆناخە مەحاڵ بوو، بەڵام نە تەنیا وڵاتانی ناوچەکە بەڵکو هیچ کەس لەم راستییە تێنەگەیشتبوو. بەسیاسەت و داواکاریەکانی بەرگری کونترۆڵکردنی بارودۆخی عێراق ئەستەم بوو، بەڵام تورکیا لەقۆناخی یەکەمی سیاسەتی خۆی لەبەرامبەر عێراقدا هەر لەسەر سیاسەتی بەرگریکارانەی خۆی سوور بوو. تورکیا لەسەرەتای دەستپێکردنی شەڕی عێراق نەیتوانی داواکارییەکانی خۆی سەبارەت بەداڕشتنەوەی ژێرخانی سیاسی و ئیداری عێراق بۆ لایەنە عێراقییەکان و ئەمریکای داگیرکەر بسەلمێنێ. بۆیە لەقۆناخی یەکەمدا تورکیا سەرکەوتوو نەبوو. ئەوەیش روون بوو کە هیچ کەس نەیدەتوانی بە هەڕەشە داواکارییەکانی خۆی بەلایەنە عێراقییەکان بسەلمێنێ. ئەمریکایش نەیدەتوانی تەنیا بەڕێبازی سەربازی هیچ شتێک نە لەسەر عەرەبە شیعەکان، عەرەبە سوننەکان و کوردەکان بسەپێنێ. لەبەرئەوەی ئەمریکا لەکاتی پێویستدا لەگەڵ سەدر و کۆنە بەعسییەکانیشدا پەیوەندی دیپلۆماسی داناوە بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەمریکا لەکونترۆڵکردنی بارودۆخی ئەمنی عێراق نەیتوانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێ، کاتێک کە بۆ گرووپەکانی نێو عێراق ئەوە روونبۆوە ئەمریکا ناتوانێ بارودۆخەکە کونترۆڵ بکات، گرووپەکانی نێو عێراقیش هەوڵیاندا دەسکەوتەکانی خۆیان بپارێزن و سیاسەتێک پەیڕەو بکەن کە دەستکەوتی زۆرتر بەدەستەوەبهێنن. بۆیە عەرەبە شیعەکان لەدژی ئەوە بوون کە سوننەکان بەشداری لەپرۆسەی سیاسی عێراق بکەن و ماف یا دەستکەوتێک بەدەستەوە بهێنن، یا لایەنی کوردیش لەسەر ئەو مافانەی خۆی کە بانگەشەیان بۆ دەکات لەسەر ناوچە جێ ناکۆکییەکان هیچ هەنگاوێکی بەرەو دواوە نەهاوێشتووە. هەر هەموو ئەو رووداوانە کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی تورکیاش کردووە. بۆیە تورکیا دەستی بەپەیڕەوکردنی سیاسەتێکی کاریگەرتر لەبەرامبەر عێراق کرد و ئەم سیاسەتەی تورکیایش بۆ وڵاتانی هەرێمەکە لەرووی ستراتیژیکییەوە بوو وەکو ستراتیژیەتی حاشاهەڵنەگری تورکیا لەرووی سیاسەتی دەرەکییەوە. بۆیە پێویستە هۆکاری ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەپەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراقدا لەم ساڵانەی دواییدا بەدیدەکرێن بۆ سەرنەکەوتنی سیاسەتی ئەمریکا لەعێراقدا لە قەڵەمبدەین، من لەم روویەوە هیچ شک و گومانێکم نییە، ئەگەر ئەمریکا سەرکەوتنی لەعێراقدا بە دەستەوەهێنابووایە ئەوکاتە ئەگەری گۆڕینی هەڵوێستی تورکیا لەبەرامبەر عێراق زۆر ئەگەرێکی لاواز دەبوو.

لەڕاستیدا گۆڕانکاری لەسیاسەت و پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراق ئەو کاتە دەستی پێکرد کە پێکهاتەکانی عێراق لەدوای بیستنی کشانەوی هێزەکانی ئەمریکا دەستیان بەگفتوگۆ سەبارەت بەبارودۆخی عێراق کرد. هاوکات لەمبارەیەوە لەرێکەوتی ١٠ی تەممووزی ٢٠٠٨یش سەرۆکوەزیری تورکیا ڕەجەب تەییب ئەردۆگان بەسەردانێکی رەسمی گەیشتە بەغدا و لەگەڵ بەرپرسە پایە بەرزەکانی بەغدا کۆبووە و رێکەوتننامەیەکی ستیراتیژیشی لەنێوان تورکیا و عێراقدا مۆرکرا. ئەمە یەکەمین هەنگاوی گۆڕانی سیاسەتی تورکیایە لەبەرامبەر عێراق. کاتێک سەیری ناوەڕۆکی ئەو پەیمانە هاوکارییە ستراتیژییەی نێوان عێراق و تورکیادا دەکەین تێدەگەین کە تورکیا دەیەوێ لەهەر روویەکەوە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ عێراقدا بەهێزتر بکات و لەهەر بوارێکیشدا دەستی هاوکاری بۆ عێراق درێژبکاتەوە. مۆرکردنی ٤٨ رێکەوتننامە لەیەکەمین دانیشتنی دەستەی وەزیرانی هەردوو وڵاتدا نیشانەیەکی روونی ئەم واقیعەیە. ئێستا پرسیاری ئەوە دەکرێت «بۆ چی تورکیا هەستی بەزەرووڕەتی بەهێزکردنی پەیوەندی ستراتیژیی لەگەڵ عێراقدا کرد؟» کەڵکێکی زۆری هەیە. من دەمەوێ لەدوو رووەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە. یەکەم ترسی تورکیا لەعێراق و پێشهاتە ئەمنییەکانی عێراق لەدوای ساڵی ٢٠١٢ بەو مانایە کە تورکیا ترسی لەو پێشهاتە ئەمنیانەی عێراق لەدوای ساڵی ٢٠١٢ هەیە. وەکو لەسەرەتایش ئاماژەم پێکرد، یەکێک لەهۆکارەکانی وازهێنانی تورکیا لەسیاسەتی بەرگری لەعێراق و پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی کرداری و ئاکتیف لەبەرامبەر عێراق کونترۆڵنەکردنی بارودۆخی ئەمنی عێراق لەلایەن هێزەکانی ئەمریکایەوە بوو و هاوکات هەر بەهۆی سەرنەکەوتنی ئەمریکا لەعێراق هەندێک دەوڵەتی دیکەی ناوچەکە لەعێراقدا دەیانویست کاریگەری و دەسەڵاتی خۆیان زۆرتر بکەن کە ئەمەیش ببووە هۆکاری نیگەرانی دەوڵەتانی دیکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. بۆیە کاتێک کە لەعێراق گۆڕانکارییەکی خوێناوی لەئارادا بوو، ئەوکاتە پێویست بوو کە وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتی تورکیا لەبەرامبەر عێراق ببێتە خاوەن سیاسەتێکی کرداری و بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە هەوڵی سازکردنی دەرفەتی دیالۆگ لەنێوان دەوڵەتانی ناوچەکە و پێکهاتەکانی عێراق بدەن. ئەگەر بمانەوێ ببینە خاوەن کاریگەری و بتوانین پێشهاتەکان و ئاسۆی گۆڕانکارییەکان ئەنالیز بکەین ئەوکاتە ناچارین لەروانگەی سیاسەتی دەرەوە سیاسەتێکی کرداری باشمان هەبێت.

دووەمین لایەنی وەڵامدانەوەکەم لەروانگەی گۆڕانکارییەکانی سیستمە چ لەئاستی ناوخۆیی و چ لەئاستی دەرەکی و هەرێمیدا. کاتێک کە باسی گۆڕانکاری هەرێمی دەکەم مەبەستم ئەوە نییە کە لەدوای شەڕی

<<<

**گۆڕانکاری لەسیاسەت و پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراق ئەو کاتە دەستی پێکرد کە پێکهاتەکانی عێراق لەدوای بیستنی کشانەوی هێزەکانی ئەمریکا دەستیان بەگفتوگۆ سەبارەت بەبارودۆخی عێراق کرد**

سارد و هاوکات لەدەستدانی هێزیش لەلایەن ئەمریکایەوە لەخۆرهەڵاتی ناوەراست نییە و ناڵێم کە پێویستە ئەمەش بەوردبینییەوە شی بکرێتەوە. مەبەستیشم لەگۆرانکاری ناوخۆیی، ئەو گۆڕانکارییانەن کە لەسیستەمی ناوخۆیی تورکیادا روودەدەن. بۆیە کاتێک کە ئەو هەموو هۆکارە کۆ بکەینەوە یا بخەینە لای یەکتر ئەوکاتە تێدەگەین کە تورکیا ناچار بوو لەهەرێمەکەدا لەرووی ستیراتیژییەوە ببێتە خاوەن سیاسەتێکی کرداری.

❖ **ئایا دەتوانین لەروانگەی پێوەندییەکانەوە، باس لەگۆڕانی سیاسەتی تورکیا لەبەرامبەر هەرێمی کوردستانیش بکەین؟**

– بێگومان ئەو گۆڕانکارییەی سیاسەتی تورکیا کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستانیش کردووە. لەراستیدا ئەوە ئاشکرایە کە سیاسەتی تورکیا لەبەرامبەر عێراق بۆ ماوەیەکی درێژ لەسەر بنەمای دان پێنەنانی تورکیا بەحکوومەتی فیدراڵی کورد لەباکووری عێراق دارێژرابوو. هاوکات لەگەڵ شەڕی ساڵی ٢٠٠٣دا تورکیا بەیەک سیاسەت هەمیشە باسی لەیەکیەتی عێراق و یەکپارچەیی عێراق کردووە. تورکیا هەمیشە جەختی لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق و پاراستنی ئیدارەی ناوەندی لەبەغدا دەکردەوە و دەیگوت «ئەگەر ئەمە مومکین نەبێت ئەوکاتە موخاتەب وەرنەگرتنی دەسەڵاتی ناوەندی بەغدایش لەئارادایە.» بۆیە هەر ئەوکاتە تورکیا لەرووی دیپلۆماسییەوە زۆر بەئاسانی نەیدەتوانی سەرۆککۆماری عێراق جەلال تاڵەبانیش قەبووڵ بکات. لەئاکامدا هەموو ئەو رووداوانە روویاندا. سەرۆککۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی بەهۆی ناسنامەی کوردی خۆیەوە لەگەڵ تورکیادا نەیتوانی بوو پەیوەندی رەسمی و دیپلۆماسی سازبکات. دەتوانرا تاڵەبانی وەکو سەرۆککۆماری هەڵبژردراوی عێراق قەبووڵ بکرێت بەڵام لەلایەکی دیکەوە لەنێوان رای گشتی کۆمەڵگای تورکیادا سیاسەتێکی دیکە حاکم بوو. بەڵام دواتر گۆڕانکارییەکان و پێشکەوتنەکانی ناوچەکە وایانکرد کە ئەم سیاسەتە و هەڵوێستە نابابەتییەکان لەسیاسەتی دەرەوەیش بگۆڕدرێن. بۆ نموونە لەبەرامبەر بەموخاتەب وەرگرتنی عەرەبە شیعەکانی بەغدا لەلایەن تورکیاوە، دەوڵەتە سوونەکانی خۆرهەڵاتی ناوەراست تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ هەوڵی ئەوەیان دەدا کە عەرەبە شیعەکان بەموخاتەب وەرنەگرن و لەگەڵیاندا پەیوەندی دیپلۆماسی بەرقەرار نەکەن. ئێستاکەش دەبینین کە هەندێک لەو وڵاتانە نایانەوێ لەبەغدادا نوێنەرایەتی یا کۆنسوڵخانەی خۆیان بکەنەوە. بێجگە لەمانەش، ئەو بەشەی عێراق کە دەکەوێتە نزیک سنووری تورکیا لەژێر دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی کوردەکاندا بوو. بۆیە جار جار بیروڕایەکی بەمجۆرە دروستدەبوو کە ئەگەر بێتو کوردەکان بەشداری لەپرۆسەی سیاسی عێراق نەکەن ئەوکاتە پێشکەوتنی پرۆسەی سیاسی و سەربازی لەعێراقدا ئەستەم دەبێت. کوردەکانیش وا بیریان دەکردەوە کە ئەگەر پاڵپشتی تورکیا نەبێت ئەوکاتە ناتوانن سەنگی خۆیان لەبەغدادا نیشانبدەن. بەتایبەتی لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا پێویستی کوردەکان بەهێزێک یا هاوپەیمانێک کە بتوانێ پارێزگاریان لێبکات زەرووەرتی خۆی بۆ کوردەکان نیشاندا. ئێستا لایەکی عێراق ئێران و ئەو لای دیکەشی سووریایە. ئەو دوو وڵاتەیش بەشێوەیەکی زۆر جدی لەدژی دەسکەوتەکانی کورد و هاوپەیمانیەتی کوردن لەگەڵ ئەمریکا. بۆیە هاوکاریکردنی ئەو دوو وڵاتە بۆ عێراق کەمێک ئەستەم بوو. لەرووبەکی دیکەوە بەرێز مەسعود بارزانیش خاوەن ئەزموونی پەیمانی ئەلجەزائیرە. باوەڕ ناکەم کە ئەزموونەکانی مەلا مستەفا بارزانی و بەتایبەتی ئەو وشانەی کە شای ئێران لەرێکەوتی ١١ی مارسی ساڵی ١٩٧٥دا لەبەرامبەر مەلا مستەفا بەکاریهێناون لەبیری چووبێتەوە. لەلایەکی دیکەوە سیاسەتی سوریا لەبەرامبەر کوردەکاندا روون و ئاشکرایە. ئەوە لەکاتێکدایە کە گۆڕانکارییەکانی هەڵوێستی تورکیا لەبەرامبەر کوردەکانی باشووری رۆژهەڵات و هەنگاوەکانی تورکیا بەمەبەستی چارەسەرکردنی پرسی کورد دەهاوێژرێن تا رادەیەکی باش پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانی باشتر کردووە بەتایبەتی لەرووی ئەمنی و ئابوورییەوە. بۆیە تێدەگەین کە تورکیا بەمەبەستی کاریگەربوونی سیاسەتی خۆی لەعێراق و خۆرهەڵاتی ناوەراستدا ناچاربووە کە زمان و سیاسەتی خۆی لەبەرامبەر کوردەکاندا بگۆڕێت. لەراستیدا یەکێک لەهۆکارەکانی لاوازبوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و کوردەکاندا، دان نەنانە بەدەستکەوتەکانی کورد لەرووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە. تورکیا لەرووی ئابوورییەوە هەر لەسەرەتای شەڕی عێراقەوە بۆ سەقامگیربوونی باکووری عێراق کاریگەرییەکی زۆری هەبووە. بەڵام لەرووی سیاسی و دیپلۆماسیەوە نەیدەتوانی بەئاسانی لەگەڵ دەسەڵاتی کورددیدا پەیوەندی سازبکات. بەڵام دواتر کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق هاتەئاراوە ئەوکاتە تورکیا ناچاربوو کە سیاسەتی خۆی لەم رووبەوە بگۆڕێت. ئامانجی تورکیاش لەم گۆڕانکاریانەدا ئەوەیە کە بتوانێ لەعێراقی دوای ئەمریکا ببێتە خاوەن رۆڵ و هێزێکی سەرەکە و بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکات. تورکیا ئەوە دەزانێ کە ناکرێ تەنیا بەبایەخدان بەعەرەبە سوننەکان سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی عێراق دابڕێژرێت. بەڵام بەهۆی ئێرانەوە تورکیا زۆر نەیدەویست لەگەڵ عەرەبە شیعەکاندا پەیوەندییەکانی خۆی بەهێزتر بکات.

**تورکیا بەمەبەستی کاریگەربوونی سیاسەتی خۆی لەعێراق و خۆرهەڵاتی ناوەراستدا ناچاربووە کە زمان و سیاسەتی خۆی لەبەرامبەر کوردەکاندا بگۆڕێت**

لەبەرئەوە گرنگیدان بەکوردەکانی عێراق بۆ تورکیا ببووە زەرورەتێکی حەتمی و حەیاتی. بۆیە لەساڵانی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩دا لەنێوان ئەنقەرە و هەولێردا زۆر شتی ئیجابی روویداوە. سەردانی نوێنەری تایبەتی تورکیا بۆ هەولێر، سەردانی نوێنەری تایبەتی وەزیری دەرەوە، بەمەبەستی بەشداریکردن لەڕێوڕەوسمی کردنەوەی زانکۆی ئیشک، سەردانی کۆنسوڵی تورکیا لەمووسڵ بۆ هەولێر، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتەی تورکیا عەلی باباجان و ٦ ئەندام پارلەمانی تورکیایش بەمەبەستی بەشداریکردن لەڕێوڕەوسمی کردنەوەی زانکۆ ئیشک سەردانی هەولێریان کرد، ئەوانە هەر هەموویان لەرووی سیاسییەوە پەیامی گرنگ بوون بۆ هەردوولا. بێجگە لەهەموو ئەم رووداوانە، هەناردەکردنی ئەو نەوتەی کە لەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی کوردیدا دەردەهێنرێ لەرێگای لوولە نەوتی «کەرکووک- جەیهان»ەوە بۆ وڵاتانی ئەورووپی و دامەزراندنی میکانیزمێکی سێ قۆڵی لەنێوان تورکیا، ئەمریکا و عێراق لەهەولێردا، هەروەها ناردنی راستەوخۆی چاودێرانی تورکیا بۆ چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی کوردستان لەمانگی تەمموزی ٢٠٠٩دا نیشانەی ئەوەن کە تورکیا وردە وردە لەرووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە دان بەدەسەڵاتی کوردی لەباکووری عێراقدا دەنێت. هەر هەموو ئەمانەیش ئاکامی سیاسەتی کرداری تورکیان لەهەرێمی کوردستاندا.

**❖ بۆ ئەوەی ئاخاوتنەکانی ئێوە سەبارەت بەکارەکانی کۆنسوڵخانەی تورکیا لەمووسڵ بەردەوام بکەین، بەبڕوای ئێوە کردنەوەی کۆنسوڵخانەیەکی گشتی هاوشێوە لەهەولێریش تا چ رادەیەک کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی هەردوولا دەکات؟**

دەتوانم بڵێم، کە تورکیا بەمەبەستی کەمکردنەوە و بێهێزکردنی فاکتەرەکانی نائارامی لەدوای ساڵی ٢٠١٢ لەعێراق و بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆی تورکیا ناچار بوو وردە وردە لەگەڵ دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا پەیوەندییەکانی خۆی ئاسایی بکاتەوە. هاوکات ئەو هەنگاوانەی تورکیا دەبنە وەڵامدانەوەیەک بۆ ئەو داواکارییانەی کە لەلایەن هەندێک لەچین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگای تورکیاوە پێشکەشی حکوومەتی تورکیا دەکران. بۆیە دەتوانم بڵێم، سەردانەکەی داود ئۆغلۆ بۆ هەولێر و مەسەلەی کردنەوەی کۆنسوڵخانەی تورکیا لەهەولێر بەشێکە لەئەنجامەکانی سیاسەتی کرداری تورکیا لەعێراق و تورکیایش بۆ ئەم مەبەستە هەوڵی ئەوە دەدات کە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی کوردی بەمەبەستی بەهێزبوونی خۆی لەعێراقدا گەرموو گورتر بکات. ئەمەیش روونە کە کردنەوەی کۆنسوڵخانە تورکیا لەهەولێر دەبێتە هۆکاری










وەلاوەنانی هەر هەموو ئاستەنگە دەروونییەکانی بەردەم پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا و دەبێتە هۆکاری ئەوەیش کە تورکیا هەر لەسەرانسەری عێراق و هەم لەسەرانسەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ببێتە خاوەن رۆڵێکی کارا و ئیجابی. ئەمە بۆ تورکیا زۆر زۆر گرینگە. چونکە ئەگەر تورکیا بتوانێ ئاستەنگە دەروونییەکان وەلاوە بنێ ئەوکاتە لەسەرانسەری عێراقدا دەبێتە خاوەن کاریگەری و هێز. ئەم شتە بۆ هەرێمی کوردستانیش زۆر گرنگە. بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەرێگای دیالۆگ و دانوستانەوە کردنەوەی کۆنسوڵخانە لەهەولێر رۆڵێکی یەکجار ئیجابی دەگێڕێت. نابێ لەبیریش بکەین کە کردنەوەی کۆنسوڵخانە بڕیار و سیاسەتی دەوڵەتە. بەمانایەکی دیکە دەوڵەتی تورکیا بڕیاری ئەوەیداوە کە لەهەولێردا کۆنسوڵخانەی خۆی بکاتەوە. بۆیە پێویستە ئەمە وەکو هەنگاوێکی گرنگی سیاسی لەپەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و دەسەڵاتی فیدراڵی کوردیدا سەیری بکرێت. چونکە کوردەکانیش لەرووی دیپلۆماسییەوە داوای ئەوەیان دەکرد کە دەسکەوتەکانیان بەڕەسمی بناسرێن. ئێستا کردنەوەی کۆنسوڵخانە وەڵامدانەوەیەکە بۆ ئەو داواکارییانە. هاوکات دەبێتە مایەی ئەوەی کە بێ متمانەیی لەنێوان هەردوولادا جێگای خۆی بەپەیوەندییەکی بەهێزی دیپلۆماسی و دیالۆگ بدات. هیچ شتێک بەقەد ئەوە سروشتی نییە کاتێک دوو دراوسێ کە لەگەڵ یەکتردا قسە ناکەن بەچاوێکی بێ متمانەییەوە سەیری هەڵسوکەوتی یەکتر بکەن. لەکاتێکدا تورکیا هەوڵی ئەوە دەدات کە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەموو دراوسێکانی و وڵاتانی دیکە ئاسایی بکاتەوە، بەڵام ئەگەر پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی کوردیدا رەچاو نەکات ئەوکاتە هەم لەرووی سیاسەتی ناوخۆیی تورکیاوە و هەم لەرووی سیاسەتی دەرەکی تورکیاوە ئەم هەڵوێستەی تورکیا زەرەرێکی یەکجار گەورەی بەبەرژەوەندییەکانی هەرێمی و نێودەوڵەتی تورکیا دەگەیاند. ئەگەر دەسەڵاتی کوردیش لەناوچەکەدا سیاسەتێک پەیرەو بکات کە هێڵە سوورەکانی تورکیا رەچاو نەکات، ئەوکاتە ئەمەش هەڵوێستێکی زیانبەخش دەبێ بۆ هەردوولا. بۆیە بەمەبەستی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان واقیعیەتی دۆزینەوەی رێگەچارەیەک بۆ هەردوولا خۆی کردە دیفاکتۆ. من لەو باوەڕەدانیم کە دەبێ لەم قۆناخە سیاسەت لەرووی ئایدۆلۆژیا و مێژووییەوە ئەنالیزە بکرێت. بەپێچەوانەوە لەو بڕوایەدام دەستەواژەی چارەنووس و بەرژەوەندی هاوبەش واقیعیەتێکی هاوبەشی ستراتیژییە لەسیاسەتی دەرەوەدا.

**❖ ئایا ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەپەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستاندا هاتوونەتە ئاراوە، تاچەند دەتوانن**

**کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا- ئەمریکا و تورکیا- یەکێتی ئەورووپاش دابنێن؟**

- بێگومـان کاریگەرییـان دەبێت بەڵام ئەگـەر وا بیر بکەینـەوە کە تورکیـا لەبەر ئەمریکا یـا لەبەر یەکێتی ئەورووپا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی هەرێمی کوردسـتاندا ئاسـایی کردووەتەوە ئەمە شـتێکی زۆر هەڵەیـە. بەپێچەوانەوە پەیوەندییەکانـی نێوان تورکیا و هەرێمـی کوردسـتان وەکو دەرەئەنجامێـک دەتوانن کاریگـەری لەسـەر پەیوەندییەکانـی نێـوان تورکیا و ئەمریـکا و یەکێتی ئەورووپا بکەن. بۆیە لەجیاتی ئەوەی کە بڵێیـن تورکیا لەسـەر داواکاری ئەمریکا یا یەکێتی ئەوروپـا پەیوەندییەکانـی خـۆی لەگەڵ دەسـەڵاتی هەرێمی کوردسـتاندا ئاسایی کردۆتەوە، پێویستە بڵێین پەیوەندییەکانـی نێوان ئەنقـەرە و هەولێر کاریگەرییان لەسـەر پەیوەندییەکانـی نێـوان ئەنقەرە- واشـنتۆن، ئەنقەرە- برۆکسل و هەموو ئەو وڵاتانەی کە بەشێوەیەک لەشێوەکان پەیوەندییان لەگەڵ تورکیادا هەیە، کردووە. ئەگەر پرسیار بکەن بۆچی؟ لەوەڵامدا پێتاندەڵێم: لەڕووی وزەی نەوتەوە لەدنیادا عێراق کە لەدوای ئێران سێیەمین وڵاتە لـەرووی رووداوەکانییەوە، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر قەیران یا ئاڵۆزییەک بێتە ئاراوە و هەر هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـت بگرێتەوە ئەوکاتە کـێ دەتوانێ بڵێ کە ئەو قەیرانە کاریگەری لەسەر وڵاتانی ئەورووپایی ناکات. هەر بۆیە ئێسـتا تورکیا لەهەوڵـی ئەوەدایە کاریگەری خۆی لەعێـراق زیاتر بکات و بتوانێ ئـەو بارودۆخە کۆنترۆڵ بکات. تورکیا دەیەوێ بەڕێگای دیپلۆماسی و دیالۆگەوە ئـەو قەیرانە کۆنتـرۆڵ بکات. هـاوکات دەبێتە پردێک بۆئەوەی گرووپـە عێراقییەکان بتوانـن لەگەڵ وڵاتانی خۆرئاواییـدا پەیوەندی سـاز بکەن. وەکـو ئەو ڕۆڵەی کە بۆ بەشـداریکردنی سـوننەکان لەپرۆسەی سیاسی گێڕاویەتی. یا وەکو ئەو ڕۆڵەی کە تورکیا بۆ بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان بینیویەتی. کاتێک کـە هەموو ئەم رووداوانـە بەوردبینییەوە ئەنالیز بکەین ئەوکاتـە تێدەگەین کە پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و هەولێـر دەبنە هۆی ئەوەی کە تورکیـا لەنێوان وڵاتانی خۆرئـاوادا ببێتە خـاوەن پێگە و جێگایەکـی بەهێز. ئێسـتا کاتێک کە بەمجۆرە سـەیری وڵاتانی هەرێمەکە بکەین دەبینین کە ئەو بارودۆخەی عێراق بەشـێوەیەک لەشـێوەکان کاریگەری لەسـەر بارودۆخ و سیاسـەتی ئەوانیش کردووە. بەڵام ئەم کاریگەرییە لەجیاتی ئەوەی کە سوود بگەیێنێتە بەرەژوەندییەکانی وڵاتانی خۆرئاوایی زەرەری پێگەیانـدوون. دەرکەوتنی قەیران یا ئاڵۆزییەک لـەڕووی ئاسایشـی وزەوە یا قوڵبوونـەوەی ناکۆکییە ئایینییەکان دەبێتە هـۆی ئەوەی کە وڵاتانی خۆرئاوایی نەتوانن لەگەڵ وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا پەیوەندی بازرگانـی و ئابـووری بەرقەرار بکەن. سـەیری یەمەن بکەیـن. لەلایەکەوە ئەو گرووپە شـیعانەی کە لەلایەن ئێرانەوە هاوکاری و پاڵپشـتییان دەکـرێ و، لەلایەکی دیکەوە ئەو شەڕەی کە خەریکە دەگاتە نێو عەرەبستانی سـعودیەش. بۆیە هەوڵەکانی تورکیا بۆ کۆنترۆڵکردنی بـارودۆخ و قەیرانەکانـی عێراق و یـا هەوڵدانی تورکیا بۆ کەمکردنەوەی ئاسـتی ئەو قەیرانـە بەوجۆرەیە کە نەتوانێ زەرەر بداتە بەرەژوەندی وڵاتانی خۆرئاوایی هەم لەلایەن ئـەو وڵاتانەوە و هەم لەلایەن هەندێک لەوڵاتانی هەرێمەکـەوە زۆر بەئیجابی باسـیان لێـوە دەکرێت و پاڵپشـتییان دەکرێت. بۆیە پێویسـتە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانـی تورکیا لەگەڵ کـوردەکان کە هێزکی سەرەکین لەسیستمی سیاسی عێراقدا وەکو دیفاکتۆیەک سەیری بکرێت.

**❖ کوردەکانـی عێراق خاوەن سیاسـەتێکن، دەیانەوێ لەڕێگای تورکیـاوە دەرگا بۆ وڵاتانی ئەورووپی بکەنەوە، بۆیە چ لەڕووی سیاسی و چ لەڕووی ئابوورییەوە هەست بەکاریگەریی تورکیا دەکەن. بۆ بردنی هێڵی شەمەندەفەڕ بۆ بەسـرە و پڕۆژەی نابوکۆ کوردەکانیش دەبنە خاوەن هاوکاری و پاڵپشـتی. بەبڕوای ئێوە چۆن دەبێ سەیری ئەم مەسەلەیە بکرێت؟**

- لەراسـتیدا پرسـیارەکەتان لەنێو خۆیـدا وەڵامێکی داوەتـەوە. بـەو مانایەی کـە ئەگەر عێـراق دەرگای کراوەی تورکیایە بۆ بەسـرە ئەوکاتە تورکیایش دەرگای کراوەی عێراقە بۆ قەفقاسـیا و وڵاتانـی ئەوروپا. بۆیە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاسـتدا هەقیقەتێکی جوگرافی هەیە. هێڵی نەوتی کەرکووک- جەیهان چەند ساڵ لەمەوبەر ئەو هەقیقەتەی سەلماندووە. یا پڕۆژەی هێڵی شەمەندەفەڕی بەسـرە، کـە ١٢٠ سـاڵ لەمەوبـەر لەلایەن سـولتان عەبدولحەمیدەوە دەسـتی پێکردووە بەشـێکی دیکەی ئەم هەقیقەتەیە. بۆیە پڕۆژەی هێڵی شـەمەندەفەڕ کە لەڕابردوودا بەمەبەسـتی ئەمنی گرنگی پێدەدرا ئێسـتا لەڕووی سیاسی، ئابووری و بازرگانییەوە دەبێتە خاوەن کاریگەریەکی زۆر و پەیوەندییەکانیش تا ئاسـتێکی دیار بەهێزتـر دەکات. هیچ بیرتان لێکردووەتەوە، کەسـێک بەمەبەسـتی بەراوردکردنی پێداویستییە تایبەتییەکانی خۆی لەبەسـرەوە سواری شـەمەندەفەڕ دەبێت و بەبێ هیـچ گرفتێک دەگاتـە ئیسـتانبوڵ و دوای ئەوەی کە پێداویسـتییەکانی خۆی جێبەجێکرد دوو ڕۆژ دواتر هەر لەڕێگای ئەو شـەمەندەفەرەوە دەگەڕێتەوە ماڵی خۆی. ئامادەکارییەکان بۆ کۆتاییهێنان بەپڕۆژەی شەمەندەفەری ئاسیا و کەنداوی بەسرە کە لەناوەندی ئێرانەوە تێپەڕدەبێت بەردەوامە و پێشـبینی دەکرێت کە ئەم پڕۆژە لەساڵی

<<<
**کردنەوەی کۆنسوڵخانەی تورکیا لەهەولێر دەبێتە هۆکاری وەلاوەنانی هەر هەموو ئاستەنگە دەروونییەکانی بەردەم پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا و دەبێتە هۆکاری ئەوەیش کە تورکیا هەر لەسەرانسەری عێراق و هەم لەسەرانسەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ببێتە خاوەن ڕۆڵێکی کارا و ئیجابی**

٢٠١١دا بگاتە قۆناخی کۆتایی. لەسایەی ئەم پرۆژەیەوە رووسیاش راستەوخۆ بە بەسرەوە دەبەسترێتەوە. بۆیە لەسەردەمێکدا کە ئەوەندە رووداوی گرنگ روودەدەن هەوڵەکانی تورکیایش بۆ هێڵی شەمەندەفەڕی بەسرە بایەخێکی زۆرتر بەخۆیانەوە دەبینن. لەڕاستیدا ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکە کە ئەم سەدەیە تێپەڕ دەکات بۆیە ناکرێت کە وەکو پرۆژەیەکی ئەمڕۆ سەیری بکرێت. سیاسەت و بیرورا ڕاستەکان چۆنە لە سەد ساڵ لەمەو پێش پەیڕەوکراون هەر ئەمڕۆش پەیڕەو دەکرێن. لەڕووی وزەوە ئەم رێوشوێنە بەمجۆرە بەردەوام دەبێت. نەوت و گازی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەڕێگای تورکیاوە بەرەو وڵاتانی دیکە بەتایبەتی وڵاتانی ئەوروپی بەڕێ دەکرێت. ئەمڕۆش پێداویستی ئەوروپا بەگاز و نەوتی زۆرتر وایکردووە کە ئەوروپا بەدوای سەرچاوەکانی دیکەی وزەدا بگەڕێت. دەبینین کە رووسیاش هەر ڕۆژ لەبەرامبەر سیاسەتەکانی وڵاتانی ئەوروپی، سیاسەتی نەوت و گاز بەکاردەهێنێ و بەمجۆرە هەوڵدەدات وڵاتانی ئەوروپی ناچاربکات تا سیاسەتەکانی خۆییان بەپێی سیاسەتەکانی رووسیا هەماهەنگ و هارمۆنی بکەن. پڕۆژەی نابوکۆ هەنگاوێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی وڵاتانی ئەوروپی لەگیرۆدەیی بە یەک سەرچاوەی وزە ڕزگاریان ببێت. بۆیە ئەو پرۆژە لەلایەن وڵاتانی ئەوروپاوە وەکو هەنگاوێکی زۆر گرنگ و ئیجابی هەڵدەسەنگێندرێت. بەڵام لێرەدا تەنیا یەک کێشە هەیە و ئەویش کێشەی ڕزرڤاسیۆنە. بۆ هەناردەکردنی نەوت و گازی ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاسیا بۆ وڵاتانی ئەوروپی لەلایەن پرۆژەی نابوکۆ چەند کێشەیەکی دیکەش هەیە. لەلایەکی دیکەوە ئەو پەیمانانە لەئاراداں کە رووسیا لەگەڵ تورکمانستان، ئازەربایجان و کازاخستاندا مۆری کردوون. بەو مانایەی کە ڕەچاوەنەکردنی بەرەژوەندییەکانی رووسیا لەلایەن ئەو وڵاتانەوە، دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە هەناردەکردنی نەوت و گازی ئەو وڵاتانە بۆ ئەوروپا ئەستەم ببێت. جگە لەوانە هێشتا کێشەکانی ئێران وەکو وڵاتێک کە خاوەن سەرچاوەگەلێکی وزە و ڕێگای ترانزێتە چارەسەرنەکراون. لەبەر ئەم هۆکارانەیە کە عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتانی ئەوروپی بوونەتە خاوەن پێگەیەکی یەکجار گرنگ. هەڵکەوتەی جوگرافی هەرێمی کوردستان، تێپەڕبوونی هێلی شەمەندەفەر لەوێوە و هەبوونی ڕێژەیەکی زۆر لەنەوت و گاز لەهەرێمی کوردستان و هەناردەکردنی ئەو وزەیە لەڕێگای تورکیاوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تورکیا و هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکانی خۆیان گەرموگوڕتر بکەن و هەردوولا لەگرنگی یەکتر تێبگەن. زیاتر لەم شتانەیش بەپێی ئەو لێکۆڵنەوانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا لەهەرێمی کوردستاندا کراون دەرکەوتووە کە لەو هەرێمەدا چەندین کێڵگەی زەبەلاح و گەورەی نەوت و گاز دۆزراونەتەوە و ئەمەش لایەنێکی زۆر گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان. بەو مانایەی ئەگەر کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان رێژەی گازیان زۆربێت ئەوکاتە وڵاتانی ئەوروپی دەتوانن ڕێژەیەکی دیاری گازی نابوکۆ لەهەرێمی کوردستاندا هەنارده بکەن. بۆیە کاتێک کە لەڕووی سیاسەتی ئابووری و سیاسییەوە سەیری هەرێمی کوردستان بکەین بۆمان روونده‌بێتەوە کە هۆکاری زۆر گرنگ هەیە کە تورکیا و هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکانی خۆیان گەرموگوڕتر بکەن. ئێستاش ڕێژەی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان گەیشتووە ٦ میلیار دۆلار. ئێستا تورکیا باس لەوە دەکات کە لەساڵانی داهاتوودا ئاستی سەرمایەگوزاری خۆی لەهەرێمی کوردستاندا زیاتر بکات. پەیوەندییە بازرگانییەکان لەنێوان هەردوولادا دەبنە هۆی کورتکردنەوەی رێگای دیالۆگ و گفتوگۆ.

**❖ لەکۆتاییدا دەمەوێ پێشبینی و شیمانەکانی ئێوە سەبارەت بە تەحەددییەکانی دوای ساڵی ٢٠١١ وەربگرم، ئێوەیش ئاگادارن کە لەمبارەیەوە زۆر شت دەگوترێن و بیروڕاگەلێکی جیاجیا ئاشکرا کراوە، ئێوە لەمبارەیەوە چی دەڵێن و بیرکردنەوەی ئێوە بۆ دوای ساڵی ٢٠١١ چۆنە؟**

- بەڕاستی ناتوانم بڵێم لەمبارەیەوە گەشبینم. بەپێی پەیماننامەی سۆفا کە لەساڵی ٢٠٠٨ لەنێوان ئەمریکا و عێراقدا مۆرکراوە بڕیارە لەکۆتایی ساڵی ٢٠١١ هێزەکانی ئەمریکا بەگشتی عێراق بەجێبهێڵێن. بۆیە لەساڵی ٢٠١٢دا ئەمریکا بەگشتی عێراق چۆڵ دەکات. گرووپە سوننە و شیعەکانیش داوای ئەوە دەکەن کە لەمێژوو و وادەی دیارکراودا ئەمریکا عێراق چۆڵ بکات. لەمبارەیەوە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراق سەید عەممار ئەلحەکیم لەرابردوودا گوتارێکی زۆر روون و ئاشکرای پێشکەشکردووە. دەزانن کە گرووپەکەی ئەلحەکیمیش یەکێکە لەو گرووپانە کە پاڵپشتی زۆریان داوەتە هێزەکانی ئەمریکا. بەپێی گوتارەکەی ئەلحەکیم ئامانجی عێراقییەکان سەربەخۆیی و ئازادی عێراقە. ناوبراو لەگوتارێکی خۆیدا لەتورکیا رایگەیاند کە پێویستە بەبێ هیچ مەرجێک لەکاتی دیاریکراودا ئەمریکا هێزەکانی خۆی لەعێراق دەربخات و پەیامی ئەوەشیدا کە پێویستە بەمەبەستی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئەمریکا لەسەر عێراقدا پەیمانێکی نوێ لەنێوان عێراق و ئەمریکادا مۆر بکرێت. شیعەکان وا بیر دەکەنەوە کە لەدوای کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەئاسانی دەتوانن بارودۆخی عێراق کۆنترۆڵ بکەن. ساڵی ٢٠١٢ وەکو ساڵی میلادی دەسەڵاتداربوونی شیعەکان لەسەر عێراقدا چ لەرێگای

**ئەگەر وا بیر بکەینەوە کە تورکیا لەبەر ئەمریکا یا لەبەر یەکێتی ئەوروپا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا ئاسایی کردووەتەوە ئەمە شتێکی زۆر هەڵەیە**

زۆرینەوە و چ لەرێگای دیموکراسییەوە لەقەڵەمدەدرێت. لەلایەکی دیکەشەوە سوننەکان و بەعسییەکانیش دەیانەوێ لەدوای کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا شیعەکان ناچاری مۆرکردنی پەیمانێک بکەن. بۆیە ئەگەری شەڕ و کوشتاری بەکۆمەڵ دێتەئاراوە. هێرشەکانی گرووپەکانی سەر بەئەلقاعیدە لەدوای کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا پەرەدەستێنن. ئەگەری ئەوەی کە هەر لایەنێک بەمەبەستی پاراستن و بەدەستهێنانی دەستکەوت و ئامانجە سیاسییەکانی خۆی سیاسەت و ستراتیژییەتی جۆراوجۆر بەکاربهێنێ ئەگەرێکە نابێ حیسابی بۆ نەکرێت. بۆیە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەبێتە هۆی قووڵبوونەوەی ئاڵۆزی و ناکۆکییەکانی نێو گرووپە عێراقییەکان و ئەمەش کاریگەری خۆی لەسەر هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەکات. لەم رووەوەش نموونەی یەمەن و لوبنان لەبەرچاوە و بۆ هەر کەس دیارە. بەهۆی کێشەی یەمەنەوە وردە وردە عەرەبستانی سعودیش تووشی شەڕ دەبێتەوە. ئەمە لەکاتێکدایە کە یەمەن هاوتای عێراق وڵاتێکی گرنگ نییە و ناتوانێ بەقەد عێراق خۆرهەڵاتی ناوەڕاست رووبەڕووی مەترسی بکاتەوە. لەلایەکی دیکەوە مێژووی عێراقی دوای ساڵی ٢٠١٢ مێژووییەکی پڕ لەمەترسی و ئەگەری جۆراوجۆرە. یەکێک لەو مەترسییە گەورانە ئەوەیە کە لەدوای ئەمریکا عێراق رووبەڕووی شەڕێکی گەورەی ناوخۆیی ببێتەوە. ئەو هێرشانەش کە لەمدواییەدا لەبەغدا روویانداوە ئاماژەکانی سەرەتایی ئەو بوومەلەرزە گەورەیەن. رێبازی چۆنیەتی ئۆرگانیزەکردنی ئەو هێرشانە بۆ سەر ناوچەی سەوز کێشەیەکی دیکەیە کە پێویستە مرۆڤ بەوردبینییەوە لەسەری بیربکاتەوە. بۆ هێرشێکی بەمجۆرە پێویستی بەزانیاری ئیستیخباراتی زۆر گرنگ هەیە. باوەڕ ناکەم کە شیعەکان دەستیان لەمجۆرە هێرشانەدا هەبێت. ئەگەری پاڵپشتیکردنی گرووپێکی ئایینی لەمجۆرە هێرشانە ئەگەرێکی زۆر بەهێزە. هیچ هۆکارێک نییە کە ئەمجۆرە هێرشانە لەدوای ساڵی ٢٠١٢دا کەم ببنەوە. چونکە مەسەلەی گۆڕینی دەسەڵات لەئارادایە. ئەوانەی کە لەدەرەوەی دەسەڵات دەمێننەوە یا خۆیان ڕادەست دەکەنەوە یا دەست بەوەڵامدانەوەی سەربازی دەکەن. بۆیە بەپێچەوانەی ئەو شتانە کە ئێستا دەگوترێن، هەرچەندە کات تێپەڕ دەبێت شەڕ و ناکۆکییەکانی نێوان گرووپە ئایینییەکانی عێراق گەرموگوڕتر دەبن. فاکتەری ئایینی و ئیتنیکی لەشەڕەکان و کوشتارە بەکۆمەڵەکانی کەرکووک، موسڵ و بەغدادا رۆڵێکی یەکجار سەرەکیان هەبووە و هەیە. یەکێک لەو هۆکارانە کە نەهێشتووە تا ئێستا ئەو ناکۆکییە ئیتنیکی و ئایینییانە ببنە شەڕی ناوخۆیی لەعێراقدا هەبوونی هێزی سەربازی ئەمریکا

### مێژووی عێراقی دوای ساڵی ٢٠١٢ مێژووییەکی پڕ لەمەترسی و ئەگەری جۆراوجۆرە

### پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و هەولێر کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە-واشنتۆن، ئەنقەرە-برۆکسل و هەموو ئەو وڵاتانەی کە بەشێوەیەک لەشێوەکان پەیوەندییان لەگەڵ تورکیادا هەیە، کردووە

بووە. ئێستا سەبارەت بەبارودۆخی دوای ساڵی ٢٠١٢ ی عێراق وروژاندنی ئەم پرسیارە زۆر گرنگە کە «لەدوای ساڵی ٢٠١٢دا کامە وڵات خاوەن ئەو هێزەیە کە بتوانێ بارودۆخی عێراق کۆنترۆڵ بکات و عێراق لەتووشبوونی شەڕی ناوخۆیی و دابەشبوون رزگاربکات؟» ئایا ئێران یا عەرەبستان یا سووریا دەتوانن ئەم ئەرکە جێبەجێ بکەن؟ ئەوە روون و ئاشکرایە کە هیچ یەک لەو وڵاتانە هێزی ئەوەیان نییە کە بتوانن پێش لەشەڕی ناوخۆیی عێراق بگرن، چونکە ئەو وڵاتانەش لەنێوان خۆیاندا بۆ چەند گرووپێکی سیاسی دابەش بوونە. لەم رووەوە ساڵی ٢٠١٢ سەرەتای ئەو مێژووەیە کە شەڕێکی ناوخۆیی بەهێز لەعێراقدا دەست پێدەکات و لەئاکامی ئەو شەڕەشدا عێراق پارچە دەبێت و زۆربەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش رووبەڕووی ئەو شەڕە و ئاکامەکانی دەبنەوە. مەبەستی من ئەوەیە کە کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق دەبێتە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی نێوان عەرەبەکان و کورد و عەرەبیش. ئەمەش هەقیقەتێکە کە ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق پاشەکشێ بکەن ئەوکاتە گەڕانەوەیان بۆ عێراق ئاسان نییە. لەبارودۆخێکی بەمجۆرەشدا یا بەبڕیاری نەتەوەیەکگرتووەکان لەژێر ناوی هێزی نەتەوەیەکگرتووەکان هێزێک لەعێراق کۆنترۆڵی بارودۆخەکە دەکات یا لەلایەن دەوڵەتانی هەرێمەکەوە هێزێک بۆ ئەم مەبەستە ئەرکدار دەکرێت کە ئەمەش پێویستی بەبڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە و نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەئاسانی ناتوانێ لەمبارەیەوە بگاتە بڕیارێکی ئیجابی. با وا گریمانە بکەین کە نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەم بڕیارەی دەرخست بەڵام کێ ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات. بۆیە ئەوکاتە ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە کە گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست چاوەڕوانیان دەکرد دەست پێدەکات. لەبارودۆخێکی بەمجۆرەشدا ئەگەری ئەوە هەیە کە عێراق لەناوخۆیدا دابەشی چەند دەوڵەتۆچکەیەک (دەوڵەتی بچووک) بکرێت. لەبارودۆخێکی بەمجۆرەیشدا ئەگەری ئەوە هەیە کە هەندێک لەدەوڵەتانی دەورووبەر بەمەبەستی بەرفراوانکردنی سنوورەکانی خۆیان هێرشی سەر عێراق بکەن. بۆ نموونە ئەگەر ئێران بەسرە داگیربکات ئەوکاتە باوەڕ ناکەم کە وڵاتانی سووریا، عەرەبستانی سعودیە و تورکیاش بێ هەڵوێست بن. بێگومان ئەوەش روونە کە هەموو ئەم ئەگەر و پێشهاتانە ناتوانن لەڕێگای ئاشتیشەوە بێنە ئاراوە. بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە کە لەساڵی ٢٠١٢دا بێجگە لەشەڕی ناوخۆیی و دابەشبوونی عێراق، رووبەڕووی شەڕێکی گەورەی هەرێمیش ببینەوە.

**❖ سەبارەت بەم گوتانەی دواییتان دەمەوێ بپرسم، ئەگەر لەئاکامی ئەو شەڕە ناوخۆییەی باسیدەکەن،**

هەواڵنامەی کتێب



**کوردەکان بیر لەدابەشکردنی عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بکەنەوە، ئایا ئەوکاتە هەڵوێستی تورکیا چۆن دەبێت؟**

- لەسەرەتای شەڕی ٢٠٠٣یەوە تا ئێستا تورکیا سەبارەت بەعێراق سیاسەتی پاراستنی یەکپارچەیی عێراقی پەیڕەوکردووە و ئێستاش هیچ گۆڕانکارییەک لەم هەڵویستەی تورکیادا بەدی ناکرێت. یەکێک لەئامانجەکانی تورکیا لەبەهێزکردنی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکانیشدا ئەوەیە کە بتوانێ کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکات و بەمجۆرەیش عێراق لەدابەشبوون و شەڕی ناوخۆیی بپارێزێت. لەهەڵویستی تورکیا لەبەرامبەر یەکپارچەیی عێراقدا تائێستا هیچ گۆڕانکارییەک نەکراوە و ناشکرێ. تائێستاش ئەم سیاسەتەی تورکیا کاریگەری خۆی لەعێراقدا کردووە. بەڵام ئەگەر شەڕی خوێناوی دەست پێبکات و لەئاکامی ئەو شەڕەدا کەس نەتوانێ لایەنە عێراقییەکان پێکبهێنێتەوە و دواتر ئەو لایەنانەیش هەر کەس بیر لەدامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ خۆی بکاتەوە، ئەوکاتە پێویستە سیاسەتێکی دیکە پەیڕەو بکرێت، بێگومان ئەمانە هەر هەموو ئەگەرن. هەر لەئێستاوە ناتوانین سیاسەتی تورکیا لەبەرامبەر عێراق لەقۆناخێکی بەمجۆرەدا دەستنیشان بکەین. چونکە لەبارودۆخێکی بەمجۆرەدا دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەلایەن هەموو لایەنە عێراقییەکانەوە دەبێتە بابەتی سەرەکی. ئەم بارودۆخە چەندە کاریگەری لەسەر تورکیا بکات و پەیوەندیشی بەتورکیاوە هەبێت هەر ئەوەندەیش کاریگەری لەسەر وڵاتانی دیکەی هەرێمەکە دەکات. باوەڕ ناکەم کە تائێستا دەوڵەتەکانی دیکەی ئەم هەرێمە سەبارەت بەداهاتووی عێراق بڕیارێکیان دەرکردبێت. هەرچەندە لەرەسمییەتدا باس لەپاراستنی یەکپارچەیی عێراق دەکەن بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نایەت کە لەڕووی سیاسییەوە چ جۆرە ڕێبازێک لەعێراق پەیڕەو دەکەن. ئایا عەرەبستانی سعودیە یا ئوردەن پاڵپشتی لەدەوڵەتێکی شیعەی سەر بەئێران دەکەن؟ کەس ناتوانێ بڵێت پاڵپشتی لێدەکەن، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە عەرەبستان لەدژی شیعەکانی یەمەن هێزی سەربازی بەکارهێناوە. ناتوانین لەڕێگای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیشەوە هەمیشە بارودۆخەکان کۆنترۆڵ بکەین، ئەگەر ئەمە کرابووایە ئەوکاتە شەڕی جیهانی دووەم ڕووینەدەدا. بۆیە ساڵی ٢٠١٠ هەم بۆ چارەنووسی عێراق و هەم بۆ چارەنووسی هەرێمەکە دەبێتە دەسپێکێک و ساڵێکی زۆر گرنگ.




# هەولێر دەبێتە ترافیکی کۆمپانیا تورکییەکان

## کارساز و خاوەن کارانی تورکیا خۆشحاڵن لە هەرێمی کوردستان سەرمایەگوزاری بکەن



ر. عوسمان رانیەیی

جموجۆڵی ئابووری و سەرمایەگوزاری تورکیا لەهەرێمی کوردستاندا گەیشتۆتە ئاستێکی گرنگ، ١/٤ی کاڵا و کەلوپەلی بازاڕەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەتورکیاوە دێت. بەچەشنێک کۆمپانیا تورکییەکان لەهەرێمی کوردستان لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ وە نزیکەی ٦ ملیار دۆلار قازانجیان کردووە. بەپێی زانیارییەکانی وەزارەتی بازرگانی لەهەرێمی کوردستاندا ڕێژەی ٦٠٪ی کۆمپانیا بیانییەکان تورکین و ساڵانە ملیۆنەها دۆلار قازانجیان دەستدەکەوێت. هەروەک بەسەدان خاوەنکار و کرێکاری تورک لەهەرێمدا لەدەیان پرۆژەی بونیاتنانەوە و ئاپارتمان و بازرگانی و پیشەسازیدا کاردەکەن، ڕۆژانەش دەیان بارهەڵگری نەوت و خۆراک بەخاڵی سنووریی ئیبراهیم خەلیل بۆ دیوی هەرێمی کوردستان دەپەڕێتەوە و بۆ کرینی کارەباش بڕە پارەیەکی خەیاڵی ئاراستەی دوو کۆمپانیای بەرهەمهێنانی کارەبا و گواستنەوەی سووتەمەنی لەتورکیا دەکرێت.

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە، کە ژمارەی کۆمپانیا تورکییەکان تەنها لە سێ پارێزگای هەولێر، دهۆک و سلێمانیدا زیاتر لە ٥٠٠ کۆمپانیا دەبن، کە هەر لەکۆمپانیای بواری ئاسایش و خزمەتگوزاری تایبەتەوە بگرە تا دەگاتە کۆمپانیاکانی نەوت و خۆراک و کارەبا و بەڵێندەرایەتی و بازرگانی گشتی.

بەبۆچوونی زۆربەی چاودێرانی بواری ئابووری سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا حکومەتی هەرێم توانیویەتی سیاسەتێکی ئابووری واقیعبینانەی نەرم و لەسەرخۆ و ستراتیژیەتێکی گونجاو بۆ حوکمڕانی باش و جموجۆڵی بازرگانی لەگەڵ دەوردراوسێکانیدا پەیڕەو بکات، هەروەها بەهۆی لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندییەکان و پێویستی بەگەڕخستنی سەرمایەگوزاری و ئاڵوگۆڕی بازرگانی، لەلایەن حکومەتی هەرێم (یاسای وەبەرهێنان) دەرچوو، کە بەپێی ستانداردی جیهانی و لێکدانەوەی شارەزایانی ئابووری یاساکە داڕێژراوە، ئەو فاکتەرەش وەک گەرەنتییەکی نێودەوڵەتی وایکردووە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاست و توانای ئاڵوگۆڕی ئابووری و بازرگانی لەهەرێمدا بەرەوپێش بچێ و بڕوای کۆمپانیاکان و سەرمایەدارانی دەرەوە و ناوخۆ بەبازاڕەکانی هەرێمی کوردستان بەهێزتر بکات، لەناویاندا کۆمپانیا بازرگانییەکانی وڵاتی تورکیای دراوسێ، کە پشکی شێریان لەبازارەکانی هەرێم مسۆگەر کردووە.

هۆکار زۆرن کە وایانکردووە ئەم هەنگاوە دوو لایەنە لەنێوان بازاڕەکانی هەرێم و ئابووری تورکیا دروستببێت، ئێمە هەوڵدەدەین لەمیانی ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵ ژمارەیەک لەبازرگان و خاوەنکار و سەرمایەدارانی تورکیا لەهەرێمی کوردستان، خۆیان باسی شێوەی کار و وەبەرهێنانی سەرمایەکانیان بکەن، دواجار پەیامی خۆیان بۆ هاوپیشەکانیان بنێرنەوە تورکیاو شوێنەکانی تر کە بێنە هەرێمی کوردستان بۆ کار و وەبەرهێنان، چونکە لێرە زەمینە لەبارەو مەودایەکی بەرفراوان لەپێشدایەو هیچ گرفت و ئاستەنگێک نییە، بەڵکو وڵاتێک لەپێشوازیت دایە مێرگێکی سەوز و پاراوە بۆ ژیانێکی نوێ و پڕ لەئاسوودەیی.

**پێویستمان بەتێکەڵاوبوونێکی زیاتر هەیە**

ئەرۆڵ محەمەد لەکۆمپانیای (کەتماچلەر)ی تورکی وەک بازرگانێک گوتی:

من دەخوازم سەرمایەدار و کارسازانی تورکیا بەچاوێکی پڕ لەئومێد لەبازاڕەکانی هەرێمی کوردستان بڕوانن، بۆ ئەم مەبەستە ئێمە هەردوولا پێویستیمان بەتێکەڵاوبوونی زیاتر هەیەو کۆمپانیاکانی تورکیا پێویستە بەهێز و گوروتینێکی گەورەخۆیان بخزێننە ناو بازاڕەکانی هەرێم و کەلوپەلی باش بەکوالێتی تازە بهێنن، لەبەرامبەریشدا ئاسانکاری بۆ بازرگانان و وەبەرهێنەرەکان بکرێت، ئێستاکۆمپانیا مەزنەکانی تورکیا وەک کارگەکانی دروستکردنی خۆراک و ماشێن و تەلارسازی و ئەوانی تر لەفکری ئەوەدان لقێکی سەرەکی کۆمپانیاکانیان بهێنن بۆ کوردستان و لێرە کاری پیشەسازییەکانیان درێژە پێبدەن، بێگومان کە ئەمەش کرا ئەوسا سوودی بۆ هەموو لایەک زیاتردەبێت.

**یاسای وەبەرهێنان و ئاسانکاری بۆ سەرمایەگوزاری دەرەکی لەهەرێم**

موئەیەد علی وەک بازرگانێک لەبواری پیشەسازی و



وەبەرهێنان بەمجۆرە راوبۆچوونەکانی خۆی لەبارەی جوڵە بازرگانیەکانی هەرێم و تورکیا دەربڕی و گوتی: ئێمە بەو رەوشە سەقامگیرییەی ئێرە زۆر دڵخۆشین، وەزارەتی بازرگانی لەهەرێم زۆر ئاسانکاری بۆ گشت سەرمایەدارانی دەرەکی دەکات لەرووی رەخساندنی هەلومەرجی گونجاو بۆدامەزراندنی شوێنی کار هەروەها بەگەڕخستنی سەرمایەکان و ساخکردنەوەی کاڵاکانمان و پێدانی زەوی و کارەباو وەرنەگرتنی باج و گومرگ و رسوماتی زیادە، بێگومان هەموو ئەمانەش بەگشتی هۆکاری زۆرباشن بۆ کەسانێک کە بیانەوێت لەوڵاتێکی تردا وەبەرهێنان و کار و سەرمایەگوزاری بکەن، لێرەوە دەخوازم وەبەرهێنەران و خاوەن پیشەو کارگەکانی تورکیا بێنە هەرێمی کوردستان و بەبێ ترس و گومان کاری بازرگانی خۆیان بکەن چونکە لێرە هیچ گرفتێک نایەتە پێش، ئێرە شوێنێکی گونجاو و بازاڕێکی نوێ و کڕیار بۆکەلوپەلی باش زۆرن.

## شتومەکی بازرگانی بەپێی پێداویستی بازاڕ و کریاردەهێنرێت

موراد ئۆزدەمیر، کە هاووڵاتییەکی تورکیایە و ماوەی دوو ساڵە لەهەولێر دەژی، خاوەن پێشانگایەکی جلوبەرگی ئامادەکراوی تورکی، لەبارەی رەوشی کارکردنیان لەهەرێمی کوردستان بەمجۆرە ئاخافت:

ئێستا لەهەولێر کۆمپانیای تورکی جۆراوجۆر زۆرن، حکومەت زۆر هاریکاریمان دەکات و گرفتمان نییە، ئێمە بەباشی کاری خۆمان دەکەین و خەڵکانیش بەبەردەوامی سەردانیمان دەکەن، هۆیەکەیشی ئەوەیە کەدانیشتوانی



ئێرە بەدوای کەلوپەلی باشدا دەگەڕێن و ئەوان حەزدەکەن ئەو شتانەی ئێمە بۆیان ئامادە دەکەین کوالێتیان بەرزبێت چونکە کڕیارەکان بەشێوەیەکی گشتی وادیارە دەوڵەمەندن.

بازرگانێکی تری تورکیا نیشتەجێی هەولێر، بەناوی لوقمان دیمرکۆل کە سەرقاڵی دامەزراندنی پێشانگایەکی گرامیک و سیرامیک بوو، دڵخۆش بوو کە لێرە پڕۆژەیەکی بازرگانی دەست پێکردووە، ئەو گوتی لەسەرانسەری تورکیا لقی کۆمپانیاکەمان هەیە و بەرهەمەکانمان مارک و کوالێتی جیهانیان بەسەرەوەیە، زانیمان لەم چەند ساڵانەی دوایدا جموجۆڵێکی بەرچاوی بازرگانی لەنێوان وڵاتی تورکیا و هەرێمی کوردستان دروست بووە، بۆیە هەوڵماندا وەک کۆمپانیایەکی بازرگانی بێینە ناو ئەم جووڵە بازرگانیەوە و پشکمان هەبێت لەسەرمایەگوزاری لەم ناوچە تازەیەدا، خۆشبەختانە واخەریکین دەست بەکارێک دەکەین کە ئومێدەوارین بۆ هەردوولامان سوودبەخش بێت و خێری بۆ نەوەکانی داهاتووشمان ببێت، زۆر هاوکاریانکردوین خەڵک و دەسەڵاتدارانی بازرگانی لێرە ئاسانکاری باش پێشکەشی هەموو کەس دەکەن، ئەگەر بازرگانێک یاخود سەرمایەدارێک بیەوێت پڕۆژەیەکی وەبەرهێنان دابمەزرێنێت و بەدوای شوێنێکدا دەگەڕێت من پێی دەڵێم بابێن بۆ ئێرە و لەم وڵاتەدا بازاڕێکی تازە و جیهانێکی نوێ پێشوازیت لێدەکات.

یەکێکی تر خاوەن کارەکان، کە هاوڵاتییەکی تورکیایە بەناوی (قارەمان عەبدولقادر) خاوەنی پێشانگای (پەردە) لەشاری هەولێر، دەربارەی هاتنی بۆ کوردستان و دەست پێکردنی پرۆژە بازرگانییەکەی گوتی:

من خۆشحاڵم کە ئەمرۆ لەهەولێر وەک شارێکی مێژوویی و فەنتازیک پڕۆژەیەک ئەنجام دەدەم بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتیان و بۆ قازانجی تایبەتیی خۆشمان، بەڵام ئەوەی زیاتر دڵخۆشمان دەکات ئاسانکاری و هاندان و یارمەتیدانی ئێمەیە لەلایەن خەڵک و دەسەڵاتدارانی بازرگانی لەپێناو بەردەوامبوونمان لەسەر پرۆژەکانمان، ئێمە رۆژ لەدوای رۆژ بەرهەمی زیاتر و داهاتی زیاتر بەدەستدەهێنین، لێرە مرۆڤ هەست بەهیچ ئاستەنگییەک ناکات لەبواری بازرگانی و داهات و فرۆشەوە بەپێچەوانەی شوێنەکانی تر ئاسانکاری تەواو لەبەردەستدایە لەبوارەکانی ژیان و گوزەران بۆ کەسانی بازرگان و خاوەن پیشەکان، هەروەها لەبوارەکانی پەیوەندی و هاتووچۆ و مامەڵەی بانکی و هێنانی کەلوپەلەکان و ساخکردنەوەو دابەشکردنیان، لەبەرئەوە داوا لەبازرگانان و وەبەرهێنەرانی تورکیا و وڵاتانی تر دەکەم با بێن لێرە خەونەکانیان بهێننە دی خەونی راستەقینەی وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری لەوڵاتێکی جوان و دەوڵەمەندی پڕ لەخۆشی و خێر و بەرەکەت.



# وتوێژی تورکیاناسی لەگەڵ سینان چەلەبی وەزیری بازرگانی وپیشەسازی حکومەتی هەرێمی

# سیاسەتی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ئەوەیە لەمەودوا فێری ماسی گرتن بین نەك تەنها ماسی بخۆین



کوردستان

دوای ئـــەوەی رژێمـــی بەعس بۆ ماوەی ٣٥ ســـاڵ هەژموونی خۆی

بەســـەر کۆمەڵـــگای عێراقیدا ســـەپاند، لەئەنجامـــی پێڕەوکردنی سیســـتمێکی ئابووری داخراو بەناوی «سیســـتمی سۆسیالیستی»، ســـەرجەم بوارەکانی ئابـــووری و بازرگانی و پیشەســـازی لەوڵاتدا ئیفلیج کرد، ئەو دەوڵەمەندییەی ژێرخان و ســـەرخانی خاکی عێراقی تەنهـــا لەبـــواری جەنگدا بەکارهێنـــا، ئەمەش جگە لەکارەســـات و ماڵوێرانـــی هیچی دیکەی لێنەکەوتەوە، ئەمـــڕۆش دوای زیاتر لە ٧ ســـاڵ لەڕووخاندنی ئەو رژێمە حکومەتی عێراق لەڕێگەی سەرلەنوێ دارِشـــتنی دەســـتوورێکی تـــازە و تایبەتکردنی چەنـــد بەندێک لەو دەســـتوورە بۆ کاریگەرترین بـــوار (بواری ئابـــووری و بازرگانی و پیشەسازیی) هەوڵدەدا لەداهاتوودا سیستمی ئابووری لەسەر بنەمای بازاڕی ئازاد و دیموکراســـییەت رەنگڕێژ بکات. حکومەتی هەرێمیش لەم نێوەندەشدا جموجۆڵێکی ئابووری و پیشەسازی فراوان لەنێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان لەئارادایە. حکومەتی هەرێم هەوڵدەدات ژێرخانی ئابووری و پیشەســـازی لەکوردســـتاندا لەسەر بنەمایەکی تەندروست ببووژێنێتەوە، بۆ ئەمەش هەوڵدەدا پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ تورکیا لەســـەر بنەمای لێکتێگەیشتن و بەرژەوەندی هاوبەش و دراوسێیەتی باش بەرەو پێش ببات. ئەمەش لەو سۆنگەیەوەی کە تورکیا دەروازەی کراوەی هەرێمی کوردستانە بۆ رووسیا و قەفقاسیا و ئاســـیای ناوین و دەریای رەش و بەڵکان و ناوچەی دەریای سپی ناویـــن و وڵاتانی ئەوروپـــادا هەروەک چۆن هەرێمی کوردســـتانیش دەرگای کـــراوەی تورکیایە بۆ بەســـرە و کەنداوی عەرەبی و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوین بەگشتی.

بەڵام لەهەمـــوان گرنگتر گەشەســـەندنی پەیوەندییەکانە لەکەرتی وزەدا، دوای ئەوەی تورکیا پلانی بەســـتنەوەی ئیســـتانبوڵی لەڕێی هەولێرەوە بۆ بەغدا، بەســـرە و کەنداوی عەرەبـــی داناوە لەرێگەی کەناڵی وشـــک (هێڵی شـــەمەندەفەر)ەوە بۆ گواستنەوەی نەوت و گاز. کردنەوەی ناوچەیەکی بازرگانی و پیشەســـازی ئازاد لەزاخۆ و فراوانکردنـــی دەروازەی «ئیبراهیم خەلیـــل- خابوور» و کردنەوەی دوو دەروازەی دیکەی گومرگی، یەکێکیان لەنزیک ئێران و ئەویتریان لەنزیک سنووری سوریا. لەلایەک کوردستان بەبازاڕەکانی قەفقاسیا و رووسیا و ناوچەکانی دەریای رەش و باڵکان دەبەستێتەوە، لەلایەکی دیکـــەوە رێژەی ئاڵوگـــۆڕی ئابووریی و ســـەرمایەگوزاری لەرێگەی دەریای ســـپی ناوین و ئەوروپا فراوانتر دەکات. بەتایبەتی کە ئێستا پلانڕێـــژی بۆ ئەوە دەکرێ لەســـاڵانی داهاتوودا قەبـــارەی بازرگانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا ببێتە سێ ئەوەندەی ئێستا.

ئێمە لەم دیدارە تایبەتەماندا لەگەڵ سینان چەلەبی وەزیری بازرگانی و پیشەســـازی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تیشک دەخەینە سەر ئاست و جۆر و کاریگەری و ئایندەی ئەو جموجۆڵە بازرگانییە.

سازدانی: تورکیاناسی

**جووڵەی وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان ساڵانە 12 ملیار دۆلارە**

**❖ ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا گەیشتۆتە قۆناخێکی گرنگ و چارەنووسساز، بەشێوەیەک ئێستا ٤/١ی کاڵا و کەلوپەلی بازاڕەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەتورکیاوە هاوردە دەکرێت. دەکرێ بزانین هاوردەکان چین؟ پتر لەبواری بیناسازی، کشتوکاڵی یان خواردەمەنییە، واتە کاڵا و بەرهەمەکان زیاتر لەچ بوارێکدایە؟ لەم رووەوە وەکو وەزارەت هیچ داتا و زانیارییەکتان هەیە پێشکەشی خوێنەرانی بکەن؟**

– لەراستیدا سەرەتا دەمەوێ بڵێم، ئێمە زۆر خۆشحاڵین بە بوژانەوەی پێوەندییەکانمان لەگەڵ تورکیای دراوسێماندا، لەبەرئەوە لەدیدی ئێمەوە تورکیا دەوڵەتێکی پێشکەتووە و هەوڵدەدات لەگەڵ پێوانە دیموکراتییەکان هەڵبکات، بۆیە پێمانوایە لەمیانەی پێوەندییەکی ئابووری و سەرمایەگوزاری تەندروست لەنێوان هەردوولادا هەوڵبدرێ پێوەندییە سیاسییەکانیش گەشەبکات. مێژووی بازرگانی تورکیا مێژوویەکی پڕشنگدارە، لەبەرئەوە ئەوان بناخەیەکی پتەویان دامەزراندووە و دەسکەوتی باشیان بەدەستهێناوە. ئەگەرچی پێوەندییەکانمان لەگەڵ تورکیا سەرەتایەکی ناخۆشی هەبوو، نەک تەنها لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەڵکو لەگەڵ هەموو عێراق، بەڵام دەتوانم بڵێم ئێستا پێوەندییەکانمان لەبەهارێکی تازەدان.

سەبارەت بەجۆری هاوردەکان و شێوازی کاری کۆمپانیا تورکییەکان، دەتوانم بڵێم، ئەو کۆمپانیایانە لەهەموو بوارێکدا کاردەکەن، کۆمپانیا هەیە رێستۆرانتێکی کردۆتەوە کۆمپانیاش هەیە بەگوژمەی نزیکەی تا ملیارێک دۆلار سەرمایەگوزاری بەگەڕخستووە.

**❖ وەک دەزنرێت ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیا تورکییەکان لەهەرێمی کوردستان کاردەکەن، ئایا ئەو کۆمپانیایانە ئێستا رێژەیان گەیشتۆتە چەند چەند کۆمپانیا و ئێوە لەچ روویەکەوە پێوەندیتان بەم کۆمپانیایانەوە هەیە؟ چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن؟ سوودی ئەم کۆمپانیایانە بۆ هەرێمی کوردستان چییە؟**

– ئەمڕۆ رێژەی ٥٠٪ی کۆمپانیا بیانییەکان لەهەرێمی کوردستان کۆمپانیای تورکین. کاتێک ئەو کۆمپانیایانە روو لەهەرێم دەکەن ئەوا پێویستە لەلای ئێمە لەوەزارەت ناوی خۆیان تۆماربکەن، دوای ئەوەی زانرا لەچ بوارێکدا کاردەکەن ئینجا لەلایەنە پێوەندیدارەکانەوە رێوڕەسمی کارکردنیان بۆ رێکدەخرێت. بۆ نموونە، ئەگەر کۆمپانیایەک بیەوێ لەبواری تەندروستیدا کاربکات سەرەتا لەلایەن وەزارەتی بازرگانییەوە تۆمار دەکرێت بەڵام کارەکانی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی رێکدەخات. سوودی ئەو کۆمپانیایانە ئەوەیە کە بەشێکی زۆریان سەرمایەگوزارە دەکەن، بەمەش قازانج بەهەردوولا دەگات، بێجگە لەوە هەندێ لەو کۆمپانیایانە کارەکانیان بەرێکوپێکی ئەنجامدەدەن و و بەرهەمەکانیان کوالیتییەکی باشی هەیە.

**❖ ئایا هەرێمی کوردستان ساڵانە چەند ملیار دۆلار جووڵەی ئابووری تێدایە؟**

– هێشتا ئامارێکی دروست نییە، بەڵام جووڵەی وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان ساڵانە ١٢ ملیار دۆلارە.

**❖ دەکرێ بزانیین لەماوەی رابردوودا قەبارەی بازرگانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان چەند بووە، هەروەها جووڵەی بازرگانی ساڵانە لەنێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بەچەند ملیار دینار دەخەمڵێندرێت؟**

– کۆمپانیا تورکییەکان ساڵانە بڕی ٥ ملیار دۆلار قازانج دەکەن، بەڵام بۆ زانیاریتان ئەوکاتەی رەجەب تەیب ئەردۆگان سەردانی بەغدا کرد و لەگەڵ نوری مالیکی کۆبووەوە و ٤٨ رێککەوتننامەیان مۆرکرد. ئاماژە کراوە قەبارەی بازرگانی نێوان تورکیا و عێراق بگاتە ٢٠ ملیار دۆلار لەساڵێکدا. ئەو ٢٠ ملیارەش زۆربەی بەهەرێمی کوردستاندا تێپەڕ دەبێت. تورکیاش ئێستا هێزی ئابووری بەرزبۆتەوە و توانای هەناردەکردنی زیاتری هەیە.

**❖ ئایا حکومەتی تورکیا کەی دەستدەکات بەکردنەوەی ناوچەی بازرگانی و پیشەسازی ئازاد لەزاخۆ، کە پێشتر لەسەردانەکەی سەرۆکوەزیران ئەردۆگان لەبەغدا بڕیاری لەسەردرابوو؟**

– بێگومان کردنەوەی ئەو بازاڕە گەورەیە، ئامادەکارییەکی زۆری دەوێت. ئێمە لەعێراق یاسای تایبەت بەخۆمان هەیە، بۆ کردنەوەی ناوچەی بازرگانی و پیشەسازی ئازاد پێویستیمان بەدارشتنی یاسایەکی هاوبەش هەیە، بۆ ئەمەش دیراسەی یاساکەمان کردووە. سەردانی ئەنقەرەش دەکەین بۆ ئەوەی لەداهاتوویەکی نزیکدا ئیش و کارەکانی ئەو بازاڕە رێکبخەین و بخرێتە واری پراکتیکەوە. بۆیە پێشبینی دەکەین ئەو بازاڕە لەساڵی داهاتوودا دەست بەکاربکات.

**❖ چەند جارێک بەرپرسانی پایەبڵندی تورکیا سەردانی هەرێمیان کردووە، کە ژمارەیەکی زۆر لەبیزنسمان و کەسانی سەرمایەگوزاریان لەگەڵدا بووە، ئایا ئێوەش بەنیازن سەردانی هاوشێوە بۆ تورکیا بکەن؟ لەمبارەیەوە هیچ داوایەکتان پێشکەشکراوە؟**

– ئێمەش بەرنامەی هاوشێوەمان هەیە، بەڵام ئەمە پرۆسەیەکی قۆناخبەندیانەیە و هەنگاوەکان بەوردی هەڵدەگرین. زۆربەی ئەو شاندانەی سەردانی کوردستان دەکەن، سوپایەک لەخەڵکی خاوەنکار و کارسازیان لەگەڵدایە، ئێمە وەکو وەزارەت هەوڵدەدەین ببینە رێبەرێکی بازرگانی بۆ ئەو کۆمپانیایانە تاوەکو بەپێی تایبەتمەندی و جۆری کارەکانیان دابەشیان بکەین.

**❖ ئێوە وەکو وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێم داواکاریتان لەکاربەدەستانی تورکیا و لایەنە پێوەندیدارەکانی تایبەت بەمەسەلەی وەبەرهێنان چییە، بۆئەوەی تورکیا رۆڵی خۆی لەئاوەدانکردنەوەی کوردستان**

**ببینێـــت و وەکــو دەروازەیەکیـــش هەرێمی کوردســـتان بەئەورووپا گرێبدات، تاچەند لەتورکیا هەلومەرجی سیاسی رێگا بەمە دەدات؟**

– بەرێـــز زافەر چاگلایان وەزیری بازرگانی تورکیا و موراد ئۆزچەلیک باڵیۆزی تورکیا لەعێراق زۆرجار رایانگەیاندووە، کە دەرگایان بۆ هەرێمی کوردســـتان کراوەیە هەر کاتێک ویستمان ســـەردانی تورکیا بکەین. بەڵام بەڕای من گرنگ نییـــە ئێمە بچین بـــۆ تورکیا بەڵکو لەهەمـــووی گرنگتر ئەوەیە ئەوان بهێنینە هەرێمی کوردســـتان تا گفتوگۆیان لەگـــەڵ بکەیـــن و قەناعەتیـــان پێبهێنین تاکـــو لەهەرێم ســـەرمایەگوزاری خۆیـــان بەگەڕبخـــەن. ئێمـــەش لەلای خۆمانەوە داوامان لەکۆمپانیا تورکییەکان کردووە، کە پتر لەبواری خۆراک و کشتوکاڵ تەندروستیدا کاری وەبەرهێنان بکەن و ژێرخانـــی خۆراک لەهەرێمی کوردســـتان زیندوو بکەنەوە. لەجیاتی ئەوەی ماست و پەنیر و شیر و سەوزە و میوەمـــان لەتورکیاوە بۆ بێـــت، دەمانەوێ ئەو کاڵایانە لەکوردستانەوە بەرهەمبێن و کارگەی بەرهەمهێنان تایبەت بەو بوارانـــە بخرێنەگەڕ. لەبەرئـــەوەی حکومەتی تورکیا پێڕەوی سیســـتمی ئابووری بازاڕ دەکات، سانسۆر لەسەر کۆمپانیاکان دانانێت. حکومەتی تورکیا کاری ئەوەیە هانی کۆمپانیاکانی خۆی بدات بۆئەوەی بەشـــێوەیەکی باشـــتر روو لەکوردســـتان بکـــەن. واتە حکومەتـــی تورکیا تەنها رێگە خۆشـــدەکات بۆ ئیمزاکردنـــی رێکەوتننامە ئابووری و بازرگانییەکان لەگەڵ حکومەتی عێراق و لەنێویشـــیاندا حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**❖ وڵاتانی دراوســـێی هەرێمی کوردســـتان بەگشـــتی و تورکیا بەتایبەتی بەردەوام کاڵای ئامادەکراو لەبازاڕەکانی هەرێم ســـاغ دەکەنەوە، ئایا ئێـــوە وەکو وەزارەت داواتان نەکـــردووە لەبری هاوردەکردنی کەلوپەل هاوکاریتان بکەن بۆ بنیاتنانەوەی ژێرخانی کوردستان؟**

– دروســـتکردنی ژێرخانێکی پیشەســـازی پتەو لەهەرێمی کوردستاندا بەشەو و رۆژێک نایەتەدی. یەکێک لەڕێساکانی بازرگانی ئەوەیە، هەر کۆمپانیایەک تا نەزانرێت بەرهەمەکانی چۆنـــە، ئەوا لـــەو بازارە دەســـت بەدروســـتکردنی هیچ کارگەیەک ناکات. ئەو کۆمپانیایانە سەرەتا کەلوپەلەکانیان دەخەنە بـــازاڕ، ئێمەش چاودێری دەکەین بۆئەوەی بزانین داواکاری خەڵک لەســـەر ئەو بەرهەمانە چەندە. واتە ئێمە بەپێی خواست و خســـتنەڕوو دەجوڵێینەوە. زۆربەی ئەو کۆمپانیایانەی دێنە لامان پێیان دەڵێین سەرەتا سەردانی بـــازاڕ بکەن و دەرفەتێک بدۆزنـــەوە ئینجا وەرن کاربکەن و کارگـــە دابمەزرێنن. بۆیە سیاســـەتی ئێمە لەوەزارەتی بازرگانی و پیشەســـازی ئەوەیە، هەوڵدەدەین فێری ماسی گرتن بین نەک تەنها ماســـی بخۆین. هەروەها هەوڵدەدەین لەچوارچێوەیەکدا رێکبکەوین کە یاساکانی هەردوولا تۆزێک لەیەکتری نزیک بکەینەوە.

**❖ قەبـــارەی بازرگانـــی کوردســـتان لەگـــەڵ ئێـــران بەبەراورد لەگەڵ تورکیا چۆنە؟ ئایا خەڵکی کوردستان بـــۆ دابینکردنی پێداویســـتییەکانیان جگـــە لەبەرهەمە خۆماڵییەکان، پتر پشت بە بەرهەمی تورکی یان ئێرانی دەبەستن؟**

– بێگومان، خەڵکی کوردســـتان پتـــر بەرهەمی تورکی بەکاردەهێنـــن بۆیـــە ئاســـتی کاڵا و هاوردەکانی ئێران زۆر کەمتـــرە لەچاو تورکیا. لەبەرئـــەوە کاتێک لەگەڵ بەڕێز د. بەرهەم ســـاڵح سەردانی ئێرانمان کرد داوامان لەکۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە کرد پتر لەبواری بونیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری و پیشەســـازی کوردستان هاوکاریمان بکەن و سەرمایەکانیان لەهەرێم بخەنەگەڕ.

**❖ لەبارمبـــەر ناردنی وزە و ســـەرچاوەی سروشـــتی (نـــەوت و گاز) لەهەرێمی کوردســـتانەوە بەنێو خاکی تورکیادا بۆ بازاڕەکانـــی جیهان، ئایا حکومەتی تورکیا چی پێشکەشـــی هەرێم دەکات؟ یان ئێوە داوای چیتان کردووە؟**

– بێگومان هـــەردوولا قازانج دەکەن، بـــەڵام ئەم کارە پتر لەڕێگای حکومەتی عێراقەوە ئەنجامدەدرێت، چونکە گرێبەســـتەکان زۆر گەورەن، ئێمە تەنها ناوەکانمان لای خۆمان تۆمارکردووە.

**❖ ئێوە بەشێوەیەکی گشتی ئاسۆی پێوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان لەگەڵ تورکیا چۆن دەبینن؟**

– مـــن زۆر بەپاشـــەڕۆژی پێوەندییەکانـــی هـــەردوولا گەشبینم، لەمیانەی ئەو یاداشت و رێککەوتنانەی لەگەڵ بەغدا ئیمزا کراوە، بڕیاردراوە ئابووری تورکیا، عێراق و سوریا بکرێتە یەک ئابووری هاوبەش. لەم چوارچێوەیەدا کەلوپەلی پێویست هاوردە و هەناردە بکرێت لەنێو ئەم وڵاتانەدا. واتە تێکڕای سەرمایەداران دەتوانن لەهەرسێ وڵات کاربکەن و ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئەنجامبدەن.

**❖ هەرێمی کوردستان تائێســـتا ژێرخانی پیشەسازی نییـــە، بـــەڵام ئەگەر هەییێـــت ئەوا لەســـاڵێکدا بەلای کەمەوە دەتوانێ ٧٠ ملیار مەتر ســـێجا غازی سروشتی رەوانـــەی بازاڕەکانی ئەورووپا و جیهان بکات، ئایا ئێوە هیـــچ بەرنامەیەکتان هەیە بۆ پتەوکردنی و دامەزراندنی ژێرخانی پیشەسازی لەکوردستاندا؟**

– لەعێراقـــی کۆندا ئابووری و بازرگانی و پیشەســـازی دەوڵەت لەژێـــر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا بـــوو. لەبەرئەوەی لەچوارچێوەی رژێمێکی ئابووری سۆسیالیستی و داخراو کارەکان رێکدەخـــران. بەڵام ئەمڕۆ لەتـــەواوی عێراقدا سیســـتمی بازاڕی ئازاد پێڕەو دەکرێت. لەو سیستمەدا دەوڵەت دەســـت لەهەموو شـــتێک دەکێشێتەوە، تەنها رێوشـــوێنەکان دادەنێت و دەبێتە رێنیشـــاندەر. کاری ســـەرەکی ئێمەش لەوەزارەت ئەوەیـــە ببینە رێبەرێکی باش و پێوەندییەکان بەئاقارێکی باشدا بڕوات.

<<<

**کۆمپانیا تورکییەکان ساڵانە بڕی 5 ملیار دۆلار لە کوردستان قازانج دەکەن**

سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر عوسمان بایدەمیر لەدیدارێکی رۆژنامەنووسی لەگەڵ رۆژنامـــەی میللییەت دەڤرم ســـەڤیمای تێڕوانینەکانی خۆی لەبارەی پرسی کرانەوەو پرسی راوەستاندنی شەڕی چەکداری و چارەسەرکردنی پرسی کورد بەفراوانی ئاشـــکراکردو وەکو نەخشـــە رێگایەک رووناکی خســـتە سەر پێڤاژۆیەکە.

عوسمان بایدەمیر بانگەوازی ئاراستەی سەرۆکوەزیران ئەردۆگان کردو گوتی: «وەرن ئێمـــە بەیەکەوە سیاســـەتێکی روون و ئاشـــکرا بەڕێوەبەرین، وەرن بەیەکەوە پ ک ک لەچەک دابماڵین».

بایدەمیر کە لەدیدارەکەیدا داخوازی رۆژنامەنوســـەکانی ئاراستەی بەرپرسانی DTP و BDP و پەرلەمان دەکرد، روونیکردەوە، کە ئەو ئێستا هەستدەکات پرۆسەکە بەرەو مەترسی هەنگاو دەنێت، بۆیە گوتی «هەست بە ئیلتزامێکی ئەخلاقی دەکەم، لەبەرئەوە بڕیارمداوە بۆ دواجار تێڕوانینی خۆم بەراشکاوی بۆ راگەیاندنەکان و رای گشـــتی تورکیا ئاشـــکرا بەکەم». هەروەک گوتیشی تێڕوانینەکانی ئەمجارەی گوزارشت لە رای شەخسی خۆی دەکات.

بایدەمیر گوتی «لەرووی زهنییەوە وردە وردە وڵات بەرەو پارچوبوون دەچێت، کـــوردو تورک لەیەکتری دووردەکەنـــەوە و دەکەونە بەرامبەر یەکتری، رەنگە ئەمـــە وڵات لەڕووی جوگرافیەوە پارچە نەکات بەڵام زهنییەت پارچە دەکات.

لەرابـــردوو کورد تەنهـــا روویان لەدەوڵـــەت بوو یان
روویـــان لەهەندێک دەزگای ســـەر
بەدەوڵـــەت بوو بەڵام ئێستا
روویـــان لە هە مـــو و
تورکان کـــردووە.

تورکەکانیـــش پێشـــتر تەنهـــا دوژمنایەتی پەکەکەیـــان دەکرد، بەڵام ئێســـتا دوژمنایەتی هەموو کوردان دەکەن. ئەم رەوشـــە لەداهاتوو کارەسات بۆ تورکیا دەخوڵقێنێ».

سەرۆکی شـــارەوانی گەورەی دیاربەکر ئەوەشی روونکردەوە، کە ماوەی ســـی ســـاڵە شـــەری چەکـــداری کۆنترۆڵکراو درێژەی کێشـــاوە بەڵام «پێدەچێت ئەو جارە لەژێر کۆنترۆڵ دەربچێت، ئەو کاتەی لەژێر کۆنترۆڵیش دەرچوو ئەوا کەس نازانێـــت چ ئاراســـتەیەک وەردەگرێـــت و چۆن ئاراستەگیر دەبێت».

تەنهـــا یەک رێـــگای چارەســـەری هەیە ئەویش رێگای ئاشتی و وازهێنانە لەچەک.

بایدەمیـــر گووتی لەتورکیا سیاســـەتی ســـڤیل مەرجێکـــی ســـەرەکییەو بێگومـــان کوردیـــش پێویســـتیان بەم سیاســـەتە هەیە. پێویســـتە پارتەکانیش سیاسەتێکی ئازادانە بەڕێوە ببەن. لەهەر شـــوێنێکی ئەو دنیایە لەســـەر زەمینێک
وڵاتێک دوو پارتی یەکێکیان بەچەک
قســـەبکات و ئـــەوەی دیکەیان
سیا سە تێکی



# عوسمان بایدەمیر نەخشـــ

سـقیل بەڕێوە ببات خیتابـی یەک کولتوور بکەن، ئەوا مومکین نییە ئەوانە سـەربەخۆبن. پێویسـتە ئێمـە ئـەو راسـتییە ببینیـن و قەبووڵیبکەین. ئـەو بابەتە کاریگەری دەروونی و کۆمەڵایەتـی هەیە. بۆیە ئەگەر ئێمە بخوازین سیاسـەتێکی دیموکراتییانـە پیـادە بکەیـن پێویسـتە کۆتایی بەشـەڕ بهێنین. پێویسـتە هەنگاو بەهەنگاو لەبارەی پرسـی بێ چەککردن قەناعەت بەیەکتری بهێنین.

بایدەمیـر گوتـی پێمانخۆشـبێ یاخـود نا، ئۆجـەلان بۆ پرسـی کـورد ئاکتەرێکە، ئەگەر ئەوە رەتبکرێتەوە ئێمە زۆر بەئاسـانی شانسی چارەسـەرکردنی پرسـەکەمان نییـە. پەکەکە ئەکتەرێکـە، BDP ئاکتەرێکـە، رووناکبیران ئاکتەرن، مەسـەلەکەش ئەوەیـە مرۆڤ لەکوێ دەسـت پێبکات. لەم نێوانەشـدا سەرەکیترین ئاکتەر ئاک پارتییە دواتر BDPیە، لەبەرئەمەش پێویسـتە ئەو دوو ئەکتـەرە لەرێکەی لایەنی سێیەمەوە دیدار سازبکەن.

بایدەمیر باسـی لەوە کرد، کـە پێویسـتە B D P خـاوەن رۆڵ بێت و بڵێت ئەوە منم و منم ناونیشـان، منم خاوەنی ئەم دۆزە، هەروەها پێویسـتە حکومەتـی ئەردۆگان بڵێت من لەسـەر هەقم لەهەموو شـتێکدا گوێڕایەلی دەوڵەت نەبێت و پێڤاژۆیەکە نەکاتە پێڤاژۆی دەوڵەت و پێویسـتە بیر لەهەندێک ماف بکاتەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی ئەو زەمینە هاوبەشە ببینرێت و هەر کەسەو لای خۆی دروشـمێک بەرزبکاتەوە ئەوا مومکین نییە بگەیینە چارەسـەری. ئەمەش شتێکی راست نییە، نابێت BDP بڵێت تەنها ئۆجەلان ئاکتـەرە تەنها پەکەکە ئاکتەرە، وەرنە مەیدان. بێگومان ئەوە راسـت نییە. بەڵکو پێویستە رابگەیندرێت باشە ئۆجەلان ئاکتۆرە، پ ک ک ئاکتۆرە، بەڵام ئەو مەسەلەیە دەتوانرێت لەسەرووی ئێوەوە کاری لەسەربکرێت.

هەروەهـا گوتی پرۆسـەی کرنـەوەی دیموکراتی بەگەڕانـەوەی گەریلاکان لەسـنووری سـلۆپیەوە تەگەرەی تێکـەوت. «لەبنەڕەتدا ئەو مەسـەلەیە لێکدانەوەی هەڵەی بۆ کراوە، مەسەلەکە پیرۆزبایی سەرکەوتنێک نەبوو بەڵکو سەرەوە روویان لەئاشتی بوو. لەشوێنی ئەوەی دەوڵەت هەوڵبدات رای گشتی تورکیا قەناعەت پێبێنێت، تۆمەتەکەی خستە ئەستۆی کوردان. بێگومان ئەم هەنگاوانە کەموکوڕی کوردانیشـی تێدایە، بەڵام پێویسـتبوو کورد رەچاوی هەستی تورکەکانیان بکرابووایە».

هەروەها بایدەمیر گوتی تا ئەو کاتەی تورکیا لەگەڵ کوردەکانی رێکنەکەوێت ئـەوا ناتوانێـت لەناوچەکە رۆلێکی گـەورە بگێرێت. پاشـانیش بانگەوازی ئاراسـتەی دەوڵـەت کرد، وەرن بەیەکەوە پ ک ک بـێ چەک بکەین، تاکە رێگاش ئەوەیە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەهاوکاری هەندێک لایەن پێویستە پەکەکە قەناعەتی پێبهێندرێت. بەبێئەوەی قەناعەت بە پەکەکە بهێندرێت ئەوا چەکداماڵینـی پەکەکە لەڕێی گوشـار و هەڕەشەوە هیچ سـوودێکی نابێت.



# ـــەڕێگای خۆی ئاشکراکرد

## سەلاحەددین دەمیرتاش گوتەبێژی پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP لەپەرلەمانی تورکیا:

# تورکیا تێگەیشت چیدی ناتوانێ بە توندوتیژی کورد بێدەنگ بکات

سەلاحەددین دەمیرتاش، سیاسەتمەدارێکی گەنجی ناسراوی باکووری کوردستان و تورکیایە. بەر لەوەی وەکو ئەندامی پەرلەمانی تورکیا هەڵبژێردرێت، ماوەیەک سـەرۆکی لقی دیاربەکری کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد بووە، ئێستاش نوێنەرایەتی پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP دەکات لەپەرلەمانی تورکیا.

دەمیرتاش لەو دیمانەیەدا جەخت لەسەر زەرورەتی یەکێتی نەتەوەیی کورد و هاوئاهەنگ کردنی سیاسەتی کورد لەباکوور و باشووری کوردستان دەکاتەوە، بەمەرجێک نزیکایەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا لەسەر حیسابی پاکتاوکردنی ئەوان نەبێت. ئەو وێڕای بێئومێدبوونی لەسیاسەتی کرانەوەی دیموکراتی پارتی داد و گەشەپێدان هەروەها بەچاوی گومانەوە سەیری پرۆسەکە دەکا و بەپرۆژەی بەلاڕێدابردنی دیموکراسی وەسفی دەکات، هەروەک داواش لەسەرکردایەتی کوردستانی عێراق دەکات پشتگیری لەهەڵەکانی AKP نەکەن و تیژبینانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان بکەن.



**❖ دوای ئـــەوەی لەماوەی ٢٥ ســاڵی رابردوودا تورکیا مێژوویەکــی خوێناوی لەبەرامبــەر بزووتنەوەی کوردی تۆمارکرد، ئێســتا هەوڵدەدات لەرێگای ئاشتی و کرانەوە بەڕووی کورد نزیکی پرسی کورد ببێتەوە، بەبڕوای ئێوە دەوڵەتی تورکیا چۆن گەیشــتە قەناعەت کە سیاسەتی خۆی لەبەرامبەر کوردان بگۆڕێ؟**

– ئەو شــتەی کــە بووە هــۆکاری گۆڕانی سیاســەتی تورکیــا ســەبارەت بەچارەســەر کردنی پرســی کورد ئەوەیــە، کــە تورکیــا نەیتوانیوە لەماوەی ٢٥ ســاڵدا لەڕێبازە ســەربازییەکان بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد ئامانجەکانی خۆی بپێکێت. تورکیا تێگەیشت کە چیدیکە ناتوانــێ بەتوندوتیــژی و رێبازی ســەربازی کوردەکان بێدەنگ بگات بۆیە ئێستا دەیەوێ بەرێبازی نەرم و شیاو کــوردەکان هەڵبخەڵەتێنێ. بەو مانابیە تورکیا نەیتوانێ بەتوندوتیژی ئیرادەی ئازادی گەلــی کورد لەناوبەرێت، ئێســتا لەژێر نــاوی کرانەوەی دیموکراتیدا سیاســەتی لەناوبردنی ئیرادەی گەلی کورد پەیڕەو دەکات.

**❖ لەدوای داخســتنی پارتەکەی ئێوە پۆلیســی تورک دەســتی بەهەڵمەتێکــی دەســتگیرکردنی ئەندامەکانی BDP کرد و ژمارەیەکی بەرچاو لەسەرۆک شارەوانییەکان و ئەندامەکانی پارتە نوێکەی ئێوەی دەســتگیرکرد، ئایا ئەم هەڵوێســتەی پۆلیسی تورکیا تا چەند دەبێتە هۆی شێواندنی قۆناخی چارەســەری ئاشتیانە و بە بنبەست گەیاندنی پرۆسەی کرانەوەی دیموکراتی؟**

– هەروەکــو ئــەوەی کــە چەندینجار ســەرۆکوەزیرانی تورکیا ئاماژەی پێکردووە ئامانجی ســەرەکی دەوڵەتی تورکیــا لەناوبردنی بزووتنەوەی سیاســی گەلی کوردە. داواکارییەکانــی گەلی کورد، دانپێنــان بەو مافانەی کە بــۆ ژیانێکی ئازاد زەروورن لەلایەن دەوڵەتەوە هیچ کات وەکو پرســێکی سەرەکی سەیری نەکراوە و هیچ کاتیش وەکو کێشــەیەک لەقەڵەمنــەدراوە. بۆیە AKP وا بیر دەکاتەوە کــە ئەگەر بێت و هێزی سیاســی کوردەکان لەناو ببرێت ئەوکاتە هیچ کەســێک یا هیچ هێزێکی دیکە ناتوانێ بەشــێوەیەکی رێکخــراو داوای مافی کوردەکان بــکات بۆیــە لەبارودۆخێکی بەمجۆرەدا زۆر بەئاســانی دەتوانین کوردەکان هەڵبخەڵەتێنین و بێدەنگیان بکەین. لەبەرئــەوە بەر لەدەســت پێکردنی پــڕۆژەی کرانەوە (کە من پرۆژەی هەڵخەڵەتاندنــی پێدەڵێم) لەرێکەوتی ١٤ی نیســانی ســاڵی ٢٠٠٩دا دەوڵەتی تورکیا شالاوی دەستگیرکردنی سیاســەتمەدارانی کوردی دەستپێکرد و ئێستاش ئەو هەڵمەتە هەر بەردەوامە.

**❖ سەرۆکی شــارەداری دیاربەکر رایگەیاند کە دەوڵەت لەڕێی ئەم ئۆپەراسیۆنانەوە دەیەوێ سەرکردایەتی کورد لەتورکیا بخاتە دوو بەرەوە، لایەنە شەڕخوازەکانی کورد پاکتــاو بکرێن، ئایــا دوای ئــەوەی DTP بەپارتێکی دیکــە هاتــە مەیــدان و بارودۆخی ناوچــەکان هێمنتر بووەوە دەوڵەتی تورکیا چ پێویســتی بەئۆپەراسیۆنێکی لەمشێوەیە لەدژی ئەندامانی ئێوە هەبوو؟**

– یەکێک لەمەرجەکانی گەیشــتن بەئــازادی بۆ گەلێکی بندەســت لەنێــو خۆرهەڵاتــی ناوەڕاســتدا یەکێتــی نەتەوەییە. لەبەرئەوەی کوردەکان تائێســتا نەیانتوانیوە لەنێوخۆیانــدا ئــەو یەکێتییە بەهێز بکەن چ لەئاســتی ناوخۆییدا چ لەئاســتی دەرەوەدا رووبەڕووی سیاسەتی جۆراوجــۆر بوونەتەوە. بۆیە پێویســتە گەلی کورد لەم روویەوە زۆر بەهۆشــیاری و وردبینییەوە هەڵسووکەوت بکات. ئەوە شتێکی ئیجابییە کە بیروڕای هەموو کوردان ســەبارەت بەدنیای دەوروبەر یەک نەبن بەڵام پێویستە لەڕووی بەرەژوەندی نەتەوەییەوە کوردەکان ببنە خاوەن هەڵوێستێکی یەکگرتوو، بەو مانایەی کاتێک کە دەوڵەت یا دەوڵەتانی دیکە بــاس لەگەلی کورد دەکەن ئەوکاتە کوردەکان ناچارن هەرچەندە کە بیروڕایان جیاوازیش بێت بۆ پاراســتنی بەرەژوەنــدی نەتەوەیی ببنە خاوەن یەک هەڵوێســت. جیاکردنەوەی کوردەکان لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە سیاســەتێکی نوێ نییە. ئەمە سیاســەتێکە کــە بەدرێژایی مێژوو لەدژی کــوردەکان پەیڕەو کراوە و بەداخەوە هەندێجاریش ســەرکەوتوو بووە. بەڵام لەمەو بــەدواوە چی دیکە کوردەکان دەرفەتی ئەوەیان نییە کە شەڕی یەکتربکەن.

**❖ ئەگەر بێت و ئەمریکا لەعێراق بکێشێتەوە ئایا ئەگەر دووبارەبوونەوەی ناکۆکی و ئاڵۆزی لەنێوان کوردستان و تورکیا هەیە؟ ئایا ئێوە چۆن تەماشای نزیکایەتی نێوان ئەنقەرە و هەولێر دەکەن؟**

— ناتوانین بڵێن پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و هەولێر پەیوەندییەکی دۆستانەی ستراتیژییە چونکە لەم قۆناخەی ئێستادا فاکتەرەکان وا دەکەن کە پەیوەندییەکان زۆربەیان لەســەر بنەمای بەرەژوەندی بن. ئەنقەرە چاوەڕێی ئەوە دەکات کە هەولێر بۆ لەناوبردنی پەکەکە هاوکاری بکات و لەبەرامبەر ئەمەشدا دەڵێ «لەدوای کشانەوەی ئەمریکا لەعێراق من پشــتگیری لەکوردەکانــی عێراق دەکەم». مــن پێموانییە کە ئەمجــۆرە پەیوەندییانە بتوانن بگەنە ئاکامێکــی بــاش و ئیجابی ببێتە هۆی بەدەســتهێنانی دەســکەوت بۆ هــەردوولا. بۆیــە پێویســتە لەجیاتی ئەمجۆرە پەیوەندییانە کوردەکان وەکو هێزێکی سیاسی نەتەوەیــی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاســتدا دانیان پێ بنرێت. ئەگەر بێت و بەمجۆرە هەڵســووکەوت لەگەڵ کوردەکاندا بکرێت بێگۆمان لەداهاتوودا بۆ هەموو گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەســکەوتی ئیجابی بەدیدێت. بۆیە پێویستە کوردان لەم چوارچێوەیەدا کۆنفرانســێکی نەتەوەیی ساز

**«بەر لەدەست پێکردنی پرۆژەی کرانەوە (کە من پرۆژەی هەڵخەڵەتاندنی پێدەڵێم) لەرێکەوتی ١٤ای نیسانی ساڵی ٢٠٠٩دا دەوڵەتی تورکیا شالاوی دەستگیرکردنی سیاسەتمەدارانی کوردی دەستپێکرد و ئێستاش ئەو هەڵمەتە هەر بەردەوامە**

هەواڵنامەی کتێب



بکـــەن و ببنە خـــاوەن هەڵوێســـتێکی نەتەوەیی. تەنیا بەمجۆرە دەتوانرێت بەرەژوەندی نەتەوەیی گەلی کورد و گەلانی دیکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پارێزراو بێت.

**❖ ئێوە چۆن لەهێز و کاریگەری دیفاکتۆی کوردســـتان عێراق و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی لەسەر چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لەتورکیا دەڕوانن؟**

– بێگومـــان نابێ هیچ شـــک و گومانمان هەبێ، کە هەر بزاڤێکی سیاســـی کـــورد و هەر ســـەرکردەیەکی کورد خاوەن کاریگەرییەکی بەرچاوە لەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستان. بۆیە ئەو پەیوەندییانەی کە سەرۆکی هەرێمی کوردســـتان بەڕێز مەســـعوود بارزانی لەگـــەڵ تورکیادا بەرقـــەراری کردووە و بەرقەراریان دەکات کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە لەســـەر قۆناخی چارەسەرکردنی پرسی کورد لەتورکیـــادا. پشـــتگیریکردنی بەڕێز مەســـعوود بارزانی لەتێکۆشـــانی نەتەوەیی گەلـــی کورد لەتورکیادا هـــەم بەپێـــی بەرەژوەنـــدی گەلی کوردە هـــەم بەپێی بەرەژوەندی تورکیایە. ئەگەر بێتو هیچ هەڵسەنگاندنێک بۆ سیاســـەتەکانی AKP نەکەین و چاو لەهەڵەکانیان بپۆشـــین و پشـــتگیری لەسیاســـەتەکانیان بکەین ئەوا زیانێکی گـــەورە بە بەرەژوەندییـــە باڵاکانی گەلی کورد دەگەیەنین.

**❖ ســـەردانەکەی وەزیـــری دەرەوەی تورکیا بۆ هەولێر بۆ ســـەرەتایەکی نوێ لەپەیوەنییەکانی نێوان تورکیا و کوردستان، ئێوە چۆن لەتێڕوانینی سیاسیی داود ئۆغلۆ دەڕوانن، ئەو هەنگاوانەی تورکیا لەبەرامبەر کوردستانی عێراق هەڵیگرتووە، چۆن هەڵیدەسەنگێنن؟**

– هەر وەکو ئاماژەم پێکرد سیاسەتی دەرەوەی AKP لەســـەر بنەمای تاکتیک پەیڕەو دەکرێت. بۆیە راســـت نییە کە ئێستا چاوەڕێی ئەوە بکەین حکوومەتی AKP بەرەژوەندییەکانی گەلی کورد لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاســـتدا بپارێزێت و پەیوەندییەکی دۆســـتانە لەگەڵ کوردەکاندا سازبکات. ئەگەر وا بیر بکەینەوە بێگومان تەنیا خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین.

**❖ پێتوایە ئامانجی تورکیا لەکردنەوەی کۆنســـوڵگەری گشتی لەهەولێر چییە؟**

– بێگۆمـــان بۆ پێشـــکەوتنی پەیوەندی بـــاش لەنێوان هەردوو دەوڵەت و هەردوو کۆمەڵگادا جموجۆڵی بازرگانی و ئابـــووری رۆڵێکی گرنـــگ دەگێـــڕن. هەرچەندە ئەم هەنگاوانە هەنگاوی باشن، بەڵام بۆ ئەوەی کە بزانین کە ئەو هەنگاوە تا چ ڕادەیەک دەتوانێ کاریگەر بێت لەسەر پێوەندییەکانـــی ئەنقەرە و هەولێر، ئەوکاتە پێویســـتە ســـەیری یەکێتی نەتەوەیی کوردان بکەین بەمەبەســـتی پاراســـتنی بەرەژوەندی نەتەوەیی. کوردستانێکی بەهێز بەمانای تورکیایەکی بەهێزە، ئەمە بۆ دەوڵەتانی دیکەش هەر بەمشێوەیەیە بەو مەرجەی کە پرسی کورد لەنێوان خۆیانـــدا و لەگەڵ کورداندا بەشـــێوەیەکی دیموکراتیانە چارەســـەربکەن. لەبەرئـــەوە ئەگەربێتو پرســـی کورد بەرێبازی دیموکراتیانە چارەســـەرنەکرێت ئەوکاتە بەهیچ شـــێوەیەک ناتوانین کێشـــەی متمانەکردن بەیەکتریش چارەسەربکەین.

**>>> یەکێک لەمەرجەکانی گەیشتن بەئازادی بۆ گەلێکی بندەست لەنێو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا یەکێتی نەتەوەییە**

هەواڵنامەی کتێب

# قۆناخەکانی چارەسەری پرسی کورد لەتورکیا

بایرام بۆیزەل *



تورکیا بەقۆناخێکی هەستیار تێدەپەڕێت، دوای سەدەیەک لەئینکار و ئاسیمیلەکردن، ئێستا لەتورکیا قۆناخێکی نوێ دەستی پێکردووە، ئەم قۆناخە نوێیە قۆناخی قەبوولکردنی هەبوون و ناسنامەی نەتەوەیی گەلی کوردە. لەم روانگەیەوە، ئێمە وەکو پارتی ماف و ئازادی (HAK-PAR) ئەم پرۆسەیە پۆزەتیف دەبینین. بۆ بەرەو پێشچوونی خۆمان بەرپرس دەبینین، هەروەها لەنێو هەوڵدانی جۆراوجۆرین بۆ ئەوەی پرۆسەکە لەسەر ڕێگای خۆی بەرێوە بچێت و وەکو کورد زیاتر سوودمەند بین.

پێش هەموو شتێک پرسی کورد پرسێکی نەتەوەییە، پرسی کورد پرسی زەوتکردنی مافی نەتەوەییەکە، پرسی زەوتکردنی مافی دیموکراتی نەتەوەی کوردە، بۆ چارەسەرکردنیشی پێویستە مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی گەلی کورد بدرێت. هەرچەندە پرسی کورد لەناوەڕۆکەکەیدا پرسێکی نەتەوەییە، بەڵام چەندین ڕەهەندی دیکەی هەیە، وەکو هەموو لایەک دەزانن پرسی کورد ڕەهەندگەلێکی ئابووری و دیموکراتی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئاسایشی هەیە، هەروەها پرسێکی هەرێمی و نێونەتەوەییشە. بۆ ئەمەش پێویستە هەموومان بگەینە ئەو قەناعەتەی کە ئەم پرسە هەمەلایەن و گشتگیرە، بەچەند هەنگاو و ریفۆرمێک پاک ناکرێتەوە.

بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد پێویستیمان بەبەرنامەیەکی درێژخایەن هەیە، بەسەر چەند قۆناخێک دابەش بکرێت. هەروەک بۆ چارەسەرکردنی پرسێکی وەکو کورد پێویستیمان بەئیرادەیەکی بەهێزو سیاسەتێکی دووربین و تێڕوانینی دیموکراتی و ئاشتیخوازانە هەیە. لەم چوارچێوەیەشدا پێش هەموو شتێک پێویستمان بەکەشوهەوایەکی ئازاد و دیموکرات و بەخشینی متمانە هەیە. بۆ ئەوەی پرسی کورد بێ ترس و دڵەڕاوکێ گفتوگۆی لەسەر بکرێت و ڕێوشوێنی چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

بۆ ئەمەش پێویستە میلیتاریزم نەمێنێت، پرۆسەی ئەندامێتی لەیەکێتی ئەوروپا کاری بۆ بکرێت، بەهاکانی نەژادپەرستی ڕابگیرێت، بێگومان ئەمەش پێویستی بەهێزکردنی کولتوور و ڕەخساندنی کەشوهەوای گەشبینی و دیموکراتی و بەشداریکردنی کۆمەڵگا لەسەرانسەری هەرێمەکە و ئاشتکردنەوەی کورد هەیە، تەنیا لەکەشێکی بەمشێوەیەدا ڕەخساندنی هەڵی چارەسەری پێشدەکەوێت، ئەوکات ئێمە دەتوانین لەپێناو چارەسەری پرسی کورد پێشنیارەکانی خۆمان بەمشێوەیە ریز بکەین:

له قۆناخی سەرەتادا:

١- پێویستە تورکیا هەڵە سیاسییەکانی لەسەد ساڵی ڕابردوو لەبارەی زوڵم و نکۆڵیکردنی گەلی کورد ببینێ و داوای لێبووردن بکات، دەوڵەت بۆ ئەوەی نیازپاکی و دڵسۆزی خۆی بسەلمێنێ پێویستی بەهەنگاوێکی لەمجۆرە هەیە.

٢- پێویستە دەوڵەت هەڵە و نادادپەروەری و بێ یاسایی لەسەر کوردان ببینێ و قەرەبوویان بکاتەوە، هەروەها قەرەبووی هەموو ئەو تاوانانە بکاتەوە کە لەڕابردوو بەرامبەر گەلی کورد ئەنجامیداوە.

٣- پێویستە قەدەخەکاری لەسەر زمانی کوردی هەڵبگیرێت، ناوی کوردی بۆ شوێن و ئیدارە و گوند و شار و شارۆچکەکان بگەڕێتەوە. پەخشی کوردی ئازاد بکرێت، پەیمانگای کوردی بکرێتەوە و مافی پەروەردە بەزمانی دایک بەرەخسێندرێت.

٤- بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لەمڕۆوە دەرخستنی لێبوردنێکی گشتی کارێکی زۆر پێویستە. ئەم لێبوردنە گشتییە پێویستە تەنیا بۆ ئەوانە نەبێت کە لەچیاکان بەڵکو زیندانیانی سیاسی و ئەوانەی کۆچبەری دەرەوە وڵاتیش بوون، بگرێتەوە.

٥- پێویستە شەڕ ڕابگیرێت و کێشەی چەکداری چارەسەربکرێت، پرۆژەکە لەسەر بنەمای ئاشتی تەواوبکرێت.

٦- پێویستە سیستمی جاشایەتی (پارێزەری گوندەکان) نەمێنێت.

٧- ئۆپەراسیۆنی سوپا ڕابوەستێت و سوپا بچێتە دەرەوەی ئەو ناوچانەی کە هێزی ئاسایشیان تێدایە.

٨- بۆ ئەوەی کوردانی تاراوگە بگەڕێنەوە سەر زێدی باوک و باپیرانیان پێویستە ڕێگەچارەی پێویست بگرێتەبەر و زەرەرمەندبووەکان قەرەبووبکرێنەوە و دەرفەتی ژیانێکی تازەیان بۆ بڕەخسێندرێت.

٩- پێویستە بۆ زیندووکردنەوەی ئابووری کوردستان دەوڵەت سیاسەتێکی پۆزەتیف بگرێتەبەر.

لەقۆناخی دووەمدا:

١- وەکو ئێمە بەپێویستی دەزانین، پێویستە زمانی کوردی لەکوردستاندا لەبواری پەروەردە وکاری فەرمیدا وەکو زمانێکی فەرمی قەبووڵ بکرێت و بەکاربهێنرێت،

٢- پێویستە کورد بەناسنامەی کوردی و پارتییەکان بەناوی کوردی کاربکەن، بەشداری کاری سیاسی بکەن و دەرگای سیاسەت بۆ کورد کراوە بێت.

٣- بۆ ئیدارەی هەرێمەکە ریفۆرم ئەنجامبدرێت، ڕێگای دامەزراندنی ئەنجومەنی هەرێمەکان کراوەبێت. چوارچێوەی دەسەڵاتداری هەرێمەکان فراوانتر بکرێت.

٤-یاسای بنەڕەتی –دەستوور- بەگوێرەی فرە ڕەنگی و فرە نەتەوەیی تورکیا سەرلەنوێ ڕێکبخرێتەوە.

لەقۆناخی سێیەمدا:

دواتر لەڕێگەی پرۆژەیەک لەلایەن پەرلەمانی تورکیا بۆ گۆڕینی دەستوور ئامادە بکرێت، بەشێوەیەکی دیکە ڕەوشەکە تەواوبکرێت، بەگوێرەی هەقیقەتی فرەنەتەوەیی لەسەر بنەمای فیدراڵی سەرلەنوێ سازبکرێتەوە، کورد لەکوردستان بگەنە ستاتۆیەکی فیدراڵ. زۆرجاریش گوتومانە پێکهێنانی ئەم داخوازیانە گەیشتنە بەدیموکراسییەتی ڕاستەقینە، قۆناخەکان پێویستیان بەیەکتری تەواوکردن هەیە، لەبەرئەوە کورد زۆر پێویستیان بەیەکسانی و ئازادی و ئاشتی هەیە.

*سەرۆکی گشتی HAK-PAR

# هەڵوەستەیەک سەبارەت بە قەدەخەکردنی DTP

رەسول حەسەن



دوای ماوەیەکی کورت لەراگەیاندنی پرۆژەی کرانەوەی دیموکراتی بەڕووی کورددا، کە هەوڵێکە بۆ چارەسەر کردنی پرسی کورد لەتورکیا، (پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی —DTP) بەپێی بڕیارێکی دادگا داخراو قەدەخەکرا. هەروەها چەند ئەندام پەرلەمانێک کە لەناویاندا (ئەحمەد تورک)ی سەرۆکی پارتەکەش هەیە بۆماوەی ٥ ساڵ لەکاری سیاسی دوورخرانەوە و سزای زیندانیشیان بۆ برایەوە. جگە لەمە چەندین بەرپرسی شارەوانی سەر بەپارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP کە بەدیلی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتییە، دەستگیر کران.

سەبارەت بەم هەڵویستەی دەوڵەت لەدەزگاکانی راگەیاندندا شتی زۆر گوتراوەو نوسراوە. هەنێک پێیانوایە دەوڵەت بە گشتی بەم هەنگاوە کۆتایی بەپرۆژەی کرانەوەی دیموکراتی هێناوەو حکومەت پاشگەزبۆتەوەو ئیدی نیازی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی نییە. واتە لەحکومەت و دەوڵەت بێ هیوا و رەشبین بوونە. هەندێکی تریش پێیانوایە ئەو هەنگاوە هەڵەیەکی دەوڵەتەو لەئەنجامی ململانێی نێوان پارتە سیاسییەکانی تورکیاو دامودەزگاکانی دەوڵەت هاتۆتەئاراوە بۆیە دەکرێ چاوەڕوانی هەنگاوی تر لەحکومەت بکرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و لێی بێ هیوا نینە. هەندێکی تریش پێیانوایە کە ڕاستە دەوڵەتی تورکیا هەڵەیەکی گەورەی کرد، بوونی DTP هێمایەک بوو بۆ دیموکراسی تورکیا، تورکیا بەم هەنگاوەی زیانی بەدیموکراسییەکەی خۆی گەیاندو هیوای گەلی کورد و دۆستانی وەکو ئەورووپاو ئەمریکاشی بەو دیموکراسییە لاواز کرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێ کەم و کوڕییەکانی بزاڤی کوردیش لەتورکیا لەم پرۆسەیەدا نەبینن.. جگە لەچەندین رای دیکە، کە سەبارەت بەم بابەتەدەخرێنەڕوو.

ئەوەی لێرەدا من دەمەوێت بیخەمەڕوو وردبوونەوەیەکە سەبارەت بەهۆکارەکانی داخستنی DTP و ئاییندەی ئەو پرۆسەیەی کە لەتورکیا دەستی پێکردووە.

پێش هەموو شتێک پێموایە رەشبینی و گەشبینی سەبارەت بە بابەتێکی لەمجۆرە دەبێت شتێکی رێژەیی بێت. نابێت بەڕادەیەکی وەها رەشبین بین کە هیچ ئومێدێکمان بە باش بوون و ئیجابی بوونی پرۆسەکە لەداهاتوودا، نەمێنێ. بەهەمانشێوە نابێ بەڕادەیەکی وەهاش گەشبین بین کە گەشبینی مەستمان بکات و ببێتە هۆی بێ ئاگایی لەئەرکەکانی قۆناخ. چونکە ئەم دوو هەڵوێستە لەسیاسەتدا راستڕەوی و چەپڕەوی رەهای لێدەکەوێتەوە کە لەهەلومەرجێکی وەک ئەمڕۆی تورکیا لەسوود زیاتر زیان بەو پرۆسەیە دەگەیەنێت کە لەتورکیا دەستی پێکردووە.

روونە کە کێشەی کورد لەتورکیا پاشخانێکی هەمەلایەنەو قووڵ و دوور و درێژی هەیە. کێشەکە رەهەندی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و هزری و فکری و...هتد هەیە.

بۆیە پێویستە بەباشی دەرک بەوە بکەین کە چارەسەری کێشەی کورد لەتورکیا کارێکی وا ئاسان نییە و رێگاکەی گوڵڕێژ نەکراوە بەپێچەوانەوە کارێکی ئاڵۆزەو رێگاکە هەوراز و نشێوی زۆری تێدایە.

ئەمڕۆ هەلومەرجە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی تورکیا چارەسەری کێشەی کوردیان کردۆتە پێویستییەک. تورکیا تەنیا لەرێگەی چارەسەرکردنی پرسی کورد دەتوانێت لەو بارە ناهەموارەی ئێستای دەرباز بێت و هەڵسێتە سەر پێ و بەهێز بێت و لەنێوخۆ و دەرەوە خۆی پارسەنگ بداتەوەو لەگەڵ پێشکەوتنەکانی خۆی جیهان بگونجێنێت. هەروەک بینیمان پارتی دادو گەشەپێدان AKP و حکومەت لەمیانی دەرککردن بەو پێویستییە هەنگاوی نا بۆ چارەسەرکردنی پرسی کوردو بەشێوەیەکی فەرمی لەپەرلەماندا پرۆژەی کرانەوەی دیموکراتی بەڕووی کوردی راگەیاند.

بەبۆچونی من ئەم هەنگاوەی پارتی دادو گەشەپێدان و حکومەت هەنگاوێکی بوێرانەو ژیرانە بوو. چونکە بۆیەکەمجار بوو لەتورکیا بەفەرمی دان بەبوونی نەتەوەی کوردو کێشەی کورد نرا، کە پێموایە ئەمە دەستپێکردنی قۆناخ و پرۆسەیەک بوو کە گەرانەوە بۆ دواوە قەبووڵ ناکات. پارتی داد و گەشەپێدان بەم هەنگاوەی تورکیای خستەسەر رێگایەک کە گەڕانەوە بۆ دواوەی خراپترە لەهەنگاونان بۆ پێشەوە.

ئیدی لەم رێگەیەدا لەوانەیە تورکیا ئاستەنگ و تەگەرەی بۆ دروست بێت، بەڵام لەهەمانکاتدا هێز و بڕشتی بڕینی ئەو زەحمەت و تەگەرانەشی بۆ فەراهەم دەبێت. بۆیە

ناکرێ تەگەرەیەکی بەردەم پرۆسەکە بەکۆتایی پرۆسەکە لەقەڵەمبدەین.

راســـتە داخســـتن و قەدەخەکردنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی و سەپاندنی ســـزا بەسەر کادیرانی زیانێکی گەورە بوو بۆپرۆســـەکە، لەوانەیە بۆ ماوەیەکی کەمیش پرۆسەکە بوەستێنێ. بەڵام ناتوانێ ببێتە رێگر لەبەردەم بەردەوام بوونی پرۆسەکە. لەو باوەڕەشدام لەئاییندەیەکی نزیکدا ئاماژەی بەردەوام بوونی پرۆســـەکە زەقتر بەدیار بکەون. بەڵام پێویســـتە هەم لایەنی کوردی هەم پارتی داد و گەشـــەپێدان و حکومەت چاوێک بەئەدای خۆیاندا بخشـــێننەوە کە لەماوەی هاتنە پێشـــەوەی پرۆسەکە لەچوار مانگی رابردوودا ئەدایان کردووە.

چونکـــە هاتنە پێشـــەوەی ئەم تەگەرەیـــە لەئەنجامی هۆکارگەلێکەوە بوون، کە بەبڕوای من ئەمانەن:

١- حکومەت هەوڵی پێویستی نەدا بۆ گۆڕینی دەستووری بنەڕەتـــی، کە گۆڕینـــی زۆر زەروری بـــوو. چونکە تا دەســـتوور نەگۆڕێت پرۆسەکە بەتەواوی جێگیر نابێت و نابێتە سیاسەتی فەرمی دەوڵەت. دەستنیشانکردنی مافە سەرەتاییەکانی گەلی کورد لەدەستووردا بەلایەنی کەم، دەبێتە گەرەنتیەک بۆ کورد و کوردیش ئەو کاتە هەست بەدڵنیایی و بەرپرســـیاریەتی زیاتر دەکات سەبارەت بە پرۆسەکە.

٢- گوتـــار و ختابەتکردنـــی جەمـــاوەر لەهـــەردوولاوە وەک پێویســـت دیراســـە نەکرابوو بۆیە سەرەنجام بووە مایەی وروژاندنی هەســـتی نەژادپەرستی و پارتی میللی نـــەژاد پەرســـت MHP و پارتـــی گەلـــی کۆماریCHP ئەم دەرفەتەیان قۆســـتەوەو کردیانە گوشارێک لەسەر پرۆسەکە.

٣- نەبوونی دیالۆگی پێویست لەنێوان پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتـــی و حکومەت بووە هـــۆی نەبوونی دڵنیایی پێویســـت و نەبوونی لەیەکتر تێگەیشـــتنی پێویست بۆ پراکتیزەکردنـــی پرۆژەکە ئەمەش بۆشـــاییەکی باشـــی دروستکرد بۆ ئەوەی MHP و CHP گەمەی تێدا بکەن.

٤- هەردوولا لەدەرئەنجامە ســـەرەتاییەکانی پرۆســـەکە ترســـان بۆیە کەوتنە نێو هەڵویســـتی وەها کەلەبرشتی پرۆسەکەی کەمکردەوەو ئاراستەی پرۆسەکەی لێڵ کرد MHP و CHP ش ئەم رەوشـــەیان زوو قۆســـتەوە و بۆ مەبەستەکانی خۆیان بەکاریان هێنا.

بـــۆ نموونە، پارتی دادو گەشـــە پێدان ســـەرنجیدا کە بە دەستپێکردنی پرۆســـەکە پێگەی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتـــی لەناوچـــە کوردنشـــینەکان بەهێزدەبێت و لەپێگەی ئەوکەمدەبێتەوە لەلایەکی تریش پێگەی لەناوچە تورکنشینەکان بەهۆی سیاسەتی نەژادپەرستانەی MHP و CHP لاواز دەبێـــت، ئەمـــە وایکرد بســـڵەمێتەوە و لەبەردەم داواکانی MHP و CHP بۆ داخســـتنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی نەرمی بنوێنێ. ئەمەش بۆ ئەوەی لەهەڵبژاردنی ئاییندەدا دەنگێکی زۆر لەدەست نەدات.

لایەنی کوردیش بەتایبەتی PKK سەرنجیدا کە پرۆسەکە دەســـتی پێکردووەو بەرێوەدەچێت و هیچ حسابێک بۆ ئەو نەکراوە کە بەشداری پرۆسەکە بێت. بۆیە لەمیانەی چالاکی سەربازی و رێکخستنی کۆبوونەوەی جەماوەری گەورە لەکاتی گەڕانـــەوەی گروپێکی گەریلا بۆ تورکیا، هەروەها لەمیانی جەختکردنەوەی لەســـەر ســـەلماندنی ئەوەی کە پەیوەندیەکی بەتینی لەگەڵ جەماوەرو پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی هەیەو دەبێت بەشداری پرۆسەکە بێـــت، ئەمە بووە هۆی ئەوەی بەڵگەی پێویســـت بداتە دەست بۆ ئەوەی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی قەدەخە بکرێت. بەکورتی گومان و دوو دڵی لەهەردوولا لەئەنجامە بەراییەکانـــی پرۆســـەکە ســـەبارەت بـــە بەرژەوەندیە حزبییەکان بـــووە هۆی ئەوەی ئەدای هەردوولا نەکەوێتە خزمەت بەهێزکردنی پرۆسەکە.

بەبۆچوونی من ئەگەر بێت و ئەو خاڵانە رەچاو بکرێن ئەوا دەتوانرێـــت میکانیزمی چالاک و زیندو بۆ بەرێوەچوونی پرۆسەکە دەستەبەر بکرێت کە توانای زاڵ بوونی بەسەر هەموو کوسپ و تەگەرەیەک هەبێت کە بێتە رێگەی.

گومانـــی تێدا نییە کـــە گەلی کـــورد لەتورکیا گەلێکی چەوســـاوەیە و مافەکانـــی پێشـــێلکراوە، بۆیە خاوەن کێشـــەیەکە حکومەت ئەگەر بیەوێ کێشەکە چارەسەر بکات دەبێت بەراست و رەوانی مافەکانی بۆ بگەڕێنێتەوە لەداهاتووشدا کاری یەکەم کە حکومەتی AKP پێویستە بیکات بۆ ئەوەی پرۆســـەی چارەســـەری کێشەی کورد راســـتەڕێ و جێگـــر بێـــت، ئەنجامدانـــی گۆڕانکارییە لەدەستووردا.

بـــەڵام دەبێت لایەنی کوردیش ئەوەبزانێت کە کێشـــەی کورد تەنیا کێشەیەکی دەســـتووری یا سیاسی بەتەنها نییە بەڵکو کێشەکە رەهەندی قوڵتری هەیەو پانتاییەکی باشـــیش لەبوارەکانی ئابـــووری، کۆمەڵایەتی، کولتوری و تەنانـــەت دەروونیش داگیردەکات. چارەســـەربوونی کێشەکە پەیوەستە بەپێگەیشتنی یاخود باڵادەستبوونی هزر و کولتووری دیموکراســـی لەتورکیا. بۆیە کێشەکە لەفەترەیەکـــی زەمەنی کورتدا بەیەک هەنگاو لەجارێکدا هەمـــووی چارەســـەر نابـــێ و بەیەک جاریش هەموو مافە زەوتکراوەکان ناگەڕێتـــەوە بەڵکو ئەمە پلە بەپلە ئەنجامگیر دەبێت بۆیە نابێت لەهەموو رەوشـــێکدا پەلە لەهەنگاوەکانی بەرێوەچوونی پرۆسەکە بکرێت کە ببێتە مایەی لەنگ بوونی باری پرۆسەکە.

بۆیە پێمواپە هەم بزاڤی کوردی لەباکووری کوردستان و هەم پارتی دادو گەشـــەپێدان دەبێت بۆ ئەو بۆ ئەوساتە هەستیارانەی مێژوو کاربکەن کە زەمینەی هەنگاوەکانی چارەسەریان لەهەناوی خۆیاندا حەشارداوە. نەک ئەوەی بۆ بەرژەوەندی حزبایەتی کاربکەن.

# پێوەندییەکانی کوردستان و تورکیا



## وتووێژی تورکیاناسی لەگەڵ دەیڤد فل

# لـە دیدی پسپۆڕە ئەمریکییـەکانەوە



## ـیپس، ڕۆبەرت ئۆڵسن و مایکڵ گەنتەر



هەواڵنامەی کتێب

**مایکڵ گەنتەر پرۆفیسۆری زانستی سیاسەتە لە زانکۆی تێنیسی تەکنەلۆژی لەولایەتی تێنیسی ئەمریکا و لەوەرزی هاویناندا لەزانکۆی نێودەوڵەتی لەڤیەننا و ئوستڕالیا وانە دەڵێتەوە. خاوەنی شەش پەرتووکی زۆر گرنگی ئەکادیمیە لەسەر پرسی کورد، لەوانەش:**

- **کوردەکان بەرەو هەوراز هەڵدەکشێن: پێشکەوتنی چارەسەری پرسی کورد لەعێراق و تورکیا (٢٠٠٨) (The Kurds Ascending: The evolving Solution to the Kurdish Problem In Iraq and Turkey)**
- **فەرهەنگی مێژوویی کورد (٢٠٠٤) (Kurdish Historical Dictionary)**
- **گرفتی کورد لەعێراق (١٩٩٩) (The Kurdish Predicament in Iraq)**
- **کورد و داهاتووی تورکیا (١٩٩٧) (The Kurds and the Future of Turkey)**

**هەروەها نووسەری هاوبەشی چەندین پەرتووکی ترە لەگەڵ (محەمەد ئەحمەد)، لەوانە:**

- **پرسی کورد و جەنگی ٢٠٠٣ی عێراق (٢٠٠٥) (The Kurdish Question and the ٢٠٠٣ Iraqi War)**
- **پەرەسەندنی نەتەوەپەرستیی کورد (٢٠٠٧) (The Evolution of Kurdish Nationalism)**

**هەروەها چەندین وتاری ئەکادیمی لەسەر پرسی کورد نووسیوە و لەڕۆژنامە و گۆڤارە بەناوبانگەکانی وەک میدڵ ئیست جۆرناڵ، میدڵ ئیست کوارتەرلی، میدڵ ئیست پۆلیسی و چەندینی تر بڵاوکراوەتەوە. لەچەندین بۆنەدا لەلایەن میدیای ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەوە سەبارەت بەپرسی کورد دیمانە و ڕاپۆرتی لەگەڵ ئەنجامدراوە.**

**❖ لەدوای داخستنی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی DTP و ئۆپەراسیۆنە فراوانەکەی دژی ئەندامانی KCK کە دەستگیرکردن و دادگاییکردنی ژمارەیەک سەرۆک شارەوانی و پەرلەمانتاری کوردی لێکەوتەوە، لەزۆر لاوە بانگەشەی ئەوە کرا کە ئیدی پرۆژەی «کرانەوەی دیموکراسی» بەڕووی کورد بەسەرچوو، ئایا بەتێڕوانینی ئێوە بەڕاستی ئەو پرۆژەیە لەبارچووە؟**

**مایکڵ گەنتەر:** بێگومان سیاسەتی کرانەوە بەرامبەر کورد یان کرانەوەی دیموکراتی بەهۆی داخستنی پارتی DTP و گرتنی ئەندامانی KCK زیانی پێکەوتووە، بەڵام من بڕوام وایە سەرۆکوەزیران ئەردۆگان پابەندە بە بەردەوامیدان بەکرانەوەکەی لەبەرئەوەی هەستدەکات ئەو کرانەوەیە بەسوودی سیاسی و ئابووری تورکیا تەواو دەبێت، وەک پەرەپێدانی دیموکراسیی ڕاستەقینە لەتورکیا و بوون بەئەندام لەیەکێتیی ئەورووپا. هەر بۆیە پێموایە کرانەوەی دیموکراتی بەردەوام دەبێت، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە بزانین چەندە سەرکەوتوو دەبێت.

**ڕۆبەرت ئۆڵسن:** نەخێر، کرانەوە دیموکراسیەکە نەوەستاوە لەبەرئەوەی ئەو کرانەوەیە هۆکارێکە بۆ دەوڵەتی تورکیا و AKP تا لە ڕێگەیەوە بزووتنەوە نیشتمانیەکانی کورد بهێننە ژێربارەوە، بەتایبەتی PKK و DTP و ڕێکخراو و بزووتنەوەکانی کۆمەڵگای کوردی لەناو تورکیا. مەبەستی ئەوەیە هەموو ئەو ڕێکخراوە کوردیانەی سەرەوە بە یەک ڕێکخراوی فرەبیر و باوەڕی (پلوراڵیست) تێوەبگلێنێت و بێسوودیان بکات یان پەراوێزیان بخات و لەڕووی سیاسیەوە لاواز و مارژینالیزەیان بکات.

**داڤید فلیپس:** بۆچوونی زۆر جیاواز لەسەر ئەم پرسە لەنێوان بەرپرسانی تورکیادا هەیە، ناتوانرێت بگوترێت بۆچوون و ئەو ڕێبازەی AKP گرتوویەتە بەر هاوشێوەی ئەوەیە سوپا دەیەوێت.

**❖ حکومەتی تورکیا بانگەشەی ئەوە دەکات «کرانەوەی دیموکراتی» تەنها پاکێتێکی چارەسەری ئاشتیانە نییە، بەڵکو پرۆژەیەکی بەرفراوانە بۆ تاقیکردنەوەی ڕێبازی دیالۆگ و کرانەوە، ئایا پێتوایە حکومەت لەداهاتوودا هەنگاوی جددیتر بنێت؟**

**مایکڵ گەنتەر:** بەڵێ، بڕوام وایە سەرۆکوەزیران ئەردۆگان و سەرۆک گویل سوورن لەسەر درێژەدان بەم کرانەوەیە. لەڕاستیدا وادەردەکەوێت سوپای تورکیا بەوریاییەوە چاودێریی کارەکانی AKP دەکات. هەرچەندە لێرەدا کێشەکە ئەوەیە بەشێکی زۆری خەڵکی تورک دەترسن لەوەی بەپێدانی هەر شتێکی تر بەکوردەکان ببێتە هۆی هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی تورکیا. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەندێ کەس و لایەن بەرژەوەندیان لەنەبوونی چارەسەرییەک بۆ کێشەی کورد هەیە. هەروەها پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیاش پاڵپشتیکردنی AKP ڕەتدەکەنەوە لەسەر ئەو ریفۆرمانە.

**ڕۆبەرت ئۆڵسن:** لەوانەیە هەنگاوی تر بنێت، بەڵام تەنها دوای لاوازبوون و نەمانی ئەو ڕێکخراوانەی لەسەرەوە

باسمانکرد.

**داڤید فلیپس:** حکومەت هەندێ هەنگاوی گرنگی ناوە بۆ بەلیبراڵیکردنی مافە کولتووری سیاسییەکان، بەڵام پێویستە هەنگاوی تریش بنێت بۆ هەموارکردنی دەستوور و چاککردنەوەی ئەو یاسایانەی جیاکارییان تێدایە. بەشێوەیەکی ئۆماتیکیش تەسریح کردنی PKK پێویستی بەجۆرێک لەئامادەکاریی بۆ لێبووردنی گشتی هەیە.

**❖ عوسمان بایدەمیر سەرۆکی شارەوانی گەورەی دیاربەکر گوتی «دەوڵەت مەولەدات کوردەکانی تورکیا وەک باڵندەی باز و کۆتر لێکجیابکاتەوە»، ئایا ئێوە سیاسەتی لێکجیاکردنەوەی کوردان لەبەرەی شەڕخوازەکان و ئاشتیخوازەکان، کە دەڵێ «ئێمە بازەکان لەناودەبەین بۆ ئەوەی دەرفەت بەکۆترەکان بدرێ» چۆن شرۆڤە دەکەن؟**

**مایکل گەنتەر:** ئەمە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی چۆن گوتەکە لێکدەدەیتەوە. تورکیا هەمیشە ڕەخنەی لێگیراوە کە ڕێگە لەسەرهەڵدانی هەر بزوتنەوەیەکی ئاشتیخوازانەی کورد دەگرێت و بەمەش تەنها دەرفەت بۆ توندڕەوەکانی وەک PKK دەهێڵێتەوە. چ هەڵەیەکی تێدایە ئەگەر ڕێگە بەمیانڕەوەکان بدرێت بەئاشتیانە کار بۆ مافەکانی کورد بکەن و دەسکەلای دەوڵەتیش نەبن؟

**ڕۆبەرت ئۆڵسن:** من لەگەڵ بۆچوونەکەی بایدەمیردام. بێگومان ئاشکرایە کە جیاوازی و ناکۆکی لەنێوان کوردەکان و ئەندامانی DTP دا هەیە لەسەر ئەوەی پەیڕەوی چ سیاسەتگەلێک بکەن سەبارەت بە PKK و بەرگری چەکداری. بەڵام کارەکانی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر ئەندامانی KCK و داخستنی DTP (لە ١١ی دیسێمبەری ٢٠٠٩) و بەردەوامیی ئۆپەراسیۆنە نهێنیەکانی سوپا و پۆلیس، وەک بایدەمیر دەڵێت، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی جیاوازیەکانی نێوان باز و کۆترەکان، چونکە هێز و تینی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کورد لەتورکیا لەژێر مەترسیدان.

**داڤید فلیپس:** من بۆشاییەک لەنێوان گرووپ و لایەنە کوردییەکان لەتورکیا نابینم، هەموویان ئاوات بۆ ژیانێکی باشتر دەخوازن بۆ تورکیا و پشتگیری لەئاشتی و خۆشگوزەرانی دەکەن و دەیانەوێت پەرە بەدیموکراسی بدەن لەتورکیادا. ئەو ڕێوشوێنانەش پرۆسەی کاندیدکردنی تورکیا بۆ ئەندامبوون لەیەکێتی ئەورووپا بەرەوپێش دەبات لەبەرئەوەی تورکیا دەزانێت داهاتووی لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئەورووپا بەستراوە.

**❖ پێتوایە دژایەتیکردنی سیاسەتی کرانەوە لەلایەن سوپا و پارتە بەرهەڵستکارەکانەوە بە بیانوی ئەوەی کە «سیاسەتی کرانەوە پلانی AKP یە و مەرەشەیەکە بۆ سەر ئایندەی تورکیا»، ئەو پرۆسەیە بەرەو کوێ دەبات؟**

**مایکل گەنتەر:** ئەو هەڵوێستە نێگەتیڤانەی پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان زیان بەکرانەوەکە دەگەیەنێت. سەرەڕای ئەوەش خۆشبەختانە وادەردەکەوێت سوپا بەوریاییەوە پاڵپشتیی کرانەوەکە دەدات.

**ڕۆبەرت ئۆڵسن:** بەرهەڵستیی ئەو پارت و لایەنانەی باستکرد وا دەکات AKP بێتە دیلی سیاسەت و داواکاری و پروپاگەندەکانی پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان، وەک CHP و MHP. لەهەمانکاتیشدا ئەو جۆرە لێدوان و سیاسەتانە وا لە AKP دەکات زیاتر ملکەچی داواکاریەکانیان بێت.

**داڤید فلیپس:** هەڵەیە سوپا وەک بەرهەڵستکاری پرۆژەی کرانەوە بەرووی کورد وەسفبکرێت، بۆچوونگەلێکی جیاواز هەیە لەناو سوپادا و سەرۆک ئەرکانی سوپا ڕەزامەندی خۆی بەرامبەر ریفۆرمسازی نیشانداوە. سەرسەختەکانی تر ئەوانەی دژی دیموکراتیزەبوونی زیاترن خاوەنی ڕا و بۆچوونی زاڵ نین لەناو مەیدانەکەدا. لەگەڵ ئەوەی پارتە بەرهەڵستکارەکان دژی ئەو پرۆژەیەن بەڵام هیچ ڕا و بۆچوونێکیان نییە پێشنیاری بکەن، بۆیە ڕەخنە لەسیاسەتەکانی حکومەت دەگرن. لەڕاستیدا سەرۆکوەزیران خاوەنی سیاسەتێکە کە لەسەر بەرژەوەندیە نیشتمانیەکانی تورکیا کار دەکات ئەمیش لەڕێگەی برەودان بەدیموکراسی و نزیکبوونەوەی زیاتر لەئەورووپا.

**❖ ئایا ئەو دەنگۆیانە چەندە ڕاستە، کە هەندێ کەس بانگەشەی ئەوە دەکەن و دەڵێن بەلای حکومەتی تورکیاوە پەکەکە و کوردی تورکیا موخاتیب نین لەپرۆسەی ئاشتیدا، بەڵکو تورکیا دەخوازێ پێوەندییەکانی لەگەڵ حکومەت و سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق پێشبخات و وەک موخاتیبی هەموو کورد بیناسێنێ؟**

**مایکل گەنتەر:** ڕاستە تورکیا هێزێکی وەک PKK بە موخاتیبی تەواو لەو پرۆسەیەدا ناناسێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێدەچێت لەودیو پەردەکانەوە پەیوەندییەک لەگەڵ هەندێ کەسی ناو PKK کرابێت. ئەو توانستە بەردەوامەی سەرکردەی بەندکراوی PKK عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ جیهانی دەرەوە و گەیاندنی ڕا و بۆچوونەکانی نموونەیەکی نایابە. هەرچەندە AKP بەئاشکرا ویستی پەیوەندی لەگەڵ DTP دا بکات، بەڵام بەر لەداخستنی DTP ئەو کارە هاوبەشە لەکارکەوت. من وای دەبینم هەردوو پارتی AKP و DTP دڵپیس بوون و دەترسان لەوەی بەهۆی ئەو پرسەوە لەبەرامبەر ئەویتریان لاواز بێت و بدۆڕێت. ئەمەش بارێکی خەمناکە لەبەرئەوەی ئەوانەی ئازار دەچێژن تەنها خەڵکن. من دڵخۆشم بەوەی ئێستا تورکیا خەریکە پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان KRG پێشدەخات، بەڵام ئاشکرایە KRG ناتوانێت بەناوی تەواوی نەتەوەی کوردەوە قسەبکات یان بەناوی کوردەکانی تورکیا. لەڕاستیدا من پێموانییە تورکیا بیەوێت KRG دەستبخاتە ناو کاروبارەکانی ناوخۆییەوە لەبەرئەوەی ڕەنگە بەرەو ئەگەری جیابوونەوە بڕوات.

**ڕۆبەرت ئۆڵسن:** ڕاستە دەوڵەتی تورکیا نایەوێت PKK یان هەر پارتێکی تر ئەو پشتگیری بکات وەک DTP (کە ئێستا بەناوی BDP یە — پارتی ئاشتی و دیموکراتی)

<<<

**مایکل گەنتەر: «سیاسەتی عوسمانیە نوێکانی تورکیا بەرگێک نیيە بۆ کۆلۆنیالیزم»**

هەواڵنامەی کتێب

ببێتە موخاتیب لەدانووستانەکان لەگەڵ حکومەتدا. لەم سۆنگەیەوە تورکیا هیواخوازە KRG و کوردەکان لەحکومەتی عێراقیدا، بەهۆی هۆکاری تایبەت بەخۆیان، هەماهەنگی لەگەڵ تورکیا بکەن بۆ نەهێشتنی PKK لەباکووری عێراق و چیاکانی قەندیل. بە مانایەکی تر، تورکیا دەیەوێت KRG ببێت بە ئامرازێک لەیارمەتیدانی تورکیا بۆ هەڵکردن لەگەڵ نیشتمانپەروەریی کورد لەتورکیا و دامرکاندنەوەی. من لەپەرتووکی «خوێن، بڕواکان و هەڵبژاردنی نهێنی: خستنەژێر باری بیروباوەڕی نەتەوەپەرستیی کورد لەتورکیا» (بڵاوکراوەی مازدە ٢٠٠٩) باسی ئەو بابەتەم کردووە. ئەو پەرتووکە لەلایەن بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاڤێستا لەئیستانبوڵ بۆ زمانی تورکی وەرگێڕدراوە و لەسەر ماڵپەڕی ئەلکترۆنی ئەواندا دەستدەکەوێت.

**داڤید فلیپس:** من لەگەڵ ئەو قسەیەدا نیم، بەڵام چەند بەشێکی ڕەنگە ڕاست بێت. لەبەرژەوەندیی تورکیادایە کە پەیوەندیی ئابووری و هەماهەنگیی سیاسی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پەرەپێبدات. لەم بارەیەوەش خەریکە هەنگاوی گرنگ دەنێت لەڕێگەی کردنەوەی خاڵی سنووریی تر و کۆنسوڵگەری گشتی تورکیا لەهەولێر. من ئاگاداری هیچ لێدوان و وتەیەک نیم کە بڵێت حکومەتی هەرێمی کوردستان KRG نوێنەری گشت کوردە، بەڵکو نوێنەری هەڵبژێردراوی کوردەکانی عێراقە.

**❖ لەوەختی خۆیدا لەنێوان مەلا ئیدریس بەدلیسی و دەوڵەتی عوسمانیدا ڕێککەوتننامەیەک هەبوو، ئایا ڕاستە تورکیا هەوڵدەدات لەنێوان بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەک و تورکیا لەلایەکی دیکەدا ڕێککەوتنێکی هاوشێوە هەبێت؟ پێتوایە ئێستا کورد و تورکیا پێویستیان بەئیدریس بەدلیسی-یەک هەبێت بۆئەوەی نوێنەرایەتی هەموو کورد بکات، لەسایەی ئەم ڕۆڵە هەڵکشاوەی تورکیا لەناوچەکە دەیبینێت؟**

**مایکل گەنتەر:** ڕاستە زانا و دیپلۆماتی پایەبەرزی کورد ئیدریس بەدلیسی لەساڵانی ١٥٠٠ ڕۆڵی یارمەتیدەرانەی هەبوو لەڕێککەوتنە گرنگەکانی نێوان ئیمپراتۆری عوسمانی و ئیمارەتەکانی کورد. (بەدلیسی نووسەری کتێبی «هەشت بەهەشت» بوو، کە تێیدا باسی سەردەمەکانی هەشت سوڵتانی عوسمانی دەکات). بەڵام ئەو بارودۆخە سیاسیەی ئەمڕۆکە زۆر جیاوازە و لەو بڕوایەدا نیم تورکیا بیەوێت مەسعود بارزانی نوێنەرایەتیی کوردەکانی تورکیا بکات لەبەرئەوەی ئەمە پرسیار لەسەر سەروەریی تورکیا دروستدەکات.

**ڕۆبەرت ئۆڵسن:** پێمو ایە لەبەرژەوەندیی کوردی عێراق و تورکیادایە، ڕێگەنەدەن ئەنقەرە، واشنتۆن یان بەغداد پەرە بەسیاسەتگەلێک بدەن کە کوردەکانی عێراق لە دژی بزوتنەوە نیشتمانیەکانی کورد لەتورکیا بوەستێننەوە، ئەمەش شتێکە ئەمریکا و حکومەتی عێراق و تورکیا دەیانەوێت.



هەواڵنامەی کتێب

**پرۆفیسۆر ڕۆبەرت ئۆڵسن مامۆستای سیاسەت و مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە زانکۆی کینتاکی لەبەشی مێژوو. دکتۆرای لەزانکۆی ئیندیانا لەساڵی ١٩٧٣ وەرگرتووە و تایبەتمەندە لەمێژووی ئیمپراتۆریای عوسمانی و سیاسەتی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناوین. خەڵاتی باشترین پەرتووکی ساڵی ١٩٩٩-٢٠٠٠ ی لەکۆمەڵەی لێکۆڵینەوەکانی جیهانی سێیەم (Third World Studies Association) وەرگرتووە.**

**خاوەنی چەندین پەرتووکە لەسەر ئیمپراتۆریای عوسمانی و نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتیش پرسی کورد لەڕۆژهەڵاتی ناویندا، لەم پەرتووکانە:**

**ئابڵۆقەی موسڵ و پەیوەندیەکانی فارس و عوسمانی (١٩٧٥)**

**بەعس و سوریا لەساڵانی ١٩٤٧ تا ١٩٧٩ (١٩٨٠)**

**سەرهەڵدانی نەتەوەپەرستیی کورد و شۆڕشی شێخ سەعید لە ساڵانی ١٨٨٠ تا ١٩٢٥ (١٩٨٩)**

**سەرهەڵدانی نیشتمانپەروەریی کورد (١٩٩١)**

**بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لەساڵانی ١٩٩٠: کاریگەریی لەسەر تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (١٩٩٦)**

**نووسەر ئەمانەو چەندین پەرتووک و بڵاوکراوە و توێژینەوە و وتاری تری لەسەر پرسی کورد و پرسەکانی تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوین نووسیوە.**

**داڤید فلیپس:** لەپرسیارەکەی پێشووتردا وەڵامی ئەو پرسیارەم دایەوە.

**❖ سەردانی ئەحمەد داود ئۆغلو بۆ هەولێر دەسپێکی قۆناغێکی نوێ بوو لەپەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و ئەنقەرە، ئایا پێتوایە تورکیا بەکردنەوەی کونسوڵخانەی گشتی و ناوچەیەکی بازارگانی ئازاد و زیادکردنی ئاستی ئاڵوێری ئابووری و سەرمایەگوزاری چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان لەداهاتوودا؟**

**مایکل گەنتەر:** بەرهەڵستیی سیاسیی تورکیا بەرامبەر KRG لەکۆتاییدا لەساڵی ٢٠٠٩ ئاراستەکەی ڕێڕەوی گۆڕا. حکومەتەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان — کە ڕەگوریشەیەکی ئیسلامی سیاسی هەیە بەڵام ئێستا تەنها پابەندن بەئەژێندایەکی عەلمانی — زۆر لەوەپێش هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەری تازەی داوە بۆ پرسی کورد لەتورکیا. لەمانگی ئایاری ٢٠٠٩ ئەردۆگان داوای لەنووسەری پەرتووکی «قووڵایی ستراتیژی» (Strategic Depth) پرۆفیسۆر ئەحمەد داود ئۆغلو کرد ببێتە وەزیری دەرەوەی تورکیا و سیاسەتی دەرەوەی نوێی وڵاتەکەی بناسێنێت. ئەو ستراتیژە تازەیەی تورکیا، کە هەندێ بە نیۆ عوسمانیزمی ناودەبەن، جەخت لەسەر بەردەوامیی پەیڕەوکردنی هێزی نەرم یان کاریگەریی ئەو وڵاتە لەو ناوچانەی جاران لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانیدا بوون دەکاتەوە، چەمکی تورکایەتی (تورکپەرستی) فەرامۆشکرد و زیاتر لایەنگیری لە فرە نەتەوەیی و دەوڵەتی جیهانپەرستی کرد. لەنێو ئەمانەشدا، ئەو هەڵوێستە مانای بەلاوەنانی ترسە کۆنەکەی تورکیایە لەکورد و پاڵپشتیکردنیان بوو بۆ سەرکەوتنیان. دوای چەندین لێدوانی دڵنیاکردنەوە لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆک مەسعود بارزانی و سەرۆک کۆماری عێراق سەرۆک جەلال تاڵەبانی سەبارەت بەپرسەکانی PKK و کەرکوک و کامپی مەخموور، داود ئۆغلو و وەزیری بازرگانی تورکیا زەفەر چاگلایان لە ٣١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩ سەردانی هەولێریان کرد بۆ ئەوەی زیاتر پەرە بەو لێکنزیکبوونەوە و ئاشتەواییە بدەن. لەئەنجامدا وەزیری ناوخۆی تورکیا بەشیر ئەتاڵای کە ئەویش لەکۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٩ وەک کەسایەتییەکی دیاری نێو کرانەوەکەی تورکیا بەرامبەر کوردی وڵاتەکەی، لە ٢١ی دیسێمبەر سەردانی هەولێری کرد. بارزانی ستایشی دەستپێشخەرییەکەی تورکیای کرد بۆ پرسی کورد و ڕایگەیاند چۆن تورکیا دەتوانێت وەک پردێک لەنێوان عێراق و ئەورووپا مامەڵە بکات، بەهەمانشێوە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەتوانێت ببێت بەپردێک لەنێوان تورکیا و بەشەکانی تری عێراق و ناوچەی کەنداو. لەهەمووی گرنگتر هەردوولا ڕازی بوون لەسەر کردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیا لەهەولێر. کردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیا بەئاشکرا مانای دانپیانانی سیاسی و ئابووریی تورکیا بە KRG دەگەیەنێت، بۆیە ئەو ڕێککەوتنە

**<<< ڕۆبەرت ئۆڵسۆن: سیاسەتی «کرانەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوین»ی تورکیا و داود ئۆغلو بۆ سنووردارکردن و پاسیفکردنی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کوردە لەتورکیا**

گەشەسەندنێکی زۆر ئیجابیە بۆ KRG. لەلایەکی ترەوە ئەو کونسوڵخانەیە یارمەتی تورکیا دەدات چالاکییە هەواڵگرییەکانی زیاتر بەسەرکەوتوویی لەهەرێمی کوردستان ئەنجامبدات. کەواتە بەگشتی بارودۆخەکە هەر بە ناسکی دەمێنێتەوە، بەڵام ئێستا تورکیا لەبارێکدایە بۆ ئەوەی ڕۆڵی نیمچە پارێزەرێک بۆ هەرێمی کوردستان ببینێت ئەگەر ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەداهاتوویەکی نزیکدا عێراق جێبهێڵن وەک چۆن دیاریکراوە.

بۆ برەودان بەم پرۆسەیە، پێویستە کوردەکانی عێراق پشتگیری ڕیفۆرمە دیموکراسییەکانی تورکیا بکەن کە یارمەتیدەرە بۆ ئەگەری ئەندامبوونی تورکیا لەیەکێتی ئەورووپا، بەمەش ڕێگە بۆ چارەسەربوونی کێشەی کورد بەبێ جیابوونەوە لەتورکیا دەکاتەوە. ئەگەر تورکیا ببێتە ئەندام لەیەکێتی ئەورووپا ترسەکانی لەدروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردەکانی عێراق بەرەو کەمبوونەوە دەچێت لەبەرئەوەی ئەندامبوون لەیەکێتی ئەورووپا گەرەنتی پارێزگاری لەسنوورەکانی تورکیا دەکات. جگە لەوەش لەکاتی ئەندامبوونی تورکیا لەیەکێتی ئەورووپا، کاریگەریی سوپای تورکیا لەسەر بڕیارە سیاسییەکان سەبارەت بەپرسەکانی وەک کوردی عێراق نامێنێت. حکومەتێکی مەدەنیی تورکیا لەچوارچێوەی یەکێتی ئەورووپادا کەمتر لەدەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردەکانی عێراق دەترسێت. دەستپێشخەریە خەیاڵییەکانی سەرۆک کۆماری پێشووی تورکیا تورگوت ئۆزال بەرامبەر کورد لەساڵانی ١٩٩٠ دەریدەخات کە ئەو بۆچوونانەی سەبارەت هەماهەنگیی کورد و تورک لەڕاستیەوە دوور نییە. لەلایەکی ترەوە، ئەگەر تورکیا لەئەندامێتی نێو یەکێتی ئەورووپا بێبەش بێ، ڕەنگە بەردەوام بێت لەوێناکردنی پرسی کورد وەک پرسە ئەمنییە نیشتمانییە ترادیسیۆنەکان کە دژی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردین لەعێراق. لەکاتی نائومێدبوونی لەئەورووپا ئەگەر زۆری هەیە تورکیا هەوڵی بەدەستهێنانی یارمەتی بدات لەسوریا و ئێران، ئەو دوو وڵاتەی ئاێستاش لەدژی ئامانجەکانی کورد و وەک دوژمنی کورد ماونەتەوە.

**ڕۆبەرت ئۆڵسن:** خۆی مەبەست تێیدا پتەوکردنی ئەو سیاسەتانەی سەرەوە بوو کە باسمکردن. زۆربەی ئەو سیاسەتانەش بۆ ئاسانکردنی دامەزراندن و دروستکردنی تۆڕەکانی هێڵی گواستنەوەی نەوت و غازە بەناو هەرێمی کوردستان و تورکیادا و دواتریش بۆ ئەورووپا، وەک هێڵی نابوکۆ نەخشە بۆ کێشراو. بەڵام هێڵی گواستنەوەی وزەی تریش جگە لە نابوکۆ نەخشەی بۆ کێشراوە. ڕەنگە سەرکردایەتی کورد لە هەرێمی کوردستاندا پێیوابێت بەشداریکردنی ئەو لەو جۆرە تۆڕانەی وزەدا پێویستیی بەوەیە کە لەگەڵ ئەنقەرە و ئەمریکا بەشدارییکات لەپرۆسەی هەڵوەشاندنەوە و دامرکاندنەوەی بزوتنەوە نیشتمانیە کوردییەکان لەتورکیا تا ئەو ڕادەیەی دەتوانن.

**داڤید فلیپس:** ئەمانە هەنگاوگەلێکی مێژوویین. با لەبیرمان نەچێت کە دوو ساڵ لەوەوبەر سەدان هەزار

هەواڵنامەی کتێب



**دەیڤد فلیپس جێگری بەڕێوەبەری سەنتەری کاری پارێزییە لە ئەنجومەنی پەیوەندیەکانی دەرەوە (Center for Preventive Action at the Council on Foreign Relations) و سەرەڕای ئەو کارەی مامۆستای میوانیشە لە سەنتەری مافەکانی مرۆڤ لە زانکۆی کۆڵۆمبیا. لە ساڵانی ١٩٨٨ وە لەسەر پرسەکانی عێراق دەنووسێت لەو کاتەی سەرۆکی دەزگای مافەکانی مرۆی کۆنگرێس بوو. وەک ڕاوێژکاری پێشکەوتوو لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و سکرتاریەتی نەتەوە یەکگرتووەکان کاری کردووە. چەندین پۆستی ئەکادیمی لە سەنتەری لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی هارفارد و وەک پرۆفیسۆر لە ئەکادیمیای دیپلۆماسیی ڤیەننا وەرگرتووە.**

**خاوەنی چەند پەرتووکێکە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و کورد و پەیوەندیەکانی تورکیا و ئەرمەنیا لەوانە: لەدەستدانی عێراق (٢٠٠٥)، بێدەنگکردنی ڕابردوو: ئاشتەوایی تورکیا و ئەرمەنیا (٢٠٠٥).**

**هەروەها چەندین وتاری دەربارەی عێراق و تورکیا و بەتایبەتی کوردی عێراق و تورکیا لە ڕۆژنامە و گۆڤارە جیهانیەکاندا بڵاوکردۆتەوە وەک نیویۆرک تایمز، وۆڵ ستریت جۆرناڵ و تورکیش دەیلی نیوز و هتد.**

سەربازی تورکیا لەسنوورەکاندا کۆبووبوونەوە و ئامادەی ئۆپەراسیۆنی سەربازی بوون. ئەنقەرە بڕیاریدا کە بەرژەوەندیەکانی هەر تەنها لەڕێگەی ڕێوشوێنی سەربازیەوە ناپارێزرێت بەڵکو لەڕێگەی هەماهەنگیەوە. هەروەها نیازپاکی خۆیشی نیشانداوە لەڕێگەی ئەو ڕێککەوتنە سیاسیانەی کە ئێستا دەستی پێکردووە.

❖ **ڕۆشنبیرانی تورک بەردەوام باسی ئەوە دەکەن کە لەداهاتوودا کورد ئەوەندەی بەتورکیاوە پەیوەست دەبێ، ئەوەندە پێویستناکات خۆی لەکێشەی عەرەب نزیکبکاتەوە، ئەوان گوتار و دیسکۆرسیان ئەوەیە کە، کورد پێویستە لەڕێی تورکیاوە لەدەروازەی ئەورووپا نزیکبێتەوە زیاتر لەوەی لەعەرەبی شیعە و سوننە و خیتاباتی عێراقی نزیکبێتەوە، تۆ ئەو بۆچوونانە چۆن هەڵدەسەنگێنیت، پێتوایە پتر خیتابێکی سیاسییە یان ئابوورییە؟**

**مایکل گەنتەر:** من هەمیشە بڕوام بەو تورکیایە باشە هەیە، کە دامەزرێنەرە مۆدێرنەکەی کەمال ئەتاتورک خەونی پێوە دەبینی. ئەو تورکیایە بەپێگەکەی خۆی لەجیهان ئاسوودەیە و لەداهاتوودا دەچێتە ناو بازنەی شارستانیەتی سەردەم کە ئەمڕۆ بەیەکێتی ئەورووپا دەگوترێت. وەها تورکیایەک لەکورد ناترسێت بەڵام هەوڵی قایلکردنیان دەدات و تەنانەت مافە دیموکراسی و سروشتیەکانیشیان دەپارێزێت. بەڵام عەرەبی باشوور کێشەدارتر و گوماناویترن و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتەحەددایەک دەزانن بەرامبەر ئەوەی ئەوان وەک شانشینی عەرەب دەیبینن. چەندی پێدەچێت تا حکومەتی بەغدا ئەوەندە بەهێز بێت بۆ لاوازکردنی KRG؟ ئەمریکا لەو زووانە عێراق جێدەهێڵێت و KRG پێویستیی پارێزگار و هاوبەشێکی هەرێمی دەبێت؟ تورکیا و KRG هەردوولایان سوود لەپەیوەندیی هاوبەشی نێوانیان دەبینن.

**ڕۆبەرت ئۆڵسن:** ئەم پرسیارە وەڵامەکەی لەلای کوردەکانی عێراقە، بەڵام بەبڕوای من پێویستە کوردەکانی عێراق و تورکیا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەورووپا، حکومەتی عێراقی، ئێران و سوریا و دەوڵەتانی تر باش بکەن. کورد پێویستە پەیوەندیی باشی لەگەڵ گشت لایەکدا هەبێت. ئەگەر کورد هەوڵی بەرەوپێشبردنی پەیوەندیەکانی بدات لەگەڵ تورکیا و ئەوانی تر فەرامۆشبکات ئەوا هەڵەیەکی گەورە دەکات.

**داڤید فلیپس:** من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیم. حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی پتەوکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ تورکیادا خۆی دەخاتە پێگەیەکی بەهێزەوە. ئاشتەوایی لەگەڵ تورکیادا کاریگەریی ئیجابی لەسەر پەیوەندیەکانی نێوان عێراقیەکان دەبێت و یارمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەدات بەشێوەیەک سووربێت لەسەر بەرژەوەندیەکانی کە گونجاو بێت لەگەڵ دەستووری عێراق، ئەمەش دەبێتە هۆکاری دروستبوونی پەیوەندی باش لەگەڵ عەرەب و عێراق.

**❖ ئایا ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا لەکۆتایی ساڵی ٢٠١١ عێراقیان بەجێهێشت، ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی دووبارە شەڕ و بارگرژییەکان لەنێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان سەرهەڵبدنەوە؟**

**مایکڵ گەنتەر:** بێگومان کشانەوەی ئەمریکا لەعێراق ئەگەری سەرهەڵدانی مەترسی و نیگەرانی هەیە بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان. زیاتر لەبەرئەوەشە کە پێویستە KRG لەگەڵ تورکیا بگات بەخاڵی لێکتێگەیشتن. تورکیاش بە پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتەی دەرەوە لەگەڵ دراوسێکانی، ئەگەری زۆری هەیە لەو لێکتێگەیشتنە بگات بە ئەنجام. تورکیا ناتوانێت بەبێ گۆڕانکاری بەرامبەر پرسی کورد بەو سیاسەتە نوێیەی دەرەوەی بەرەو پێشبچێت. بۆیە کارکردن بەسەرکەوتوویی لەگەڵ کوردەکان لەبەرژەوەندیی نیشتمانیی تورکیادایە.

**ڕۆبەرت ئۆڵسن:** بەر لەهەموو شتێک ئێستا ئەمریکا خەریکی کشاندنەوەی هێزەکانی نییە لەعێراق. بەلای کەم ٥٠،٠٠٠ هەزار سەرباز لەدوای خۆی جێدەهێڵێت، ئەمە جگە لەوەی ڕەنگە ٥٠،٠٠٠ هەزار سەربازیش وەک کۆنتراکت لەگەڵ ستافی فەرمانبەرانی مەدەنی بمێننەوە. لەڕاستیدا ڕەنگە پێچەوانەی ئەو پرسیارە ڕوویدات. فشار و داواکاری زیاتری حکومەتی بەغدا و ئەگەری پێکدادانی چەکداری لەسالانی داهاتوودا ڕەنگە مانای ئەوە بێت کە هەرێمی کوردستان و تورکیا پێویستیان بەوەبێت تا دەکرێت پەیوەندیەکانیان پتەوتر بکەن.

**داڤید فلیپس:** لەکاتێکدا تورکیا دەزانێت حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ڕێنماییەکانی حکومەتی ئەمریکا مامەڵە دەکات، بۆیە بڕیاریداوە کە لەبەرژەوەندیی نیشتمانی خۆیدایە پەیوەندیەکانی لەگەڵ KRG باشبێت، بەهەمانشێوەش KRG یش لەهەوڵی باشترکردنی پەیوەندیەکانیەتی لەگەڵ تورکیا لەبەرئەوەی دەزانێت داهاتووی بەڕۆژئاواوە بەندە و تورکیاش کەناڵێکە بۆ ئەوروپا و جیهان.

**❖ چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە حکومەتی ئەردۆگان دەیەوێ ڕۆڵ و سنووری تورکیا لەناوچەکە و جیهانی ئیسلامیدا گەورەتر و فراوانتر بکات، ئەمریکاش چاوی لەوەیە پرۆژەکانی خۆی لەڕێی تورکیاوە بەڕێوەببات، ئایا تورکیا هەوڵدەدات وەها ڕۆڵێک بگرێتە ئەستۆی خۆی بۆئەوەی ببێتە هێزێکی ناوچەیی گەورە؟**

**مایکڵ گەنتەر:** ئاشکرایە تورکیا لەڕێگەی ئەو سیاسەتە نوێیەی دەرەوەی کە بریتیە لەسیاسەتی بێ کێشە لەگەڵ دراوسێکان هەوڵی فراوانکردنی ڕۆڵە هەرێمیەکەیەتی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. سەرۆکوەزیران ئەردۆگان و وەزیری دەرەوە داود ئۆغلو بەم بیر و بۆچوونە کۆن و ترسێنەر و پەراوێزخەرانەی زۆرێک لەوانەی پێش خۆیان کۆسپیان ناخرێتە پێش. ئەو جەختە نوێیەی تورکیا لەسەر «هێزی نەرمی» ئەو وڵاتە لەکاریگەریی سیاسی و ئابووریی ئاشتیانە و سروشتیانە دەتوانێت ببێتە کاریگەریەکی زۆر ئیجابیانە لەسەر هەموو ئەوانەی هەوڵی بەدەستهێنانی ئاشتی سەقامگیری دەدەن لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی کوردەکان.

> **داڤید فلیپس: حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی پتەوکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ تورکیادا خۆی دەخاتە پێگەیەکی بەهێزەوە**

**ڕۆبەرت ئۆڵسن:** وەک ئەحمەد داود ئۆغلۆ بەردەوام جەختی لەسەر دەکاتەوە، تورکیا خوازیاری پەیوەندیی باشی ئابووری و سیاسیە لەگەڵ گشت دراوسێکانی. پێموانییە تورکیا مەبەست یان توانای داگیرکردنی دراوسێکانی هەبێت یان هەر جۆرێک لەسیاسەتی عوسمانیزمی نوێ جێبەجێ بکات، هەر هیچ نەبێ لەگەڵ عێراق سەرکەوتوو نابێت، یان ئێران و سوریا. هەروەها ئێران هەرگیز بەشێک نەبووە لەئیمپراتۆری عوسمانی. بەلام سیاسەتی «کرانەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست»ی تورکیا و داود ئۆغلو بۆ سنووردارکردن و پەراوێزخستن و ناچالاککردنی بزوتنەوە نەتەوەییەکانی کوردە لە تورکیا: ئەو دوو سیاسەتەی زۆر بە ئاڵۆسکاوی تێک هەڵکێشراون. داود ئۆغلو هیواخوازە لەڕێگەی پەیوەندیەکی باشی ئابووری لەگەڵ عێراق و سوریا و ئێران باشتر ڕووبەڕووی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کورد لەهەر چوار وڵاتدا ببنەوە. وەک ئاماژەم پێدا تورکیا هیواخوازیشە ئەو سیاسەتانە یارمەتی بدەن تاوەکو ڕووبەڕووی تەحەدای نەتەوەپەرستیی کورد ببنەوە لەو وڵاتەدا.

**داڤید فلیپس:** سیاسەتی تورکیا بریتیە لەهەبوونی پەیوەندیەکی باش لەگەڵ گشت دراوسێکانی. دەکرێت لەڕێگەی کاریگەری دانان لەسەر ئێران بۆ پێشێل نەکردنی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتیەکان و ناوبژیوانیکردنی ئیسرائیل و سوریا و دەرفەتە هەرێمیەکانی تری ناوبژیوانیکردن ببێت بەهێزێکی ئاشتی و سەقامگیری لەهەرێمەکە. بەمشێوەیە تورکیا بەشداربوونێکی بەسوود و بنیادنەرانەی هەیە، کە بەتەواوی هاوئاهەنگە و هارمۆنییە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا.

**❖ هەندێ لەچاودێرانی سیاسی، سیاسەتی ئێستای تورکیا دەرهەق بەدەر و دراوسێکانیدا بەزیندووکردنەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانی دەچوێنن، وەک ئەوەی ئەو سیاسەتە بەرگێکی کۆلۆنیالیزمی ئیمپراتۆریانەی پۆشیبێت. ئایا سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەبەرامبەر دەرودراوسێکانیدا بەڕاستی عوسمانیزمێکی تازەیە؟ ئایا عوسمانییەت وەکو میتۆدێک چ تورکیایەک بەرهەمدێنێت؟ تورکیایەکی ئیمپراتۆری یان وڵاتێکی ئاییني دابڕاوی نێو وڵات؟**

**مایکڵ گەنتەر:** سیاسەتە عوسمانیزمە تازەکانی تورکیا بەرگێک نییە بۆ کۆلۆنیالیزم. بەڵکو، وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، پابەندبوونێکی زیاتر بایەخدار و ڕاستەقینەیە لەسەر تورکیا بۆ بەکارهێنانی هێزی نەرم لەو هەوڵە ئابووری و سیاسییە ئاشتیخواز و ئیجابیانەی کە لەقازانجی تەواوی ناوچەکەدایە. ڕێککەوتنی ئەم دواییەی نێوان تورکیا و ئەرمینیا و ڕۆڵی تورکیا وەک ئەندامێکی ناهەمیشەیی لەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دوو نموونەن لەچەندین نموونەی دیار.

**ڕۆبەرت ئۆڵسن:** من پێشتر ئەو پرسیارەم دایەوە، تەنانەت ئەگەر تورکیاش بیەوێت پەیڕەوی وەها سیاسەتێک بکات، ناتوانێت.

هەواڵنامەی کتێب

# پەیوەندی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستانی عێراق؛ رابردوو و داهاتوو

موراد عەلی جوان/ ستۆکهۆڵم*



لە ٣٠ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩ وەزیری دەرەوەی تورکیا ئەحمەد داود ئۆغلو و زەفەر چاغلایان وەزیری دەوڵەت- بەرپرسی کاروباری بازرگانی دەرەوە، لەگەڵ وەفدێکی ٧٠ کەسی بەسەردانێکی رەسمی گەیشتنە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراق. سەرەتا چاویان بە سەرۆکی هەرێم و سەرۆک وەزیران و ژمارەیەک لە بەرپرسانی دەوڵەت کەوت. جێگەی باسە لە ناوچەکەدا ماوەیەکی درێژە ئەو ترافیکە دبلۆماسیەی نێوانیان و تەنانەت ناوە ناوە ئەو پەیوەندییە بە ئاڵۆزیشی بەخۆیەوە بینیووە، واتا لەسەردەمێکدا ئەو پەیوەندییە بەرەو دابڕان دەچوو. ئەگەرچی بۆ ئەوەی لە نێو خودی تورکیا و دەورووبەریشدا رێگا لە کۆمەڵێک نارەحەتی و تەنگەتاوی نەکاتەوە، وەفدەکە بەبیانوی گەشتەوە سەردانی هەرسێ شاری؛ موسل، بەسرە، هەولێریان کرد. بەرلە ٣٠_١٠ سەردانی بەسرە کرا. دوای ئەوەی دەمەو ئێوارە گەرانەوە هەولێرو شەویان لەوێ بەسەر برد، رۆژی دواتر بەرەو موسل کەوتنە رێ. بەڵام ئەو جۆش و خرۆشەی کە لە سەردانی هەردوو وەفدەکەدا بەدی دەکرا بەتایبەت لە گەشتەکەیان بۆ هەولێر واتایەکی تایبەتی لە خۆدەگرت.

سەرەرای ئەوەی؛ لە هەڵوێستی وەفدە میوانەکەدا رێک و راست بینینی ئەم واتا تایبەتیەش نەبیندرابێت، بەڵام دوای ئەو پشێوازییە گەرم و گوڕەی لە وەفدەکە کرا، هێمایەک بوو بۆ دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێ لە نێوان هەردوولادا. وەفدەکەی تورکیا لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر لەلایەن هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراقی فیدرال پێشوازی لێکرا. ئەو منداڵانەی کە بەخێرهاتنی داود ئۆغلو و وەفدەکەیان کرد بە دەستی راستیان ئاڵای تورکیا و بەدەستی چەپیشیانەوە ئاڵای کوردستان و عێراقیان دەهەژاند ئەو. ئۆتۆمبیلەکەی کە داود ئۆغلۆی لە فرۆکەخانە برد بۆ کۆشکی سەرۆکایەتی، دیسان لەلای راستی پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکە ئاڵای تورکیا و لای چەپی پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکەش ئاڵای کوردستان و عێراقی لەسەر بوو. بە درێژایی رێگا هەرسێ ئاڵاکە دەشەکانەوە. لەکۆشکی سەرۆکایەتیدا نوێکاریەک هەبوو. بەگوێرەی ئەو نوێکاریەی کەکرابوو رەزامەندی هەردوولای لەسەر بووە؛ یان لانی کەم پێدەچێت بیرلە نیگەران بوونی وەفدی میوان نەکرابێتەوە. وەفدی میوانیش دوو دڵیەک یان ناڕەزایی بونێکیان نیشان نەداوەو لە هەموو قۆناغەکان رازیبوونی خۆیان هێناوەتە سەر زمان.

بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی لەراگەیاندنەکانی تورکیادا ئاشکرابووە، دەڵی پەیوەندی وەفدەکەی تورکیا لە لەو بێدەنگییەی هەیەتی هەر بەردەوامە. بەتایبەتی

>> **لەسەردانێکی عەبدوڵلا گویلی سەرۆک کۆماری تورکیا بۆ ئێران، لەزاری رۆژنامەنووسانەوە بڵاوبۆوە لەدەستووری عێراقدا هاتووە (هەرێمی کوردستان) وەک ستاتۆی هەرێمێکی فیدراڵ ئاماژەی پێ کراوە و روونیشی کردۆتەوە کە ئێمە لە تورکیا دەستوری عێراق دەناسین و دان بەهەموو ماددەکانی دادەنێین**

لە بڵاوکراوە رەسمیەکاندا، تەنانەت لەدەستنووسی دیدارەکانیش بە هەستیاری، خۆی لەو هەڵوێستە بەدوور گرتووە کە تورکیا (یان لەوە راستتر بڵێین حکومەتی AK پارتی پێ بخرێتە نێو فشارەوە.) ئەگەر بەڕوونکردنەوەی راگەیاندن باوەربکرێت، بۆ نموونە لە دەستنووسە رەسمیەکاندا ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکورتکراوەیی بەم شێوەیە نوسراوە (IKBY). ئەم روونکردنەوەیە بە دوو شێوە دەخوێندرێتەوە، ( حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق) یان ( حکومەتی هەرێمی باکوری عێراق).

بەڵام لەلایەکی دیکەوە بەر لە چاوپێکەوتنەوەکانی ٣٠- تشرینی یەکەم لەسەردانێکی عەبدوڵلا گویلی سەرۆک کۆماری تورکیا بۆ ئێران، لەزاری رۆژنامە نووسانەوە بڵاو بۆوە لە دەستووری عێراقدا هاتووە (هەرێمی کوردستان) وەک ستاتۆی هەرێمێکی فیدراڵ ئاماژەی پێ کراوە و روونیشی کردۆتەوە کە ئێمە لە تورکیا دەستوری عێراق دەناسین و دان بەهەموو ماددەکانی دادەنێین کە لە دەستوردا هەن. ئەمەش دێتە ئەو واتایەی تورکیا لە نزیکەوە هەرێمی کورستانی عێراق بناسێت و لەگەڵ حکومەتەکەیدا بکەوێتە نێو قۆناغێکی نوێ و دیالۆگی رەسمی و هاوکارییەوە. ( ١ )

## لە کوێوە بۆکوێ

لە راستیدا پەیوەندی تورکیا و عێراق- کوردستان نوێ نیە، دەگەڕێتەوە بۆ رابردوویەکی دوور. بەڵام ئەم پەیوەندیانە لە رابردوودا یان نکۆڵی و قڕکردن و دوژمنایەتی، یانیش لەگەڵ دوژمنی دوژمنەکانی هاوکاری و لەوانەیە سیاسەتی بەشەڕدان بووە لەگەڵ کوردەکانی تورکیا.

هەمیشە تورکیا بە ترس و گومانەوە لە کوردەکان نزیک بۆتەوە، سەرەتاکەی تێکۆشانی ئەوان بەرامبەر حکومەتی عێراق، بەتایبەتیش کەمتەرخەمیان لەبەدەستخستنی دەستکەوتەکانیاندا نەکردووە. لەرەوشی هەرە باشدا وەک لە سالانی ١٩٨٩-١٩٩٠ دا بۆ ئەوەی کوردەکان خۆیان لە چەکی کۆکوژی سەددام ڕزگار بکەن، لە هەل و مەرجی سەختی زستاندا بەسەدان هەزار کەس کە روویان لە سنورەکانیش کرد، دوابەدوای کۆمەڵێک نیگەرانی و دەرەنجامی پێداگری نەتەوە یەکگرتووەکان، ئینجا توانی دەرگای سنووری وڵاتەکەی بۆ هاوکاریکردنی نێودەوڵەتی و مرۆیی بەروویاندا بکاتەوە.

بۆ ئەوەی زیاتر لەو سیاسەتانەی تا ئەمرۆ هاتووە و لە مەودواش لەو پەیوەندیانەی کەلەسەر بنەمایەکی تازە پێشدەکەون تێبگەین، پێویستە چاوێک بە مێژوودا بخشێنینەوە.

## لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم کوردستانی عێراق بەشێک بوو لە تورکیا ( عوسمانی)

هەروەک دەزانرێ، بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم عێراقی ئەمڕۆ و دەوڵەتی کوێت لەشێوەی سێ ویلایەتی جیاکراوە لە چوارچێوەی سنوری ئیدارەی سیاسی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بوو. ئەم سێ ویلایەتە؛ بە ویلایەتی موسل، بەغدا و بەسرە دەناسران.

لەجەنگی جیهانی یەکەمدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەگەڵ ئەڵمانیا لە دژی دەوڵەتانی ئیئتیلاف (ئینگلتەرا، فەرەنسا، ئیتاڵیا و روسیا) جەنگا. لە ساڵی ١٩١٦ بەگوێرەی پەیمانی سایکس بیکۆ کە لە نێوان دەوڵەتانی ئیئتیلاف مۆرکرابوو، موسڵ (کوردستانی ئەمڕۆی عێراق) دەدرا بە فەرەنسیەکان، بەڵام لەساڵانی جەنگدا بە بەدەرکەوتنی کانە نەوتەکان لە موسڵ و لەبەرامبەر شۆڕشی سوسیالیستی کانونی یەکەمی ١٩١٧ بۆ ئەوەی کاتێک زووتر بکەونە پێش دەسەڵاتداریەتی بەلشەوییەکانی قەفقاس، هەوەسی بەدەست خستنی بیرە نەوتەکان بەخێرایی ئینگلیزەکانی هاندا بەرەو دەست بەسەرداگرتنی ویلایەتی موسڵ. لە ٣٠-١٠-١٩١٩ عوسمانییەکان لە پەیمانەکەی مۆندرۆس موتارەک خۆیان بەدەستەوەدا و ئیمزایان کرد. ١\١٣ تشرینی دووەمی ١٩١٨ ئینگلیزەکان ناوەندی موسڵیان خستەدەست.

یەکێک لەو کۆبوونانەی بەمەبەستی رزگارکردنی تورکیا لە دەست داگیرکەری بەسترا؛ کۆنگرەی سیواس بوو. دوای ١٩٢٠ ئینگلیز دوایین نوێنەری ئەنجوومەنی عوسمانییەکانیان بەلاوە نا. چونکە لە بنەڕەتدا میساقی میللی رزگارکردنی خاکە داگیرکراوەکانی کورد و تورکی بەبنەمادەگرت، ویلایەتی موسڵ و خاکی کوردان کە ئێستا لەژێر دەسەڵاتی سوریادایە لەخۆ دەگرت.

لەشەری رزگاریدا، کورد- تورک هەردوولا وەک میللەتی عوسمانی بەرامبەر داگیرکاری جەنگان. دوای ساڵانی ١٩٢٢ کە بەتەواوەتی لە ئەنادۆڵ دەریان خستن- لە بەڵگەکانی ئاگربەستدا سەرکەوتنی تورکیا لە شەڕەکەدا پشت راست دەکاتەوە - کەوتنە نێو پەیمانی لۆزان و ئایندەی وڵاتیان دەستنیشان کرد.

لەم نێوەندەدا ئینگلیزەکان لە١٩٢١دا کوردەکانی عێراق و موسڵ، واتا کوردستانی ئەمڕۆی عێراقیشیان خستەناو سنووری پادشایەتیەوە.

دیدارەکانی ئاشتی لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ لە سویسرا دەستی پێکرد. مەسەلەی موسڵیش بەدوورو درێژی لەم دیدارانەدا تاوتوێ کرا. وەفدی تورکیا پارێزگارییان لەوەدەکرد کە ویلایەتی موسڵ (موسڵ، کەرکوک و سلێمانی، هەولێر و دهۆکیش کە ئەوکاتە نەبوو) دەسنیشانیان کرد کە زیاتری لە کوردو تورک پێک هاتوون و داوایان کرد کە ئەم ویلایەتە بدرێتە تورکیا، ئینگلیزەکانیش لەگەڵ ئەوەدا بوون کە ئەوەی بۆ دەسەڵاتی پادشایەتی لەساڵی١٩٢١ لە عێراق جێگیریان کردووە بمێنێتەوە. دیدارەکان هەردەچوو درێژەیان دەکێشا. لەدواییدا ئینگلیزەکان سیاسەتی هێشتنەوەی کێشەی موسڵ لە دەرەوەی پەیمانی لۆزان- ی پەیرەوکرد. دوای هەوڵێکی بەرچاوی وەفدی تورکیا؛ دواتر حکومەتی ئەنقەرە ئەم رێگە چارەیەی پەسەند کرد.

لەراستیدا ئەمە یەکەمین هەنگاو بوو کە موسڵی بۆ ئینگلیزەکان بەجێ هێشت. بەڵام لە هەل و مەرجی ئەوکاتەدا، هەتا بڵێی پەسەندکردنی چارەسەرییەکی وەها بۆ TBMM (پەرلەمانی تورکیا) و رای گشتی تورکیا مەحاڵ بوو، چونکە شەڕی رزگاری بەساڵان بەدروشمی میساقی میللی بەڕێوەبرا، وە هەمیشە دووپاتی کردۆتەوەکە هیچ سازشێک لەوەناکرێت و سەرکەوتنیش لەسەر ئەو بنەمایە بەدەست هاتووە.

لە چوارچێوەی میساقی میللی کە لە هیچ هەل و مەرجێکدا دەستبەرداری لێ ناکرێ، ئەمەش لەگەڵ روح و جەستەکاندا ئاوێتە بووە کە موسڵیش لە خۆ دەگرێت. وێرای هەموو شتێک حکومەت بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیەی قبوڵکراوە پەسەندی بکات و لەو لایەنەوە لە ئەنجومەن بریار دەربخات، پێشنیارەکەی برد بۆTBMM (پەرلەمانی تورکیا). پێشنیارەکە لە ئەنجومەندا شۆکێکی گەورەی دروستکردو بووە هۆی کاردانەوەیەکی زۆر توند لە نێوان پارلەمانتارەکان. ئەوانەی زۆر بە توندی رووبەرووی ناڕەزاییەکان بوونەوە پارلەمانتارە کوردەکان بوون.

حکومەت بۆ ئەوەی پێشنیارەکەی فەرز بکات، کەلە بنەمادا دەستبەرداری موسڵ نابێت، بەڵکو تەنها بۆ ماوەیەکی کاتی دوای دەخات، ئەگەر لە نێوان تورکیاو ئینگلتەرا رێکەوتنێک ئەنجام نەدرێت، کێشەکە دەبەنە کۆمەڵەی گەلان و لەوێ رێگە چارەیەک بۆ کێشەکە دادەنێن، بەپێچەوانەوە ئەگەر کێشەی موسڵ بە رێکەوتننامەکە چارەسەر نەکرێت، لە رەوشێکی وەهادا ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ لەگەڵ ئینگلیزەکان دێتە ئاراوە، کە تورکیاش توانای خۆی بۆشەر رانەگەیاندووە، بەمەش پارلەمانتارەکانی خستە ژێرکاریگەری هەرەشەو گورەشەوە.

ئەم هەڵوێستەش بەس بوو بۆ ئەوەی ئەو پارلەمانتارانەی کە بەرەچەڵەک تورک بوون بێدەنگ بکات و مل کەچی پەسەندکردنی پێشنیارەکەبن. ئەوەی کرایە جێگەی باس لەبەر ئەوەی خاکەکە خاکی

کوردان بوو، زیاد لە پێویست وابیر دەکرایەوە کە بەرامبەر کۆمەڵێک بەرژەوەندی، بۆ کەسانی دیکە بەجێ دەهێڵدرێت. بیرکردنەوەی حکومەتیش هەر بەم شێوەیە بوو.

پارلەمانتارە کوردەکان بە بەرچاوەوە خاکەکانیان لەنێو دەست دەردەخرا، کەچی ئاماد بوون بۆ پەسەند کردنی.

دەستبەرنەدانی حکومەت و پەرلەمانتارە بەرەچەڵەک تورکەکان لە مەسەلەی موسڵدا دوو دڵی و نیگەرانیەکی زۆری لای پارلەمانتارە کوردەکان دروست کرد.

بە هەوڵی TBMMو پەرلەمانتارە کوردەکان، رێکەوتنی بەبێ موسڵ و دواخستنی کێشەی موسڵ بۆ ساڵێک، کە پێویستیش بکات، وەفدی حکومەت بیگەیەنێتە کۆمەڵەی گەلان، بە ١٩٠ دەنگ رەزامەندی وەرگرت، دەنگە دژبەرەکانیش ١٣٠دەنگ بوو.

حکومەتی ئەنقەرە بە پەیمانێکی بێ موسڵ، قۆڵی لێهەڵماڵی. لەم نێوەندەدا وێرای هەموو شتێک هەبوونی رێژەیەکی زۆر لەبەر هەڵستکارانی (بەبیانووی ئەوەی کۆتایی بهێنرێت بە راگواستنی کەمینەکان، نەستووری و خریستیانەکان لەشوێنی خۆیان و دەمانەوێت بیانگەرێنینەوە دەڤەری خۆیان.) دەربارەی ویلایەتی هەکاریش مافەکانیان خرانە روو. ئەو لایەنانەی کە لەبۆچوونەکانیاندا پێداگرییان دەکرد و لە کۆنفرانسی ئەستەمبول کە لە ٥ ی حوزەیرانی ١٩٢٤سازکرا بێ ئەنجامیش مابووەوە، کێشەکەی بۆ کۆمەڵەی گەلان بەرزکردەوە. (ئەنیسکلۆپیدیای وڵاتان_ ژمارەی گشتی تورکیا: ٨٣٠٩ )

TBMMسەرلەنوێ هەڵبژاردنی ١ نیسانی ١٩٢٣ی کردە بریارو هەڵبژاردنەکان ئەنجام دران. حکومەت و بیرۆکراتەکانی دەوڵەت و سوپاش هێزی خۆیان بەکارهێنا، بەلانی کەم هەموو بەرهەڵستکارەکانیان پاکتاو کرد.

لە ٢٤ی نیسانی ١٩٢٣ سەرلەنوێ دیدارەکانی لۆزان دەست پێکرانەوە.

پەیمانی لۆزان لە ٢٤ی تەموزی ١٩٢٣ بریارێکی ئیمزاکرد کە کێشەی موسڵ بۆ ساڵێک دوابخرێت. بەگوێرەی ٣ ماددەی پەیمانی لۆزان ئەگەر لەنێو ٩ مانگدا ئینگلتەرا و تورکیا کێشەی موسڵیان لە نێوان خۆیاندا چارەسەر نەکرد، ئەوا بۆ چارەسەری کێشەکە بەرزدەکرێتەوە بۆ کۆمەڵەی گەلان.

سنوری سوریاش بەگوێرەی پەیمانەکەی ساڵی١٩٢١ مایەوە. کە دیدارەکانی لۆزان بەرەو کۆتایی چوو، ئەندامانی پارلەمانیش بۆ ٢ قۆناغ دەست نیشان کرا بوو. TBMMلە ١١ئابی ١٩٢٣کۆبۆوە. زۆر بەئاسانی بەیەک دەنگ پەیمانەکە لە پارلەماندا پەسەند کرا.

سەبارەت بە پەیمانەکەی لۆزانیش دیدارەکانی تورکیا- ئینگلیز لە ١٩ی مایسی ١٩٢٤ لە ئەستەمبوڵ دەستی پێکرد. لە دوو کۆبونەوەدا، وەفدی تورکیا کە بۆچوونەکانی خۆیان دەهێنایە زمان دەوترا کە خەڵکی موسڵ لە سێ بەش کە دوو بەشی لە تورک و کورد پێکهاتووە، بەهۆی کەمەنتەوەوە پێویستە لە نێو سنووری تورکیا بمێنێتەوە، بەگوێرەی هیچ پەیمانێکی پێشووش موسڵ لە نێو سنوری عێراقدا نەبووە.

هەرچی نوێنەرەکانی ئینگلیزیش بوون هەروەک لە پێشوو گفتوگۆیان لەسەر بۆچوونەکانی تورک دەکرد، بۆ ئەوەی ویلایەتی موسڵ لە نێو سنوورەکانی عێراقدا بهێڵنەوە رێگای دیوانی دادی لاهای .b.n )یان گرتەبەر.

بۆ کێشەی موسڵ لە ٢٠ی ئەیلولی ١٩٢٤ لە جنێف لە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان دەست بەدیدارەکان کرا. تورکیا ووتی ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە بەدەنگدانی (گەل) موسڵ رێکبخرێتەوە. «ئینگلتەراش بە بیانووی ئەوەی خەڵکەکە دواکەوتووە دژی دەنگدانی خەڵک بوون. لە کاتی دیدارەکانی ئەنجومەندا، بریارێکیان وەرگرت کە هاوسەنگیەکان تێک نەدات و بۆچوونەکانی خەڵکی موسڵیان شێواند و هەرسێ وڵاتی پەیوەندیدار ( ئینگلتەرا، تورکیا، عێراق) بەرەسمی دیداریان لەگەڵ ئەنجامدان و بە پشت بەستن بەوان راپۆرتێک ئامادە کرا.» ( ئەنیسکلۆپیدیای وڵاتان- ژمارە ٨٣٠٩ ).

لە ٣٠ئەیلولی ١٩٢٤ کۆمیسیۆنی ئەنجومەنی گەلان کە لە سێ کەس پێکهاتبوو، لێکۆڵینەوەیان لەسەر لەلایەنی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ویلایەتی موسڵ کرد، جیا لەوەش چوو بۆ بەسەرکردنەوەی لایەنە جیاوازەکانی ئەو ویلایەتە تاوەکو لە نزیکەوە پەیوەندی بە خەڵکەوە بکات، لەگەڵ سەرکردەی کۆمەڵگاکانی دیکە دیداری ئەنجام دا و دەرئەنجامی هەموو ئەم کارانە راپۆرتێکی ئامادە کرد و پێشکەشی کۆمەڵەی گەلانی کرد.

کۆمسیۆنەکە سەرەتا چوو بۆ لەندەن، ئەستەمبوڵ، ئەنقەرەو بەغداد چاوی بە کاربەدەستانی هەرسێ دەوڵەتەکە کەوت. لە ٢٧ی کانونی دووەمی ١٩٢٥یش گەیشتە موسڵ. دوای چەند رۆژێکیش ئەندامانی کۆمسیۆن و ئەوانەی لەگەڵیان دابوون، شار، شارۆچکەو گوندەکانی خاکی کوردستانی ئێستای عێراق گەران. لەم نێوندەدا هەولێر، کەرکوک و سلێمانیشیان بەسەرکردەوە و چاویان بە کۆمەڵێک کەس کەوت. کۆمسیۆنەکە لە نیسانی ١٩٢٥گەیشتە جنێف و لە ١٦ی ئەیلولی ١٩٢٥راپۆرتەکەیان پێشکەشی

ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان کرد. « KURD U کوردەکان و کۆمەڵەی گەلان» KOMELA GELAN. کەمال مەزهەر ئەحمەد- کاروان (ژمارە R ٢٠١٧ -٢٩)

راپۆرتەکە رەوشی کەمەنەتەوەکانی ولایەتەکەشی بەدەست گرتبوو کە ئەمانەی تێدا هاتبوو:» ئەگەر لێکۆڵینەوە لەسەر لایەنی مەزهەبی هەرێمی موسڵ بکەین، بەگوێرەی بۆچونەکانی کۆمسیۆنەکە دەبێت دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ دابمەزرێنین. چونکە ژمارەی کوردەکان لەکۆی هەشت بەش پێنج بەشی دانیشتوانی هەرێمەکە پێک دەهێنین، ئەگەر لەم روانگەیەوە تەماشای کێشەکە بکەین بێ کەموو زیاد لە هەرلایەکەوە بروانین، یەزیدیەکانیش کە هاوشێوەی کوردەکانن دەبێ بە کورد هەژمار بکرێن. تورکەکانیش لە نێو کوردەکاندا زۆر هەست بەحەوانەوە دەکەن. لە رەوشێکی وەهادا ژمارەی کوردەکان لەکۆی هەشت بەشدا، حەوت بەشی دانیشتوانەکەی پێک دەهێنێت». (Question of the frontier Between turkey and Iraq. Leggue of Nations، Geneva 1925p.57)

ئەو راستیە لەبەر چاوە کە زۆربەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ لە کوردەکان پێکهاتووە. ویستی زۆرینەی خەڵکەکەش ئەوەیە، نە وابەستەی عێراق و نەش وابەستەی تورکیا بێت، بەڵکو لایەنگری دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردییە. هێشتا لەساڵی ١٩١٩ لەسەردەمی شێخ مەحمودی بەرزنجی لە بەرامبەر داگیرکاری ئینگلیز چەندین جار سەریان هەڵدابوو. تەنانەت دەڤەری سلێمانی و هەولێر لەبەرامبەر ئەو هەڵبژاردنەی دەسەڵاتی پادشایەتی عێراق ئەنجامیدا، بایکۆتیان کردبوو.

وێرای ئەمەش کۆمسیۆن لەو پێشنیارانەی کە سەبارەت بە ئایندەی موسڵ و تایبەتمەندی کەمەنەتەوەکان ئاراستەی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلانی کردبوو، داواکاری خەڵکی لەبەرچاو نەگرتبوو. پێشنیاری کۆمسیۆنەکە ئەمە بوو:

«پێویستە ئارەزووی خەڵکەکە بە رەوشی ئابوری و جوگرافییەوە، بە دوو مەرج هەموو خاکەکانی کە لە هێڵی باشوری برۆکسل ماوەتەوە بخرێتە سەر سنوری عێراق.

١. ئەم خاکانە بۆ ماوەی ٢٥ساڵ لە ژێر چاودێری ئینگلیزەکان دا بێت.

٢. ئینگلترا بەباشی مامەڵە لەگەڵ کوردەکاندا بکەن. لەدادگا و قوتابخانەکاندا، کوردەکان لە بەڕێوەبەرایەتیەکاندا هەبن و لێرە گەرەنتی ئەوەبدەن کە زمانی کوردی بە زمانی فەرمی بناسرێت. (یەحیا خەشەب، شەرەفخانی بەدلیسی لەلایەن شاعیری گەورەی کوردستانی ئێران هەژار موکریانیەوە شەرەف نامەکەی وەرگێردراوە کە لە پێشەکی هەردوو پەرتووکەکەدا بەبەرواری١٩٨١، ژمارە ١٤٨- تەهران) چاپکراوە .

تورکیا بە بیانوی ئەوەی ئەنجوومەن دەسەڵاتی ئەوەی نیە بریاری یەکلاییکەرەوە بدات، لە دژی ئەم رەوشە دەوەستێت. ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلانیش لەسەر ئەم هەڵوێستە، داواکەی گەیاندە دیوانی هەمیشەیی دادی نێونەتەوەیی ( دیوانی دادی لاهای d.n.) بەشێوەیەکی گشتی ئەنجوومەنی دیوان دەست نیشانیان کرد کە دەسەڵاتی بڕیاری یەکلاییکەرەوەیان نیە، بەڵام بەپێی ماددەکانی کە موسڵ لە خۆدەگرێت لە پەیمانی لۆزاندا ئەو مافەی داوەتە ئەنجوومەن.

لەهەمبەر ئەو کارانە و کشانەوەی ئەنجوومەنەکانی تورک لە جنێف، ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لە ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٢٥دا بڕیارێکی ساند کە پێشنیارەکانی کۆمسیۆنی لێکۆڵینەوەی پەسند دەکرد.» تورکیا لە کۆتایی دیدارەکاندا گەیشتە ئەو بروایەی بەگوێرەی پەیمانی لۆزان کە لە ٥ی حوزەیرانی ١٩٢٦ ئیمزاکرا، کێشەی موسڵ چارەسەر بووە. بۆ ئەوەی تورکیا بکەوێتە نێو پەیوەندییەکی توندو تۆڵ لەگەڵ ولاتانی رۆژئاوا هەنگاوێکی گرنگی نا.

ئەو رووداوانەی بە تێپەربونی کات هاتنە ئاراوە و بەهۆی ئەو نزیک بوونەوەی لە نێوان حکومەتی ئەنقەرە دروست بوو، ئیدی تورکیا نەک تەنها بەکێشەی موسڵ و تورکەوە خەریک بێت، بەڵکو متمانەی ئەوە دروست بوو کە هاوکارییان بکات لە شەڕی دژی ئینگلیزەکان. هەردوو لایەنیش بۆ ئەوەی لەو سەرئێشەیە رزگاریان بێت، گەیشتنە ئەو بروایەی کە خاکی کوردەکان لە نێوان دەوڵەتانی جیاوازدا دابەش بکەن. تورکیا رازی بوو لەسەر ئەوەی موسڵ لە ژێر چاودێری ئینگلیزەکان گرێدراوی دەسەڵاتی پادشایەتی عێراقی عەرەب دا بێت.

کۆماری تورکیا کە بریارەکەی پەسندکرد، لەگەڵ ئینگلیزەکان و عێراق کەوتە نێو دیدارەوە. دەرەنجامی ئەو چاو پێکەوتنانە بە گوێرەی پەیمانەکەی ١٩٢٦ سنوری نێوان تورکیا و عێراق کە لە برۆکسل دەست نیشان کرابوو، دەبێت بە سنور، بەڵام هەندێک گۆڕانکاری بچووک لە بەرژەوەندی تورکیادا دەکرێت. تورکیا کە لەمافەکانی خۆی لە موسڵ خۆش دەبێت بۆ ماوەی ٢٥ساڵ لە ٢٥ ٪ ی نەوتی موسڵ (بەگوێرەی هەندێک سەرچاوەی b.n ) لە ١٠ ٪ ی بەشەکەی دەدرایێ. دواتر تورکیا لە بەرامبەر ٥٠٠٠٠٠ لیرەی

ئەو راستیە لەبەر چاوە کە زۆربەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ لە کوردەکان پێکهاتووە. ویستی زۆرینەی خەڵکەکەش ئەوەیە، نە وابەستەی عێراق و نەش وابەستەی تورکیا بێت، بەڵکو لایەنگری دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردییە

ئیستەرلینی ئینگلیز لەم بەشەی خۆی خۆش بوو. (ئەنیسکلۆپیدیای وڵاتان_ ژمارەی گشتی تورکیا ٨٣٠٩ )

## لۆزان پشتی کوردەکانی شکاند، ڕێگەی کورد و تورکەکانی لێک جودا کردەوە

هێشتا کە چاوپێکەوتنەکانی لۆزان بەردەوامی دەکرد، بیرکردنەوەی حکومەتی تورکیا و پەرلەمانتارە بەڕەچەڵەک تورکەکان لە بەجێهێشتنی موسڵ، دوودڵی و نیگەرانیەکی زۆری لای پەرلەمانتارە کوردەکان دروست کرد.

«لە بەرامبەر بەرۆم کردنی ئەنادۆڵ و بە ئەرمەنی کردنیان، دوو میللەتی برا کورد و تورک» بە یەکەوە جەنگاون. لە چوارچێوەی میساقی میللی ئەو خاکەی کوردو تورکەکان لەسەری ژیاون بەبنەما گیراوە. نەوەی هەردوو میللەتەکە لە پێناو ئەمە خوێنی خۆیان رشتووە. ئەنجومەنی نوێنەرانی تورکیا دەیووت حکومەت هی هەردوو میللەتەکەیە. هەردوو میللەتی برا خاوەنی مافی هاوبەش و بەرژەوەندی هاوبەش دەبن. دەوڵەتی نوێیان بنیاد دەنا. بەڵام چۆن بوو کە ئێستا زۆرینەی ئەندامانی حکومەت و TBMM بۆ ئیمزاکردنی پەیمانێکی بەبێ موسڵ لە نێوپەلەقاژەدان؟ لەو پەیمانەی کە لە سنوری سوریا لە ساڵی ١٩٢١ بەسترا، فەرەنسیەکان بۆ ئەوەی دیسان بگەڕێنەوە خاکی کوردەکان کە بەجێیان هێشتبوو، هەروەک لە لۆزان داوای هیچیان نەکرد، موسڵیشیان بەجێ دەهێشت. بەڵی چی رووی دەدا؟ گەرنا رێگاکان بەرەو جیابونەوە دەچوون.

کە لە ئەنجوومەن قسە لەسەر کێشەکان دەکرا، پەرلەمانتارە بە ڕەچەڵەک کوردەکان، بە دوو دڵی و گومانەوە دەچونە سەر کورسی. حسین عەونی بەگ پارلەمانتاری ئەرزروم زۆر بە توندی لە دژی پەیمانێکی بەبێ موسڵ دەوەستێت، لە بەرامبەر ئەو چاوسورکردنەوانە دەڵێ «ئەگەر نەبێ ئەوا ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ هەیە». کە وڵات داگیردەکرا، لە هەل و مەرجێکی زۆر لەوە سەختتر میللەت شەڕی خستە پێش چاوی خۆی، بارودۆخی ئەمڕۆی وڵات لە دوێنی باشترە و ئەمانەی ووت:» لەلایەک ئیزمیر داگیرکراوە، لەلایەک دوژمن گەیشتۆتە بورسە، لەلایەکی دیکەش تا ئەسکی شەهیر دێتە پێشەوە، ئێمەش لێرە کۆچ دەکەین. ئەو میللەتەی ئەو رۆژە رۆحی بەرخودانی نیشاندا، پێنج ساڵ بوو لە نێو شەردابووە ( جەنگی جیهانی یەکەم b.n.)، لەگەڵ منداڵەکەی لە ماڵەکەیدا دەسوتا، کە سووپایەکی دوو سەد- چوار سەد کەسی ئامادە دەکرد. ئەم میللەتە بۆ ئامانجەکانی تێدەکۆشا، ئەم ئەنجوومەنە چی لێهات. » ( دانیشتنی نهێنی لەگەڵ ئەفسەران TBMM بەرگی ٤ بڵاوکراوەکانی بانکی کار چاپی دووەم، ژمارە ٩٢- ئەنقەرە، ساڵی ١٩٨٥)

حسین عەونی بەگ ئەوەی دووپات دەکردەوە کە لە راستیدا لەگەڵ شەردا نەبوونە، ئاشتیان ویستووە. بەڵام وێرای هەموو شتێک بۆ ئاشتی نەپاراونەتەوە. ووتی: دواخستنی کێشەی موسڵ گاڵتە پێکردنە بەگەل و وەها درێژەی دا:» ئەگەر بێ تواناین با دەست بەجێ بیدەین. خۆمان هەڵناخەڵەتێنین کوێخاکان. کێشەی موسڵ ساڵێک دوادەخرێت. کوێخاکان ئەمە دێتە چ واتایەک ئەمە گاڵتە جارییە بە گەل. ئەی میسرتان لە دەستی ئینگلیزەکان دەرخست، قوبروستان دەرخست کوێخاکان؟ ئەگەر ئەمڕۆ موسڵت نەداتێ بۆچی سبەی بتداتێ؟» ( ئەنیسکلۆپیدیای وولاتان- ژمارە ٩٣ )

قادر بەگ پەرلەمانتاری دیاربەکر ووتی: شەڕکردن باشترە لە داسەپاندنی ئەو سازشانەی لۆزان. (ئەنسکلۆپیدیای ووڵاتان- ژمارە ١٥٢ )

لە کاتی دیدارەکاندا مستەفا دوراک بەگ پەلەمانتاری ئەرزروم کە چووە سەر کورسی، ئاماژەی بەمانەکرد» تابلێی موسڵ پرسێکی گرنگە. ئەمڕۆ بەندەتان شەڕی چاناکالای چەند بەلاوە گرنگە، ئەوەندەش ئەرزروم، قەرس بۆ تورکیا بەگرنگ دەزانم، ئەوندەش موسڵ بە گرنگ دەزانم» و «دواخستنی مەسەلەی موسڵیش بۆ ئایندە، کاتی دەکەوێتە بەین و پێم وابێت باش نیە.»

هەرە زیاد یوسف زیا بەگ پەرلەمانتاری بتلیس لە بەرامبەر بەجێهێشتنی موسڵ نیگەران بوو (دواتر لە کاتی بزوتنەوەی شێخ سەعید لەگەڵ جبرانلی خالید بەگ پێکەوە لە سێدارەدران.) یوسف زیا رەخنەی لە وەفدەکەی تورکیاش گرت کە لە لۆزان سەبارەت بە گۆڕانکاری لە سنوری سوریا هیچ داواکارییەکیان پێشکەش نەکردووە. ئەو نیگەرانیەی لە بەرامبەر بەجێهێشتنی موسڵیش هەیبووە، بەم چەند دێڕە هێنایە سەر زمان:

«قسە کردن لەم بارەیەوە بە ئەرکێکی سەرشانی خۆم دەزانم. رەوشی جوگرافی موسلأ، پەیوەندی مەزهەبی، شێوەی پێکهاتەکەی، پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لە دوای ئاشتی تەنها بۆ ساتێکیش لە ژێر کاریگەری ئینگلیزو چاودێری ئینگلیزەکان تەحەمول ناکات..»

«هەڤاڵان هیوام دەخواست کە بوترایە موسڵ پارچەیەکە لە تورکیا. چونکە کوردەکان و تورکەکان خۆجێن و بەشێکن لە تورکیا. نیوەی زیاتری کوردە.

<<<

**مستەفا دوراک بەگ پەلەمانتاری ئەرزروم کە چووە سەر کورسی، ئاماژەی بەمانەکرد» تابلێی موسڵ پرسێکی گرنگە. ئەمڕۆ بەندەتان شەڕی چاناکالای چەند بەلاوە گرنگە، ئەوەندەش ئەرزروم، قەرس بۆ تورکیا بەگرنگ دەزانم، ئەوندەش موسڵ بە گرنگ دەزانم» و «دواخستنی مەسەلەی موسڵیش بۆ ئایندە، کاتی دەکەوێتە بەین و پێم وابێت باش نیە.»**

موسڵ لە مێژووی کوردەکاندا بەهاو گرنگیەکی خۆی هەیە. ئەگەر تەنها ئەگەرێک بوایە ئەوەندە نەدەشڵەژام. موسڵ لە مێژووی کوردا جێگەیەکی تایبەتی هەیە. هەڤالان پارچەکردنی مرۆڤێک بە دوو لەتەوە یان لێکردنەوەی هەرکامێک لە ئەندامانی لەشی (چۆن) مەحاڵە، ئەوهاش جیاکردنەوەی موسڵیش لە تورکیا مەحاڵە» ( ئەنیسکلۆپیدیای وولاتان ژمارە ١٦٣)

یوسف زیا بەگ پەرلەمانتاری بتلیس، لە دژی ئەوەی ئینگلیزەکان موسڵیان بۆ دەسەلاتی پاد شایەتی عێراق بەجێهێشت، خاکەکانی ماردین، ئورفا و گازی عەنتابیشیان بۆ سوریای ژێر دەسەلاتی فەرەنسەکان بەجێهێشت، وەهای ووت :

«هەڤالان مرۆڤ پێویستی بە خۆتێرکردن هەیە. ئەمە پێویستی هەموو مرۆڤێکە. ماردین، نوسەیبین، کیلیس، ئورفا، عەنتاب و ئەهالیس-یش پێویستیان بە ژیانکردن هەیە.. هەڤالان ئەوانەی لێرە دەژین ناتوانن سەردان بکەن، چونکە لە نێوان ئەوان و سنوردا بە زەحمەت جێگەی نیو ئەسپ هەیە. خۆی لە شارۆچکە دەژی، زەوی و زارەکەی هێشتا لەوبەرە. ئەمڕۆ دەروات بە پەلە شتێک دەپچڕێت و دەیهێنێت. بەڵام کەس نازانێت سبەینێ فەرەنسەکان بەچ یاسایەک ئەو سنورانە بە خۆیانەوە دەبەستنەوە؟..

هەڤاڵینە ئەم میللەتە ناتوانێت بازرگانی بکات. چونکە لەو دیوی سنور شاری تازە تازە، شارۆچکەی تازە تازە و بازاری تازەیان داهێناوە و بەمۆڵەتی رەسمی هاتووچۆ دەکەن. بەڵام دەچێت ئەو شتەی لەوبەر بەسەد پارە دەفرۆشرێت دەکڕێت و نایەت لێرە بە پێنج قروش بیکڕێت. لەبەر ئەوەش کەس نایەت بۆ بازار و بەداخراوی دەمێنێتەوە. هەڤالان بازاڕ داخراوە. هونەر دەمرێت، چوونکە ئەو ئامێرانەی پێویستیەتی و پێداویستیەکانی لەولا هەرزانترە.. لە رای خوا دووبارەی دەکەمەوە، ئەو پەیمانەی لەگەڵ فەرەنسەکان بەستراوە پێویستیەکی ئەمڕۆییە. هەڤالان ئەمە شتێکی نائاساییە. هەموو مرۆڤەکان بۆری هەناسەیان قەپات بووە، مرۆڤەکانی لای سنورن نوتقیان لە بەر براوە و وادەخنکێن. بۆری هەناسەیان بکەنەوە، باهەناسە هەڵبمژن.» (ئەنیسکلۆپیدیای وولاتان- ژمارە ١٦٤)

هێشتا کە لە نێو خاکی عوسمانیدا بوون، ئەستەمبوڵ پایەتەختی موسڵ، کەرکوک و سلێمانی، بابان زادەکان، بەدرخانیەکان و بنەماڵەی خانەدانەکانی دیکە بووە. دوای پەرتەوازەکردنی میرنشینەکان، ئەستەمبوڵ شارێک بووە بە پلەی دووەم، تەنانەت بە گوێرەی هەندێک کەس بە پلەی یەکەم هاتووە. بەدەیان هەزار کەس کە لە باشوور بوون، بۆ سەربازەکانی عوسمانی و کەسایەتی بیرۆکراسەکان کاریان کردووە و لەگەڵ خێزانەکانیان لەوێ ژیاون. ئەمانە تەنها لە ئەستەمبوڵ نا بەڵکو لە شارەکانی دیکەی تورکیاش ئەرکیان بەجێدەگەیاند. لەگەڵ کێشانی سنوور ئەو بنەماڵانەش پارچە چارچە بوون. هەندێکیان وازیان لە کاری دەوڵەت هێناو چوونە عێراق نەگەرانەوە بۆ ئەستەمبوڵ و تورکیا، هەندێکیشیان بەبێ ئەوەی جارێکی دیکە وارگەکانی خۆیان ببیننەوە و سەردانی بنەماڵەکانیان بکەن لە ئەستەمبوڵ مانەوە. بەڵام لە نێو ئەم بنەماڵانەدا هەندێکیان حەسرەتی ئەستەمبوڵ و هەندێکیان حەسرەتی موسڵ، کەرکوک و سلێمانیان لە دڵدا مایەوە. لەلایەکی دیکەش باشوورییەکان بەهیچ شێوەیەک بۆیان هەرس نەدەکرا کە لە لۆزان موسڵیان لە وولات داپچراند.

لە بەر ئەوەی هەم لە باشوور هەم لە باکوور؛ نەتەوە پەرستی کورد خۆیان بە ئینگلیزو فەرەنسەکان فرۆشت، دەیانویست بە سیاسەتی نکۆڵی و قڕکردن و بەخۆچواندن لەناویان بەرن، بۆیە هەرەزیاد لە تورکەکان پەست بوون. لەدوای ئەوەی تورکیا کێشەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوا لە پەیمانی لۆزان دا هەمووی چارەسەر کرد کۆتایی بە سیستەمی پادشایەتی، خیلافەتی و حکومەتی ئەستەمبوڵ هێنان، تورکیا کەوتە نێو پەیوەندیەکی دیبلۆماسی ئاسایی و ئیدی حکومەتی کۆماری تورکیای نوێ پێویستی بە کوردەکان نەما. ئیتر باس لە کورد و تورکەکان نەدەکرا. کوردەکان بە نرخی نەبوو دادەنران و لە نێو دەزگاکانی دەوڵەت و سوپا فڕێدران. لە بیرۆکراسیەتی دەوڵەتدا، سیاسەتی بەخۆچواندنێکی زۆر تۆخ و بە تورک کردن پەیڕەو کرا. بۆ ئەوەی کوردەکان بهێننەوە لای یەک و بەرامبەر سیاسەتی نوێی دەوڵەت بەرخودانی بکەن، هێرشیان کردە سەر دەزگا سیاسی، کۆمەڵایەتی، دینی و کلتورییەکان. هەندێک لە پێگەی عەشیرەتە کوردەکان، دەزگای شێخ و ئاغاکانیان پاکتاو کرد. هەندێکیشیان کۆچیان کرد وقوتابخانە کوردییەکانی لەژێر ماسکەی (تەدریس تەوحیدی) دا هەبوون داخران. کوردەکانی ئاگری و دێرسم بە رابەرایەتی شێخ سەعید لە بەرامبەر ئەم سیاسەتە بەرخودانیان کرد. لەئەنجامی ناڕەزایی کوردەکان بەرامبەر بەوەی کە دەوڵەت تەنها هی میللەتی تورکە، وای کرد کە کەمالیزمەکان زیاتر هێرش بکەنە سەرکوردەکان.

لەو قۆناغەدا تەنها بەڕێوەبەری باڵادەست و دیکتاتۆرهەبوو. لە رۆژئاوا نازیزم و فاشیزم، لە رۆژ هەڵاتیش ستالینیزم. ئەم کەشەش کاریگەری

**<<< کوردەکانی ئاگری و دێرسم بە رابەرایەتی شێخ سەعید لە بەرامبەر ئەم سیاسەتە بەرخودانیان کرد. لەئەنجامی ناڕەزایی کوردەکان بەرامبەر بەوەی کە دەوڵەت تەنها هی میللەتی تورکە، وای کرد کە کەمالیزمەکان زیاتر هێرش بکەنە سەرکوردەکان**

لــە تورکیا کرد و ڕێخۆشــکەر بوو بۆ تێپەڕ بوونی بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکی نەتەوە پەرستی داپڵۆسێنەر.

پەســندکردنی کوردەکانی عێراق بۆ وابەستە بونیان بــە ڕژێمی پادشــایەتی کە ئینگلیز دەیان ســەپاند، ڕازی نەبوونیان بەو سیاســەتەی کە پەیڕەویان دەکرد وای کرد کە هەمیشــە لە دژیان تێبکۆشــن. بە هیچ شێوەیەک نەکوژانەوەی ئاگری کوردەکان لە عێراق وای لــە حکومەتی تورکیا کــرد دووژمنایەتی لە بەرامبەر کوردەکان زیاد بکات.

تورکیا هەم لە ســووریا لەگەڵ فەرەنســەکان و هەم لە عێراق لەگەڵ ئینگلیزەکان، هەم دوای جیابونەوەی ئەوان لە هەرێمەکەدا لەگەڵ هەر دوو حکومەتی دەوڵەتی عەرەبییــدا لە دژی کوردەکان کەوتنە نێو سیاســەتی هاوکارییەوە. تورکیا هەمان سیاسەتی لەگەڵ ئێرانیشدا بەڕێوەدەبــرد. تەنانەت بەرەو ڕێکخســتنی هەرێمی و نێونەتەوەیش هەنگاوی نــا. پاکەتی بەغداد دواتر لە نێو CENTO جێگــەی گرت. لە نێو NATO دا بەشێوەیەکی ئاکتیڤ سیاسەتی دژایەتی کردنی کورد بالادەست بوو.

تورکیا بەتەنها لە دژی کوردەکانی ناو خۆی نا، بەڵکو لەگەڵ وولاتانی دراوسێش تەنانەت لە دژی کوردەکانی یەکێتی ســۆڤیەتیش کەوتە نێو سیاســەتی دەســت تێوەردانــەوە، وە بۆ ئەوەی کــوردەکان مافەکانیان بەدەست نەخەن کەوتە هاوکاری کردنیان و لە هەندێک هەرێمی جۆر بەجۆردا کەوتە نێو سازشەوە. بۆ ئەوەی لە ئاستی نێو نەتەوەییدا کوردەکان هاوکاری نەکرێن، تورکیا زۆر سازشــی کرد، پشتی لە زۆر داوا کرد کە مافــی خۆی بوون، لە زۆر خاڵدا بێدەگ بوون و ملیان کەچ کرد. لەلایەکی دیکەشــەوە دایــم کوردەکانی بە پشــتەوە بوو. ئەمە لەلایەکــەوە نکۆڵی کردنە، بەلام لەلایەکی دیکەوە بە سیاسەتی دەست تێوەردان هانی کردنەوەی ئیشــتیهای وولاتانی دیکەی دراوسێی دەدا و بە هاوکاری کردنیان هەتا ســەرەتای ساڵانی ١٩٩٠ کان هات .

شــەڕی نێوان عێــراق و ئێران کە ٨ســاڵی خایاند، هێــرش کردنی ســەددام بۆ ســەر کوێت، دەســت تێوەردانی یەکەمی ئەمریکا، بە نوشســتێکی گەورە عێراقی لە کوێت دەرپەڕاند، بەســەر هەڵدانی عەرەبە شــیعەکانی باشــوور و کوردەکانی باکــوور، لە دوای ئەمە کۆڕەوی جەماوەر، بەکارهێنانی چەکی کیمیای و ئەنفال، لە ژێر پاراستنی نەتەوە یەکگرتووەکان لەلای ســەری تورکیا هەرێمێکی پارێــزراو پێکهێنرا، لە نێو تورکیادا کامپی پەنابەران بۆ کوردەکانی باشــوور کە لە دەوستی ڕژێمی ســەددام روویان لە سنور کردبوو کرایەوە. ئەوەش وای کرد کە ڕاستەوخۆ تورکیا لەگەڵ کوردەکانی عێراق بکەوێتە نێو پەیوەندیەوە. لە نیوەی ٨٠ کانــدا لە ١٩٨٤دا ئەو تێکۆشــانەی PKK لە دژی سەربازی تورک دەســتی پێکرد بوو، ڕێگەی بۆ ئەوە کردەوە کە تورکیا لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان ( KDP) و یەکێتی نیشــتمانی کوردستان (PUK ) ڕاستەوخۆ بکەوێتە پەیوەندییەوە. ئەمە ڕاستەوخۆ لە کاتی پەیوەندییەکاندا، بە ئاشــکرا دەبینرا کە جارجار KDP و PUK هێرشیان دەکردەسەر PKK جارجاریش بەتەنها هێرشــیان دەکرد ئەمە هەمووی سیاســەتی دیاری کراوی تورکیا بوو بۆ شکاندنی کورد بە کورد و لاواز کردن و خستنەژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

بەتایبەتی لەســەرەتای ساڵانی ١٩٩٠دا دروستکردنی هەرێمێکی پارێزراو و چاودێری کردنی دەسەڵاتی سەددام لە هەرێمێکی کوردســتانی عێراق بۆ ئــەو ناوچەیە، تورکیا و بەغدادیش ڕەزامەندیان لەســەر سیاســەتی خستنە ژێرکۆنترۆڵی ئەو ناوچەیە هەبوو و پەیڕەویان کرد. لەســەر ئەم بنەمایە لەگەڵ کــوردەکان کەوتنە نێو پەیوەندییەوە، لە ناوچەی سیاسی دا لە ئەوانیان لە دژی یەکتر بەشەڕدا، لەناوچەی هاوکاری مرۆیی ( لە کۆمەڵی نێونەتەوەییدا؛ بەتایبەتی بەویستی ئەمریکا) ڕۆڵی پارێزەریان لە ئەستۆ گرت.

لە سەرەتایی ساڵانی ١٩٩٠ لەکاتی هەڵوەشانەوەی سیســتەمی سۆسیالیســت لــە یەکێتی ســۆڤیەت و هەڵوەشانەوەی پەیمانی وارشۆ جیهان بەرەو سیستەمی یەک جەمسەری چوو. لەشوێنی ئەمانە دا لە ڕۆژهەڵات سیســتەمی جیهانگیری جێگیر بوو. لەو ســەردەمەدا بەپێی پێویســتییەکان لەهەر وولاتێک هەر میللەتێک تێکۆشانی خۆی بەڕێوەبرد، لەم نێوەندەشدا کوردەکان لەئاســتی نێودەوڵەتی دا ئەم مەسەلەیەیان بۆ خۆیان قۆستــەوە. ئەو تورکیایەی کە ساڵانێکی دوور و درێژ کوردەکانی دەتواندەوە و سیاســەتی بە تورک کردنی پەیڕەو دەکرد لەسەریان و وای دەزانی کە هەتا هەتایە ئەو کێشــەیە ســەر هەڵنادادتەوە، کەچی ئەو کێشەیە ســەرلەنوێ بوو بە دەعوایەک لە دەوڵەتی تورکیادا و وولاتەکەی ڕوو بەڕووی گرانترین کێشە کردەوە.

لە بەرامبەر کێشەی کورد بە تایبەتیش PKK، تورکیا پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردەکانی کوردستانی عێراق گەیشــتە ئاســتێک کە ڕۆڵێکی گرنــگ ببینێ. بەلام هەرچەندە پەیوەندییەکان هەســتان و دابڕینیشــی تێدابووبێ، وەلێ دیشاس پەیوەندی نێوان هەردوولایەن بەردەوامی کرد، نوێنەرایەتی KDP و PUK لە ئەنقەرە کرایەوە، ئیدی سەرکردە کوردەکان نەک تەنها بەسەر سوریا و ئێران بەڵکو بەسەر ئەنقەرەش چونەدەرەوە و

**تورکیا هەم لە سووریا لەگەڵ فەرەنسەکان و هەم لە عێراق لەگەڵ ئینگلیزەکان، هەم دوای جیابونەوەی ئەوان لە هەرێمەکەدا لەگەڵ هەر دوو حکومەتی دەوڵەتی عەرەبییدا لە دژی کوردەکان کەوتنە نێو سیاسەتی هاوکارییەوە**

هاتنەوە. بەرپرسی باڵای دەوڵەت لە ئەنقەرە؛ سەرۆک وەزیرەکان، سەرۆک کۆمارەکان، سەرکردە کوردەکانیان پەسندکرد و لەگەڵ ئەواندا چاوپێکەوتنیان کرد. تەنانەت لە سەردەمی سەرۆک کۆمار تورگوت ئۆزال دا بەلانی کەم لەنێو لایەنەکاندا لە ئاستی مەدەنیدا کەشی بەهار هەبوو، سەرکردە کوردەکان دەیان ویست PKK چەک دابنێت و کوردەکانی تورکیا لە ریگەی ئاشتی یەوە بۆ مافەکانیان تێبکۆشان بەردەوام بکەن. بۆ ئەمەش ناوبەریان کردووە.

بەڵام لەبەر ئەوەی کێشەی کوردەکانی تورکیا دراوەتە دەست سووپا، هەمیشە سوپا لە دژی ئەم پەیوەندییە مەدەنیە وەستاوە و ئەو پێشکەوتنە باشانەی کە دەشبوایە روویدەن وەستاندوویەتی.

## شەڕی ABD لە عێراق و تۆناغێکی نوێ

لەسەر ئەم بنەمایە پەیوەندی نێون کوردستان و تورکیا هەتا ساڵی ٢٠٠٣ بەردەوامی کرد. لە ٢٠٠٣ دا ئەمریکا و هەندێک هێزی هاوپەیمان بڕیاری روخاندنی رژێمی سەددامیان دا. ناوچەکە رووبەرووی رەوشێکی نوێ بووەوە. لەسەرەتای شەڕدا ئەمریکا دەویست بەرەی باکووری بۆ هێرشەکانی سەر عێراق، خاکی تورکیا بەکار بهێنێ. تورکیاش ویستی ٦٠ هەزار سەرباز رەوانەی عێراق بکات. ئەمریکا رازی بوو بەڵام کوردەکانی باشوور بەهیچ شێوەیەک ئەمەیان قبوڵ نەکرد. بەتایبەتیش تورکیا سەربازەکانی خۆی لە باکوور جێ بەجێ دەکرد و لەگەڵ سوپای عێراق نەدەکەوتە شەڕەوە. ئەمریکا دەیویست سەربازە تورکەکانیش بەشداری شەڕەکە بکەن. لەم بەینەدا تورکیا کەوتە نێو مامەڵەی ٢٠ ملیار دۆلار لەگەڵ ئەمریکادا. کوردەکان زۆر بەپێ داگرییەوە راشکاوانە بۆ ئەمریکایان دووپاتکردەوە کە سوپای تورکیا قبوڵناکەن. لەم نێوەندە دا سوپای ئەمریکا هەرچی زووبوو دەبوایە دەست بەم شەڕەبکات، بەڵام راوێژی کورد و تورکەکان ئەمریکیەکانی دواخست لە کردنەوەی بەرەی باکوور. لەو کاتەدا پەرلەمانی تورکیا بۆ ئەوەی سوپای ئەمریکا بەنێو خاکی تورکیا دا بەرەو عێراق بچێ، لە ای ئادار حکومەت دانیشتنێکی بۆ ئەم مەسەلەیە کرد، بەڵام بڕیاری پەرلەمانی تورکیا ئەوە بوو کە بە سووپای ئەمریکا نەدرێت کە خاکەکەی بەکاربهێنرێت بۆ لێدانی عێراق. ئەمریکا بەبێ ئەوەی بەرەی باکووری بەدەستەوە بێت کەوتە هێرش کردنی عێراق، سوپایی تورک نەچونە عێراق. لە بەرەی باکوور (لە موسڵ و کەرکوک) پێشمەرگە کوردەکان بەهاوکاری هێزی ئاسمانی ئەمریکا سەرکەوتنێکی مەزنیان بەدەست هێنا لە بەرامبەر سوپاکەی سەددام؛

هەرچەندە رۆڵی کوردەکان بەکەم دەزانران بەڵام ئەو شەڕە وای کرد کە گرنگی رۆڵی کوردەکان ببیندرێت. پێشانیشی دا کە رۆڵی سەربازەکانی تورک لای ئەمریکاییەکان زۆر گەورە کراوەتەوە. رۆڵی کوردەکان لە عێراق تەنها رووخاندنی رژێمی سەددام نەبوو، بەڵکو لەسەر لە نوێ بونیادنانەوەی عێراقیش گرنگی رۆڵەکەیان نیشان دا. رووخانی رژێمی سەددام لە لایەن ئەمریکاوە، کوردەکانی رزگارکرد لە رژێمی خوێناوی. کوردەکانیش لە بونیادنانەوەی عێراق و لە هێشتنەوەی هێزەکانی ئەمریکا رۆڵێکی بەرچاویان گێرا. وە بووە هۆی ئەوەی کوردەکان ببن بەهاوپەیمانی ستراتیژی ئەمریکا لە عێراق.

## دامەزراندنی هەرێمی کوردستانی فیدراڵ

لە ٢٠٠٣ دوای ئەوەی رووخانی رژێمی سەددام پەسندکرا، بەپیاسای بنەرەتی سیستەمی وولاتێکی فیدراڵ دانرا و لە ١٩٩١ لە باکووری عێراق لەلایەن کوردەکانەوە بە رەسمی دەوڵەتێکی فیدراڵ راگەیەنرا.

بەشێوەیەکی بەرچاو ئەمە تورکیای نارەحەت کرد. حکومەتی تورکیا وێرای ئەوەی ئاشنای یاسایی بنەرەتی نوێی دەوڵەتی عێراقیش بوو، وەلێ بەشێوەیەکی سەیر تەماشای ئەو مادادنەی دەکرد کە حقوقی ستاتۆی سیستەمی فیدراڵی تێدایە و باسی دەکرد و روونکردنەوەی رەسمی لەسەر دەدا.

لە سەرەتا عەرەبی سوننە و بەشێک لە تورکمانەکان هەندێکیان هشتا یاسای بنەرەتی دەخرایە دەنگدانی گەلەوە کۆمەڵێک مەرجیان دانا، پشتیان بە گۆڕینی دەستوور بەست. هیوایان بەوە هەبوو کە بەو گۆڕانکاریانەی لە ئایندە لە دەستوردا روویدات سنووری ستاتۆی فیدراڵ تەسک دەکاتەوە.

تورکیا ستاتۆی بەرفراوانی فیدراڵی بەهەنگاوێک بەرەو کوردستانێکی ئازاد لە قەڵەم دا و بە مەترسیەکی دانا لە پارچەکردنی نەتەوەکان و وولات.

تورکیا لە دوای رووخانی رژێمی سەددام هەندێک گۆڕانکاری دروستکرد وەک تەدبیر لەبەرامبەر ئەگەری ئەو هەڕەشانە گرت کە لە رۆژهەڵاتەوە دەهاتن. لە ساڵی ٢٠٠٧ هێزی سوپای تورکیا دەستی بە هەڕەشە کرد. فەرماندەی گشتی ئەمڕۆ ئیلکەر باشبوغ کە ئەوکاتە فەرماندەی گشتی هێزە زەمینییەکانی سوپای تورک بوو بەم شێوەیە هەڕەشەی دەکرد.

١. دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە باکووری عێراق.

٢. کەرکوک بخرێتەسەر پێکهاتەی فیدراڵی باکووری

حکومەتی تورکیا وێرای ئەوەی ئاشنای یاسایی بنەرەتی نوێی دەوڵەتی عێراقیش بوو، وەلێ بەشێوەیەکی سەیر تەماشای ئەو مادادنەی دەکرد

عێراق .

٣. PKK

جەنەراڵ باشبووغ لەو ئاخاوتنەی کە لەکردنەوەی ئەکادیمیای هێزی پیادەی شەڕ لە ٢٤ی ئەیلولی ٢٠٠٧دا کردی ووتی: ئەو تێکۆشانەی تورکیا لە بەرامبەرPKK دەیکات، ناکرێت دابراو لە پێشکەوتنەکانی عێراق و پێکهاتەکانی بەدەست بگیردرێت. کێشەی PKK راستەوخۆ پەیوەندی بە ستاتۆی فیدراڵ و کێشەی کەرکوکەوە هەیە و وەها درێژەی دا:

«.. ئەو پێشهات و پێشکەوتنانەی لە گۆڕەپانی باکووری عێراق هاتنە ئاراوە ماوەیەکی زۆرە ئایندە و ئاسایشی تورکیای خستۆتە مەترسیەوە.. ئەمەش راستیەکی ترە کە ئەو پێشکەوتن و دەسکەوتە سیاسی، حقوقی، سەربازی و بەدەست خستنی هێزی دەروونییەی لە باکووری عێراقدا بەدەست خراوە، هیچ کات لە مێژوودا رووی نەداوە. لەلایەکی دیکەوە دەبێت ئاگامان لەوەش بێت کە ئەم رەوشە کاریگەری لەسەر بەشێکی هاوڵاتیەکانی ئێمەش دروست کردووە کە بەرەوە مۆدێلی ئایدییایەکی نوێوە بیانبات ...»

باشبوغ لە شوێنێکی دیکەش ئاماژەی نارەحەتیەکانی خۆی بەرامبەر پێشواچوونەکانی پێکهاتەی کۆنفیدراڵیەتی عێراق کرد و ووتی: پێکهاتەی دەوڵەتێکی فیدراڵ لە باکووری عێراق، مەترسیەکی گەورەی بۆ تورکیا دروست دەکات. لە راستی دا پارچەبوونی عێراق و ئەو دەوڵەتی فیدراڵەی کە لە باکووری عێراق دروست دەبێت تەنها لەلایەنی سیاسی دا نا، بەڵکو لەلایەنی ئاسایشیشەوە بە پلە یەک مەترسی بۆ کۆماری تورکیا دروست دەکات، ئەمە هەم لایەنی سیاسی هەم لایەنی سەربازی و دەروونیشتی هەیە. ئەوەی هەرە زیاد کە دەبێت تورکیا بەهەستیاریەوە لێی بڕوانێت ئەو شتانەن کە لە باکوری عێراق دا دروست دەبن.»...

«تورکمانی هاوڕەچەڵەکمان لە عێراق کە بوونەتە بەشێک لە لایەنەکانی شەڕ، لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کە لە تورکیا رەوشێکی زۆر جدی بهێنێتە ئاراوە...»

«بۆ ئەوەی تورکیا بتوانێت بە باشترین شێوە چاودێری هەموو ئەم کێشانە بکات، دەبێت بۆ رای گشتی و هەموو دامودەزگا رووبنیکاتەوە کە چۆن کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر تورکیا...

«بەڵکو ئەو هەل و مەرجەی کە تورکیا تێیدایە، بڵێت بەتەنیا تونای ئاراستەکردنی ئەم هەموو پێشکەتنانەم نیە کە لە عێراقدا روودەدەن؛ بەڵام تورکیا دەتوانێت کۆسپ لە بەردەم پێشکەوتنەکاندا بنێتەوە، دەتوانین بڵێین خاوەنی ئەو هێزە نیە کە بودجەکانی زیاد بکات.. هەرچارەسەرییەکی ABD بۆ عێراقی دابنێت، بەبێ هاوکاری تورکیا، ئەوا چارەسەری نیە.. دەبێت ئەوە ببینێت و تێی بگات.» ئەگەر بۆچوونیەکانی ئێمە لەبەرچاو نەگرن و لەشوێنێکی تر لە چارەسەری بگەڕێن ئەوکاتە عێراق بەرەو رەوشی سیاسەتێکی نائارامەوە دەچێت.

دەست پێکردنی شەڕی ئەمریکا لەبەرامبەر عێراق، ستراتیژی ترین هاوپەیمانی کە خاوەنی سوپایەکی بەهێزە لە NATO بە پلە دوو دێت لە مۆڵەتی ١ی ئادار دا رەتی کردەوە، لە گەڵ رووخانی رژێم و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی فیدراڵ بە متمانەیەکی دەستووری ویستی کەرکوکیش بخاتە نێو ئیدارەکەی خۆیەوە، رووبەروو پەیوەندی نێوان تورک- ئەمریکاشی لە بن هێنا. کۆمەڵگای تورک کە زۆر هەواداری ئەمریکا بوون، کەوتە ریزی ئەو کۆمەڵگایانەوە کە هەرە زیاد رق و کینیان لە بەرامبەر ئەمریکادا هەیە. کێشەی کوردەکانی عێراقیش بە گۆڕەی سیاسەتەکانیش نەبوون و لە بەرئەوەی کوردەکانی بە هاوپەیمانی سەرەکی خۆی دەزانی تورکیا دووژمنایەتیەکی گەورەی لەگەڵ ئەمریکادا کرد. سەرەتا سوپا ئینجا بەشێکی گرنگی تورکیا بەردەوام ئاماژەیان بەوە دەکرد کە ئەمریکا دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد دادەمەزرێنێت.

سەرەتا ئەمریکا بە تووڕەیی نزیکی تورکیا بۆیەوە، بەڵام هەردوو دەوڵەت لەبەر ئەوەی بایەخی یەکتریان دەزانی، بەڕێوەبەری هەردوو ووڵات بە سەبرەوە هەوڵی نەهێشتنی تووڕەیی و دڵشکاوی یەکتریان دا، وە بۆ ئەوەی هاوکاری کردنیان بۆ یەکتر بگەیەننە ئاستێکی بەرز هەوڵێکی زۆریان دا. کە ئەمریکا زۆری و زەحمەتی بینی لە سیاسەتەکانی لە عێراق، کە دەرکی بەشکستە مەزنەکەی ئەفغانستان کرد بە پەلە خۆی لە تورکیا نزیک کردەوە.

تورکیا وەڵامی داواکارییە مرۆییەکانی ئەمریکای دایەوە بۆ عێراق. وەک وڵاتێکی دراوسێ کەوتە نێو پەیوەندی ئابوری و بازرگانی لەگەڵ عێراق. بەتایبەتیش ئەمە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا زیاتر پێشکەوت.

ئەمریکا حەساسیەتەکانی تورکیای بەتایبەت لە بەرامبەر کورکوک لەبەر چاو گرت، هەوڵی پێشخستنی نزیک بوونەوەی پەیوەندی نێوان تورک و کوردەکانی دا. بەڵام تورکیا نە لەناو خۆیدا و نەش لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی هەرێم دا لە پەیوەندیەکانیدا نەرم نەبووەوە. سەرەتا حکومەتی پارتی AK و سوپا ئەم سیاسەتەیان پەیرەو کرد. بەڵام لە ٢٠٠٥وە هێواش هێواشیش بێت هیچ نەبێت حکومەت لە ئاستی تەکنیکدا کەوتە نێو پێشخستنی هەڵوێستی جیاوازەوە.

**ئەمریکا حەساسیەتەکانی تورکیای بەتایبەت لە بەرامبەر کورکوک لەبەر چاو گرت، هەوڵی پێشخستنی نزیک بوونەوەی پەیوەندی نێوان تورک و کوردەکانیدا**

لە راستیدا قۆناغی بون بە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا پاڵی پێوەنا کە هەڵوێستی خۆی لە بەرامبەر کێشەی کورد و رۆڵی سوپا لە بەڕێوەبەرایەتی کردنی وولاتدا بە ناچاری بگۆڕێت. لەراستیدا وێرای هەموو شتێک تا ناوەراستی ٢٠٠٧ سوپا توانی کۆنترۆڵ بەدەست خۆیانەوە بگرن و بۆ چارەسەری کێشەی کورد سیاسەتی سەربازی پەیرەو بکەن.

لە راستیدا بەڕێوەبەرایەتی هەرێمی کوردستان ویستویانە لەلایەن تورکیاوە بناسرێن و لە ئاستێکی رەسمیدا هاوکاری پێش بخەن. بەتایبەتی هاوکاری ئابووری، بازرگانی هاوبەش بۆ سەر لەنوێ بونیاد نانەوەی وولات پێویستیا بە تورکیا بووە و بەشێکی زۆری ئەو داواکاریانەیان دابە تورکیا. وێرای سیاسەتی ئاستەنگی کردنی سوپا و کۆنترۆڵکردنی کۆمپانیاکانیان، هەرکە دەچوو ئاستی هاوکاری ئابووری بۆ عێراق زیادی کرد. هەرە دوایی خۆی لە ٥ ملیۆن دۆلار تێپەر کرد و ئەمەش لە ٥/٤ ی لەگەڵ کوردستان دابوو.

وێرای ئەمەش کوردەکان نەیان توانی سیاسەتی توندی تورکیا لەلایەنی سیاسی و دیبلۆماسییەوە لابەرێت. سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی چەندین جار ئەوەی دووپات کردەوە کە تێناگەین لەوەی بۆچی تورکیا دوای رووخانی رژێمی سەددام ئەم دوژمنایەتیەمان لەگەڵدا دەکات، پەیوەندی هەردوولا پێش شەری ABD- عێراق باش بوو، هەمیشە خۆیان دەیانەوێت درێژە بەوە بدەن، بەڵام هەڵوێستی تورکیا بەتەواوەتی بەلای سیاسەتێکی دیکەدا گۆڕاوە.

ئەگەر کوردەکان بەراشکاوی ئەمەش نەڵێن بەڵام لەو بروایەدابوون کە مۆڵدانی ٢٥٠هەزار سەربازی سوپای تورکیا لە سنورەکانی عێراق- تورکیا بۆ PKK نیە بەڵکو دوای ئەوەی PKK لە ساڵی ٢٠٠٤ سەر لەنوێ چالاکییە چەکدارییەکانی خۆی لە تورکیا دەست پێکردەوە، هەرێمی کوردستان گومانی لەوە هەبوو کە ئەو سوپایەی تورکیا سنورەکانیان مۆڵداوە بە بیانووی PKK سنوری هەرێمەکە دەبەزێنێ و دێتە ناو هەرێمی کوردستان.

لە راستیدا کوردەکان بە دەستگیر کردنی سەرۆکی PKK عەبدولا ئۆجەلان لە ساڵی ١٩٩٩وە ئەو گومانەیان هەیە. چونکە دوای ئەوەی عەبدولا ئۆجەلان دەستگیرکرا ووترا کە شەری چەکداری بایەخی خۆی لەدەست داوە و پەسند کردنی ئەمە لە کۆنفرانسەکانی PKK و وێرای ئەوەی PKK خۆی هەڵوەشاندۆتەوە هێزەکانی گەریلا بڵاو نەبوونەتەوە، بەخۆ کشاندنەوەیان بۆ نێو تورکیا لە چیاکانی عێراق سەنگەریان گرتبوو. بە گوێرەی ئەوەی رایانگەیاند کە کۆتایی بە تێکۆشای چەکداری هێنراوە ئەمە دەێتە ئەو واتایەی کە رۆژێک لە رۆژان بە مەبەستی ئامانجێکی دیکە بەکار دەهێنرێت. بۆیە هەرێمی کوردستان گومانەکەی بەردەوام بوو کە سنوورەکەی لەلایەن سوپای تورکیاوە ببەزێنرێت.

بێگومان دوای شەری عێراق و دامەزراندنی هەرێمی کوردستانی فیدراڵ، بە گوێرەی هەندێک ئیدیعا لە ٢٠٠٤ دا دیسان ئۆجەلان لە ئیمراڵی بە فەرمانی بریاری شەری داوە. کوردەکان بەردەوام گومانیان لەوە هەبوو کە لە وانەیە سوپای تورکیا فشاری خستبێتە سەر ئۆجەلان لە ئیمراڵی، بەڵام ئەمەی بە فەرمی رانەگەیاند.

بەدرێژایی قۆناغی ٢٠٠٧- ٢٠٠٤ زۆر بە چڕی شەر بەردەوام بوو. گرێدراوی ئەمەش لە تورکیا شاڵاوی جەماوەری دژە ئەمریکا و دژە کورد بەرز بۆوە. لە دژی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک بەگوێرەی ماددەی ١٤٠ی دەستووری بنەرەتی عێراق دەرچوو، لەو بارەیەوە دەست بە هەرەشە کرا. لە دژی ئەوە بوون کە بەڕێوەبەرایەتی هەرێمی بناسرێت و بەشێوەیەکی رەسمی لەگەڵیاندا بکەونە نێو پەیوەندییەوە. بەپێداگیەوە دەیانووت بۆ دەرخستنی هێزە چەکدارەکانی PKK، ئەمریکاو عێراق بە ئەرکەکانی خۆیان هەڵنەستاون. کە پێشی هەڵنەستاون، کەواتە پێویستە تورکیا کۆتایی بە ئۆپەراسیۆنەکانی ئەودیوی سنور بهێنێت.

بێگومان لەم نێوەندەدا ئەمریکاو عێراق و بەڕێوەبەرایەتی هەرێم لە دژی ئۆپەراسیۆنی تورکیا لەودیو سنور دەرچوون، بەڵام بە کۆمسیۆنی پاراستنی سیانی - چواری، هەوڵیاندا بەبرینی هاوکاری لۆجستیکی و پێدانی زانیاری هەواڵگیری دەست بەجێ، وەڵامی ئیدیعاکانی بدەنەوە. کەچی نەیانتوانی تورکیا هێوربکەنەوە، کوردەکانیش وایان دەزانی کە هیچ نەبێت تورکیا دەیەوێت هێڵی سنور داگیربکات. ئەمریکا لەبەر ئەوەی دەیزانی ئۆپەراسیۆنی ئەودیوی سنور لە نێوان کوردەکان و تورکەکان شەر هەڵدەگیرسێنی و ئەمەش هەرێمی ئارامی عێراق دەخاتە نێو ئاڵۆزییەوە لە بەرامبەر نیەتی تورکیا راوەستاوە.

لە ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧ PKK هێرشێکی سەربازی کردە سەر بەتالیۆنی (داغلیجە)ی ئۆرەمارو ١٥ سەرباز کوژران و ٨ سەربازیش رفێندران. تورکیا ئەمەی کردە بیانوو و بە بانگەشەی (مافی بەدواداچوونی گەرماو گەرم) سەرباز رەوانەی کوردستان بکات. ئەوکاتە داود ئۆغلوی راوێژکاری سەرۆک وەزیری تورکیا کە

>>>

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی چەندین جار ئەوەی دووپات کردەوە کە تێناگەین لەوەی بۆچی تورکیا دوای رووخانی رژێمی سەددام ئەم دوژمنایەتیەمان لەگەڵدا دەکات**

بوو بەوەزیری کاروباری دەرەوە لە دیدارێکی لەگەڵ ڕۆژنامەنوساندا ووتی: بۆ ئەوەی بۆ ئەوەی ئەم ڕەوشە هەستیارە و ئەگەری ئەو ئاڵۆزیانەی کە هەیە ئاستەنگ بکەم چووم بۆ بەغداد و لەدوای دیدارەکاندا شەڕیان ئاستەنگ کرد. بە گوێرەی وەزیرەکە ئەو ئاڵۆزیانەی لە نێوان تورکیاو ئیدارەی هەرێمی کوردستانیش دا هەبوو لەو ڕۆژە بەدواوە هێور بۆتەوە و هەرە دویی گەیشتە ئەو ئاستەی کە لە ٣٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٩ بە سەردانێکیان بۆ هەولێر پەیوەندی دیبلۆماسیان کەوتە ڕۆژەڤەوە. گەرچی لەو ماوەیەدا دوو دەستێوەردانی گرنگی سەربازیش ڕوویدا.

PKK هێرشی کردە سەر سەربازگەی (ئاک توتن) و لە نیسانی ٢٠٠٨ دا هێرشی ئاسمانی و زەمینی سوپای تورکیا کرایە سەر خاکەکانی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی هەرێمی کوردستانیش لەبەرامبەر ئەم ڕەوشە کەوتە نێو ئامادەباشییەوە. بەڵام لەئەنجامی دەستێوەردانی ئەمریکا، تورکیا تەنها یەک هەفتە لەدەرەوەی سنور واتە ( هەرێمی کوردستان) مایەوە. ڕاگەیاندنەکانی تورکیا بۆ ئەوەی زەمینەی بەزاندنی سنوری هەرێمی کوردستان لەلایەن سوپاکەیانەوە ئامادەبکەن ڕەوشێکی ئاڵۆزیان دروستکرد.

بەڵام وێرای ئەمانەی هەردەچوو هێڵی ملیتاریست لاواز بوو، هەرکەدەچوو پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئیدارەی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای دیبلۆماسیەت پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی و گەیشتە ئاستێکی بەرفراوان. هەردوایی لە ٣٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٩دا وەزیری دەرەوە ئەحمەد ئۆغلو و بەرپرسی بازرگانی دەرەوە- وەزیری دەوڵەت زەفەر چاغلایان لەگەڵ وەفدێکی ٧٠ کەسی بەسەردانەکەیان بۆ هەولێر کەوتنە نێو قۆناغێکی نوێوە.

## گرنگی سەردانەکەی هەولێر

لە ٣٠ی تشرینی دووەم داود ئۆغلو، لەکۆشکی سپی لەگەڵ سەرۆکی ئیدارەی هەرێم مەسعود بارزانی هاتنەلای یەک، وەزیر چاغلەیان بەشداری لەکۆبونەوەی خاوەن کارەکانی کورد، تورک، عێراق کرد لە هۆڵی کۆنفرانسی شەهید سەعد.

دوای چاوپێکەوتنەکانی وەفدەکان وەزیری دەرەوە داود ئۆغلو و بارزانی پێکەوە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا قسەیانکرد و دیدێکی هاوبەشیان هەبوو، لەسەر لەنوێ بونیادنانەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بە هاوکاری سێ قۆڵی عەرەبەکان، کوردەکان و تورکەکان و ووتیان کاتی ئەوە هاتووە هەنگاوێکی بوێرانە بنرێت. داود ئۆغلو ویستی خۆی هێنایە زمان کە دەیانەوێت و بڕیارین داوە لە هەولێر کۆنسولگەرییەکی سەرەکی بکەنەوەو هەرچی لە دەستیان بێت دەیانەوێت بە زوترین کات ئەم کونسوڵگەرییە بکەنەوە. وەزیر ووتی واهەستمان کرد لە ماڵی خۆمانین. هەموومان پێکەوە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بونیاد دەنێینەوە. ئێمە جیاوازی ناکەین لە نێوان کەمەنەتەوەکانی عێراق. کورد، تورک و عەرەب هەمووی وەک یەکن بۆمان. «ووتیشی ڕێک کاتی ئەوە هاتووە لە دژی تیرۆر هەنگاوی پێویست بنێین. هەروەها ووتیشی «ئەگەر لێرە تیرۆرست هەبێت ئەوا لە تورکیاش تیرۆرستی هەیە. ئیدی پێویستە مرۆڤەکانمان بتوانن لە بەسراوە تا ئەدیرنە بەئاسانی و بەبێ کێشە گەشت بکەن. چیاکان لێکمان جیاناکاتەوە، دەمانهێنێتە لای یەک.»

داود ئۆغلو ووتی هەلێر زۆر پێشکەوتووە، «بۆئەوەی هەولێر زیاتریش پێشبخەین، هەموو پێکەوە دەتوانیین بەشداری بکەین. ئەمە دەبێتە پردێک لە نێوان عێراق و تورکیا. ووتیشی ئێمە ئەو دەرگایەین کە عێراق بە رووی یەکێتی ئەورووپادا دەکەینەوە. هەولێریش ئەو دەرگایەیە کە ئێمە ڕووەو بەسرا دەکاتەوە.»

سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی باسی لە گرنگی سەردانەکە کرد و ووتی» ئەم سەردانە و بڕیاری کردنەوەی کونسولگەری تورکیا لە هەولێر پێشکەوتنێکی مەزن دەبێت بۆ هەرێمەکە.» سەرۆکی کورد ئامارەی بەوەشکرد کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە قۆناغێکی هەستیاردا تێپەر دەبێت، ووتیشی تورکیا ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە ئاشتەوایی ڕۆژهەلاتی ناوەراست دا. پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیا زۆر بەباش دەزانین. هەرێمی کورد لە پەیوەندی لەگەڵ تورکیادا ڕۆڵی پرد دەگێرێت.»

بارزانی ئامارەی بە کرانەوە دیموکراتیەکانی تورکیاش کرد و وەها پەیڤی. «بەهۆی هەنگاونانی ئەو کرانەوە دیموکراتیانە پیرۆزبایی لە سەرۆک ئەردۆغان و دەست خۆشی لە تورکیا دەکەم. ئێمە لەگەڵ توندو تیژیدا نین. هەنگاوی دیموکراتیک تاکە ڕێگەی چارەسەرکردنی کێشەکانە. پاڵپشتی خۆمان نیشان دەدەین بۆ ئەو هەنگاوانەی لەپێناو بەرژەوندی دەنرێن. ئینشەللا کۆتایی بە کێشەکان دێن، خوێنی برا کوردو تورکەکانمان نارژێن.» مەسعود بارزانی ووتیشی دیدارەکان زۆر برایانە بەرێوە چوو.( لە ڕۆژنامەکانی تورکیا وەرگیراوە)

هەرچەندە پەیوەندیەکان لەسەرەتایەکی تازەش دایە و هەموو ئەو بیرۆکانەی تاوتوێ کراوە جێبەجێ نەکرابێتیش کەچی هێما بۆ دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێ دەکات. ڕازی بوون و جۆشی کوردەکان لەبەرامبەر

<<<

**تورکیا ستاتۆی بەرفراوانی فیدراڵی بەهەنگاوێک بەرەو کوردستانێکی ئازاد لە قەڵەمدەدا**

گرنگیەکی ئەم هەنگاوانە ناشاردرێتەوە. وادیاریشە بەخواستەوە ئامادەن بۆ ئەوەی ئەم بارە قورسە لە ئەستۆبگرن.

هەردوولا ئەمە بۆ بەرژەوەندی ئاشتی و ئازادی و ئاسوودەیی هەردوو کۆمەڵگا بە باش دەزانن. کوردەکان بۆ کاری هاوبەش لەگەڵ تورکیا ئەمە بە دەرفەتێکی باش دەزانن. ئەوان وابیر دەکەنەوە کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیادا ئاڵۆزبێت ئەوا لە رۆڵی ئەوان لە عێراق کەمدەکاتەوە. عەرەبی شیعەکانی عێراق هێز لە ئێران، سوننە عەرەبەکانیش هێز لە وڵاتە عەرەبیەکانی دەورووبەریان وەردەگرن، کوردەکانیش ئەگەر هەر هەشییان بێت هاوکاری دراوسێ، ئەوا تورکیا دەبێت کە لەگەڵ کوردەکانی خۆیدا ئاشت بۆتەوە و کێشەکانیا چارەسەر کردووە.

نزیک بونەوەی ئەوان لە تورکیا، تورکمانەکانیش زیاتر لە خۆ نزیک دەکاتەوە و رۆڵیان لە عێراق زیاد دەکات. جیالەوەش تورکیا بۆ کوردەکان دەرگایەکە بۆ کردنەوەیان بە رووی جیهاندا، وەک پردێک دەبینرێت بۆ ئەوەی ئاوێتەی سەرمایەی هەڵسوراو بێت. لەم لایەنەوە سەرەتا ئێران و هیچ وڵاتێکی دیکەی دراوسێ لەگەڵ ئابووری جیهاندا تێکەڵ نەبووە تەنها تورکیا نەبێت کە خاوەنی راوێژ و بازارێکی ئازادە لەگەڵ یەکێتی ئەو رووپا پەیمانی مۆرکردووە ئەم دەرفەتەی پێشکەشیان کردووە.

ژمارەی کوردەکان لە عێراق ٢٠- ١٧ ٪ی هەموو دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنێت. عێراقێکی کە لەشەڕی ناوخۆ و شەڕی ئاوارتە رزگاری بووە، کە رەوشی بێ ئەزموونی لە دیموکراسی دا لەبەر چاو بگرین، کوردەکان لە داهاتوو دا بە رێژەی زۆرینەی ژمارەی دانیشتوان ناتوانێت لە بەڕێوەبەرایەتی دا بە ئەندازەی ئەوەی کە هەیە جێگە بگرێت. تەنانەت ئەو دەسکەوتانەی ئەمڕۆش بەدەستیان خستووە دوورنییە کەم ببێتەوە.

کوردەکان تەنها بەزیادکردنی ژمارەی دانیشتوانیان و پاڵپشتی وەرگرتن لە هەندێک لایەنی بەهێز دەتوانن رێگە لەمە بگرن. ئەمەش تەنها بەوە دەبێت کە هەرێمی کوردستان بە ماوەیەکی کورت هەم لەلایەنی ئابووری و ئەکنەلۆجیەوە، هەم لەلایەنی پەروەردە و کلتوورییەوە خۆی بکان بەهەرێمێکی نموونەیی هەرەپێشکەوتووی دەست لێبەر نەداروی عێراق. ئەمە لەلایەکیش بە گەیشتن بە ئاستێک وەک کاتالۆنیای ئیسپانیا یان وەک هەرێمی باکووری ئیتاڵیا دەبێت. مەگەر بە گەیشتن بەئاستی هەرێمێکی وەها نموونەیی کە ژمارەی کوردەکان کەمیش بێت، دەتوانن درێژە بەرۆڵی سەرەکی خۆیان لە عێراق بدەن. کەواتە بۆ ئەوەی کوردەکان ببن بەخاوەنی ئابوورییەکی پێشکەوتوو و تێکەڵاوی سەرمایەی هەڵواسراوی جیهان بن، ئەمە کێشەیەکی ژیانی یە بۆیان. بۆ گەیشتن بەم هەدەفە ستراتیژییەش تورکیا لە ریزی پێشەوە دەێت بۆ ئەوەی پەیوەندی دەرەکی لەگەڵدا پێش بخات. ئەگەر تەنها لەم لایەنەشەوە بێت هاوکاری کردن لەگەڵ تورکیا بایەخێکی ستراتیژی هەیە بۆ هەرێمی کوردستان. ئەگەر یەکێکیان فیدراڵ و ئەوی دیکەشیان دەوڵەتێکی سەربەخۆش بێت، ئەمانە دوو دراوسێی خاوەن یەک سنوری هاوبەشن.

بێگومان دەبێت واقیع بینانە بین، پەیوەندی تورکیا لەگەڵ هەرێم لە چوارچێوەی عێراق دەرناچێت. بەڵام لەبەرئەوەی هەرێمی هەرە ئارام و ئاوەدانکراوە و گەشەسەندووە بۆیە تایبەتمەندێتی هەرێم لەمەوە سەرچاوەی گرتووە. لەلایەک کە هەرێمەکە زۆرینەی ژمارەی دانیشتوانەکەی کوردە، بەشێوەیەکی سروشتی درێژەی رۆژهەڵاتی تورکیایە و بەرژەوەندی هاوبەشی پەیوەندی هەردوو لای سنوور زیاد دەکات.

لەبەر ئەوەی لە رابردوویەکی نزیکدا تورکیا نکۆڵی لە کێشەکانی کوردی ناوخۆی کرد، هەمیشە کوردەکانی وڵاتانی دراوسێی بۆ خۆی بەمەترسی و دوژمن دەزانی. بەڵام ئێستا وەک وڵاتێک دان بە هەبوونی کوردکانی ناو خۆیی و ماف و ئازادییەکانیان دادەنێت، نەک هەبوون و دەستکەوتەکانی کورد بەمەترسی دابنێت، بەڵکو وەک ئامرازێک دەبینێت بۆ ئەوەی زیاتر قازانج بەدەست بخات. تورکیا لە رابردوودا لەبەرامبەر کیشەکان سیاسەتی کاردانەوەی پەیڕەو دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ دەبینێت هەر کە کێشەکان لەناو خۆیدا چارەسەر دەکات و لەبەرامبەر رەوشی نوێ چاوی کرایەوە و راستیەکانی باشتر بینی، دەبینێت کە رەفتار کردن بە سیاسەتێکی کاریگەر، قازانجێکی گەورە بەدەست دەخات.

تورکیا وڵاتێکی گەورەی ئەوروپا، رۆژهەڵاتی ناوەراست و جیهانی ئیسلامە. لەلایەنی هێزی ئابوریشەوە لەسەر ئاستی جیهان بە ١٧ مین وڵات و لەسەر ئاستی ئەورووپاش بە ٦ مین وڵات دێت کە خاوەنی هێزێکی گەورەیە. جێگەی خۆی لە نێو٢٠- G یشدا جێگە دەگرێت. تورکیا ئەندامە لە NATO و بۆ ئەوەی ببێت بە ئەندام لە یەکێتی ئەورپا لە نێو راوێژدایە.

تورکیا رۆڵێکی گرنگی هەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، لە بالکان، قەفقاس و ئاسیای ناوین. هەوڵدەدات ببێتە پرد لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا، موسڵمان و جیهانی

**لەبەرئەوەی لەرابردوویەکی نزیکدا تورکیا نکۆڵی لە کێشەکانی کوردی ناوخۆی کرد، هەمیشە کوردەکانی وڵاتانی دراوسێی بۆ خۆی بەمەترسی و دوژمن دەزانی**

تورک دا، لە دژی ناکۆکی نێوان کلتورەکانە، لە ریزی پێشەوەدا جێگە دەگرێ لە پرۆژەی ( رێککەوتنی مەدەنەتەکان.)

سەرۆکی ئەمریکا باراک حسێن ئۆباما لەسەردانەکەی بۆ تورکیا لەو ئاخاوتنەی کەلە TBNIM دا کردی، ووتی هەتاوەکو ئێستا ئەوەی بەکارهێنراوە لە جیاتی ئەوەی» تورکیا هاوپەیمانی ستراتیژی ئەمریکا بوو» ئێستا «لە نێوان تورکیا و ئەمریکادا مۆدێلی هاوبەش هەیە.» ئیتر ABDو رۆژئاوا تورکیا لە بەری» ستراتیژیەتی هاوبەش» بە زاراوەی «مۆدێلی هاوبەش» پێناسە دەکات. جیاوازی لە نێوان واتای ئەم دوو زاراوەیە دا هەیە. «واتای هاوبەشی ستراتیژی زیاتر لە کاتی قۆناغی شەڕی سارد دابوو. رۆژئاوا، بەتایبەتیش لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا زۆربەلایەوە گرنگ نەبوو کە تورکیا وولاتێکی دیموکراتیکە یان نا. دیموکراسی بوونی وولاتەکەش گرنگ بوو بەڵام ئەوەی زیاتر بۆ ئەوان گرنگ بوو ئەوەبوو ئایا لەگەڵ ئەو وولاتانەدا کە کودەتای سەربازی دەکەن و هاوکاری رژێمی دیکتاتوری دەکەن یان لە دژیان رادەوەستن. بەڵام لە «مۆدیلی هاوبەش» دا لەناوەرۆکی هاوکاری و شەراکەتیەکەیان دا بەهایەکی دیموکراتیان قازانج کراووە. ئیتر وەک وولاتێک کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی موسڵمانە، لە چاو موسڵمانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و دەوڵەتە تورکەکاندا، خاوەنی پێگەیەکی دیموکراتیک و مۆدێرنە وە لە پێشخستنی بەهای رۆژئاوادا خاوەن گرنگیەکی تایبەتە.

ئەو رۆڵەی کە تورکیا لە ئەستۆی گرتووە، هەم بۆ هەرێمی کوردستانی فیدراڵ هەم بۆ ئیسلامی دیموکراتیک، هەمیش بۆ دەوڵەتێکی مۆدێرن کە ٢٠-١٥ ملیۆن دانیشتوانی کورد لە خۆدەگرێت تادواراده گرنگە.

رۆڵی» مۆدیلی هاوبەش» بۆ تورکیا ئەوەیە کە کێشەی کوردی وولاتەکەی چارەسەربکات و لە کێشەکانی دیکە کە سەرئێشە دروست دەکەن خۆی رزگاربکات. کێشە ناوخۆییەکان دەبێ وەها چارەسەر بکرێت کە کاتێکیش سیاسەتی گێرەشێوێنی لە دەرەوە پەیرەوکرا هیچ کەسێک لە بەرامبەر کێشەکانی ناوخۆ دەرنەچێت. ئەگەر ئەمرۆش تورکیا ئەوەندە لە دژی سیاسەتی ئیسرائیل بۆ کێشەی فەڵەستین دەردەچێت ئەوا ئەو واتایە دەگەیەنێت کە هەنگاوی جددی و باوەرپێکراوی ناوە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کوردی ناوخۆی. دەهێڵێ کە ئیدی لە قەفقاس و باڵکانیش بە ئاسانی بجوڵێنەوە. ئیتر تورکیا زۆر بەشێوەیەکی جددی بێ منەتە بەرامبەر ئیسرائیل و هەر وولاتێکی دیکە کە پێشتر لەبەرامبەریان بەکار دەهێنا.

ئەگەر لە چارەسەری کیشەی کوردی تورکیا هەنگاو بنرێت، هاوشانی ئەمە پەیوەندی نێوان تورکیا و کوردستانی فیدراڵ بەهێزتر بێت ئەوا رۆڵی هەردوولا لە عێراق و هەرێمەکە دەردەخاتە پێش.

لە راستیدا ناسینی تورکیا بۆ کورد لە قۆناغی رابردوو کە ئاشنایان نەبوو وە ئەمرۆ لە هەل و مەرجی ئێستادا کە دەیانناسێت زۆر جیاوازە و لەوانەشە لە زۆر لایەنەوە بەتەواوەتی بە پێچەوانەی سیاسەتی رابردوو کە مامەڵە دەکات، لە بەرژەوەندی هەردوولادا دەبێت. هەل و مەرج لەبارە بۆ ئەوەی پێچەوانەی سیاسەتی رابردوو سیاسەتێکی نوێ پەیرەو بکرێت. ئەگەر پێویست بکات نمونەیەک بهێندرێتەوە؛ بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە هەر لە رابردووەوە تورکیا سیاسەتێکی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی لەلایەنی زمان، کلتووری و فکرییەوە لە کوردەکانی ناخۆ و کوردەکانی وولاتانی دراوسێ نزیک نەبێتەوە، تەنانەت بۆ ئەوەی کاریگەری زمان، کلتوور، پەروەردە و چالاکی زانستی کوردەکانی عێراق، هەتا کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەتیش لەسەر کوردەکانی تورکیا دروست نەبێت، ئەلفابێی کوردی لاتینی نەبێت و عەرەبی بێت کەوتۆتە هاندانی ئیدارەی ئەو وولاتانە.

هەندێ شتی هاوشێوەی ئەمەش هەن کە زۆرینە پشت راستی دەکاتەوە. کەچی ئێستا کە تورکیا کێشەی کوردەکانی ناوخۆی چارەسەر بکات، زمانی کوردی کلتور و ئەدەبیات لە تورکیا پێش دەکەوێت، رادیۆ و کەناڵەکانی تەلەفیزۆنیش لە دەرەوە تەماشا دەکرێ، کوردەکانی دەرەوەی تورکیاش بە هۆگرییەوە تەماشای ئێرە دەکەن هانی ئەوە دەدات کە ئەوانیش ئەلف و بێی لاتینی بەکار بهێنن ( پەیرەوکردنی سیاسەتێکی جیا لە رابردوو ئێستا ) لە بەرژەوەندی هەردوو لادایە.

هەروەک چۆن تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە ئەمە بۆ خۆشی وەک سەرەتایە گرنگە. وەزیری دەرەوەی تورکیا داود ئۆغلۆ تەنها بۆ هەست بەرزی دیبلۆماسی نەی ووت کەوا هەرێمی کوردستان دەرگایەکە کە تورکیا رووەو باشووری عێراق و وولاتانی کەنداو دەکاتەوە. گۆڤاری Mews week کە لەسەرەتای کانونی یەکەم بلاو کرایەوە ووتبوی: تورکیا لە دژی هێرشەکەی سەر عێراق بووە کە لە ٢٠٠٣ کرایە سەری، وێرای ئەوەی هاوپەیمانی NATO ش بووە نەیهێشتووە سەربازەکانی ئەمریکا بەسەر خاکی تورکیادا لە دژی سوپای عێراق بەرەی باکوور بەکار بهێنێت. دوای کۆتای هاتن بە رەوشی شەڕلە عێراق، یەکێک لەو وولاتانەی کە هەرەزیاد سوود مەند بوو تورکیا بوو. تەنانەت بەراوردییەکیشی کرد نەک

**ئەو رۆڵەی کە تورکیا لە ئەستۆی گرتووە، هەم بۆ هەرێمی کوردستانی فیدراڵ هەم بۆ ئیسلامی دیموکراتیک، هەمیش بۆ دەوڵەتێکی مۆدێرن کە 15ـ 20 ملیۆن دانیشتوانی کورد لە خۆدەگرێت تادواراده گرنگە**

ئێران بەڵکو تورکیا سودمەند بووە. گۆڤارەکە ئەو هۆکارە بۆ ئەوە پەیوەندییەی تورکیا لە ٢٠٠٣ بەولاوە لەبواری بازرگانی، بیناسازی، رێکەوتنی نەوت و کرین و فرۆشتنەکانی دەگەڕێنێتەوە.

لە هەمانکاتدا گۆڤارەکە ئاماژەی بەوە داوە کە زەمینەی ئەم قازانجە بۆ هەوڵەکانی کورد لە بەکار هێنانی دەنگی نەخێر بۆ مۆڵەتی ١ی ئادار و بە توندی وەستانی لە بەرامبەر هاتنی سوپای تورکیا بۆ عێراق، هەم لەهەموو قازانجەکانی کە تورکیا بە دەستی خستووە لە ٥/٤ ی هەرێمی کوردستان بووە.

ئەو کەل و پەلانەی کە لە بازارەکانی کوردستاندا بەدی دەکرێت ٨٠٪ ی لەو کەل و پەلانە پێک دێت کە تورکیا بەشێوەیەکی رەسمی و نارەسمی هەناردەی کردوون. ساڵی رابردوو قەبارەی کارکردنی تورکیا لە کوردستان ٥ ملیار دۆلار بوو، لە کۆتایی ئەم ساڵ گەیشتە ١٠ ملیار دۆلار، چاوەروان دەکرێت لە ساڵی ئایندەشدا بگاتە ٢٠ ملیار دۆلار. ئەگەر قەبارەی کاری تورکیا لەگەڵ ئێرانیش وا تەماشا بکرێت، قەبارەی کاری ساڵانەی تورکیا لەگەڵ سوریاش بە ٢ ملیاردۆلار باس بکەین ئەوا لە گرنگی قەبارەی کاری تورکیا لە کوردستان تێدەگەین کە یەکێک لەو وڵاتانەی تورکیا بۆشایی نەداوە لەبەرامبەری عێراقە.

لەو ١٢٠٠ کۆمپانیا گەورە و بچووکە بیانانەی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەیە ٤٠٠ی ئەو کۆمپانیایانەن کە لە تورکیاوە هاتوون. تورکیا کە لە بواری بیناسازیدا لەسەر ئاستی جیهان بە پلەی سێیەم دێت، دروستکردنی زۆربەی زۆری هەموو رێگاو بانەکان، فرۆکەخانەکان، زانکۆکان، بیناکانی حکومەت و بینا ستراتیژییەکانی دیکەی کوردستان تورکیا وەریگرتووە. هەروەها بۆ دروستکردنی بەنداو و تونێلەکانیش پرۆژە و رێکەوتنی نوێ ئیمزا دەکات..

وێرای ئەوە سوپای تورک لەبەرامبەر هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی زۆر ووشکی بەکار هێنا، بەشێکی زۆری ئەو هەناردانەی کە لە هەرێمەکەدا کرا OYAK ( هۆڵدینگە گەورەکانی بەناوی دەزگای سوپا ) و کۆمپانیاکانی گرێدراوی ئەو پێی هەستاون. زۆربەی هەرە زۆری چیمەنتۆ و پێداویستیەکانی دیکەی بیناسازی لەلایەن کارگەکان و کۆمپانیاکانی سەربە OYAK دابینکراون.

لە مانگی تشرینی دووەم کۆمپانیایەکی تورک بە بڕی ١٧٨ ملیۆن دۆلار پرۆژەی بەناوی هامیلتۆن بۆ فراوانکردن و بەیەکگەیاندنی هەولێر، ئێران، رۆژهەڵاتی تورکیا، قەفقاس و روسیای وەرگرت. لە نێو پرۆژەکەدا هەندێک تونێلیش هەن کە هەندێک لە رێگەکان کورت دەکاتەوە.

ئەم رێگایە بە ١٨ مانگ تەواو دەکرێت. یەکێکیا رێک لەسەر ئەم رێگەیە و ئەوی دیکەشیان لەسەر هەردوو دەرگای گومرگ نزیک سوریا دەکرێتەوە کە بۆ دیدارە رەسمیەکانی هەولێر پەسند کراوە. بە دەرگای گومرگی خابوورەوە دەبێت بەسێ دەرگا. ئەو رێگایەی کە دەچێت بۆ باکووری تورکیا ئەو بەشەی دەکەوێتە ناو سنورەکانی خۆی لە هەکاری- یوکسەک ئۆڤا (گەڤەر) وە تا ئەسەندەرە، لە وان وە تا ئیغدر درێژ دەبێتەوە، لەوانەشە کار بۆ دروستکردنی شوێنێک کەئەم سێ خاڵە بەیەک دەگەیەنێتەوە ناوچەیەکی ئازد» هەرێمی پیشەسازی ئازاد» دروست بکات.

هەروەک چۆن ئەم پرۆژەیە کوردستان بە رۆژهەڵاتی تورکیا و ناوچەکانی باکوور دەبەستێتەوە، لەلایەکەوە بە بازارەکانی قەفقاسیا و روسیا و رۆژهەڵاتی ئەورووپاشەوە دەبەستێتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەو هەرێم و وڵاتانەی جێگەی باسن بەخابوورو ئەو دەرگای گومرگانەی کە لە رۆژئاوایدا دەکرێنەوە، لە کوردستان و هەرێمی رۆژئاوا و باشوری تورکیا، لەگەڵ دەریای رەش رووەو ئۆقیانوسەکانی جیهان دەچێت. لەلایەکەوە بەسەر تورکیاوە بەرەو گورجستان، ئەرمەنستان و ئازربایجان هەتا کازاکستان دەروات، لەلایەکی دیکەوە تورکیا دەتوانێت بەم کارە لە باشوورەوە، لەسەر موسل و بەغداد، بەسرا بگاتە وڵاتانی کەنداو. کە پرۆژەی رێگای ئاسنیش جێبەجێ کرا دیسان لە بەیەک گەیاندنی باکورو باشوور کوردستان رۆڵێکی گرنگی دەبێت.

عێراق کە بە پلە سێ دێت لە ریز وولاتە دەوڵەمەندەکانی نەوت لە جیهاندا لەگەڵ نەوتەکانی کەرکوکیش لە ١و٤٠٪ ی ئەم نەوتە لە کوردستاندایە. ئەمرۆ هێڵی بۆری نەوتی ئەسکەندەرون- ی کەرکوک، هەر لەدێر زەمانەوە بۆتە گرنگترین هاوکاری لەبەینی هەردوو وڵات. ساڵی رابردوو لە ناوچەکانی تەقتەق ( گەرمیان ) و تاوکە ( زاخۆ ) حکومەتی هەرێم بەهاوبەش لەگەڵ کۆمپانیای DNOی نەرویجی و کەنەدا و سویسرا ADDAX و کۆمپانیای ووزەی جەنەراڵی تورکی ئەو نەوتەی دەریانخست ئەم ساڵ هێڵی بۆری کەرکوک و ئەسکەندەرونە بەستراییەوە. جێگەی باسە بڕی ئەو نەوتە رۆژانە ٢٠٠ هەزار بەرمیلە. لە داهاتووشدا توانای ئەوەی دەبێت کە رۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل بەرهەم بهێنێت. کۆمپانیاپ ووزەی جەنەراڵ کە گرێدراوی هۆڵدینگی چقووروۆڤایە لە ساڵانی ٩٠ وە لە نەوت دەگەڕێن لە کوردستان. کۆمپانیای TPAO کە ئۆفیسی نەوتە و گرێدراوی هۆڵدینگی دۆغانە هەوڵ

**قۆناغی بون بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا پاڵی پێوەنا کە هەڵوێستی خۆی لە بەرامبەر کێشەی کورد و رۆڵی سوپا لە بەرێوەبەرایەتی کردنی ووڵاتدا بە ناچاری بگۆرێت**

دەدات کە ئەویش لەنزیکدا بەشداری بکات لە دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراق.

تابلێی پرۆژەی نابۆکۆ ی نەوت و گازی کەرکوک کارەکانی یەکبوونی پێشخست. لەم هەل و مەرجانەدا ئابووری کوردستان، خێراییەکی زۆرەوە ئابووری تورکیان و جیهان بەرەو پێشەوە دەبات. زۆر دیارە کە گازی کەرکوک و دەورووبەری سلێمانی لە نەوت زیاتر رۆڵێکی گرنگ دەبینێ.. بۆ ئەورووپا، تورکیاو وولاتەکانی دیکە کە دەیانەوێت لە گازی سروستی روسیا و ئێران رزگاریان بێت، گازی سروشتی کوردستان گرنگی یەکی مەزن بەدەست دەخات.

تورکیا لە زۆر لایەنەوە رێکەوتنی ئابووری، بازرگانی و کلتوری لەگەڵ عێراق و سوریا ئیمزا کردووە، لە ئاستی ئەنجوومەنی وەزیراندا کۆنسەی ستراتیژی پێکهێنرا، دەستی بە زۆر پرۆژە کرد، لە گومرگ ڤیزەی لابرد. لەوانەیە لەنزیکدا پەیوەندی هاوشێوەی ئەمەش لەگەڵ ئێراندا ببەستێت. لە مێژوودا بۆجاری یەکەمە کە تورکیا بەبێ ئەوەی کوردەکان بچەوسێنێتەوە، لەگەڵ عێراق و ئێران و سوریا رێکەوتنێک دەکات. تەنانەت ئەمە هەروەک چۆن لەگەڵ عێراقدا دەیکات بەهەمان شێوە لەگەڵ ئیدارەی کوردیش بەهەمان شێوە لە رێکەوتنەکانیدا رۆڵێکی ئاکتیف دەگێرێت. هەرە دوایی لەگەڵ سەردانەکانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا و زۆرێک لە وەزیرەکانی بۆ بەغداد بەتایبەتی لەو ٤٨ رێککەوتنەی کە ئیمزاکرا وەزیرە کوردەکانیشی تێدایە. زۆرێک لەو رێککەوتننانە هەرێمی کوردستانیش پەیوەندیدار دەکات.

ئەو پەیوەندییەی کەلە هەرێمێکی دیاریکراو لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا پێش دەکەوێت، لایەنی ئابووری، کۆمەلایەتی و کلتوری هەم کوردەکانی هەردوو لای سنور دەکات بەیەک و هەم هەردوو وولات لێک نزیک دەکاتەوە. بێگومان لە نێوان وولاتاندا هەبوونی سنوری سیاسی درێژەی دەبێت، بەڵام واتای رابردوو و ئەمڕۆ لەدەست دەدات، وەک وولاتانی یەکێتی ئەورووپا دەبێت ئەنتەگراسیۆنێکی مەزن. کە پەیوەندی هاوشێوەی ئەمە لەگەڵ کوردەکانی سوریا و ئێرانیش کرا بەبێ ئەوەی دەستکاری سنور بکرێ و هەڕەشە بن بۆیان، لە نێوان کوردەکاندا ئەنتەگراسیۆنیش دێتەئاراوە.

لە راستیدا تورکیا و لەوانەشە کوردەکانیش هێشتا بەتەواوەتی دەرکیان بە قۆناغی نوێ نەکردبێت و لێی تێناگەن. لەبەر ئەو هۆیەش کاتێک لە هەندێک بابەتدا نموونەی ئەلف و بێی تورکیمان هێنایەوە لە قۆناغی نکۆڵیکردندا بەگشتی لەلایەنی سیاسیدا چاو کوێری خۆی بەلاوە نەنابوو. هێشتا کوردەکان لە مەسەلەی نەوت، مەسەلەی کەرکوک و هەندێ مەسەلەی عێراق بەگومانەوە دەروانن. هێشتاش هەندێک سیاسەت بەڕێوە دەبات کە دەیانترسێنێت. لەبەر ئەمەش بەشێوەیەکی ئاسایی کوردەکان ئەو گومانانەی کەهەیانە ناتوانن بەلاوەی بنێن. دژایەتی کردنی تورکیا لەوەی کە لە عێراقدا فیدراسیۆنێکی فراوانی کوردستان، سیاسەتی دژایەتی کردنی لەبەرامبەر ئەوەی لە کێشەی کەرکوکدا کورد لەشوێنێکی ستراتیژییە، هەوڵدانی لاوازکردنی کوردەکان و رۆڵی کورد لە نێو مەزهەبی فیدراڵ لە بەغداد و نەوتی کوردستان لە عێراق، هەموو ئەمانە هێشتا درێژکراوەی قۆناغی نکۆڵی کردنە. کەچی ئەگەر ئەوکاتە مەترسی و دوژمنایەتیەکی کورد هەبووبێت، لەبەر ئەوە نەبووە کە کوردەکان تورکەکانیان ناوێت، بەڵکو لەوەوەدێت کە تورکیا لەناوخۆ و لەدەرەوە سیاسەتی نکۆڵی و قڕکردنی لە بەرامبەر کوردەکان بەکارهێناوە. ئەم رەوشە بەیەک لایەنی بەوە کۆتایی دێت کە تورکیا دان بەهەبوونی کوردەکان دابنێت و مافەکانیان پێشێل نەکات. بەگوێرەی ئەوەی کە ئەمە نەماوە کەواتە راستەوخۆ بۆ تورکیاش نابن بە هەڕشە و زەحمەتییەکانی مێژوو، هەبوونی کوردەکان لە تورکیا، لە وولاتێکی تردا سەرنج راکێشانیان لە مەسەلەی کوردایەتی هەموو هەبوونێکی کوردان وەکو ئەوە دەژمێرێت چۆن تورکەکان لە قوبرس، تورکمانەکان لە عێراق یان تورکمانەکانی بالکان و موسلمانەکان هەن وانە. بەتایبەتی لەو هەل و مەرجە نوێیانەدا نابێت هەبوونی کورد و تورکی دەرەوە، تورکمان یان موسڵمانەکان بۆیەک ببێت بە ئەلتەرناتیف، بەڵکو دەبێت وەک یەک پێکهاتە دیاربن. هەروەک چۆن کوردەکانی عێراق و تورکمانە سوننەکان تورکیا وەک متمانەیەکی ئاسایی دەبینن، دەبێت ئاوهاش تورکیا پێکهاتەکانی عێراق بۆخۆی وەک نوێنەرێکی سەرەکی ببینێ؛ هەروەک چۆن شیعەکانی ئێران، وولاتە عەرەبەکانیش عەرەبە سوننیەکان بەو شێوەیە دەبینن....

### خاڵی شکان و مەترسی لە پەیوەندی هەردوولا

تورکیا لە ژێر کاریگەری سیاسەتی پێشووی کۆنسەپتەکان بوو ئەمەش مەترسی لەسەر پەیوەندی ئابووری، بازرگانی، سیاسی و دیبلۆماسی هەردوولا دروست کرد، کە ئەمەش لایەنی دیکەی هەبوو. ژمارەیەکی زۆر لەو تورکانەی لە کوردستان ئیشیان وەرگرتبوو، تەلارسازەکان و بازرگانەکان نزیک بوون لە دەوڵەت و ملیتاریستەکانی دەوڵەت. بەشێکی

**لە مێژوودا بۆجاری یەکەمە کە تورکیا بەبێ ئەوەی کوردەکان بچەوسێنێتەوە، لەگەڵ عێراق و ئێران و سوریا رێکەوتنێک دەکات**

گرنگـی لـە MHP ی کۆن و تـازەکان پێک دەهات. گەرچی لە قۆناغی شـەڕی سارد دا لە نێوان MHP ی ئەو کاتە و MHP ی ئێسـتا جیاوازییەکی زۆر هەیە، هەندێک کۆنە MHP یی کە ئێستا MHP یی نین بەڵام دیسـاش کۆمپانیای ووزەی جەنەراڵ و چەڤیکلەریش بە ئاشـکرا دەڵێن بەراسـپاردەی فەرماندەی گشتی سـوپای تورکیا هاتوون بۆ ئێرە. تەنانەت هێشـتا لە ٩٠ کاندا کە پێویسـتی هەندێک بیناسازی و بازرگانی هەبوو کوردرکان ئەوکاتە لە رێگەی سـەربازەکانەوە ویسـتەکانیان دەنارد و فەرماندەی گشتی تورکیا کە پەیوەندیان لەگەڵ ئەگەرنەکۆن هەبوو لەرێگەی ژووری بازرگانی ئەنقەرەوە ئەو خاوخاوەن کارو کۆمپانیایەیان دەسـت نیشان دەکرد کەبێت بۆ کوردستان کە ئێستا لە راگەیاندنەکاندا ئاشکرابووە.

بەرلە ٢٠٠٣ کوردستان بەفەرمی دەنەسرا، ئەو ستاتۆ فیدراڵـەی ئەمڕۆی بەدەسـت نەخسـتبوو و رژێمی سەددام بەهۆی تاوانی مرۆیی لە ژێر گەمارۆی ئابوری دوو لایەنـەدا بوو و بێجگە لە داو و دەرمان لە هەموو لایەنێکـەوە گەمارۆ درابـوو. ئـەوەی دیکەس UN خستبوویە ژێر چاودێری خۆیەوە، کە ئەمەش گەمارۆی دووەم بوو. چونکـە UN زۆر بەبێ وێژدانی گەمارۆی خـۆراک و دەرمانـی لەسـەر بەغـداد ووە لەرێگەی رژێمی سـەددامی زاڵمەوەبڵاوەدەکردەوە. رژێمیش لەم دابەشـکردنەدا ناوچەکەی بێ بـەش دەکرد. لە هەل و مەرجێکی وەهادا گەورەتریـن رێگەی دەرچوون بۆ کوردەکان دەرگای تورکیا بوو، پەیوەندی تورکیا لەگەڵ هەرێمەکە و کاریشی لەگەڵ دابێت بەتەواوەتی خستبووە دەستی سـوپا و فەرماندەی گشتییەوە. سوپاش ئەو پەیوەندییەی خستبووە ژێر ئارەزووەکانی خۆی و بەو شـێوەیەش پەیوەندییە ئابوورییەکانی بەڕێوەدەبرد.

بەڵام لەڕۆژی ئەمڕۆمانـدا تابڵێی ئەمە کاڵ بۆتەوە و بەتایبەتیش ئەو ڕەوشـە تازانەی لەدوای گەشتەکەی وەفدی تورکیا بۆ هەولێر روویانـدا لەبەردەوامکردنی پەیوەندییەکانـدا کاریگەرییەکـی بەرچاوی هەبوو بۆ کاراکردنی پەیوەنـدی مەدەنی. خۆی لەخۆیدا گرنگی یەکـی دیکـەی قۆناغی نـوێ هەرچەندە هێشـتاش کاریگەریە سـەربازییەکان لە سـنوور و گومرگیشدا هەبێت لێرەوە سەرچاوەدەگرێت.

لەراسـتیدا هەرچەندە هێشـتاش دەوڵـەت وازی لە دەسـتێوەردانەکانی خۆی نەهێناوە بـۆ ئەو کارانەی لە کوردسـتاندا دەکرێ، وەلێ وێـڕای ئەوەش بێجگە لە توێژی جێگەی باسـیش هەندێک لەخاوەن کارەکان سـەبارەت بە کوردستان لە شـکاندنی قۆرخکردن و خسـتنەوەی پەیوەندییەکان بەئاراسـتەی سروشتی خۆی هەنگاوی باشـیان ناوە. لەم واتایەدا پارتی AK بە هەنگاوی خێرا لە رێگەی فەتحوڵلاچییەکانەوە هەم لەلایەنی ئابووری هـەم لەلایەنی پەروەردەییەوە وەک قوتابخانەکانـی ئیشـق و کۆلێژی ئیشـق و خزمەتی کولتـووری کاری کردووە. دەکرێ ئەمانە بەکاری باش لە قەڵەم بـدرێ، بەڵام ئەمانە بەس نیە، پێویسـتە لـە پێگەیدا هاوکاری پێشـبخرێت و بەبێ ئەوەی بڵێن کـورد، تـورک، لاز، چەرکەز هەموو کەسـێک بەبێ کۆسپ و بەبێ ترس بچێ بۆ ئەوەی کاربکات، لەلایەکی دیکەوە پێویسـتە تورکیا دەست بە وەبەرهێنان بکات بەبێ ئەوەی وەبەرهێنەرەکانی تورکیا ئەو ترسـەیان هەبێت و بڵێن ئاخۆ سەرمایەی کوردستان رۆژێک چی بەسـەربێت یانیش هەوڵی هەڵبژاردنـی وەبەرهێنانی سـەرداخراو بدەن، نـەش ئەو کوردانـەی لە تورکیا دەیانەوێت بکەونە نـاو کار بڵێن تۆبڵێی ئەگەر کار لە هەرێمی کوردستان بکەم ئایا دەبێ کارەکانم لە تورکیا چیان بەسەر بێت.

ئەمڕۆ یەکێک لەو خاڵی لاوازانەی لە پەیوەندی نێوان هەردوولا دا هەیە کێشەی کەرکوکە. هەرلە سەرەتاوە تورکیا لە دژی ئەوە راوەسـتاوە کە کەرکوک بکەوێتە هەرێمـی کوردسـتانەوە. لـە ٢٠٠٥ دەرەنجامی ئەو سازشەی لە نێوان کورد و سوننەو شیعە عەرەبەکاندا کرا و لە کۆتایی سـاڵدا بە دەنگدانی گەل بەرێژەی لە ٨٠٪ دەنگەکان لە دەسـتووری هەمیشەیی عێراق بە ماددەی ١٤٠ی کاتی کێشەی کەرکوکیان رێگەی ئاشتی و دیموکراسـییەوە بەرەو چارەسـەری برد. بەرلەوە، دەرئەنجامی سیاسەتی تەعریب رژێمی بەعس هاوڵاتی عەرەبیان لەوێ نیشـتەجێکردبوو. ئێسـتاش کورد و تورکمانەکانی کەرکوک بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان کە کاتی خۆی رژێمی بەعس لە کەرکوک دەریکردبوون و عەرەبی هێنابووە شوێنیان و عەرەبە هاوردەکانیش بەقەرەبوو بگەڕێننەوە شوێنی پێشوی خۆیان وە ئەو شـارۆچکە و لادێیانەی دابڕێندرابوون بگەڕێنەوە سەر کەرکوک، بەو شێوەیە بە نەهێشتنی ئاسەواری تەعریب و دوای ئەوەش سەرژمێرییەکی سەرتاسەری بکرێت و لەرێگـەی ریفراندۆمەوە بزانرێت کە کەرکوک دەیەوێت سەر بە کوردستان بێت یان نا؛ ماددەی ١٤٠ی دەستور ئەمە دەست نیشان دەکات.

لەبەر ئەوەی تورکیا دەیزانی کە زۆرینەی دانیشتوانی کەرکوک کوردە و دوای ریفراندۆم ئەم شـارە دەخرێتە سەر هەرێمی فیدراڵ، لە دژی چارەسەری ماددەی ١٤٠ دەرکەوت. وە بەشـێکی زۆری تورکمانەکانی عێراقی لە دژی ئەوە راوەسـتاند و هەرلە سەرەتاوە لە دژی ئەوە بوو کە کەرکوک بخرێتە سـەر هەرێمی کوردستان بەڵام

**ئەمڕۆ یەکێک لەو خاڵی لاوازانەی لە پەیوەندی نێوان هەردوولا دا هەیە کێشەی کەرکوکە. هەرلە سەرەتاوە تورکیا لە دژی ئەوە راوەستاوە کە کەرکوک بکەوێتە هەرێمی کوردستانەوە**

که زانی توانای بەسەر ئەمەدا ناشکێت هاوکارییەکی زۆری عەرەبە سوننەو شیعەکانی دەکرد کە دەشی زانی ناتوانن کۆسپی جددی بنێتەوە. کەوتە ناو دەستێوەردانێکی لەرادەبەدەر کە تەنانەت ئەوانیشی بێزار دەکرد.

بە گۆیرەی تورکیا ئەگەر بێت و کەرکوک بکەوێتە سەر هەرێمی کوردستان بە هەبوونی نەوت و گازەکەی دەرفەت دەدات کە کوردستانێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن. کوردستانێکی ئازاد، تەنها ئەگەر بە فیدراڵیش بمێنێتەوە کوردستانێکی بەهێز، بۆ کوردەکانی خۆی دەبێت بەناوەندی سەرنج و بزوتنەوەی نەتەوە پەرستی کوردی تورکیا دەخاتە جووڵە. تورکیا ئەمەی بۆ یەکێتی خاکی خۆی بە هەڕەشە دەزانی، وەک لە سەرەتاشدا بە هەڕەشەی دەزانی. دوو ساڵ لەمەوبەر لە کاتی فەرماندەی گشتی سوپای تورکیا ڕیزبەندی هەڕەشەکانی سنووری ڕۆژهەڵاتی باسکرد کوردستانێکی سەربەخۆی بە هەڕەشەی پلە یەک پێناسە کرد، وە گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی فیدراڵیشی بە هەڕەشەی پلە دوو وە هەبوونی PKK شی بە هەڕەشەی پلە سێی پێناسە کرد. لە ڕاستیدا ئەگەر تەماشا بکرێت ئەم ڕیزبەندییەش بەردەوامی سیاسەتی نکۆڵی کردنی تورکیایە لەبەرامبەر کوردەکان.

ئەو کاتەی کە تورکیا دانی بەهەموو مافەکانی کوردی ناوخۆی دانا و ئاشتبوونەوە و کە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هاوکاری پێشخست، کوردەکان لە مەترسی دەچێتەدەر بۆ تورکیا و تەنانەت بەقازانجی تورکیاش دەگەڕێتەوە. کە ئەمەش لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەی بۆکراوە. ماوەتەوە بڵێین دوای هەموو ئەمانە دەبێت لە تورکیا پرسیار بکەین ئایا کەرکوک لە ژێر دەسەڵاتی عەرەبەکاندا بمێنێتەوە یان بکەوێتە سەر هەرێمی کوردستان زیاتر سوودی بۆ بەرژەوەندی تورکیا هەیە؟ هێشتا ماوەتەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە.

قۆناغی دواییدا کە حکومەتی پارتیAK جیهانی عەرەب-ئیسلام و باڵکانەکانی بەئامانج گرت، ویستی بەشێوازی عوسمانی ببێت بە ( وڵاتێکی دیموکراتی مۆدێرن) ڕۆڵەکانی خۆی تێک و پێک نا. لە نێو عەرەبەکاندا وترا وادیارە هەستاوەتە سەرپێ یانیش تورکیا دیسان وەک عوسمانیەکان یاری دەکات. عەرەب و جیهانی ئیسلام کەوتنە ناو ترس و گومانەوە.

کاتێک ئەم ڕووداوانە لەلایەنە مێژووییەکەیەوە تەماشا بکەین و ئەگەر کەرکوک گرێدراوی بەغداد یان عەرەبی سوننە بکرێت ئەوا هەم تورکیا دەرفەتەکانی لاواز دەبێتەوە لە سوود وەرگرتن لە نەوتی کەرکوک، هەم پەیوەندی زۆر لاواز دەبێت لەگەڵ تورکمانەکانی کەرکوک. خۆی لەخۆیدا لەبەر ئەوەی تورکمانەکان لەسەر بنەما سوننەو شیعە دابەشکراون هەم هەبوونیان لاواز دەبێت، هەم زیاتر سوودیان بۆ سوننە و شیعە دەبێت. بەشێکی تورکمانەکان لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ کوردەکاندا دەژین. ئەگەر کەرکوک بە بەغداد یان هەریەک لەناوچە عەرەبەکانەوە ببەسترێتەوە ئەوا دێتە ئەو واتایەی کە تورکمانەکان پارچە بونێکی ناوەکی بەردەوام دەکەن.

بەڵام ئەگەر کەرکوک بکەوێتە سەر کوردستان ئەوا هێزی تورکمانەکان لە ژێر یەک ئیرادە دا کۆدەبێەوە، هەم ئاوڕدانەوەی کوردەکان و هاوکاری کردنی لەگەڵ تورکیا و سوود وەرگرتنی تورکیا لە ئایندە لە کەرکوک و نەوتەکەی کەم نیە. ئەم ئەلتەناتیفە بۆ پەیوەندییەکی وەها دەئافرێنێ کە تورکیا لەئەگەری پارچەبوونی عێراق وەک کابووسێک دەیبینی، تەنانەت کەرکوک و هەرێمەکە بەرەو یەکبوون دەبات.

تورکیا کە نەی دەویست کەرکوک بۆ کوردەکان بێت، وە ئەگەر سەربەخۆش نەبێت بە هەرێمێکی فیدراڵ، ئەوا پێی وابوو بەشێوەیەکی ئاسایی دێتە ئەو واتایەی کە بۆ عەرەبی سوننە بەجێ دەهێڵدرێت. لەبەر ئەوەش لەبری ئەوەی کەرکوک بۆ شیعە عەرەبەکانی ناو عێراق یان بۆ سوننەکانی ئێران بمێنێتەوە، پێی باشتر بوو کە بۆ کوردەکان بمێنێتەوە. بێگومان ئێران بەراشکاوی ئەوەی دیارکرد کە لە دژی ئەو سیاسەتەی تورکیایە کە دەڵێ کەرکوک بدرێتە عەرەبی سوننە.

سەرۆک وەزیری تورکیا بەجەب تەیب ئەردۆغان لەسەردانی دوایی بۆ عێراق لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی کە بەهاوبەشی لەگەڵ سەرۆکی پارلەماندا کردی ڕوونی کردەوە کە ناهێڵن کەرکوک بۆ تەنها کەمینەیەک یان مەزهەبێک بێت ئەم جارەشیان بەم شێوەیە تورەیی سەرۆکی ئەنجومەن کە سوننەی عەرەب بوو بۆلای خۆی ڕاکێشا و سەرۆکی ئەنجومەن ووتی باشترین چارەسەری ئەوەیە بەبێ ئەوەی لە دەرەوە دەستێوەردان بکرێت، عێراقیەکان لە نێوان خۆیاندا چارەسەری دەدۆزنەوە. دەرەنجام کەرکوک بەچارەسەرییەکی گونجاو، یان لە ڕێگەی ریفراندۆمەوە دەخرێتە سەر کوردستان یانیش لەرێگەی سازشە ناوخۆییەکان بەسەربەخۆیی وەک هەرێمێکی فیدراڵ دەمێنێتەوە.

لە ڕەوشێکی وەهادا زیاتری خۆی لەلایەن کوردەکانەوە بەڕێوە دەبرێت و لە ئایندەشدا ژمارەی دانیشتوانی کورد کەم ناکات، بەڵکو زیاد دەکات. تەنها لەبەر ئەوەی ناخرێتە سەر کوردستان، هەم کوردەکان هەم تورکمانەکان هەمیش تورکیا کەمتر دەتوانن لێی سوودمەندبن، بەبێ کۆبونەوەی پێگەکان دانی ئەو

**ئەو کاتەی کە تورکیا دانی بەهەموو مافەکانی کوردی ناوخۆی دانا و ئاشتبوونەوە و کە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هاوکاری پێشخست، کوردەکان لە مەترسی دەچێتەدەر بۆ تورکیا**

## چارەسەر نەکردنی کێشەی کەرکوک تا ئەمڕۆ بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ هەڕەشەکانی تورکیا

ئیمکانیەتـــەی هەیە لەبری قـــەرزەکان بەهێزی ناکات. لە هەرلایەکەوە تەماشـــا دەکرێت بابکرێت لە راستیشدا ئەو ترســـەی تورکیا لە بەرامبەر کوردەکاندا هەیەتی لە دەرئەنجامی سیاســـەتی کوێرانەی، بەتایبەت زەرەر بە بەرژەوەندییەکانـــی تورکیا دەگەیەنێت. ئەگەر لەلایەنی هەرێمی کوردستانەوە تەماشا بکرێت کێشەی کەرکوک بەگوێرەی ماددەی١٤٠ی دەســـتوری هەمیشەیی عێراق دەبوو لە کۆتایی ســـاڵی ٢٠٠٧ دا چارەســـەر بکرایە. بەگوێرەی ماددەکە هەم ماوەکی دیاریکراو تەرخانکراوە بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەکە، هەمیش کێشـــەیەکی دەســـتوری ناوخۆیە، بەڵام بە گوێرەی پێ ئەنجامدانی ماددەی١٤٠ جێبەجـــێ نەکرا، ماوەی دیاری کراو تێپەر کرا، بەرەو ئایندەیەکی نادیار رۆیشـــت و لە کێشەیەکی ناوخۆی دەســـتوور دەرچوو. رێگـــەی بۆ ئەوە کردەوە کە نەتەوە یەکگرتوەکان و وولاتانی دراوســـێ دەستی تێوەر بـــدەن؛ بە راپۆرتەکەی نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتوەکان ( ســـتافان دە ماســـتورا Staffen D e mastura) کێشـــەکەزیاتر ئاڵۆز بوو و بەهەڵواســـراوی مایەوە. وولاتانی دراوســـێ بە گوێـــرەی رابردوو زیارتر بوون بەخاونی قسە؛ بۆ نموونە نوێنەرەکانی تورکیا لە بەغداد بە گروپێک چوون تا ناو پەرلەمان گوایە رکێفی خۆیان بەکارهێناوە.

بێگومان لە گەورەبوونی کێشـــەکە و گەیشـــتنی بەم ئاستەدا هەڵوێستی ترســـنۆکانە و بێ قەراری هەرێمی کوردستان بەشـــێکی زۆری تێدایە، کاتێک کە لە پشت ئەو دەستکەوتە سیاســـیانەدا هێزێک نەبێت، هەروەک هیچ تەدبیرێکیان نیە بۆ ئەوەی بە پەسندکردنی بدەن، بۆ ئەوەی ببن بەلایەن وەک پێویســـت قەناعەتیان پێ نەهێنـــان. هۆکارەکانی چی دەبێت بابێت دەســـتوور چارەســـەرییەکی لەجێ و دیموکراتیانەی بۆ کێشـــەی کورکوک نەچەسپاند. تەنانەت لە وانەیە هەرە مەعقول ئەوەبوو کەلە ٢٠٠٣ رژێمی سەددام روخێنرا، چارەسەری کێشـــەی کورکوک بـــۆ کەرکوکیەکانی ناوخۆ و دەرەوە بەجێ بهێڵدرێت. هەروەک چۆن لە هەموو شـــارەکانی دیکە بەرێوەبەرایەتی شـــاریان خستەدەســـت، دەبوایە کەرکوکیەکانیـــش بەرێوەبەرایەتی شـــارەکەی خۆیان بخەنە دەست، بەڵام دەرفەتیان بەمە نەدا.

ئەمریـــکا ئەمەی ویســـت، کوردەکانیش بۆ ئەمە رازی بـــوون. هەرچەندە ئەوکاتە ئەمریکا بەهۆی مۆڵەتی ١ی ئادار زۆر لە تورکیا تووڕەش بوو بەڵام دیســـاش رۆڵی تورکیای گەورە کردەوە، لەســـەر بابەتەکەی کەرکوک ســـەرەتا رێگەی بە بۆچونەکانی تورکیادا. هەڵوێستی کوردەکان بۆ نزیک نەبونەوەی هیچ لایەنێک لە کەرکوک توند بوو؛ سەرەتا وێرای ئەوەی پێشمەرگەکانی PUK و PDK کەرکوکیان خســـتە دەســـت بەڵام دواتر لەسەر داخوازیەکانی ئەمریکا رازی بوون و کەرکوکیان بەجێ هێشت.

چارەسەر نەکردنی کێشەی کەرکوک تا ئەمڕۆ بەشێکی دەگەرێتەوە بۆ هەڕەشەکانی تورکیا. چونکە لە راستیدا چارەسەر نەکردنی کێشەی کەرکوک بە گوێرەی ماددەی ١٤٠ ئەوەی ئاستەنگی ناوەتەوە هێزی شیعە و سوننەی عەرەب، ئێـــران، یان هەڵوێســـتی وولاتانـــی عەرەبی دراوســـێ نەبوو، بەڵکو ئەو هەڕەشانەی تورکیا بوو کە بـــە بیانووی ئەوەی هێزی چەکـــداری PKK لە قەندیلە ٢٥٠ هەزار هێزی سەربازی لە سنورەکان مۆڵدا.

لە راستیدا ئەو سیاسەتی تورکیا لەمەسەلەی کەرکوک پەیڕەوەی کرد، لەلایەنەکانی دیکەشـــەوە خەندەقێکی مـــەزن بوو. تورکیا کەرکوکی لە دەرەوەی کوردســـتان بە دەســـت گرت، ئـــەو رۆڵەی کە بـــۆ تورکمانەکانیان دەسنیشـــانکرد بە گوێـــرەی ژمارەی دانیشـــتوانەکەی حەقیـــان نەدەکرد، بـــە بیرۆکەیـــەک مامەڵەی دەکرد لەســـەر شـــارەکە کە ئەو مافە مێژووییانەی هێشـــتا لەسەردەمی عوســـمانیەکاندا هەیان بوو، لە تورکیا لە ئاســـتی ســـەرەوەی مەقامەکانیش باسیان لە بیرۆکەی رەســـەنایەتی و مافی مێـــژووی دەکـــرد. کاتێک ئەم بانگەشانە دەکەن تەنها شاری کورکوک نایەتە یادمان، بەڵکو لە رابردوودا هەموو کوردســـتان کە بە ویلایەتی موسڵ دەناســـرا و موســـڵ و ناوچەی عەرەبیش دێتە بیرمان. خۆی لە خۆیدا لە بەر ئەم هۆکارانەش باس لە بیرۆکەی مافی مێژووی، «عوســـمانی نوێ» بەشێوەی هەم خەیاڵ یاخود بانگەشـــە دەهێنرێتە ســـەر زمان، تورکیا ویســـتی کێشـــەی کورکوک بکات بەکێشەیەکی نێو نەتەوەیی و گەیشـــتە ئەوقۆناغەی کە چاو بەربداتە نـــاو هەرێمەکـــە. ئەمە هـــەم دراوســـێکان و وولاتانی دراوســـێ نارەحەت دەکات، هەم بە نێونەتەوی کردنی کێشـــەکە لە ئاســـتی هەرێم دا نا ئارامییەک، تەنانەت دەگاتە ئاستێک کە مەترسی روودانی شەڕ بێتە ئاراوە. تورکیا دەخاتە رەوشـــی وولاتێکی ناحـــەق و تەنانەت ئاژەوەگێڕیش. بەداخەوە رەفتارکردن لە ژێر کاریگەری سیاســـەتی رابردوو دەهێڵی کە تورکیا خۆشـــی لەگەڵ ئەم کێشـــەیە رووبەرووی مەترســـی شـــەڕو پێکدادان بکاتـــەوە. بەکەوتنەرێ لەم لایەنەوە تورکیا ئاشـــکرای دەکات کە ئیدی لە سیاســـەت لەگەڵ وولاتانی دراوسێ لە ســـفرەوە دەســـت پێدەکات و هێشتا مێشکی ساف نەبووە، پێی وایە ئەو سیاسەتەی پەیڕەوی دەکات و لە بەینی دەوڵەتی دیموکراتیک و عوســـمانیەتچی دا دێت و دەچێ مەترســـیەکی گەورە لەگـــەڵ خۆیدا دەهێنێ، ئەمەش لە رۆژ ئاواو ناوچەکە بەربڵاوە.

کەچی ئەگەر بێت و تورکیا لەگەڵ چارەسەرییەک دا بێت کە پشت بەماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق ببەستێت، نە تاوانبار دەکرێت بەوەی کە کێشەکە گەیشتۆتە ئاستی پێکدادانێکی نێونەتەوی، نەش تاوانی ئەوەشی دەخرێتە پاڵ کە بە ئەمەلێکی هەگەمۆنی یەوە بەشدار بووە. ئەو ڕێگەیەی کوردەکان پارێزگاری لێ دەکەن لەبەر ئەوەی ناوەرۆکی دەستوور لەخۆ دەگرێ ڕێگەیەکە کە یەکسانی ئاشتەوایی و دیموکراتی یە و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش ناخاتە نێو گومانەوە. هەروەک لە بەشی پێشووی بابەتەکەماندا دەستنیشانمان کرد ئەم ڕێگەیە هەرەزیاد لە بەرژەوەندی تورکیا دەبێت کە کەرکوک بخرێتە سەرکوردستانەوە. ئەمەش کاتێک کە دەستێوەردانی دەرەکی نەبێت کاریگەریەکە هەم لەنێو خۆی عێراق هەم لە دەرەوە هەموو کەسێک ناچاری مل کەچی بکات.

لە ڕاستیدا بۆ ئەمریکاش چارەسەری هەرە گونجاو ئەوەیە کە کەرکوک بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان کە هەرێمێکی ئارامە و یەکێ گرتووە لەگەڵ ئابووری جیهان و خاوەن ئیرادەیە بۆ پێشخستن و دیموکراسی خۆی نزیکی سەرمایەیABD و ئەورووپا دەبینێت، نەک بخرێتە سەر هەرێمی عەرەب کە تاوەک و ئێستا دیارنیە شەڕ و ناکۆکیەکانی تاکەی بەردەوام دەکات تاوەکو هاوکاری ئابووری و قازانج بەدەست بخات و هێشتا دیارنیە ئایندەی بەرەوە کوێ دەڕوات.

پەیوەندی ئەم دواییانەی حکومەتی پارتی AK لەسەر بنەمای هاوکاری مەدەنی لەگەڵ هەرێمی کوردستان پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە بینیوە، هاوشانی ئەمەش ئەوەندەی تێدەگەین لە قسەدا لەگەڵ ئیدارەی کوردی کە لە ماددەی ١٤٠ تەعویزنادات لەپشت پەردە هەڵوێستی نەرمی پیشان داوە نەک لەسەر بنەمایەک کە هەبوونی کەرکوک بۆ هەردوولا مەترسی بێت، بەڵکو لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و دەستکەوتی هاوبەش لەڕێگەی چارەسەری بنەمای ماددی ئاوا دەکات.

لە نێو ئەم هاوکارییەدا هەرێمی کوردستان ئاسانتر بۆ تورکیا و تورکمانەکان، پەیوەندی کەرکوک بە کوردستان لە هەموولایەکەوە سود بەخش دەبێت ئەوەی لە ڕابردوشدا باسمان کرد ئەمە بوو.

ئەو سیاسەتەی لەم دووساڵەی دوایی پارتی AK پەیڕەوی دەکات، تورکیا هەنگاو بەهەنگاو هەرێمی کوردستانی فیدراڵ دەناسێ و پەیوەندی یەکانی لەسەر بنەمای ئابووری مەدەنی، سیاسی، دیبلۆماسی و کلتوری پێشدەخات. تورکیا ڕوونی کردووە کە کونسولگەری لە هەولێر دەکاتەوە. ئەگەر لە دابەزاندنی هێزە چەکدارەکانی PKK لە چیاش سەرکەوتووبن، ئەوا کێشەی هەرە جدی کە کەرکوکە دەرفەتی بۆ دەرەخسێت لە ڕێگەیەکی تەندروستانەتر و واقیانەتر هەڵبسەنگێنرێت. دوای ئەوەش بە ریفراندۆمێک کە چارەنوسی شارەکە دیاری دەکات دەتوانرێت بەڕێگەیەکی گونجاو کێشەی کەرکوک چارەسەربکرێت و لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان ئەو کەلێنە نەمێنێ.

تورکیا تا هەڵبژاردنەکانی عێراق بە خۆفریودان بەوەی کە ٢-٣ ملیۆن تورکمان لە کەرکوک دەژین، سیاسەتێکی پەیڕەوکرد کە زۆرینەی کەرکوک، موسڵ و هەولێر تورکمانە. بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ دەرکەوت کە تورکمانەکان زۆر زۆر لە خوار ئەم ژمارەیەوەن و ئەوەی هەشە لەنێوان خۆیان دابەشیان کردوون. لەڕاستیدا پارتی AK لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی بەرامبەر کوردەکانی ناوەوە و دەرەوە سیاسەتی ڕاسیۆنەڵی پێشخستووە. ئەمڕۆش کە تورکیا دەبینێت هێزی کوردەکان زیاترە و زیاتر سودیان بۆ تورکیا هەیە وادەکات کە تورکیا سیاسەتێکی تەندروستانەتر پەیڕەوبکات.

بێگومان ئەمانەش شتگەلێک نین کە لەخۆیەوە پێش بکەوێت، تێنەگەیشتن لەیەک، و بێ باوەڕی و گومان زۆر کاریگەرە. لایەنەکان ناچارن ئەم خاڵانە بەلاوە بنێن. بەتایبەتیش هەرێمی کوردستان دەبێت لەسەر بابەتی کەرکوک لەگەڵ تورکیا، ئەمریکا، تورکمانەکان ئیقناع بکات، ئەلتەرناتیفی متمانە بەخش پێش بخات.

ئەو قۆناغە تازەیەی لە نێوان پەیوەندییەکانی تورکیاو هەرێمی کوردستان دەستی پێکردووە دەبێت زۆر باوەڕی ببەخشێت لەوەی کە بێ باوەڕییەکان تێپەڕ بکات وخاڵەکانی شکانیش نۆژەن بکاتەوە. ئەو دەرفەتانەی کە هەردوولا بۆ ئەم هاوکارییە پێشکەشی دەکەن، وە ئەو دەسکەوتانەش کە بەدەستی دەخەن گەورەییەکی زۆر گرنگە. ئەم هاوکارییەش ڕێگە لەبەردەم هەموو کوردەکانی پارچەکانی دیکەش دەکاتەوە. لە مێژوودا هاوکاری کورد- تورک لەسەدەکانی ١٦و ١٢ گەیشتبووە لوتکە، ڕۆڵی ئەوانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشێوەیەکی زۆر مەزن بەرزکردەوە، مێژوو ڕێگەی کردەوە بۆ بەرجەستەکردنی ئەمە. ئەگەر ئەمڕۆش لەم هاوکارییەدا سەرکەوتوبن ئەوا زۆر بەشکرا بەڵگەی ئەوەیە کە لە دەرگایەکی دیکەوە دەردەچن.

* نووسەر و ڕۆژنامەنووس

( ١ ) لە ڕاستیدا لە ٢٠٠٥ بەدواوە پاسەپۆرتەکانی کۆماری تورکیا لە گومرگەکانی کوردستاندا مۆری «عێراق – هەرێمی کوردستان»ی لێدراوە. ئایا دەتوانرێ بووترێ کەلە ڕەسمییەتی تورکیا دا چاوپۆشی لە فەرمی بوونی ئەو هەرێمە کراوە، هەمیشە هەوڵدرا ئەم مەسەلەیە بەداخراوی بمێنێتەوە.

**بۆ ئەمریکاش چارەسەری هەرە گونجاو ئەوەیە کە کەرکوک بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان**

دەستووری ئێستای تورکیا هەمان دەستووری کودەتا سەربازییەکەی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٢یە



هەواڵنامەی کتێب

# گۆڕینی دەستوور و ریفۆرمی دادوەری..
# دوو پێداویستی گرنگی دیموکراتیزەبوونی تورکیا

ئەگەرچــی لــەم قۆناخە سیاســییەی ئێســتادا گۆڕینی دەستووری بنچینەیی لەتورکیا کارێکی سەختگیر و دژوارە، جگــە لەپارتی داد و گەشــەپێدان پێویســتی رازیکردنی هەمــوو لایەنــەکان و ئامادەکردنی زهنییەتی رای گشــتی و ســتراتیژێکی میللــی هەیــە، بەڵام لەدوای داخســتنی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی (DTP) دووبارە مشــتومڕ و گفتوگۆکان لەمەڕ گۆڕینی دەســتووری تورکیا دەســتیان پێکردەوە، چونکە چاودێــران پێیانوایە رەنگە لەداهاتوودا هێزە شــاراوەکانی دەوڵەت پلانێک ئامادە بکەن بۆئەوەی لەرێــی دادگای بــاڵای دەســتووری هەمــان چارەنووس رووبەرووی پارتی داد و گەشــەپێدان (AKP)ش بکەنەوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی دەرخســتنی وەها بڕیارێکی پێویستی بەبوێری و جەسارەتێکی گەورە هەیە، بەو پێیەی داخستنی ئــەو پارتە دەبێتە هــۆی خنکانی سیاســەت لەتورکیا و گەڕانەوەی تورکیا بۆ رۆژگارە تاریکەکان، بەڵام دیســانەوە ئەو گریمانەیــە بۆ وڵاتێکی وەک تورکیا ئەگەرێکی واریدە، کە تائێستا چەندان کودەتای سەربازی بەخۆیەوە بینیوە و بۆتە گۆڕستانی پارتە سیاسییەکان.

دەنگیــر میر محەمەد فورات پەرلەمانتاری شــاری ئەدەنە و یاریدەدەری ســەرۆکی پێشووی AKP روونیکردەوە، کە حکومەتی تورکیا بەوپەڕی جەســارەتەوە درێژە بە پرۆسەی «کرانــەوەی دیموکراتی» بەرووی کــورد دەدات لەنیوەی مانگی رێبەندان دا گەڵاڵەنامەی دەســتووری نوێ رەوانەی پەرلەمان دەکەن.

دەســتووری ئێســتای تورکیا، جگە لەئەنجامدانی هەندێ گۆڕانــکاری یاســایی بچووک، هەمان دەســتووری کودەتا ســەربازییەکەی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٢یە، کە تێیدا باسکردن لەمافەکانــی کورد لەتورکیــا قەدەغەکراوە و ســزای بۆ دانراوە. لەمبارەیەوە زۆربەی چاودێرانی سیاســی پێیانوایە تورکیا پێویســتی بەئامادەکردنی دەســتوورێکی مەدەنی هەیــە کە لەگەڵ پێوانە دیموکراتییەکان و بنەماکانی مافی مــرۆڤ بگونجێت، هەروەک بۆ چارەســەرکردنی پرســی کوردیش لەو وڵاتەدا گۆڕینی دەستووری بنچینەیی پرسێکی چارەنووسساز و زەرورەتێکی مێژووییشە، لەبەرئەوە ئەگەر ئەو دەســتوورەی ئێســتا هەموار نەکرێت ئەوا باســکردن لەچارەسەری ئاشــتیانە جگە لەهەڵخەڵەتاندنی رای گشتی هیچ مانایەکی دیکە نابەخشێت.

لەچەند ســاڵی رابردوودا لەتورکیا دارشتنی دەستوورێکی مەدەنــی بۆتە باس و خــواس و جێی مشــتومڕی نێوان دەزگاکانی راگەیاندن و رۆشــنبیران و سیاســەتمەدارانی وڵاتەکــە، هەرچەندە بەر لەســازدانی هەڵبژاردنی ســاڵی ٢٠٠٧یــش لەتورکیا گفتوگۆ لەســەر ئەو مــژارە دەکرا و دەسەڵاتدارانی (AKP) بەپەیامی «دەستوورێکی مەدەنی» رووبەرووی خەڵک دەبوونــەوە، هاوکات حکوومەتی (٥٩) یەمینی تورکیا هەمان داخوازی خستەڕوو.

تا رۆژگاری ئەمڕۆ چەندان خاڵی دەســتووری ساڵی ١٩٨٢ گۆڕاوە کە لەژێــر چاودێری ژەنەراڵــە کودەتاچییەکانەوە دەســتوورەکە دارێــژرا، بــەڵام ئەو خاڵانەی پەیوەســتن بەگۆڕینــی رژێمەوە وەکو خــۆی ماوە و تاکــو رۆژگاری ئەورۆمــان کاریگەرییەکانی لەســەر بارودۆخــی کۆمەڵگا بەردەوامە.

وەک دەزانرێ، دەستووری ساڵی ١٩٨٢ بەرهەمی کودەتای ســەربازی ساڵی ١٩٨٢ یە بەســەرۆکایەتی ژەنراڵ کەنعان ئەڤرەن، کە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت (MGK) ئامادەکرا و دوای قەبووڵکردنی لەلایەن ئەنجومەنی راوێژکاری، بەشــێوەی راپرســییەکی شــکڵی قەبووڵکرا. هەروەک راپرســی رژێمە ستاتۆپاریز و عەسکەرتارییەکان، راپرســی ســاڵی ١٩٨٢ بەرێژەی زیاتــر ٩٠٪ی دەنگەکان قەبووڵکرا، لەبەرئەوە هیچ کەس هێزی ئەوەی نەبوو پەیڤی «نا» لەبەرامبەر رەتکردنەوەی دەستوور بەکاربهێنێت.

دەســتووری ســاڵی ١٩٨٢ بایەخێکی زۆری بەپاراســتنی ســەروەری دەوڵــەت و ئایدیۆلۆژیای کەمالیــزم دەدات و مافی هاوڵاتیبوونی دەســتووری بەجارێک پەراوێزخستووە، ئەگەرچــی لەهەندێ خاڵدا باســی ئازادییە گشــتییەکان و مافەکانــی هاوڵاتیبــوون کراوە، بەڵام خاڵــی لەمجۆرە بەپاساوی جۆراوجۆر هێمای بۆ ئەو مافانە کردبوو، چونکە لــەواری کرداریدا جێبەجێ نەدەکرا و ئاســتەنگی گەورەی بۆ دروســتدەکرا. بۆیە دەستووری ســاڵی ١٩٨٢ی تورکیا هیچ کاتێک دەســتوورێکی مەدەنی نەبووە و دووری پێوانە دیموکراتــی و گەردوونییەکان بووە، بەپێچەوانەوە بەرگری لەرژێمێکی میلیتــاری و ئایدیۆلۆژیــای کەمالیزم دەکات، هەروەک لەم دەســتوورەدا بەهیچ کلۆجێک مافە سیاسیی و کولتوورییەکانــی گەلی کورد هێمــای بۆ نەکراوە، بەڵکو زمانی کوردی و پەیڤی کوردستانیش قەدەغە و بڤە بووە.

ئەم دەســتوورە خاڵێکی جیاوازی دیکەشی هەبوو، ئەویش پێشــنیارکردن بۆ گۆڕینی ٤ خاڵەکەی دەســتووری یەکەم قەدەغەکراوە. رەنگە بۆ ئەو کەســانەی لەرەوشــی تورکیا باش شــارەزانین و بەدوادچوونیان کەمە، ئەو پرســە زۆر ئــەرزش و بایەخی نەبێت یان لێی حاڵی نەبن، بەڵام ئەوی جێی ســەرنجە، هەر چوار بەنــدی ١، ٢، ٣، ٤ ناگۆڕدرێن، لەبەرئەوە پێشنیاری گۆڕین یان هەمواركردنی چوار خاڵەکە لەهەمــان دەســتوور قەدەغەکــراوە. هەر چــوار خاڵیش بناخــە و پایگاکانی رژێمی کەمالیســتی پێکدەهێنن. بۆیە لەدەســتووری تورکیا جگــە لەزمانی تورکی، شوناســی تورکــی، رژێمــی عەلمانی، ئاڵای تورکــی، هیچ میللەت و زمان و کولتوورێکی دیکە قەبووڵ ناکات. هەروەها ئیرادەی ئازادانەی تاک و مافی ئــازادی بیروڕادەربڕینیان بەهەمان رێگای پێچاوپێچ بردووە. بۆیە چاودێرانی سیاسی پێیانوایە




<<<
”دەستووری ساڵی 1982 ئاستەنگە لەبەردەم دیموکراسی و بۆ وڵاتێکی وەک تورکیا ناچێتەسەر“

هەواڵنامەی کتێب



دەستووری ساڵی ١٩٨٢ دەستوورێکی ئەنتی دیموکراسییە و بۆ وڵاتێکی وەکو تورکیا سەرناگرێت.

گفتوگۆکان لەبارەی گۆڕینی دەستوور لەتورکیا تادێت زیاتر دەبێ. لەبەرئەوەی ئـەم داخوازییە لەبەرنامەی حکوومەت بەچەندان خاڵی ناڕۆشـن باسـدەکرێت، جگـە لەهەندێک پەیڤی تەمومژاوی و نادیار هیچ ڕاسـتییەک بۆ گۆڕانکاری بەدیناکرێـت. بـەڵام ئـەو گۆڕانکاریانـەی لەکارنامـەی حکوومەتی نوێ ئامادەکراوە کەسـانی شـارەزا لەمبوارەدا سەرپەرشـتیانکردووە، هەندێک خاڵی گرنگ لەخۆدەگرێت.

بەڵام لەهەموو ئەمانە مەترسـیداتر، کە بۆ دەستووری نوێ ئامادەکراوە هەر چوار خاڵی سەرەتا وەکو خۆی پارێزراوە. هـاوکات لەگەڵ ئەو چوار خاڵە زەمینەی پاراسـتنی ڕژێم دەخولقێنن و ڕۆحی ئایدیۆلۆژیای فەرمی دەوڵەت لەسـەر قاچەکانـی ڕادەگرێت. بۆیە ئەگەر ئـەم چوار خاڵە وەکو خۆی بمێنێ ئەوا گۆڕانکاری لەدەسـتوور تەنها بەدروشـم دەبێـت، بەواژەیەکـی دیکە دەسـتووری مەدەنـی تەنها بەگوتار دەبێت و ڕێگای چارەسـەری کێشـەکانی تورکیا درێژتر دەکاتەوە. هەرچەندە ڕای گشـتی وەکو پێویسـت گفتوگۆی لەسـەر نەکردبێت و ئاگاداریشـی نەبێت، بەڵام ئەگەر چوارچێوەکەی وەکو ئەوەندەی باسـی لێوەدەکرێت چارەسـەرکردنی پرسـی کورد لەباکووری کوردستان ڕێگا لەبـەردەم هەنـگاوی کۆنکرێتـی ناکاتـەوە، هەنگاوێکی بەمشێوەیە زەمینەی ئاشـتییەکی هەمیشەیی ناخولقێنێ. چونکە هەتاکو دەستووری بنچینەیی نەگۆڕدرێ، نە کێشەی کورد چارەسـەردەبێ، نـە تورکیا هەنگاوی دیموکراسـی هەڵدەگرێ.

شارەزایانی بواری دەسـتوور لەتورکیا وای دەبینن، ئەگەر دەسـتوورێک مافی کەمینەکان نەناسێت و دان بەمافەکانی گەلـی کورد نەنێـت و ڕێوشـوێنی دیموکراتیانە دانەنێت و هـەر چـوار خاڵەکەی یەکـەم وەک خـۆی بپارێزێت و هەقیقەتی خەڵکی باشـووری ڕۆژهـەڵات لەبەرچاونەگرێت و نەبێتە نەخشـەی ڕێگا بۆ چارەسـەرکردن و دەربازبوون لەقەیرانەکانی تورکیا، ئەوا پێویستە تەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کورد کاری جیددی بۆ بکات و لەبەشـەکانی دیکەی کوردستانیش پاڵپشتی لێبکرێت.

پێشتر هێز و لایەنە سیاسییەکانی کورد لەتورکیا داوایانکرد، گەڵاڵەنامە و پڕۆژەی ڕەشنووسی گۆڕینی دەستوور بخرێتە بەردەم خەڵک بۆئەوەی لەڕاپرسـییەکی ئاشکرا دەنگی بۆ بدات. هەروەک پـارت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەتورکیا ڕایدەگەیەنن، ئەگەر دەسـتووری نوێ دان بەمافە سیاسـیی و کولتوورییەکانی کـورد نەنێت ئەوا کوردەکان لەپرۆسەی ڕیفراندۆمدا وشەی (نا) بەکاردەهێنن. بۆیە داوا دەکەن «بزووتنەوەی سیاسـی کورد لەباکووری کوردستان بۆ ئەم پرسـە لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسـییەکانی دیکەی تورکیا پەیوەندی ببەستێ و لەو بابەتە بەشداریان پێبکات تاکو بلۆکێکی سیاسـیی بەهێـز پێکبێنێت. ئەم بلۆکەش هەوڵی ئەوە بدات، ڕاپرسـییەکە بخاتـە بوارێک: ئایا ڕای گشـتی سیاسـەتی دەوڵەت لەهەرێمەکـە «واتە هەرێمی کوردستان»قەبووڵ دەکات یان نا؟».

ناوەندە سیاسـی و فیکرییەکانی کورد لەتورکیا پێیانوایە

**دەستووری ساڵی 1982ی تورکیا هیچ کاتێک دەستوورێکی مەدەنی نەبووە و دووری پێوانە دیموکراتی و گەردوونییەکان بووە**



گرتنەبەری ســـتراتیژێکی لەم چەشنە دەرفەتی گۆڕانکاری گرنگ دەخوڵقێنرێت. پەرچەکردارێکی بەمشێوەیەش ئەرکێکی گران دەکەوێتە ســـەر شانی DTP و بزووتنەوەی چەکداری کورد لەباکووری کوردســـتان. بۆیە دەڵێن «پێویستە کورد وەک دۆزێکـــی نەتەوەیی لەو ڕاپرســـییە بڕوانن و هەر لەم چوارچێوەیەشـــدا سیاسەت بکەن. ئەگەرچی ئەم سیاسەتە ڕیسک و موغامەرەشی بەدواوەبێت، بەڵام ئەگەر ڕێژەیەکی زۆر لەهەرێمی کوردستان بڵێن (نا) ئەوا بۆ چارەسەرکردنی پرســـی کورد لەباکووری کوردستان پەیامێکی زۆر گرنگ و چارەنووسساز دەبێت».

لەلایەکی دیکەوە، سەنتەری وایس مێن بۆ دیراساتی ستراتیژی لەتورکیا بەنـــاوی (BILGESAM)، کە لەلایەن کۆمەڵێک ژەنراڵ و باڵیـــۆزی خانەنشـــینکراو و خەڵکانی ئەکادیمی دامەزراوە، داوای دەســـتوورێکی نـــوێ و ریفۆرمی قەزائی دەکەن. ئەو سەنتەرە لەراپۆرتێکدا پێشتر رایگەیاندبوو، کە ئەو گۆڕانکاریانەی لەدەســـتووری ئێستای تورکیادا کراون، کە لەسایەیی حوکمڕانی سەربازی پاش ١٢ی سێبتێمبەری ١٩٨٢ نووسراوەتەوە، لەگەڵ پێداویستییە هەنووکەییەکانی ئێســـتای تورکیا ناگونجێ و پێویســـتە دەستوورێکی نوێ جێگەی بگرێتەوە. هەر بۆیە داواکارییەکی زۆر پەیوەســـت بەو دەســـتوورە مەدەنییە تازەیە لەنـــاو تورکیادا هەیە کە بەدەم پێداویستییە هاوچەرخەکانی وڵاتەکەوە بێت.

پارتی داد و گەشـــەپێدان لەســـاڵی ٢٠٠٧ دا کۆمسیۆنێکی ســـەربەخۆی پێکهێنـــا بـــۆ گەڵاڵەکردنـــی ڕەشنووســـی دەســـتوورێکی مەدەنی نوێ. بەڵام کاری ئەو کۆمســـیۆنە هەڵواســـراوە، لەوکاتەی کەیسی داخستنی AKP لەتورکیا بووە ڕۆژەڤی تورکیـــا، هەرچەندە کە حکومەت بەڵێنیداوە لەماوەیەکی کورتدا ئەو مەســـەلەیە جارێکی دیکە بخاتەوە نێو ڕۆژەڤی تورکیا. ئەو ڕەشنووسە پێیوایە چارەسەرکردنی پرســـی کـــورد لەچوارچێـــوەی دەوڵەتدا پشـــت بەداننان بەناســـنامەی کولتووری کورد دەبەستێ. هەروا راپۆرتەکە داوا دەکات هەموو ئاســـتەنگەکانی بـــەردەم بەکارهێنانی زمانی کوردی هەڵبگیرێن.

هەروەک لەگەڵاڵەنامەکەدا هاتووە، بەکارهێنانی گشتیانەی زمانـــی کوردی، دوا بـــەدوای کودەتای ســـەربازی ١٩٨٢ بەیاســـا قەدەخەکـــرا و ئـــەو قەدەخەکاریەش تا ســـاڵی ١٩٩١ هەروەکـــو خـــۆی مایەوە. بـــەڵام حکومەتی AKP لەماوەی رابردوودا هەنگاوگەلێکی بەرچاوی بەئاراســـتەی گەڕاندنەوەی مافە کولتوورییەکان بەکورد ناوەتەوە، لەنێو ئـــەو هەنگاوانەدا، تەرخانکردنی کەناڵێکی دەزگای رادیۆ و تەلەڤزیۆنـــی فەرمی تورکیایە (TRT6)، کە ٢٤ ســـەعات بەزمانی کوردی بەرنامەکانی خۆی پەخش دەکات، لەتەک ئەو هەنگاوەش، کردنەوەی بەشی کوردۆلۆژی لەزانکۆکانی تورکیا و گەڕاندنەوەی نـــاوی کوردی بۆ گوند و قەزاکانی کوردســـتان و بەکارهێنانی زمانی کوردی لەگرتووخانەکان بەهەنگاوێکی گرنگ دادەنـــرێ وەک لەپرۆژەکەی AKP دا هاتووە، هەر بۆیە BILGESAM لەلای خۆیەوە، ئەو جوڵە و بزاڤە بەگرنـــگ دەبینێ و پێیوایە کە هەنگاوی لەمجۆرە نابێـــت وا لێکبدرێتەوە کە هەڕەشـــە لەیەکپارچەیی وڵات دەکات.

**لەدەستووری تورکیا جگە لەزمانی تورکی، شوناسی تورکی، ڕژێمی عەلمانی، ئاڵای تورکی، هیچ میللەت و زمان و کولتوورێکی دیکە قەبووڵ ناکات**

پ. د. فـــازڵ حوسنـو ئەردەم قانوونزان لەزانکۆی



# هەوڵماندا دەستوور ببێتە چەترێك بۆ کۆکردنەوەی پێکهاتەکان بەڵام هەنگاوەکان بەئارەزووی ئێمە نەبوون

یەکێک بووە لـەو ئەکادیمسیەنـانەی بەشداری لە

**❖ وەک دەزانین، ئێستا قۆناخیکی سیاسی تازە لەتورکیا دەســـتپێکردووە، ئەویش پێڤاژۆی «کرانەوەی کورد»ە، کـــە دواتر بوو بـــە «کرانەوەی دیموکراتـــی»، بڕیاروایە ئەم پێڤاژۆیەش بە سێ قۆناخ جێبەجێ بکرێت، قۆناخی «نزیک، ناوەڕاســـت و دوورمەودا»، من دەخوازم بپرسم دەوڵەمەندکردنی ئەم پێڤاژۆیە پێویستی بە چ گۆڕانکاری یاسایی و ڕێکارێکی دەستووری هەیە؟**

– بۆ قۆناخـــی نزیک پێویســـتیمان بەگۆڕینی بەرنامە و یاســـای بەڕێوەبردن و ئیدارە هەیە، واتە گۆڕینی پەیڕەو و پرۆگرامی یاســـای ئیـــدارە و بەڕێوەبردن. هەندێک لەم هەنگاوانـــەی قۆناخی یەکـــەم هاوێشـــتراون، بۆ نموونە لەپەیڕەو پرۆگرامی زیندانییەکان گۆڕانکاری کراوە. پێشتر گفتوگۆکردن بە زمانی کوردی لەکاتی سەردانی کەسوکاری زیندانییـــەکان قەدەخـــە بـــوو، نەدەکـــرا زیندانییەکان بەزمانی خۆیان قســـەبکەن بێجگە لەتورکی، بەڵام ئەمڕۆ ســـەرنجدەدەین جۆرە ئازادییـــەک لەبەکارهێنانی زمانی کوردی بەدیدەکرێت. لەنێو ئەم گۆڕانکاریانە ٢٤ کاتژمێر پەخشی رادیۆ و تەلەڤزیۆن بەزمانی کوردی هەیە. لەنێو هۆڵەکانی دەوڵەت شانۆگەری بە زمانی کوردی پێشکەش دەکرێـــت، بـــۆ بەرهەمهێنانـــی فیلمی کـــوردی دەوڵەت یارمەتی ماددی پێشـــکەش دەکات، ئەمانە ئەو هەنگاوانە بوون کە لەقۆناخی نزیکدا هاوێشتراون و جێبەجێکراون. بۆ هەنگاوەکانی داهاتووش دەتوانم بەمشـــێوەیە ریزیان بکەم:

– پێویستە زیندانی ئامەد بکرێتە مۆزەخانە، لەبەرئەوەی لەلایەن کوردانەوە وەکو ســـیمبۆل تەماشا دەکرێت و بۆ رووبەڕووبونەوەی رابردوو و مێژوو زۆر گرنگە.

– لەنێو دامودەزگاکانی حکومەتدا، بەشێوەیەکی دیاریکراو ماوەیەکـــی دیاریکراو دابنرێت و بەزمانی کوردی خزمەتی هاوڵاتییان بکرێت لەشارە کوردییەکاندا.

– بەگوێرەی داخوازی خەڵک ناوی ئەم شوێنانە بگۆڕدرێت کە لەڕابردوو بەهەر بیانوویەک گۆڕدراون، واتە گێڕانەوەی نـــاوە رەســـەنەکانیان. گێڕانەوەی ناوی ســـەرجەم ئەم شـــوێنانە پێویســـتی بە بڕیارێکی وەزیری ناوخۆ هەیە. ئەمەش بۆ قۆناخی ناوەڕاست دەبێت.

– لەکاروبارو و ڕێوڕەســـمە ئاینییـــەکان وەکو (گوتاری ئایینـــی) دەتوانرێت زمانی کـــوردی لەخوتبەی هەینی و بۆنە ئایینییەکانی دیکەدا بەکاربهێنرێت.

– لەهەنگاوەکانی قۆناخی ناوەڕاستدا بۆ پرسی کرانەوەی دیموکراتی پێویستمان بەگۆڕانی یاساکان هەیە، لەیاسای پارتە سیاسییەکان و یاسای حوکمی پارتە سیاسیەکان، چونکە تائێســـتا پڕۆپاگەندە بەزمانی کوردی قەدەخەیە. بۆیە ئەم دوو یاسایە پێویستە هەموار بکرێت.

– لەیاســـای پەرلەماندا پێویســـتە بەربەستی هەڵبژاردن

# ی دیجلە بۆ تورکیاناسی:



هەواڵنامەی کتێب

# پرۆژەی هەموارکردنی دەستووری تورکیا کردووە

لەڕێژەی ١٠٪ کەمتر بکرێتەوە، چونکە ئەوانەی ڕێژەی ١٠٪ی دەنگەکان بەدەستنەهێنن ئەوا ناتوانن بچنە نێو پەرلەمان، ئەمەش لەڕووی نوێنەرایەتی دیموکراتیدا کۆسپێکی گەورەیە و پێویستە نەمێنێ یاخود دابەزێت بۆ خوارەوە.

– پێویستە یاسای بەڕێوەبردنی شارەکان کە ناوی شار و دێهاتەکانی گۆڕیوە، بگۆڕدرێت.

– یاسای نازناو (پاشناو) پێویستی بەگۆڕانکاری هەیە.

– بۆ ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە ١٨ ساڵ کەمترە بەگوێرەی یاساکانی دژە تیرۆر دادگاییکراون، دەبێ ئەم یاسایە بگۆڕدرێت، لەبەرئەوەی سەرجەم منداڵانی کوردن لەسایەی ئەم یاسایەدا لەدادگا تایبەتەکانی تورکیا دادگایی کراون.

– بۆ قۆناخی دوور، پێویستە دەستوورێکی مەدەنی ئامادە بکرێت. واپێدەچێت گۆڕینی دەستووری بنچینەیی لەواری عەمەلیدا بەڕێوەنەچێت. لەبەرئەوەی دادگای باڵای دەستووری لەدژی گۆڕانکاری بنەڕەتییە لەدەستووری بنچینەییدا، ئەگەر داوکاریش هەبێت ڕەتیدەکاتەوە. بۆ نموونە ئەگەر پەروەردە بەزمانی کوردی سەربەست بێت، ئەوا دادگای دەستووری زۆر بەئاسانی دەتوانێت ئەم داوکارییە ڕەتبکاتەوە یان داوکارییەکە پوچەڵ بکاتەوە، هەر بۆیە پێویستیمان بەداڕشتنی دەستوورێکی مەدەنی تازە هەیە. دەستوورێک کە مافە سیاسیی و کولتوورییەکانی کورد مسۆگەر بکات.

– پێویستە لەدەستووری نوێدا ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی مۆزائیکی تورکیا بێت، بەشێوەیەک هەموو هاووڵاتیانی تورکیا بەبێ جیاوازی ئایین و نەتەوە و مەزهەبەوە پێناسە بکرێن، هەروەک پێویستە چەمکی هاووڵاتیبوونی تورکیاش لەسەر ئەم بنەمایە پێناسەی تازەی بۆ بکرێتەوە. لەبەرئەوەی لەدەستووری بنچینەی ئێستادا، ئەوانەی کە دانیشتووانی تورکیان یان لەتورکیا دەژین هەموویان تورکن، ئەمەش وایکردووە کورد و خەڵکانی دیکەش لەدژی ئەم دەستوورە بن.

– پێویستە لەدەستووری نوێدا بەرەوپێشبردنی زمانی کوردی قەدەخە نەکرێت، بەڵکو دەرفەتی پاراستن و زیندووکردن و گەشەکردنی بۆ بڕەخسێت و مافە کولتوورییەکان بۆ هەموو کەسێک مسۆگەر بکرێت.

شتێک هەیە لەهەموو ئەمانە گرنگترە، ئەویش کارێکی وا بکرێت سەرجەم ئازار و مەینەتییەکانی ڕابردوو لەهزری خەڵکی بسڕێتەوە، بەگشتی و بەتایبەتی ئەو کوردانەی بەشێکی زۆری ئەم ئازارەیان بەرکەوتووە، لەهەست و سۆزیاندا خۆیان لەتورکیادا بدۆزنەوە، پێویستە دەوڵەت لەدژی هەموو جۆرە جیاوازییەک بێت کە هاووڵاتییانی تورکیا لەیەکتری دووربخاتەوە. دەوڵەت بەیەک چاو سەیری هەموو هاووڵاتیانی تورکیا بکات.



**د. فازڵ حوسنو**
**ئەردەم لەچەند دێڕێکدا:**
**– ساڵی ١٩٦٤ لەشاری ئەلعەزیز لەدایکبووە.**
**– بەشی یاسای لەزانکۆی ئەنقەرە تەواوکردووە.**
**– دکتۆرای لەزانکۆی ئیستانبوڵ تەواوکردووە.**
**– ٢٢ ساڵە لەدیاربەکر دادەنیشێت و کۆلێژی یاسا- زانکۆی دیجلە مامۆستایە.**
**– ساڵی ٢٠٠٧ لەنێو ئەم لیژنەیەدا بووە کە AKP بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەستووری مەدەنی نوێ گەڵاڵەی کردبوو.**
**– تائێستا چەندان گوتار و لێکۆڵینەوەی بەنرخی لەبارەی دەستووری بنچنەیی، پەیوەندی باڵی سەربازی و مەدەنی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ و پرسی کورد لەڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکردۆتەوە.**
**– خێزاندارە و ٣ منداڵی هەیە.**

**❖ پێشتر حکومەتی AKP لەهەوڵی ئەوە دابوو دەستوورێکی نوێ ئامادە بکات، بەڵام وەک لەڕەشنووسی دەستوورەکەدا سەرنجماندا، بەگشتی هەوڵەکانی هەموارکردنی دەستوور زۆر کۆنکرێتی نەبوون، واتە گۆڕانکارییەکان ستراتیژی نەبوون. بۆ نموونە، ئەم ڕەشنووسەی نوێیەی ئامادە کرابوو، ئایدیۆلۆژیای فەرمی دەوڵەتی لەسەر بنەمای «یەک ئاڵا، یەک دەوڵەت، یەک نەتەوە، یەک زمان و یەک..» دووبارە لەسەر قاچەکانی خۆی زیندو دەکردەوە. پێتوانییە ئەمە پتر گەمەیەکی سیاسیی بێت کە AKP لەپێناو مانەوەی لەدەسەڵات و بەهێزکردنی پێگەی خۆی لەباشووری ڕۆژهەڵات بەڕێوەی ببات. لەبەرئەوە لەڕەشنووسە تازەکەدا بەئاشکرا دان بەناسنامەی کورد نانرێت، بەپێچەوانەوە سەرنجەدەین سەرجەم هەوڵەکان بۆ گۆڕینی دەستوور هێڵە گشتییەکانی دەوڵەت دەپارێزێ؟**

– مرۆڤ ناتوانێت بڵێت سەرجەم ئەم ڕەشنووسە دەستوورییانەی ئامادەکراون هەموویان لەدەرەوەی ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت نین، بەڵام هەوڵدراوە لەئایدیۆلۆژیای فەرمی دەوڵەت خۆیان بەدوور بگرن. هاوکات لەڕەشنووسە ئامادەکراوەکاندا دەستەواژەکانی «ئەنقەرەی پایتەخت و زمانی فەرمی زمانی تورکییەو هەروەها ئاڵای وڵاتمان وەکو خۆی هێشتەوە». من لەو بڕوایەدام کورد بەگشتی لەم ماددانە نیگەران نین، ئەگەر زمانی تورکی زمانی فەرمی بێت ئەوە مانای ئەوە نییە ڕێگری هەبێت لەبەردەم زمانی کوردیدا، بەڵام ناتوانین داوا بکەین لەهەموو وڵاتی تورکیا زمانی کوردی وەکو زمانی تورکی بەکاربهێندرێت، ئێمە پێناسەی هاووڵاتیبوونمان گۆڕی، لەشوێنی دەستەواژەی تورکبوون، دەستەواژەی هاووڵاتییانی کۆماری تورکیامان بەکارهێنا، هەروەها ماددەی تایبەت بەقەدەخەکردنی پەروەردە بەزمانی دایکمان هەڵگرت. بەگشتی هەوڵماندا دەستوور ببێتە چەترێک بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم پێکهاتەکانی تورکیا، بەڵام هەموو شتێک بەئارەزووی ئێمەش نەبوو، بۆ نموونە نەمانتوانی لەدەستووردا مافی کولتووری هاووڵاتییان بپارێزین.

**❖ ئێوە وەکو قانوونزانێک چ مۆدیلێکی حوکمڕانی و خۆبەڕێوەبردن بۆ چارەسەری پرسی کورد لەتورکیا پێشنیار دەکەیت؟**

– قانوونێکی مۆزائیک، ئازادیخواز و دیموکرات، هەروەک چۆن لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا چارەسەریان بۆ کێشە سیاسی و نەتەوەییەکان دۆزیوەتەوە و لەسەر ئەم بنەمایانە ڕێککەوتوون. بەهەمانشێوە ئەم بنەمایانە بۆ تورکیا و وڵاتانی هاوشێوەی تورکیاش چارەسەرێکی گونجاو دەبێت.

## محەمەدئەمین ئاقدار سەرۆکی یەکێتی پارێزەرانی دیاربەکر (بارۆ) بۆ تورکیاناسی:



# هەرێمی کاتەلۆنیای ئیسپانیا گونجاوترین مۆدێلی سیاسییە بۆ کوردەکانی تورکیا

**❖ دوای ئـەوەی تورکیـا زیاتر لە ٢٥ سـاڵ لۆژیکی سـەربازی تاقیکردەوە، چۆن گەیشتە ئەو بڕوایەی هێڵە سوورەکانی خۆی بگۆڕێ و بیر لەزمانی دیالۆگ بکاتەوە بۆ چارەسەری کێشەی کورد؟**

– لەماوەی ئەم (٢٥) ساڵەی کە تورکیا ڕێگای سەربازی بەکارهێنـا، نزیکەی (٤) هەزار گوندی کوردان وێرانبوو، هەروەهـا ٣ ملیۆن مرۆڤ لەزێدی خۆیان کۆچبەر بوون، هەروەها لەم شەڕەدا نزیکەی (٥٠) هەزار مرۆڤ گیانیان لەدەسـتدا، لەنێو ئـەم (٥٠) هەزارەشـدا ٤٠ هەزاریان کوردبـوون. لەنێو ئەم (٤٠) هەزارەشـدا ٢٥ هەزاریان گەریـلای PKK بـوون. ئەمڕۆش شـەڕی چەکداری بە بنبەسـت گەیشتووە، بۆیە تورکیا ناچار بوو ڕێگاچارەی نـوێ تاقیبکاتـەوە. لەبەرئـەوەی لـەرووی دەروونی، کۆمەڵایەتـی، ئابووری و سـەربازی کارەسـاتی گەورە ڕوویاندا، ئەگەر شەڕ درێژەی هەبووایە ئەوا دەرفەتی ژیان و دراوسێیەتی نێوان کورد و تورکان کۆتایی دەهات.

سـەرەڕای ئـەو ئەزموونە تاڵەی ڕابـردوو، کە دەوڵەت بەهۆی لۆژیکی سەربازییەوە بەهیچ ئاکامێک نەگەیشت، هەلومەرجی نێودەوڵەتیش کاریگەری لەسەر هاتنەکایەی ئەم دۆخە نوێیە دانا. ئەم هەلومەرجە فشـاری خستۆتە سـەر دەوڵەتـی تورکیا بۆئـەوەی ڕێـگای دیالۆگ و دیموکراتیانە هەڵبژێرێت.

ئەمەریـکا لەرۆژهەڵاتـی ناویـندا سیاسـەتێکی تازە بەڕێوەدەبات. لەبەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتەشدا ڕۆڵێکی تازەی بەتورکیاداوە، کە ڕۆڵێکی ستراتیژی و گرنگە. لەم نێوانەدا لـەو بڕوایەدام ڕێککەوتنی ئەمریکا و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕێککەوتنێکی ستراتیژییە. بۆچی؟ لەبەرئـەوەی لەجەنگی دژی سـەدامی دیکتاتۆر تورکیا هـاوکاری ئەمەریکای نەکرد، ئەمەریکاش ئەو راسـتییە باش دەزانێت. جگە لەوەش کە کورد دەیانەوێ گەرمترین پەیوەندیان لەگەڵ ئەمەریکادا هەبێت، لەبەرامبەردا ئەگەر کێشـەی کورد بەڕێبازی دیموکراتیانە چارەسـەرنەکات ئـەوا پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی هەرێم خراپتر دەبێت. لەبەرئەوە ئێسـتا کێشـەی کورد لەجوغـزی ناوخۆیدا دەرچووە و بۆتە کێشـەیەکی نێونەتەوەیی. لەدوای ئەم خوێندنەوەیە تورکیا بەدیدێکی دیکە سەیری پرسی کورد دەکات. ئا لەم کاتە هەستیارەدا ئەقڵی دەوڵەت دەستی بەکارکرد و بڕیاریدا پرسی کورد چارەسەر بکات.

دەوڵـەت دەخوازێـت لەقۆناخـی سـەرەتادا لەڕێگای چەنـد مافێکـی دیموکراتـی و مرۆڤایەتی ئەم پرسـە چارەسەربکات، هەنگاوی گەورە هەڵناگرن، بەڵکو سەرەتا هەندێ هەنگاوی بچووک دەنێن. لەبەرئەوەی پرسی کورد لەناوخۆدا پۆتانسیەڵێکی توندوتیژی بەخۆوە دەبینێت. لەمێژووی دامەزراندنی کۆماری تورکیا ٢٩ سـەرهەڵدانی

کوردان بەرپاکراون، ئێستاش دەیەوێ سەرهەڵدانی (٢٩) ەمین کە ٢٥ ساڵە شەڕی چەکداری (PKK) چەکەکانی دابنێت و کێشەکە چارەسەربکات. بەڵام داخوازی کوردان بەمشـــێوەیە نییە، کورد دەیانەوێ کێشـــەکەیان لەرێی هەندێ مافە نەتەوەییەوە بەدەستبخەن. کورد دەخوازن بەمافە نەتەوەیی و کولتوورییەکانیان شـادبن، بە زمانی دایک بخوێنن، هەروەها دەخوازن لەهەرێمەکەیان خۆیان ئیدارەی خۆیان بکەن، ئەگەر لەئاستی فیدراڵیشدا نەبێت ئـەوا دەیانەوێ بارودۆخـــی هەرێمەکەیان گەشـــەبکات و پەرلەمانـــی هەرێمـــی دابمەزرێـــت، لەســـەر بنەمای ئێتنیکی ســـنووری خۆیان دیاری بکەن. کورد دەخوازن پەرلەمانـــی هەرێمیان هەبێت، کە تایبـــەت بەکارەکانی هەرێم و پێداویســـتییەکانی ئەم هەرێمە بڕیاربدات، بەڵام دەوڵەت ئێســـتا دەڵێت ئێمە وەکو تورکەکان حیسابتان بۆ ناکەین، لەبەرئەوەی لـــەدوای دامەزراندنی کۆمارەوە نکۆڵی لەکوردان کراوە. بەپێچەوانەی رەوشـــی باشووری کوردســـتان هیچ کاتێک زمان و هەبوونـــی نەتەوەییان نکۆڵی لێنەکراوە. لەبەرئەوە کورد دوای ئەوەی شەڕێکی مان و نەمانی کردووە، ئێســـتا تـــورک ناچاربووە پێمان بڵێن ئێوەش هەن، بەڵام مافەکانتان ئەوەندەن، بەشێک لەمـــاف و داواکارییەکان رەوا نابینـــن. ئێمەی کوردیش پێمانوایـــە چوارچێـــوەی دیموکراتیـــی و مرۆڤایەتی بۆ وەرگرتنی مافەکانی کورد بەشناکات.

❖ **لەگـــەڵ ئەوەی ئاتێســـتا دەوڵەت هەنـــگاوی گەورە و کۆنکرێتـــی هەڵنەگرتـــووە، وەک لەئاخاوتنەکانتـــدا وا دەردەکـــەوێ کـــە تورکیا ناچارکراوە کێشـــەی کورد چارەســـەربکات، بەبـــڕوای ئێوە تورکیا تـــا چ رادەیەک ئیرادەی هەیە بۆ چارەســـەریی؟ ئایا تورکیا بەراســـتی هەوڵدەدا پرسی کورد چارەسەر بکات؟**

- بۆ تورکەکانیش هەندێک ئاسان نییە، سیاسەتمەدارانی تورکیا لەئایدۆلۆژیای فەرمی دەوڵەتەوە گەیشـــتوونەتە ئەم قۆناخە. لەکاتێکدا پێشـــتر بەردەوام گوتویانە کورد نییە و کوردیان نەناسیوە، کاریان لەسەر ئەوە نەکردووە کە کورد نەتەوەیەکی خاوەن کولتوور و مێژووی خۆیەتی، بۆیە ئەم پرۆژەیەی ئێســـتا بـــۆ تورکەکانیش زەحمەتە، لەبەرئەوە پێویســـتە ئایدۆلۆژیای رابـــردوو بگۆڕدرێت. ئەگەر ئەم شێوە بیرکردنەوەیەی رابردوو نەگۆڕدرێت ئەوا نیازپاکی تورکان گفتوگۆ هەڵدەگرێت، من لەو بڕوایەدام کـــورد زۆر بڕوای بەنیازپاکی تـــورکان نییە. بەڵام ئێمە دەڵێین تورکیا بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە ناچارکراوە، بۆیە نیازپاکی تورکیا زۆر رەچاو ناکەین. ئەگەر بەوردی لەبارەی نیازپاکی تورکیا بکۆڵینەوە دەبینین تورکیا زۆر ئامادە نییە بۆ چارەســـەری پرســـی کورد، لەبەرئەوەی ئایدیای ئەوان بەمشێوەیە، بەڵام ئەمڕۆ حکومەت کارێکی دیکەی خســـتۆتە پێش خۆی، لەبەرئەوە پێویستە کورد هاوکاری حکومەت بکات، چونکە لە ٢٥ ساڵی رابردوودا ســـەرجەم شار و دێهاتەکانی کوردســـتان وێرانبووە. بۆ نموونـــە، ئەمڕۆ رێژەی بێـــکاری لەدیاربەکر ٤٠٪ە، واتە لە دوو کەس یەکێکیان بێکارە، هەروەها بەشێکی زۆری منداڵانمان لە کۆڵانەکان و سەرشەقامەکان شت دەفرۆشن و کار دەکـــەن یـــان ســـواڵ دەکـــەن، هەندێکیش دزی دەکەن. بۆیە کورد ئێســـتا خاوەن ئیرادەی خۆیەتی بۆ ئەوەی هەڵبســـتێتەوە سەر ئەژنۆ، بۆ ئەمەش پێویستی بەدەرگایەک هەیە بۆ چارەسەریی.

❖ **باســـی فاکتەرە (ئەرێنـــی و نەرێنی)ییەکانت کرد، لەنێو فاکتەرە نەرێنییەکاندا باسی زەمینەتی رای گشتیت کرد، کە تا ئێســـتا ئامادە نییە بۆ چارەسەریی. یەکێک لەفاکتەرە نەرێنییەکان بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی دەمارگیر و سەرسەختی وەکو CHP و MHP یە، کە بەهیچ کلۆجێک بڕوایان بەســـەرکەوتنی ئەم پێڤاژۆیە نییە، ئایا بەڕێزتان چۆن لەم لایەنە دەڕوانن؟**

- ئەگـــەر شـــەڕی چەکـــداری درێژەی هەبێـــت، خەڵک بکوژرێت، تـــەرم بگەڕێتەوە، ئـــەوان کاریگەریان زیاتر دەبێت لەبەردەم چارەســـەری پرسی کورد. بەڵام ئەگەر ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بوەستن و ئاشتی سەرتاپاگیر بێتەکایـــەوە، ئەوکات ئەم هێزانەی وەکو CHP و MHP لەســـتاتێو دەردەکەون و سەنگ و قورســـایی جارانیان نامێنێت، ئەوکاتە ناچار دەبن بەشـــداری لەپرۆســـەکە بکەن. بەڵام مەســـەلەکە ئەمـــڕۆ پەیوەندی بەکوردانەوە هەیە، ئایا کورد لەســـەرچی یاخود چـــۆن رێکدەکەون. پێویســـتە کورد زمان و شـــێوازێکی تازە بدۆزنەوە، ئەم زمانەش پێویستە زمانی چارەسەری بێت، کە بۆ دیالۆگ دەســـتبدات، پێویســـتە یەکتری باش بناسین و یەکتری باش بخوێنینەوە. بۆ نموونە ئەوکاتەی دوو گروپی ئاشتی لەباشـــوور گەڕانەوە لەلایەن کوردانەوە پێشـــوازییەکی گەرمیان لێکرا، بووە جۆرێک لەپرۆڤاکاسیۆن و هەندێک شـــتی ئیســـتفزازی روویدا کە بەشـــێک لەتورکەکان وا هەســـتیاندەکرد ئـــەوان ژێرکەوتوون، بۆیە پێویســـتە ئاگاداری رووداوی لەمجۆرە بین. لەکاتێکدا خۆشـــحاڵی گەلی کـــورد لەکاتی پێشـــوازیکردن لەگروپی ئاشـــتی لەمەوە سەرچاوە دەگرێ، کە جارێکی دیکە گوندەکانمان ناســـووتێت، منداڵەکانمان روو لەچیا ناکەن و ناکوژرێن. ئەمەشـــیان پیرۆز کـــرد، هەر بۆیە ئەگـــەر بتوانین لەم بارودۆخە ناسکەدا بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ تورکەکان گفتوگۆ بکەین ئەوا نارەحەتی نەژادپەرستەکانیش لەدژی چارەسەری مایەپووچ دەبێت.

❖ **ئەگەر ماوەی ئاگربەســـت و ئاشـــتی درێژبێتەوە و چەکەکان لەماوەی چەند ساڵی داهاتوودا بێدەنگ بکرێن**



محەمەد ئەمین ئاقدار (١٩٦٥- دیاربەکر)، سەرۆکی یەکێتی پارێزەر و مافپەروەرانی دیاربەکر ناسراو بە (BARO)، یەکێکە لەچالاکانە دیارەکانی بواری یاسا و مافەکانی مرۆڤ لەتورکیا و باکووری کوردستان. ئەو دوای ئەوەی لەساڵی ١٩٨٨ ەوە لەتورکیا دەستی بەکاری پارێزەری کردووە، لەساڵی ١٩٩٢ دا وەک بەرپوەبەری کۆمەڵەی مافی مرۆڤ (IHD) لەگەڵ پەرلەمانتار خەتیب دیجلە کاری کردووە. دوای ئەوەی بۆ ماوەیەک سکرتێر و جێگری سەرۆک بووە، لەساڵی ٢٠٠٨ ەوە وەک سەرۆکی باڕۆی دیاربەکر هەڵبژێردراوە. ئێمە لەئۆفیسی سەرەکی یەکێتی ناوبراو لەشاری ئامەد، ئەو وتووێژەمان لەگەڵدا سازکرد، کە تێیدا چەند پرسێکی پەیوەست بەهەوڵەکانی گۆڕینی دەستووری بنچینەیی تورکیا و چەسپاندنی مافە سیاسی و کلتوورییەکانی کورد لەگەڵدا تاوتوێ کرد.

**ئایا لەو بڕوایەدایت لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا CHP و MHP نەتوان ڕێژەی پێویستی دەنگەکان بەدەستبێهنن و بکەونە خوار بەربەستی ١٠٪؟**

– زەمانــــە CHP بەرەو پاش دەبــات، هەر لەوکاتەوەی کێشەی کورد لەپەرلەمان گفتوگۆی لەبارەوە کرا دەتوانین بڵێیــن ئایدیۆلۆژیای کەمالیزم شــڵەژاوە. هەڵوێســتی گوتەبێژ و جێگری سەرۆکی CHP ئۆنور ئۆیمەن دەربارەی ژینۆســایدی گەلی کورد و ســەرهەڵدانی شێخ سەعیدی پیران ریاکســیۆنێکی زۆری لەلایەن کورد و عەلەوییەکان لێکەوتــەوە، هەروەهــا لەچەند شــارێکی دیکەی وەکو دیاربەکر و ئیســتانبوڵ و ئیزمیر و ئەنقەرە ریاکســیۆنی لەمجــۆرە درێژەیان کێشــا. لەوســاوە عەلەوییەکانیش دەستیان بەهەڵمەتێکی فراوانکردووە، ئەوان لەو بڕوایەدان CHP ئاســتەنگێکی گەورە بووە لەبەردەم شــادبوونیان بەمافەکانیان. ئەگەر عەلەوییــەکان، کە ژمارەیان بە ١٠ ملیــۆن مەزەندە دەکرێت پشــتیوانی لــە CHP نەکەن ئەوا ئەگەری ئــەوە هەیە CHP نەکەوێتــە پەرلەمان و دەنگی پێویست بەدەستنەهێنێ. تورکیا ئەمڕۆ پێویستی بەپارتێکی چەپ و لیبراڵ- دیموکرات هەیە کە سنوورێک لەگــەڵ کەمالیزم بۆخۆی دابنێت. پێموایە ئەگەر پارتێک سیاســەتێکی لەمجۆرە بگرێتەبەر لە تورکیا ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە CHP لەدەرەوەی پەرلەمان بمێنێت.

❖ **زۆرجار کاتێک باســی چارەســەری پرســی کورد لەتورکیــا دەکرێ، چەند مۆدێلێکی سیاســی و قانوونی دەخرێنــەڕوو. بــۆ نموونە، مۆدێلی وڵاتانی ئیســپانیا، ئیتالیــا و ئێرلەندا و چەنــدان مۆدێلی دیکە. ئێوە وەکو قانوونزانێک چ مۆدێلێک بۆ چارەسەری پێشنیاردەکەن؟**

– کــورد لەنێو تورکیادا بلۆکێکــی بەهێزە، جگە لەوەی لەتورکیا زیاتر لە ٢٠ زمان هەیە، ئەو مۆدێلانەی باستکرد هەموویان گونجاون بۆ ئەوەی مرۆڤ بناخەی پرۆژەیەکی لەسەر دابڕێژێت، بەڵام بەتایبەتی بۆ دۆخی وڵاتێکی وەکو تورکیا گونجاوترین مۆدێل، مۆدێلی وڵاتی ئیســپانیایە. بۆچی؟ لەبەرئەوەی لەئیســپانیا کەتەلۆنییەکان بەزمانی خۆیان پەروەردە دەبینن، لەو هەرێمەدا زمانێکی فەرمییە. هەروەها مۆدێلی ئێرلەنداش مۆدێلێکی نزیکە. لەئێرلەندا پێشــتر زمانی دایک قەدەخەکراو نەبوو، بەزمانی خۆیان پــەروەردە دەکران، واتە کێشــەی زمانیان نەبوو، بەڵام لەگەڵ بەریتانیا لەبارەی شێوەی ئیدارەکردنیان کێشەیان هەبوو، کاســۆلیکەکان داوای ســەربەخۆییان دەکرد و هەوڵیاندەدا لەبەریتانیا جیاببنەوە، بەڵام پرۆتستانەکان داوای مانــەوە و پێکەوەژیانیان لەگــەڵ بەریتانییەکان دەکــرد. بەڵام کێشــەی کەتەلۆنیا بەمشــێوەیە نەبوو، چونکە کەتەلۆنییەکان-باســک- داوای بەهرەمەندبوونیان بەزمانــی خۆیــان کــرد، واتــە زمانیان فەرمــی بێت، لەپەیوەندییە سیاســی، ئابووری و کولتوورییەکاندا زمانــی خۆیان بەکاربهێنن. بەڵام وەزیــری ناوخۆی تورکیا گوتبووی ئێمە لەتورکیــا مۆدێلێکی تورکیایی دادەمەزرێنین، بەو مانایەی پێویستە تورکیا مۆدێلێکی تایبەت بەخۆی هەبێت.

❖ **بەتێڕوانینــی ئێوە بــۆ دامەزراندنی ئەو مۆدێلە تورکیاییە پێویســت بەوە ناکات دەستووری ســاڵی ١٩٨٠ بگۆڕێت، کە بەرهەمی کودەتای ســەربازییە، بەتایبەتی کە ئێســتا زۆربەی چاودێران پێیانوایە هەر هەوڵێک لەدەرەوەی گۆڕینی دەســتووردا بێت خۆهەڵخەڵەتاندنە؟**

– لەســەرووی هەموو هەوڵەکاندا ســەرەتا پێویستیمان بەیاســایەکی بنچینەیی تازە هەیە، ئەمەش نەک تەنیا بۆ مەســەلەی کورد، بەڵکو بۆ ئەوەی تورکیا ببێتە وڵاتێکی دیموکراســیتر و پێشــکەوتووتر، کــە ڕەنگدانەوەی مافەکانی هاوڵاتی دەســتووری و پێکەوەژیان بێت. بۆیە تورکیا پێویســتی بەدەســتوورێکی تازە هەیە، چونکە ئەگەر وانەکرێت پرســەکە چارەســەرناکرێت. بەڵام ســەرەتا بۆ ئەوەی ئەو پێڤاژۆیە هەنگاو بەهەنــگاو بڕوات ئــەوا مرۆڤ دەتوانێ هەندێ شــت بگۆڕێت. هەروەک چۆن ئێســتا ئاســتەنگ لەبەردەم تەلەڤزیۆن و رادیۆکان نەماون، دەتوانن بەزمانی کوردی پەخشی ٢٤ کاتژمێری بکەن، کە دوێنێ ئەو دەرفەتەیان پێنەدەدرا. ئەم دەستوورەش پێویستە لەراپرسییەکەوە لەلایەن گەلەوە قەبووڵ بکرێت.

ماوەیەک پێش ئێستا ژمارەیەک لەئەکادیمی و سیاستمەدارەکان راپۆرتێکمان ئاراستەی ســەرۆک کۆمار عەبدوڵــڵا گویل کرد کاتێک ســەردانی دیاربەکری کــرد، دواتر ئەم راپۆرتەمان فراوانترکرد و ئاراســتەی جێگری سەرۆک وەزیران بولەنت ئارینج-مان کرد کاتێک سەردانی دیاربەکری کرد. ئێمە لەم راپۆرتەدا ئاماژەمان بەپێویستی ئامادەکردنی دەستوورێکی تازە کردووە. بەبێ ئەم گۆڕانکارییانە یان ئامادەکردنی دەستوورێکی تازە کە قەدەخەکاری لەسەر زمان و کولتووری کوردی هەڵبگیرێت. ئێمە پارساڵ داوامانکرد پەیمانــگای کوردۆلۆژی لەزانکۆی دیجلــە بکرێتەوە، هەروەها پێداگیریمان کرد کە ئەم داواکارییە پەیوەندی بەم گۆڕانکارییە نوێیانە و دەستووری بنچینەیی نییە. لەبەرئەوەی بەگوێرەی دەســتووری ئێستاش دەتوانرێت بەشــی کوردۆلۆژی بکرێتەوە. بۆیە ئەوان داواکارییەکــەی ئێمەیان ئاراســتەی کۆمیتەی باڵای پــەروەردە لەئەنقەرەی پایتەخت کرد، ئەوان بەمشــێوەیە وەڵامیاندایــەوە کە داواکارییەکر وەهایــان لەلایەن زانکۆی دیجلەوە ئاراســتە نەکراوە، بەڵکو لەلایەن دەزگایەک داواکراوە کە ئەم دەزگایە نزیکی تیرۆرە، بەڵام ئێمە ئەم وەڵامەمان پرۆتســتۆکرد. هاوکات زانکۆی ماردین داواکارییەکی لەمشــێوەیەی بەرزکردەوە، هەرچەندە وەڵامیان ئەرێنی بوو، بەڵام گوتیان نابێت ناوی کوردۆلــۆژی بێت، بەڵکو ناوی (زمانی ڤەژین)یان بۆ هەڵبژارد، بۆیە وەڵامەکە لەلایەن ســەرۆکایەتی زانکۆی ماردینیشەوە پرۆتســتۆکرا. ئەمڕۆ لە ٣٠ وڵاتی جیهاندا بەناوی پەرەپێدانــی زمانی کوردی بەشــی کوردۆلۆژی لە زانکــۆکان کراوەتەوە. بەڵام کاتێک گفتوگۆ لەسەر مەســەلەی کورد لەپەرلەمانی تورکیا دەســتی پێکرد، وەزیری ناوخۆ باسی هەندێ شتی تازەی کرد و گوتی ئەمڕۆ ئەو ئاستەنگانە هەڵگیراون.

لەساڵی ١٩٥٩ یاســایەک دەرکراوە، بۆ گۆڕینی ناوی ئەو شوێنانەی کە ناوەکانیان بۆ ناوی تورکی گۆڕاوە، لەکوردســتاندا بەهەزاران شــوێن و گوند ناویان گۆڕدراوە، ئەمڕۆ حکومــەت دەڵێت ناوەکانیان وەکو خۆی بۆ رابردوو دەگەڕێننەوە، ئەوان دەڵێن ئەگەر داواکاری هەبێت دەیکەن، بەڵام ئێمە دەڵێین پێویســت بــەداواکاری ناکات بۆ ئەوەی یاسای کۆن بگۆڕن، بەڵکو لەلایەن ئیدارەی شارەکان بڕیارێک دەربچێت، ناوە کۆنەکان بگێڕنــەوە. لەبەرئــەوەی دەرفەت نییە ئەو خەڵکە کۆببێتــەوە و داوای گۆڕینی ناوی شــوێنەکانیان بکەن. ئێستاش لەئاستی زانکۆدا بەمشــێوەیە رازی بوون کە هاوڵاتیان دەتوانــن فێری زمانی دایک ببن بەڵام بەم زمانە پــەورەردەی فەرمی نابینن، ئەمەش مەسەلەکە چارەسەرناکات.




# ئیستانبوڵ لەساڵی ٢٠١٠ لەسەر تەختی ڕۆشن

هەواڵنامەی کتێب

# ـــــبیری ئەوروپا دادەنیشێت



هەواڵنامەی کێتێ

## ئیستانبوڵ دەبێتە پایتەختی کولتووری ئەوروپا لەساڵی ٢٠١٠

لەدەستپێشخەریەکی ئەوروپیدا ساڵانە شارێک یان زیاتر وەک پایتەختی کولتووری دەستنیشاندەکرێت. بێگومان ئەمەش هەلێکی بەهادارە بۆ ئیستانبوڵ تاوەکو خۆی بەجیهان نیشانبدات. بۆیە هەر لەئێستاوە تەواوی دانیشتوانی شارەکە خۆیان بۆ ئەو ساتە گرنگە ئامادە دەکەن.

ئیستانبوڵ شوێنێکی مەزنە بۆ هەر جۆرە چالاکییەک – بەڵام لەساڵی ٢٠١٠ لەگەڵ ئەو هەموو چالاکیە کولتوورریە و هاتنی ئەو هەموو گەشتیارە زۆرە لەسەرتاسەری جیهانەوە، دەتوانین دڵنیابین کە ئەو شارە بێ هاوتا دەبێت.

پایتەختی کولتووری ئەوروپا شارێکە لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە بۆ ماوەی یەک ساڵی ساڵنامەیی دەستنیشاندەکرێت کە لەو ماوەیەدا هەلێکی پێدەدرێت تاوەکو ژیانی کولتووری و گەشەسەندنی کولتووری خۆی بەرجەستە بکات.

پرۆگرامی پایتەختی کولتووری ئەوروپا سەرەتا بەناوی شاری کولتووری ئەوروپا بوو و ئەو بیرۆکەیە لەلایەن مێلینا مێرکۆری لەساڵی ١٩٨٣ پێشکەشکرا، کە دواتر بوو بە وەزیری کولتووری یۆنان.

مێرکۆری پێیوابوو لەو کاتەدا کولتوور هاوشێوەی سیاسەت و ئابووری گرنگی پێنادرێت و پێویستە پەرە بە پرۆژەیەک بدرێت بۆ پەرەسەندنی کولتوورەکانی یەکێتی ئەوروپا لەنێو دەوڵەتانی ئەندام لەو یەکێتیەدا. پرۆگرامی شاری کولتووری ئەوروپا بۆ یەکەمجار لەهاوینی ساڵی ١٩٨٥ دەستیپێکرد و ئەسینا بووە یەکەم هەڵگری ئەو ناونیشانە.

لەسەردەمی سەرۆکایەتی ئەڵمانیا لەساڵی ١٩٩٩، ئەو پرۆگرامە ناوەکەی بۆ پایتەختی کولتووری ئەوروپا گۆڕدرا. لەماوەی دوو دەیەی یەکەمدا شارەکان لەسەر بنەمای مێژووی کولتووری و ڕووداوە تۆمارکراوەکان هەڵدەبژێردران.

لێکۆڵینەوەیەکی کۆمسیۆنی کولتووری ئەوروپا (بەناوی لێکۆڵینەوەی پاڵمەر) لەساڵی ٢٠٠٤ دەریخست کە هەڵبژاردنی پایتەختی کولتووری ئەوروپا هۆکارێک بووە بۆ گەشەسەندن و گۆڕانی



کولتووری شارە دەستنیشانکراوەکە. لەدوای ئەمەوە ئێستا کاریگەری و گەشەسەندنی بەسوودی کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ شارە دەستنیشانکراوەکە ڕەچاو دەکرێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەو شارە.

دوای بڕیارەکەی یەکێتی ئەورووپا لەساڵی ١٩٩٩ تایبەت بەفروانکردنی کۆنفرانسی ئەورووپی بۆ گفتوگۆی بینایی (ECOC) و هێنانە ناوەوەی وڵاتە نائەندامەکانیش، گرووپێکی خۆبەخشی کۆمەڵگای مەدەنی لەتورکیا کۆبوونەوەیەکیان لە ٧ی تەممووزی ٢٠٠٠ ڕێکخست بۆ دامەزراندنی «گرووپێکی کار» بۆ ئەوەی ئەو هەنگاوە پێویستانە بنێت تاوەکو ئیستانبوڵ ببێتە کاندیدێک بۆ پایتەختی کولتووری ئەورووپا.

دوای چەندین پرۆسەی درێژخایەن و هەوڵی ئەندامانی کۆمەڵگای مەدەنی، لە ١١ی ئەپریلی ٢٠٠٦ دا ئیستانبوڵ ئامادەبوو بۆ ئەوەی ببێت بەپایتەختی کولتووری ئەورووپا لەساڵی ٢٠١٠ هاوشان لەگەڵ شارەکانی پێچ (هەنگاریا) و ئیسن (ئەڵمانیا). لەکۆتاییدا بەپێی ڕای پەرلەمانی ئەورووپا و ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیرەکانی کولتوور لەوڵاتانی یەکێتی ئەورووپا لە ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٦ دا ڕاگەیەندرا ئیستانبوڵ دەبێتە پایتەختی کولتووری ئەورووپا بۆ ساڵی ٢٠١٠.

## بۆچی ئیستانبوڵ؟

ئیستانبوڵ بەهۆی ئەو هەڵکەوتە جوگرافیە بێ هاوتایە و میراسە کولتوورییەی هەزاران ساڵ لەمەوپێش پێگەیەکی جیاوازی لەنێوان شارە گەورەکانی جیهان بەدەستهێناوە. وەک یەکێک لەشارە هەرە بەجموجۆڵەکانی جیهان، ئیستانبوڵ بەردەوام سەرنجراکێشیەکەی زیاد دەکات.

## ساڵی ٢٠١٠ لەئیستانبوڵ چی ڕوودەدات؟

- لەساڵی ٢٠٠٦ وە ناوی ئیستانبوڵ لەگەڵ کولتوور و هونەری سەرتاسەری جیهان تێکەڵ دەکرێت.
- لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تورکیا لەپرۆسەی کاندیدبوونی بۆ یەکێتی ئەورووپا، ئەو پرۆژانەی بەئەنجام دەگەیەنرێن دەریدەخەن کە ئیستانبوڵ، سیمبوڵی ئەو وڵاتە، سەدان ساڵە خەریکە لەگەڵ کولتووری ئەورووپا تێکەڵ دەبێت.
- کەلەپووری کولتووری ئەو شارە بەشێوەیەک

ئاراستە دەکرێت، کە تەنانەت لەهەموو کاتێک زیاتر ببێتە ناوەندێکی دڵرفێن.

- ئیستانبوڵ سوودگەلێکی هەتاهەتایی لەبوارەکانی نوێبوونەوەی شارستانی، ژیانی شارستانی و گەشەسەندنی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی بەدەستدەهێنێت.
- بۆ پاراستن و نیشاندانی سەرمایە کولتووریەکانمان مۆزەخانەی نوێ دەکرێنەوە و باڵەخانەکان نۆژن دەکرێنەوە و ڕۆڵێکی تازەیان پێدەدرێت و بەڕووی خەڵکدا دەکرێنەوە.
- خەڵکی ئیستانبوڵ بەپسپۆڕیی هونەری نوێ ئاشنا دەبن و هەلێک بۆ گەنجە بەهرەمەندەکان دەڕەخسێت تاوەکو زیاتر لەنزیکەوە تێکەڵی داهێنانی هونەری ببن.
- هەلی کارکردن بۆ ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە بوارەکانی پەیوەندی، ڕێکخراوەیی، پەروەردە، دیزاین، بەڕێوەبردن و بوارە داهێنانیەکان دەڕەخسێت.
- ئەوانەی بۆ پرۆژەی هونەری و کولتووری دێنە ئیستانبوڵ سەردانی شوێنە کولتووری و مزگەوت و کەنیسە و کۆشک و مۆزەخانەکانی شارەکە دەکەن.
- گەشتوگوزاری کولتووری پێشدەکەوێت و پەرەدەسەنێت. (گەشتیارە کولتووری و ڕۆشنبیرەکان سێ هێندەی گەشتیاری ئاسایی پارە خەرج دەکەن. مانای ئەوەیە ئیستانبوڵ وەک پایتەختێکی کولتووری ئەورووپا ڕێژەیەکی زۆری لە داهاتی گەشتیاری دەبێت).
- دانیشتوانی ئیستانبوڵ لەگەڵ دەرکەوتنی زیاتری جوانیی شارەکەیان شانازیی پێوە دەکەن.

## ئیستانبوڵ هەوڵدەدات لەساڵی ٢٠١٠ وەک جوانترین شاری جیهان خۆی نمایش بکات

شاری ئیستانبوڵ بۆ ئەوەی لەساڵی ٢٠١٠ ببێتە پایتەختی ڕۆشنبیری ئەورووپا ئامادەکارییەکانی تەواو کردووە،لەم چوارچێوەیەدا چالاکیە ڕێکخراوەکان بووەتە تۆڕێکی ڕێکلامی تاوەکو جوانترین شاری جیهان خۆی پیشانبدات.

چالاکیەکانی ئەم فیستڤاڵە کە لەمانگی کانوونی دووەم دەستپێکردووە بۆ یەکەمجار دەبێتە ڕووداوێکی کەم وێنە کە کیشوەری ئەورووپا شانبەشانی شاری بکس- ی هەنگاری و ئیسن ی ئەڵمانی ئاهەنگ بگێڕن.

ئەو پرۆژانەی کە شانبەشانی ئەو ڕووداوە سازدەکرێن، بریتین لە خۆپیشاندنی هونەری لەشەقامەکان، نۆژەکردنەوەی کۆشکەکان تا دەگاتە سازکردنی فیستڤاڵی مۆسیقی، ئەم چالاکیانە بەپێی چوار توخمە پێکهێنەرەکەی ژیان دابەشدەکرێت،ئەمەش وەکو ڕێزگرتنێکە لە (ئەرستۆ تالیس)ی فەیلەسوف کەپێی وابوو هەبون لەسەر چوار توخمی سەرەکی پێکدێت ئەوانیش (خاک،هەوا،ئاو،ئاگر)ە، کە دروشمی ساڵە ڕۆشنبیرەکانە.

قۆناخی یەکەمی بەرنامە ڕۆشنبیرەکە، کە تایبەتە بەخاک تا بیستی ئادار درێژدەبێتەوە، پێشانگای هەنەری سازدەکرێت کە شێوازی بیناسازی، نەریتی ڕۆشنبیری تورکیا، ئاهەنگی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی و هاوچەرخ و پێشکەشکردنی شانۆ لەخۆدەگرێ. قۆناخی دووەمی بەنامە تا مانگی حوزەیران درێژدەبیتەوە تایبەتە بەهەوا بەو پێیەی کە ڕەمزێکی شاری ئیستانبۆڵە .هەرچی قۆناخی سێیەمی بەرنامەکەیە تا ٢٢ ی ئەیلول درێژدەبێتەوە و دروشمی ئاو بەرزدەکرێتەوەو لەچوارچێوەدا پێشانگایەک لەژێر ناوی (ئەورووپا لەبۆسفۆر) سازدەکرێت و دەرفەتێکە بۆ هونەرمەندانی سەرجەم جیهان بۆ پێشکەشکردنی داهێنانە هونەرەکانیان لەسەرپردە بچووکەکان هاوتەریب لەگەڵ تەنگەی بۆسفۆر. قۆناخی چوارەمی بەرنامەکەش تایبەتە بەئاگر، بەو پێیەی ئامرازی گۆڕانە و ئاماژەیە بۆ بیری هاوچەرخ هاوتەریب





لەگەڵ گیانی سەردەم کە چاوی لەئاییندەیە وەک ئارەزوویەک بۆ نوێکردنەوەی کۆمەڵگا تا شانبشانی شارستانییەت هەنگاو باوێت. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش ئیستانبۆڵ خۆی گۆڕیوە بۆ ئەوەی بەڕووخسارێکی نوێ دەربکەوێت،ئەمەش لەڕێگەی نوێکردنەوەی ژێرخان و بە بنەماگرتنی دیدگایەکی نوێ کە چاوی لەئاییندە بێت.

هونەری شێوەکاری لەڕێگەی ٢٠پێشانگای گەڕۆک لەریزی پێشەوەی ئاهەنگەکەوە دێت، ئەمەش بۆ بڵاوکردنەوەی هونەری هاوچەرخ لەشاری ئیستانبوڵ. هەروەها ١٦ ئەدیبی جیهانی لەناویاندا (بول ئوستر)ی ئەمەریکی و (گۆنتەر گراس)ی ئەڵمانی و ئەمین مەعلوفی لوبنانی بانگهێشت کراون تا دیدگای خۆیان سەبارەت بەئیستانبوڵ بخەنەڕوو، ئەمەو ١٠ دەرهێنەری جیهانی کورتە فیلمەکانیان دەبارەی شارەکە نمایشدەکەن بۆ دروستکردنی کەشێکی گونجاو تا ئیستانبوڵ بکرێتە ناوەندێکی هونەری جیهانی.

## لەڕۆژی بەپایتەخت بوونی ئیستانبوڵ ڕۆژین گۆرانی کوردی دەڵێت

ئاهەنگی دەستپێکردنی کەرنەڤالی ناساندنی ئیستانبوڵ وەک پایتەختی کولتووری ئەورووپا لە ١٦ ی ئەم مانگەوە دەست پێدەکات و بۆ ئەمەش ئامادەکاری بەرفراوان و کەرنەڤالێکی رێکدەخرێت بە بەشداری ژمارەیەک لەبەرپرسانی وڵاتانی ئەورووپا، لەمەراسیمەکەدا بەهەر سێ زمانی تورکی، کوردی و ئەرمەنی گۆرانی پێشکەشدەکرێ، خانمە هونەرمەندی کورد رۆژین گۆرانی (بوکا کەژ) بەزمانی کوردی پێشکەشدەکات.

مەراسیمی هەڵبژاردنی ئیستانبوڵ وەکو پایتەختی کولتووری لەناوەندی کولتووری خەلیج بەڕێوەدەچێ. ئەو مەراسیمە لەکەشوهەوایەکی فرە کولتووری و فرە زمان بەپێشکەشکردنی پەیڤی پیرۆزبایی لەلایەن عەبدوڵڵا گویل سەرۆک کۆمار و رەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆکوەزیران دەست پێدەکات. لەهەمان شەودا ژمارەیەک هونەرمەندی ناسراو لەگۆرەپانی تەقسیم، کادیکۆی، سوڵتان ئەحمەد و بەلیکدوزوی ئاهەنگی جەماوەری سازدەکرێت.

**١٦ ئەدیبی جیهانی لەناویاندا بول ئوستری ئەمەریکی و گۆنتەر گراسی ئەڵمانی و ئەمین مەعلوفی لوبنانی بانگهێشت کراون تا دیدگای خۆیان سەبارەت بەئیستانبوڵ بخەنەڕوو**

**ئەو شارانەی ناونیشانی پایتەختی کولتووری ئەورووپایان وەرگرتووە یان لەداهاتوودا وەریدەگرن:**

ئەسینا- یۆنان ١٩٨٥
فلۆرەنسا- ئیتالیا ١٩٨٦
ئەمستردام- هۆڵەندا ١٩٨٧
بەرلین- ئەڵمانیا ١٩٨٨
پاریس- فەرەنسا ١٩٨٩
گلاسکۆ- ئیسکۆتلەندا ١٩٩٠
دبلن- ئیرلەندا ١٩٩١
مەدرید- ئیسپانیا ١٩٩٢
ئانڤەرس- بەلجیکا ١٩٩٣
لیشبۆنە- پوتوگال ١٩٩٤
لۆکسەمبۆرگ ١٩٩٥
کۆپنهاگن- دانمارک١٩٩٦
سالۆنیک- یۆنان ١٩٩٧
ستۆکهۆلم- سوید ١٩٩٨
ویمار- ئەڵمانیا ١٩٩٩
ئاڤیگنۆن- فەرەنسا ٢٠٠٠
بێرگن- نەرویج
بۆلۆنیا- ئیتالیا
برۆکسل- بەلجیکا
هلسنکی- فینلەندا
کراکۆف- پۆلۆنیا
ریکژاڤیک- ئیرلندا
پراگ- کۆماری چیک
سەنتیاگۆ- ئیسپانیا
پۆرتۆ- پورتوگال ٢٠٠١
رۆتردام- هۆڵەندا ٢٠٠١
بروگیس- بەلجیکا ٢٠٠٢
سالامانکا- ئیسپانیا ٢٠٠٢
گراز- نەمسا ٢٠٠٣
جەنەوا- ئیتالیا ٢٠٠٤
لیل- فەرەنسا ٢٠٠٤
کۆرک- ئایرلەندا ٢٠٠٥
پارتاس- یۆنان ٢٠٠٦
لۆکسەمبۆرگ ٢٠٠٧
سبوو رۆمانیا- ٢٠٠٧
لیڤەرپول- بەریتانیا ٢٠٠٨
ستڤانگەر- نەرویج ٢٠٠٨
ڤیلنوس- لیتوانیا ٢٠٠٩
ئیستانبۆڵ- تورکیا ٢٠١٠
ئیسن- ئەڵمانیا ٢٠١٠
بیکس- هەنگاریا ٢٠١٠
تالین- ئیستۆنیا ٢٠١١
تورکو- فنلندا ٢٠١١



# ئەو کەسانەی دەیانەوێ لەساڵی ٢٠١٠ سەردانی ئیستانبوڵ بکەن



**لەساڵی ٢٠١٠ چاوی هەموو جیهان، بەتایبەتی چاوی ئەوروپا لەسەر ئیستانبۆڵ دەبێت**

لیژنەی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنی پایتەختی کولتووری ئەورووپا بۆ ساڵی ٢٠١٠ بڕیاریدا ئیستانبوڵ لەپاڵ هەردوو شاری ئیسن ی ئەڵمانی و بیکس ی هەنگاری دەستنیشان بکرێت بۆ ئاهەنگەکانی تایبەت بەو بۆنەیە کە یەک ساڵی تەواو دەخایەنێت. ئیستانبوڵ کە ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە (١٤) ملیۆن کەس، خاوەنی کولتوورێکی مرۆڤانەی زۆر گەورەیەو پایتەختی هەر سێ ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی و بێزەنتی و عوسمانی بووەو لەلایەن مێژوونووسانەوە بەشاری هەزار منارە ناسراوەو زیاتر لەهەزار مزگەوت لەو شارەدا هەیە کە بەشێکیان پاشماوەی کڵێسای کۆنی مەسیحین و کراونەتە مزگەوت، ڕەنگە ناوداترینیان مزگەوتی سلێمانییە بێت کە لەلایەن سنانی تەلارسازەوە لەساڵی (١٥٥٧) تەواوکراوەو دەڕوانێتە سەر بۆسفۆڕ و وەکو ناوچەیەکی گەشتیاری کولتووری گەورەو خاوەنی کاتدرائییەو مۆزەخانەی ئایا ×ۆفیاو مزگەوتی سوڵتان ئەحمەدە کە ناسراوە بەمزگەوتی شین و کۆشکی تۆپ قاپی کە ناوەندی دەسەڵاتی عوسمانی بووەو ساڵانە زیاتر لەحەوت ملیۆن کەس ڕوو لەو شارە دەکەن بەمەبەستی گەشت و گوزار. هەروەها یەکێک لەنیشانە دیارەکانی ئەو شارە مۆزەخانەی ئیسلامییە کە هەندێک شتی دەگمەن و نایابی ئیسلامی تێدایە، لەپاڵ پاشماوەی سوڵتانەکانی عوسمانی لە جلوبەرگ و کەلوپەلی ناو ماڵ، هەروەها مۆزەخانەی دۆڵمەباخچە کە تا ئێستاش کەلوپەلەکانی ناوەوەی هەر وەکو خۆیان ماونەتەوەو بەشێکی زۆریان لەزێڕ و کانزای گرانبەها دروستکراون و بەدیاری لەلایەن پاشاو ئیمبراتۆرەکانی ئەورووپاوە نێردراوە بۆ سوڵتانە عوسمانییەکان. هەر لەنزیک ئیستانبۆڵدا و بەنێو کەنداوی بۆسفۆڕەوە لەگەشتێکی دەریایی سەعات و نیویدا گەشتیار دەتوانێت سەردانی دوورگەی بچووک ـ بچک ئاتە و دوورگەی گەورە ـ بیوک ئاتە بکات کە ناسراوە بەدوورگەی شازادەکان و دەکەونە نێو دەریای مەرمەرەو ناسراون بەجوانی و ئاوو هەوای پاکی سروشتی و هیچ کارگەو ئامێرو ئۆتۆمبیلێکیان تێدا نییەو هاتووچۆ لەنێو ئەو دوورگانە تەنیا بەپێ و بەپایسکلە، ئەگەر گەشتیار زۆریش ماندوو بوو، دەتوانێت سواری پەیتوون بێت.

لەپاڵ ئاهەنگەکانی تایبەت بەو یادە، ئەوە تەنیا لەساڵی (٢٠١٠) دا (٤٣) کۆنگرەی نێو دەوڵەتی



<<<
**هەرچەندە هیچ ئامادەکاری لەلایەن کوردان نەکراوە بەڵام لەبەرئەوەی چالاکیەکان ساڵێک دەخایەنێت دەتوانین ئەگەر کەمیش بێت هەندێک بەرهەمی پوخت پێشکەش بکەین**

لەئیستانبوڵ دەبەستریت و پلان بۆ ئەوە کێشراوە لەو ساڵەدا زیاتر لە دە ملیۆن گەشتیار ڕابکێشرێنە ئەو شارە.

بەرنامەی فیســـتیڤاڵی ئەو ساڵەی ئیستانبوڵ زۆر دەوڵەمەندەو لەســـەر هونەرەکانی شـــێوەکاری و مۆسیقاو ئەدەب و سەما دامەزراوەو دەکرێتە بۆنەیەک بۆ زیاتر لێکنزیککردنەوەی تورکیاو یەکێتی ئەورووپاو هەوڵێکی دیکەی حکومەتی تورکیایە بۆ چوونە نێو یەکێتی ئەورووپا. ناونیشـــانی دۆسیەی ئیستانبوڵ کە پێشکەشـــی لێژنەکە کرابوو بەوتەیەکی ناوداری ئەرســـتۆ دەســـتی پێکردبوو کە دەڵێت:" جیهان بریتییە لەچوار توخمی سەرەکی: ئاو، هەوا، خۆڵ، ئاگر". ئینجا دوای ئەوە تورکەکان نووسیبوویان: خۆڵی ئیستانبوڵ جێکەوتی کۆنترین شارستانییەتە مەزنەکانی دنیای کۆنە و ئاسمانەکەشـــی پڕییەتی لەمنارەی مزگەوت و تاوەری کڵێســـاکان، ئەوەش مانای ئاســـتی و بەیەکەوە ژیانی نێوان ئایینەکانە. ئـــاو بەڵگەیە لەســـەر بوونی بۆســـفۆر و کەنداوی ئیستانبۆڵ کە دەکەوێتە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا و شاری ئیستانبوڵ دەکاتە دوو بەش، ئاگر بەمانای هونەری نوێ و گەنجێتی و تەکنۆلۆژیاو پێشکەوتن دێـــت. ئەو چوار توخمە بەیەکەوە شـــایانی ئەوەن تورکیا بکەنە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا".

ئەو فێســـتیڤاڵە دابەشـــکراوەتە سەر چوار قۆناخ و هـــەر قۆناخێـــک وەرزێـــک دەخایەنێـــت، بۆیە وەرزی یەکەم کە زســـتانە تاوەکو نەورۆز بریتییە لەوەرزی خـــۆڵ، یا خاک کە تێیـــدا کەش و هەوا ســـاردە و ئاهەنگەکان تایبەت دەبن بەپێشـــانگای شێوەکاری بەگشتی و بیناسازی تورکی بەتایبەتی و جەختکردنەوە ســـەر هونەری عوســـمانی، ئەوە لەپاڵ ئاهەنگی مۆســـیقی کولتووری و سەمای نوێ و سەمای بوو کۆلان. هەروەها مۆزەخانەی پاکێتی دەکرێتـــەوە کە لەناونیشـــانی ڕۆمانێکـــی ئۆرهان پاموک خاوەنی خەڵاتی نۆبل وەرگیراوە و تیشـــک دەخاتە ســـەر مێژووی نوێی ئیستانبوڵ لەمیانەی چاوەکانی پامۆکەوە.

قۆناخی دووەم کە قۆناخی هەوایەو تاوەکو کۆتایی مانگی حوزەیران دەخایەنێت بەرنامەکە زیاتر جەخت دەکاتە سەر بەرنامەی کولتووری تایبەت بەیەکەوە ژیانی گەل و نەتـــەوەو ئایینەکان لەئەســـتنبۆڵدا بەدرێژایـــی مێژوو، لـــەو قۆناغەشـــدا ئاهەنگێکی گەورەی مۆسیقای کلاســـیکی سازدەکرێت لەڕۆژی (٧) ی حوزەیرانـــدا لەلایەن مۆســـیقاری ناوداری








<<<

**ئێمە دەمانتوانی لەم پلاتفۆرمەدا ٥٠ نووسەری کورد کۆبکەینەوە، بۆئەوەی ژمارەیەک کۆنفرانس و مێزگەرد و سمینار و بەرنامە پرۆگرام بۆ خۆئامادەکردن ڕێکبخەین**

ئەستۆنی (لاڤارۆ بارت) بەناوی (ئادامز لانێت) کە بەتایبەت بۆ ئەو بۆنەیە دانراوە. قۆناغی سێیەم کە قۆناغی ئاوە تاوەکو کۆتایی مانگی ئەیلول دەخایەنێت و تێیدا جەخت دەکرێتە سەر شوێنگەی جوگرافی ئەستەنبۆل لەنێوان دوو کیشوەری ئاسیاو ئەوروپادا. لەڕۆژی شەشی ئەیلولیشدا لەسەر یاریگای ئەتاتۆرکی ئۆلۆمۆپی تیپی مۆسیقای (یو تو) ئاهەنگێکی سەرنجڕاکێشی مۆسیقای نوێ ساز دەکەن. قۆناغی چوارەم قۆناغی ئاگرەو تێیدا جەخت دەکرێتە پرسی گۆڕان و گەنجان و شارستانییەتی تازە لەمیانەی گەشەسەندنی شارەکەو چوونە نێو ئایندەدا. بێگومان لەهەر وەرزێک لەو وەرزانەدا کۆمەڵێک چالاکی هونەری و کولتووری پێشکەش دەکرێت لەسەر شانۆو لەنێو هۆتێل و سەر پردو ناوچە گەشتیارییەکاندا.

ئەو فێستیڤاڵە نزیکەی (١٧٨) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بۆ تەرخانکراوەو لەکۆی (١٩٩٠) پڕۆژەی پێشکەشکراودا، لیژنەی شارەوانی ئەستەنبۆل تەنیا (٣٠٠) پڕۆژەی کولتووری قبووڵکردووە تاوەکو بچێتە نێو بەرنامەی ڕەسمی یادەکە بەهیوای ئەوەی بتوانێت زۆرترین خەڵک لەسەرتاسەری دونیا بۆ خۆی ڕابکێشێت تاوەکو بەشداری لەو ئاهەنگانەدا بکەن کە بەدرێژایی یەک ساڵ بەڕێوە دەچێت.

بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت لەم ساڵدا سەردانی ئیستانبوڵ بکەن، ئەگەر لەڕێگای کۆمپانیاکانی گەشت و گوزارەوە بێت، ئەوە بەرنامەی تایبەتیان بۆ ئامادەکراوە، بەڵام ئەوانەی هەر خۆیان دەچن، دەبێت ئەوە بزانن کە چۆن لەو شارە گەورەیەدا دەگەنە ئەو شوێنانەی کە مەبەستیانە. گرنگترین شت لەو شارەدا هەڵگرتنی ڕێبەری شارە کە بەردەوام لەهەموو شوێنێک دەستدەکەوێت، لەبازاڕ و کتێبخانەکاندا بەپارەیەو لەهۆتێلەکاندا بەخۆڕاییە. بەپێی ئەو ڕێبەرە ڕەفتار بکەن هەرگیز ون نابن و بەئاسانیش دەگەنە هەر شوێنێک کە مەبەستیانە. هەر کاتێک لەفڕۆکەش دابەزین، ئەوە لەژێر زەمینی فڕۆکەخانەدا وێستگەی میترۆی شەمەندەفەر هەیەو بەپارەیەکی زۆر کەم، کەمتر لەهەزار دیناری عێراقی خەڵک دەگوازێتەوە بۆ ناوچە سەرەکییەکانی نێو شار وەکو لالەلی و گڕاند بازاڕو سوڵتان ئەحمەد و ئایا ×ۆفیاو سەرکەچەو ئاق سەرای و وێستگەی گواستنەوەی دەریایی لەسەر کەنداوی بۆسفۆڕ کە شوێنی گەشتیارین.







>>>

**دەمانتوانی لەقەسر و دیوەخانی ئەدەبیاتی کوردی بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ هونەر و ئەدەبیات بەزمانی کوردی سەرجەم ئەوروپا مەست بکەین**




# پایتەختی کولتووری ئـ

چەمکی «پایتەختی کولتووری ئەورووپا» بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٨٠ سەریهەڵداوە، لەلایەن وەزیرێکی یۆنانیەوە پێشنیارێک بۆ کۆنسەی ئەورووپا بەرزکراوەتەوە، لەساڵی ١٩٨٥ ئەو پێشنیارە رەزامەندی لەسەردراوە.

لەبەرئەوەی لەساڵی ٢٠٠٠ بەدواوە ژمارەی شارەکانی ئەندام لەیەکێتی ئەورووپا زیادیکردووە، گۆڕانکارییەک لەناوی «پایتەختی ئەورووپا»دا کراوە بۆ «پایتەختی کولتووری ئەورووپا». لەساڵی ١٩٨٥ وەوە چەند شارێک وەکو پایتەختی کولتووری دەستنیشانکراون.

بۆ ئەمساڵیش ئیستانبوڵ بووە دەستە خوشکی هەریەک لەشارەکانی بیکس–ی هەنگاری و ئیسن–ی هەنگاری. هەرچی شاری ئیستانبوڵە، یەکێکە لەو شارانەی کە زۆرترین ژمارەی کورد تێدا دەژی.

لەرۆژنامەی رادیکاڵ لەرێکەوتی ٢٠٠٨/١٢/٢١ بەدواداچوونێکی لەبارەی سەرژمێری کوردان لەئیستانبوڵ بڵاوکردۆتەوە. لەو بەدواداچوونەدا هاتووە کۆمپانیای (KONDA) لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی پێکهاتەی کۆمەڵگای ئیستانبوڵ، بە پرسیاری (ئێمە کێین؟) ورووژاندووە. لەئەنجامی ئەو بەدواداچوونەدا دەرکەوتوە زیاتر لەدوو ملیۆن کورد لەئیستانبوڵ دەژین. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەندێک کەموکوڕی تێدایە، لەبەرئەوەی ئەو کەسانەی پرسیاریان ئاراستەکراوە، راستەوخۆ لێیان نەپرسیون ئێوە کوردن یاخود نا، لەبەرئەمەش پێشبینی دەکرێت ژمارەی ئەو کوردانەی لەئیستانبوڵ دەژین رێژەیان لەدوو ملیۆن زیاتر بێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ئیستانبوڵ بۆ کوردان شارێکی گەورە (Mega City) و پڕ بایەخە، شارێکە کە زۆرترین ژمارەی کوردی تێدا دەژی لەسەر ئاستی دنیادا.

شاری ئیستانبوڵ لەرێگەی سێ قۆناخەوە بووەتە

ئازاد زاڵ. دیاربەکر




# ەوروپا و چوار ملیۆن کورد

ئەو شارەی کە زۆرترین کوردی تێدا دەژی قۆناخەکەکانیش بریتین لە:

**قۆناخی یەکەم:** لەسەردەمی عوسمانییەکاندا ئەو میرە کوردانەی لەدژی دەسەڵاتی ناوند راپەڕیون، وەکو کاردانەوەیەک دوای سەرکوتکردنی سەرهەڵدانەکان بەشێک لەو میرانە گواستراونەتەوە ئیستانبۆڵ. ئەو میرانە لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆر لەئیستانبوڵدا ژیاون و هەڵگری بیر و هزری کوردایەتین بەشێکیان رۆلی پێشەنگیان گێڕاوە لەبواری روناکبیری کوریدا. رێکەوتی کۆچکردنی ئەو میرانە دەگەڕێتەوە بۆ نێوان سەدەی ١٨ و ٢٠.

**قۆناخی دووەم:** لەسەرەتای سەدەی بیست لەدوای بەرزبوونەوەی هەستی نیشتمانپەروەری ژمارەیەک لەکەسایەتیە پێشکەوتنخوازەکانی کورد روویانکردۆتە ئیستانبۆڵ، گۆڤار و رۆژنامەیان بەچاپ گەیاندووە.

بۆئەوەی گەلی کوردیش وەکو هەر نەتەوەیەکی ئەم جیهانە لەکاروانی شارستانی مرۆڤایەتی دانەبڕێت.

**قۆناخی سێیەم:** لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمار هەندێکجار بەهۆی دوورخستنەوە یان (بەهۆی سوتانی گوند، کۆچبەرکردنیان) ژمارەیەک لەکوردان ناچارکراون رووبکەنە ئیستانبۆڵ، هەرچەندە بەشێکی زۆری ئەو کوردانە خوێندەوارن بەڵام لەبواری پیادەکردنی مافە کولتووری و رووناکبیرییەکاندا بێهێزن و بەبێ ئارستە کاردەکەن. لەبەرئەوەی لەدوای دەستپێکردنی بزاڤی رزگاری گەلی کورد ئامەد بوەتە مەڵبەندی خەباتی کولتووری و رووناکبیری، بەڵام هەڵبژاردنی ئیستانبۆڵ وەکو پایتەختی رۆشنبیری ئەوروپا دەتوانێت ببێتە پشتیوانییەکی زیاتر بۆ شارەکانی وەکو ئامەد، هەولێر، سلێمانی و دهۆک.

ئەگەر بەڕاستی قسەبکەم مانشێتی ئەم گوتارەم بەدڵ نییە، بەڵام بەداخەوە پێڤاژۆی ئەو بابەتەی کە لەخوارەوە باسمکردوە بریتیە لەگلەیی و گازاندەی رای گشتی و ئەوان هانیاندام ئەم گوتارە بنووسم.

رۆژەڤی پایەتەختی کولتووری ساڵی ٢٠١٠ ماوەی سێ ساڵە باسی لێوە دەکرێت، ئێمەی کوردیش جگە لەنان و سیر و مەهیر خواردن نازانین هیچ شتێکی دیکە بکەین، هیچ شتێکی دیکە سەرنجمانڕاناکێشێت، وەکو ئەوە ئێمە لەسەر ئەو خاکە ناژین و دەنگمان نییە، هیچ ئامادەکاری و بەرنامەکمان نییە بۆ پێشوازیکردنی ئەو مەراسیمە. کەسێک وەکو مسقالێلیکیش بێت جوڵەیەکی نەکرد، هیچ نارەزاییەکیش لەنێو کۆمەڵگای کوردی بەدینەکرا، کەسێک پێشنیارێکی بۆ ئەم بۆنەیە بەرزنەکردەوە، کورد یەک مانشێتیان هەبوو (لەدەنگی دوێنێی بلورەکەم دەگەڕێم).

من لێرەدا دەخوازم بپرسم، لەبۆنەیەکدا هەموو نەتەوەکانی ئەورووپا بە بەناوبانگترین سەمفۆنیا بەشداری دەکەن و رەنگەکانی خۆیان پیشاندەدەن، ئایا دوورکەوتنەوەی کوردان لەو کەرنەڤاڵە گەورەیە کەموکورییەکی گەورە نییە؟

ماوەی سێ ساڵە سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگای تورکیا لەڕووناکبیر و دەزگا کولتوورییەکان تۆڕێکی فراوانی ئامادەسازییان رێکخستووە، ئامادەکارییەکان ئاستی نێودەوڵەتیان داپۆشیوە. وەزیری کولتووری تورکیا بۆ ئەم بۆنەیە ئاژانسی پایەتەختی کولتووری ٢٠١٠ ی راسپاردووە تا ئەم بۆنەیە ئۆرگانیزە بکات.

بۆ ئەوەی مەراسیمی پایەتەختی کولتووری ئەورووپا سەرکەوتووبێت ئەم ئاژانسە لەم ماوەی ئەم سێ ساڵەدا دوو سەد پێشنیاری کردۆتە بڕیار، لەچالاکی ئەدەبییەوە بگرە تا دەگاتە هونەری و وەرزشی و سینەما و کۆڕ و کۆنفرانس و پێشانگا و مێزگرد و زنجیرە فلیم ئامادەکراون.

لەساڵی ٢٠١٠ چاوی هەموو جیهان، بەتایبەتی چاوی ئەورووپا لەسەر ئیستانبوڵ دەبێت، ئێمە دەزانین بۆ سەرخستنی ئەم بۆنەیە بەباشترین شێوە ئامادەسازی کراوە و کۆماری تورکیا هیچ کەمتەرخەمیەکی نەنوانووە.

ئەوەی دەخوازم لێرەدا گفتوگۆی لەسەر بکەم رەوش و ئامادەسازی کوردانە، وەک ئەو گوتە باوەی دەڵێن ئیستانبوڵ زیاترین ژمارەی کوردی تێدا دەژی، وەک دەڵێن ٣- ٤ ملیۆن کورد، هەرچەندە کەس کوردانی ئیستانبۆڵی نەژماردووە.

# لەدەنگی دوێنێی ب



ماوەی سی ساڵ دەبێت لەئیستانبۆل دەژیم، لەهەر کوچەو کۆڵان و شەقامێکدا کورد دەبینرێن، لەگەورە بازرگانانەوە بگرە تا دەگاتە پلەدارەکان رۆلێکی بەرچاو دەگێرن. لەمشارەدا پەیوەندی ئابووری، سیاسی، کولتووری کۆمەڵایەتی لەگەڵ کۆمەڵگای کوردی سازناکرێت.
بەکورتی و کرمانجی، لەمێژوو و ژیانی رۆژانە پێماندەڵێن ئیستانبۆڵ شارێکی رەنگ و سیما کوردانەیە. منیش تێدەگەم مەسەلەکە تەنها مەسەلەی ئیستانبۆل و کوردەکانی ئیستانبۆل نییە، مەسەلەی کولتوور و هونەری کوردیە، ئەمە دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی کولتوور و هونەری کوردی سڵاوێک لەچاندو هونەری ئەوروپا بکات، بۆ ئەوەی جیهانیش تێبگات کوردیش کولتوورێکی نوسراویان هەیە. ئەدەبیاتی کوردیش لەبوارەکانی رۆمان و چیرۆک و هەڵبەست ئەدەبیاتێکی گرانبەهایە و هیچی لەئەدەبیاتی گەلانی دیکە کەمتر نییە
بەڵکو لەبوارەکانی داهێنان و لۆژیک و تەکنیک و زارەکیدا لەئەدەبیاتی ئەوروپی زەنگینترە. ئێمە دەمانتوانی لەم پلاتفۆرمەدا ٥٠ نووسەری کورد کۆبکەینەوە، بۆئەوەی ژمارەیەک کۆنفرانس و مێزگەرد و سمینار و بەرنامە پرۆگرام بۆ خۆئامادەکردن رێکبخەین.
ئێمە دەمانتوانی لەقەسر و دیوەخانی ئەدەبیاتی کوردی بۆ ماوەی ١٥ رۆژ هونەر و ئەدەبیات بەزمانی کوردی سەرجەم ئەوروپا مەست بکەین، هەروەها ئەگەر ژمارەیەک پێشانگای هونەری جۆراو جۆرمان سازبکردبایە لەبێدەنگی باشتر نەبوو؟
وادیارە ئێمە بۆ چالاکی لەمجۆرە ئامادەنین، ئێمە کۆمەڵگایەکی هاوچەرخین، پێوەندیەکانمان، هەبوونمان ناچارمان دەست لەخواردنی نان و سیر و مەهیر بەردەین، ئێمە ئەوەندە لاواز نین پێویستە قسەمان بۆ دنیای ئێستا هەبێت، لەبەرئەوەی ئەدەبیات و هونەری ئەمڕۆ تۆماردەکرێت، بەداخەوە شتمان زۆرە نیشانی جیهانی بدەین، بەڵام تا ئێستا گوێم لەدەنگی بلوێری دوێنێە، کەچی لەسەمفۆنیای نێونەتەوەیی بێبەشم. هەرچەندە هیچ ئامادەکاری لەلایەن کوردان نەکراوە بەڵام لەبەرئەوەی چالاکیەکان ساڵێک دەخایەنێت دەتوانین ئەگەر کەمیش بێت هەندێک بەرهەمی پوخت پێشکەش بکەین.



# ...ـلـورەکەم دەگەڕێم


هەواڵنامەی کتێب

خانمە هونەرمەندی ناوداری تورکیا سەحەر دلۆڤان بۆ تورکیاناسی:

# ئەوانەی کرانەوەی دیموکراتی قەبووڵ ناکەن، هەر ئەوانەن کەوچک و چەنگاڵیان لە ئەحمەد کایا گرت



خانمە هونەرمەندی ناوداری تورکیا سەحەر دلۆڤان، کە بەڕەچەڵەک کوردێکی عەلەوییە و لەئەنقەرە لەدایکبووە، لەدیمانەیەکی تایبەتدا لەگەڵ گۆڤاری تورکیاناسی ڕوونیدەکاتەوە، کە لەبەرئەوەی لەژینگەیەکدا گەورە بووە، کە هەموو شتێک تورکی بووە، بۆیە نەیتوانیوە بەزمانی دایکی قسەبکات تا ئەوکاتەی لەگەڵ کوڕە کوردێک ژیانی هاوسەری پێکدەهێنێت.

سەحەر دلۆڤان خوارزای کەمال بورقای کەسایەتی سیاسیی ناوداری باکووری کوردستانە، پشتیوانی لەپرۆسەی کرانەوەی دیموکراتی بەڕووی کورد دەکات، هەروەک خۆی دەڵێت ئەو لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەردا چاوی بەدنیا هەڵێناوە. ڕوونیشکردەوە کە دایکی پاشناوی «دلۆڤان»ی بۆ داناوە و ناوەکەشی لەفەرهەنگی موسا عەنتەر وەرگرتووە. هەروەها گوتی من خۆم وەک هاووڵاتییەکی تورکیا، بەڵام بەناسنامەی «کورد و عەلەوی» خۆم دەناسێنم.

خانمی دلۆڤان باس لەبیرەوەرییەکی خۆی لەگەڵ سەرۆکوزیران ئەردۆگان دەکات، لەساڵی ١٩٩٦ دا کاتێک ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک شارەوانی ئیستانبوڵ بوو، ئاهەنگێکی بۆ گەنجان ڕێکخست، دوای ئاهەنگەکە لەکۆشکی مالتا خوانێکی بۆ ئەو هونەرمەندانە ئامادەکرد کە بەشداری ئاهەنگەکەیان کردبوو. «ئێمە لەسەر مێزێکدا لەگەڵ فەردی تەیفور، موازەز ئەرسۆ، عەدنان شانسیس و چەند هونەرمەندێکی دیکە دانیشتبووین، لەناکاو ئەردۆگان لێی پرسیم خاتوو سەحەر واتای ناوی دلۆڤان چییە. من سەرسام بووم. ئێمە لەبەرامبەر یەکیشدا نەبووین. بەڵکو هەریەکەمان لەگۆشەیکدا دانیشتبووین. ئەگەرچی من دەمزانی، کە دلۆڤان بەمانای خوێنگەرم و بەبەزەیی و میهرەبان دێت. بەڵام من گوتم واتای پاشناوی من بەفارسییە و بەتورکی دەبێتە «Gunlum gulu، cana yakin»، بەڵام بەداخەوە من فارسی نازانم، ڕاستییەکەی ئەوکات من نەوێرام بڵێم «دلۆڤان» ناوێکی کوردییە. ئەم هەڵوێستە بۆ من بووە برینێک. چونکە ئەوکات هەموو کەس دەترسا کەس نەدەوێرا ناسنامەی خۆی ئاشکرا بکات، لەبەرئەوەی ئەوکات کەس نەیدەتوانی ناسنامەی خۆی دیاری بکات. بیریکەنەوە من چەندە لەژێر گوشاردا شڵەژام و نەوێرام واتای پاشناوی خۆم لەوێدا ڕوونبکەمەوە».

ئێمە بەتەلەفۆن لەکافتریای (کیچنێت) لەگەڵ سەحەر دلۆڤان کاتی دیدارەکەمان ئامادەکرد و سەر لەئێوارەیەکی ساردی ئیستانبوڵدا بەدیدەنی شاد بووین، ئەو دوای ئەوەی فڕێک لە چای لەیمون دەدات، وەڵامی پرسیارەکانی تورکیاناسی دەداتەوە.

**❖ ئێوە لەنێو خانەوادەیەکی سیاسیدا مەزن بوونە، ئایا چۆن ڕووتانکردە نێو دنیای مۆزیک و گۆرانی؟**

– من لەئەنقەرە لەدایکبووم، لەناوەندێک کە هەموویان تورکبوون و هەرگیز بەزمانی کوردی قسەیان نەدەکرد، بۆیە بەداخەوە بەتورکی گەورە کراین، فێری زمانی دایک نەبووین، تا ئەوکاتەی ژیانی هاوسەریم لەگەڵ کوردێک پێکهێنا، ئەوکات بۆ فێربوونی زمانی کوردی هەوڵەکانم چڕبۆوە، ئێستا باشتر مومارەسەی زمانی کوردی دەکەم. ئەوکاتەی هەستم بەژیان کرد و سەیری دەوروبەری خوم کرد، بینیم ژمارەیەکی زۆری سەرباز و تانک و زرێپۆش لەشاردا بڵاوبوونەتەوە، ئەوکاتە زانیم کودەتای سەربازی ئەنجامدراوە، تا ڕۆژی کودەتاکە لەگەڵ کەمال بورقای خاڵم بەیەکەوە بووین، بەڵام دواتر نەمبینییەوە، دەوڵەتیش بەردەوام بەدوای خاڵمدا دەگەڕا، بەڵام من چاک دەمزانی خاڵم هیچ کەسێکی نەکوشتووە و چەکی هەڵنەگرتووە.

لەساڵی ١٩٨١ بۆ ماوەی ساڵێک دەستم بەخوێندنی بالێ کرد. دوای ئەوەی قۆناخی ئامادەییم تەواوکرد لەگەڵ کچی خوشکم بەشداریمان لەخولێکی ئەزموونی تایبەت بەمۆزیک کرد، دواتر بۆ درێژەدان بەخوێندن لەبەشی مۆزیک وەرگیرام. لەتەمەنی ١٢ ساڵیدا لەئەنقەرە لەرادیۆ کارمکرد و، لەتەمەنی١٦ ساڵیدا بۆ پارە پەیداکردن لەسەر تەختی شانۆ گۆرانیم چڕیوە. لەدوای کوتای سەربازی هێرشی نەژادپەرستەکان زۆر زیادیکردووە، ئەوکات بیرم لەوە دەکردەوە بۆچی دایکم لەماڵەوە وەکو خەڵکی بەتورکی قسە ناکات، ئەو هەڵوێستەی دایکم بە

<<<

**ئێستانبوڵ شوێنی ژیان نییە، لەبەرئەوەی شارێکی زۆر جەنجاڵ و قەرەباڵغە**



شتێکی نائاسایی دەزانی بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت، ئاساییەکەی لەوە دایە بەزمانی کوردی قسەدەکات. من لەزمانی دایکم کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان، کۆچبەری کوردان و بارودۆخی تراژیدی کوردانم بیست، بەهۆی ئەو رووداوانەی باسمکرد دواتر لەزانکۆی ئەنقەرە کۆلێژی مێژووم تەواوکرد. لەچوار ساڵی خوێندنی زانکۆدا هەست و بیری کوردەواری زیاتر لەلای من گەشەی کرد. من یەکەمجارە بەشێوەیەکی وەها راشکاوانە بۆ تۆ باس دەدوێم و پێشتر بۆ هیچ کەسێکی دیکە بەمشێوەیە قسەم نەکردووە. ئەوکات لەگەڵ یەشار کاکاو یەکترمان ناسی، یەشار کاکاو کەسێکی دیارە لەنێو جیهانی هونەر و مۆزیک لەتورکیادا، هەوڵماندا پێکەوە ئەلبومێک ئامادە بکەین، بەڵام یەشارا کاکاو کوژرا. لەدوای ئەوەی یەشار کاکاو کوژرا، ناچاربووم بۆ تەواوکردنی ئەلبومەکەم پەنا ببەمە بەر تەلەڤزیۆنی دەوڵەت TRT، تەنیا ئەو تەلەڤزیۆنەم شک برد بۆ ئەوەی ئەلبومەکەم تەواوبکەم، ئەمەی باسی دەکەم بۆ ساڵی (١٩٩٢) دەگەڕێتەوە، لەم مێژووە بەدواوە بووم بەگۆرانیبێژێکی ناسراو لەتورکیا. دووجار خەڵاتی تورکیام لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە وەرگرتووە. ناوی یەکەم ئەلبومی گۆرانیم لەسەردەمی کودەتادا بوو، ئەو ئەلبومە لەبارەی تەنگاسییەکان بوو، ئەلبومی دوووەمیشم لەبارەی زیندانییەکان بوو. هەروەها خەڵاتی ئۆبجەکتیڤی زێڕینم وەرگرت کە تایبەتە بەو ئەلبومانەی کە زۆرترین گوێگریان هەیە.

**❖ هەستی کوردەواری نێو خانەوادەکەت چ کاریگەرییەکی لەسەر هونەرەکەت داناوە؟**

– کاریگەری زۆری هەبووە، بەتایبەتی وایکردووە بەئاسۆ و دیدێکی فراوانتر سەیری دەوربەر و جیهان بکەم، پایە و پێگەیەکی باشی پێ بەخشیوم و ئەزموونی رۆشنبیری منی قوڵتر کردۆتەوە، یان راستتر بڵێم لەم لەڕێگایەوە بەڕابردووی نەتەوەکەم ئاشنابووم و بەئاسانی لەنێو زمان و کولتووری نەتەوەی سەردەست نەتوامەوە.

**❖ سەرکێشی و یاخیبوونی زۆر گرنگ بۆ هونەرمەند ئەوەیە، کە بەزمانی دایک هونەرەکەی بگەیەنێتە هەوادارانی و خزمەتی زمانی سەردەست نەکات، لێرەدا دەپرسین سەحەر دلۆڤان تا چەند هەوڵیداوە ببێتە دلۆڤانی زمانی نەتەوەکەی؟**

– بێگومان هەوڵمداوە، بەڵام لەبەرئەوەی لەتورکیا زمان و کولتووری تورکی باڵادەست بووە و بارودۆخی کورد ناجێگیر بووە، بۆیە بەباشی فێری زمانی کوردی نەبووم، هەروەها بەهۆی ئەوەی زمانی کوردی

زمانێکی دەوڵەمەندە، زۆرجار لەوە سڵم کردۆتەوە نەبادە وەکو پێویست مافی خۆی پێنەدەم. گومان لەوەدا نییە، من ئاشقی زمانی کوردیم، بەڵام بەهۆی ئەو هۆکارانەی باسمکرد نەمتوانیوە ببمە دلۆڤانی ئەم زمانە. بۆ نموونە، کاتێک شڤان پەروەر دەڵێ «ئەز کیمە» هەموو هەست و جۆشوخرۆشی کوردان دەبزوێنێ، بەڵام ئەگەر ئەو پەیڤە وەریدەگێڕیتە سەر زمانی تورکی هیچ مانا و هەستێک نابەخشێت، یان وەریبگیڕێتەوە سەر هەر زمانێکی دیکە تامی نامێنێت، لەبەرئەوەی بەزمانی خۆی خۆشە.

**❖ زۆرجار سەحەر دلۆڤان تۆمەتبار دەکرێت، کە سوود لەهونەری کوردی دەبینێ بۆ خزمەتی هونەری تورکی بەکاریدەهێنێت. بۆ نموونە، دەڵێن گۆرانی «هۆ دلۆ» کوردییە، کراوە بە «هۆ دیلۆ»؟**

– سەرەتا دەمەوێ بڵێم، وا هەست بکە ئەگەر لەسەر مێزەکەی بەردەمت خواردنێکی خۆش هەبێت، ئایا بڕوا دەکەیت مرۆڤ لەناخی دڵییەوە ئەم خواردنە خۆشە نەخوازێت، دڵی بۆی نەچێت؟!

**❖ لەرابردوودا زۆربەی هونەرمەندە کوردە پۆپولەرەکان لەتورکیا جەسارەتی ئەوەیان نەدەکرد بڵێن کوردین، بەڵام ئێستا سەرنجدەدەین ماوە ماوە هونەرمەندە ناودارەکان کوردبوونی خۆیان رادەگەیەنن، مەحسون قرمزی گول و هۆلیا ئەفشار دیارترین دوو نموونەن، ئایا سەحەر دلۆڤان ئەم دیاردەیە چۆن دەبینێت؟**

– ناسنامەی کوردبوونی من بۆ دە ساڵ لەمەوبەر ناگەڕێتەوە، من لەتەلەڤزیۆنی تورکیا لەگەڵ ئەرکان مونز وەزیری رۆشنبیری ئەوسا لەبارەی کولتوور و هونەری کوردی گفتوگۆم کردووە. من لەمبارەیەوە خۆم بە ئاسودە دەبینم، لەبەرئەوەی لەهونەرمەندە کوردەکانی ئەمڕۆ نیم، بەڵکو زۆر کۆنترم، لەمێژە ناسنامەی خۆم ئاشکرا کردووە، ئەوانەی ئەمڕۆ کرانەوەی کورد و کرانەوەی دیموکراتی قەبووڵ ناکەن، هەر ئەوانەن کە دوێنێ کەوچک و چەنگاڵیان لە ئەحمەد کایا گرت کاتێک گۆرانی بەزمانی کوردی گوت، لێرەدا لەساڵیادی ئەحمەد کایا رێزی بێ سنوورمان هەیە. بەڵام تازە بەتازە هەندێ لەهونەرمەندان پەیدابوونە دەڵێن دایکمان یان باوکمان کوردە، هەروەک هەندێک هونەرمەندی تورکیش دەڵێن ئێمە کوردین، وەک ئەوەی کوردبوون ل تورکیا بووبێتە مۆدێلێک، دیارە ئەوانە پێشتر لەگۆێی گادا خەوتبوون.

**❖ ژنی کورد لەتورکیا دووجار قوربانین، جارێک قوربانی بندەستی پیاوسالاری، جارێکیش قوربانی بندەستی زمان و کولتووری نەتەوەی سەردەست. ئایا ئێوە وەکو هونەرمەندێک چۆن گوزارشت لەئێش و ئازار و مەینەتی و خۆزگە و ئاواتەکانی ژنی کورد دەکەن؟**

– بۆ ئەوەی ژن لەم دۆخەی ئێستای رزگاری بێت کە مافی یەکسانی ژیندەری و هاوڵاتیبوونی تێدا نییە و لەمافەکانی بێبەش کراوە، پێویستە خۆی پەروەردە بکات و خاوەن ئیرادەی خۆی بێت، واتە خۆی خۆی بگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە پێویستی بەپەروەردە و فێرکردن و کۆشش هەیە، ئەمەش لەرێگەی کاری خۆبەخشانەوە دەبێت، بۆ ئەوەی لەدژی سیستەمی پیاوسالاری و زمان و کولتووری باڵادەست تێبکۆشێ و بەمافەکانی بەهرەمەند بێت. لەبەرئەوە پێویستە ژن لەکۆمەڵگادا شوێنی خۆی بکاتەوە، بۆیە پێویستە ژن هەڵگری هۆشیارییەکی رەخنەیی و تایبەت بێت بەرامبەر ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتی و سیاسیی و کولتووری و ئابوورییەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

**❖ وا بڕیارە دایکی بەڕێزتان لەماوەیەکی نزیکدا کتێبێک بەتورکی بەناوی (سێ ژن و یەک ژیان) بڵاو بکاتەوە، ئایا مژاری ئەم پەرتووکە لەسەر چییە؟**

– مژاری ئەم پەرتوکە باسی مێژووی سێ نەوە دەکات، (داپیری، دایکی، خۆی) لەم پەرتووکەدا باس لەچەند وێستگەیەکی مێژوویی دەکرێت، بەتایبەتی مێژووی دەرسیم، لەساڵانی ١٨٠٠ بەدواوە، کە تیشکدەخاتە سەر تەواوی رووداو و کارەسات و کۆمەڵکوژییەکانی دەرسیم، بەتایبەتی رۆڵی ژنانی کورد لەم مێژووەدا. هەروەها باس لەسەردەمێکی زۆر گرنگی مێژوویی و تێکۆشانی ژنانی کورد دەکات، کە چۆن ژن بەرامبەر تەنگوچەڵەمەکانی ژیان وەستاون و چۆن ژیانی هاوسەریان پێکهێناوە و چۆن بەشداری کۆڕی تێکۆشانیان کردووە.

**❖ تۆ وەکو عەلەوییەک چۆن لەلێدوانەکانی ژینۆسایدخوازەکەی ئۆنور ئۆیمەن جێگری سەرۆکی CHP دەڕوانیت کاتێک سووکایەتی بەعەلەوییەکانی دەرسیم کرد؟**

– ئێمە لەگەڵ فیدراسیۆنی عەلەوییەکان لەچوار ریانی تەقسیم لەئیستانبوڵ لەدژی هێرشەکانی CHP نارەزاییمان نیشاندا.

**❖ ئیستانبوڵ بۆ هەر هونەرمەندێک ناسنامەیەکی هونەری تایبەتە، ئایا تۆ وەکو هونەرمەندێکی کورد تاچەند توانیوتە مۆری خۆت لەئیستانبوڵ بدەیت؟**

– ئێستانبوڵ شوێنی ژیان نییە، لەبەرئەوەی شارێکی زۆر جەنجاڵ و قەرەباڵغە، لەرووی سیمای شار و

**<<< من بیردەکەمەوە لەدواڕۆژدا بچم لەگەڵ (سەزەن ئاکسۆ) قسە بکەم بۆ ئەوەی گۆرانییەکی هاوبەش ئامادە بکەین کە هەموو رەنگەکانی تورکیای تێدا بێت**



شارەوانی شـاریکی تێکەڵ و پێکەڵ و ئاڵۆسکاوە، ئەمە تاوانی ئیستەنبوڵ نییە، بەڵکو تاوانی خەڵکی ئیستانبوڵە.

❖ **بەڵام پایەتەختێکی کولتووریی و هونەرییە؟**

– راستە، بەڵام لەبەرئەوەی زۆر قەرەباڵغە، ناتوانیت کارەکانـت لەکاتی خۆیدا جێبەجـێ بکەیت، ژیان لەئیسـتانبوڵ ژیانیـش زەحمەتە، هەموو شـتێک دژوارە. مـن دەزانم ئیسـتانبوڵی بـوون مۆرکێکی هونەری گرنگە بۆ هەر هونەرمەندێک، بەڵام لەوەش گرنگتـر بۆ هونەرمەنـد ئەوەیـە بەرهەمی باش و پوختی هەبێت، زۆر و بۆر نەبێت.

❖ **بۆچی سـەحەر دلۆڤان بەشـداری لە TRT6 نەکرد؟ ئایا چۆن سەیری ئەم کەناڵە دەکەیت؟**

– پێش ئەوەی TRT6 بەفەرمی بکرێتەوە، ئیبراهیم شـاهین سەرۆکی گشتی TRT6 بانگهێشتی من و ژمارەیەک لەرۆشـنبیران و هونەرمەندانی و کوردی کـرد، من لەوێـدا داوام کـرد نیازپاکـی لە ریزی پێشـەوەی کاری راگەیاندن و خزمەتکردن بێت. بۆ نموونە، پێویستە لەزمانی هەواڵەکان و بەرنامەکاندا زمان و داواکاری گەل رەچاو بکرێت، نەوەکو زمانی دەوڵەت بێت. من لەقۆناخی یەکەمدا من پێمباشبوو سـەیری بکـەم، ئایا کارەکانـی TRT6 بۆ کوێ دەچێت، سیاسەتەکەی چۆن دەبێت، وەکو چاودێرێک پێویست بوو ماوەیەک سەیری بکەم. ئەگەری ئەوە هەیـە لەماوەیەکـی کورتدا بەشـداری لەکارەکانی TRT6 بکەم، بەڵام پێویستیم بەماوەیەک هەیە بۆ ئەوەی بریارێکی باش بدەم.

❖ **لەدوا کلیپی خۆتدا بەشـێوەیەکی زۆر ورووژێنەر باسـی دایکانی ئاشـتی دەکەیت، ئەم کلیپە سەدا و دەنگدانەوەیەکـی زۆری لەنێوەنـدە هونـەری و ئیعلامییەکانـی تورکیا هەبـوو، ئامانجت لەیەکتر نزیککردنـەوەی دایکانی گەریلا و سـەرباز چییە، هەروەک لەکلیپەکەدا بەدیدەکرێ؟**

– لەتورکیـا هەر کەس لێکدانەوەی جیاوازی بۆ ئەم کلیپە کرد، بەڵام من ویستم کارێک بکەم کە خیتابی چاوان بکات، خیتابی راسـتییەکان بکات بۆ ئەوەی بەشێوەیەک لەشێوەکان بەشداری پێڤاژۆی سیاسی ئێستای تورکیا بین بۆ کرانەوە بەرووی کورد، بەڵام کارەکەی من هاوکات بوو لەگەڵ هەردوو ئەو گروپەی قەندیل و مەخمور کە لەسنووری خابوور گەڕانەوە.

❖ **وەکو هونەرمەندێک پێڤاژۆی کرانەوەی دیموکراتی بەرووی کورد چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

– گفتوگـۆکان هێـدی هێـدی بـەرەو قۆناخێکی بـاش ئاراسـتەگیر دەبن، ئەگەرچی تائێسـتا هیچ هەنگاوێکی روون و ئاشـکرا دیار نییە بۆ کرانەوەی کورد، لەپەرلەمان هەندێک گفتوگۆکرا و هەڵوێستی جیاواز هەبوو، بەڵام تا ئەوکاتەی هەنگاوێکی ئاشکرا و کۆنکرێتـی نەبێت، مـرۆڤ ناتوانێت دیدی خۆی روون بکاتەوە.

❖ **دوا پرۆژەی سەحەر دلۆڤان چییە؟**

– من بیردەکەمەوە لەدواڕۆژدا بچم لەگەڵ (سـەزەن ئاکسۆ) قسـە بکەم بۆ ئەوەی گۆرانییەکی هاوبەش ئامادە بکەین کە هەموو رەنگەکانی تورکیای تێدا بێت. مۆسـیقاژەن، ئاوازدانەر، گۆشەنووس لەخۆبگرێت، کلیپێکی باشـی بۆ سازبکەم، من لەو بروایەدام ئەم کارە بەشـێک دەبێت لەپـرۆژە نزیکەکان. هەروەها بیرم لـەوە کردۆتەوە ئەلبومێکی نوێ پێشکەشـی هەوادارانـم بکەم کە هەمـوو گۆرانییەکانی کوردی بێت.

❖ **ئەی نیازی ئەوەت نییە سـەردانی باشـووری کوردستان بکەیت و کۆنسێرتێک پێشکەش بکەیت؟**

– ئەگەر بەشێوەیەکی باش و پرۆفیشناڵانە کۆنسێرتم بۆ رێکبخەن ئەوا من ئامادەم نەورۆزی ئەمساڵ لەگەڵ هەڤاڵانم بێمە هەولێر. بۆ زانیاریت من لەساڵی ٢٠٠٠ بۆ یەکەمجـار لەبەرامبەر ملیۆنێـک کەس لەئامەد بەشداری نەورۆزم کرد و گۆرانیم بۆ گوتن.

❖ **پەیامـت چییـە بـۆ خەڵکـی باشـووری کوردستان؟**

– دڵ و هۆشـی ئێمـە لەگـەڵ یەکتریدایـە، ئێمە سەربەرزین بەگەلی باشووری کوردستان، شانازیان پێوە دەکەین، بچوکترین هەنگاو و بەرەوپێشچوون ئێمە زیاتر دڵشـاد و بەختەوەر دەکات، هەموومان چاومان لەدواڕۆژی باشووری کوردستانە.

❖ **دامەزراندنـی (کۆمەڵـەی دۆسـتایەتی کورد-تورک) چۆن دەبینی؟**

– هەنگاوێکی درەنگوەختە، دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە کەمێـک دواکەوتووە، بـەڵام هەنگاوێکـی لەجێی خۆیدایە، سـەردەمێک دەیانگوت کورد لەسەر بەفر دەرۆن (کەرت-کورت) دەکەن، بەڵام ئەمرۆ کۆمەڵەی دۆستایەتی بەیەکەوە دادەمەزرێنن، لەمێژووی نوێی تورکیادا سیاسـەتێکی چـەوت پەیرەوکراوە، بەڵام مـرۆڤ لەکوێدا هەسـت بە چەوتی خـۆی بکات و بگەڕێتەوە قازانجییەتی. ئەگەر هەنگاوەکان درەنگ بێت یان سەرەتایی بێت، بەڵام دیسانەوە لەناوەرۆکدا هەنگاوێکی گرنگە و ئومێدبەخشـە. لێرەدا دەمەوێ زۆر سوپاسیشـیان بکـەم کـە کۆمەڵـەی ناوبراو لەدەستپێشخەرییەکدا منیان وەکو باڵیۆزی نیازپاکی لەتورکیا دەستنیشانکرد.

> ئەگەر بەشێوەیەکی باش و پرۆفیشناڵانە کۆنسێرتم بۆ رێکبخەن ئەوا من ئامادەم نەورۆزی ئەمساڵ لەگەڵ هەڤاڵانم بێمە هەولێر